





هەواڵنامەی کتێب
http://www.facebook.com/groups/140691186019655/

ژمارە ٦٧ ی کانونی یەکەم ١٩٨٠




بەیان = ڕەسەنایەتی + هاوچەرخیتی



بەیان


# بەیان

گۆڤارێکی ئەدەبیی، ڕەنگاڵی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی
کوردی، مانگی جارێك بڵاوی دەکاتەوە
ناونیشان: دار الثقافة والنشر الكردية
ساحة الطلائع ـ بغداد
تەلەفون: ٥/٨٨٧٥٧٩٥ خط

سەرنووسەر
اسماعیل رسول احمد

بەڕێوەبەری نووسین
صلاح مصطفى جەلالی


## لەم ژمارەیەدا


**تۆماری بۆ قادسیەی صدام**

**ووتەی ژمارە**

**ڕەخنەو لێکۆڵینەوە**

- سیناریۆ ... صلاح شوان
- گوڵەبەدەکانی بۆدلێر.. محمود زامدار
- دارستانی ئەو بنارە.. ئومێد ئاشنا
- خاندنگەها ریالیزمی سالم سلیمان

**چیرۆك**

- تەنیایی شێرزاد حسن
- کۆچ عبدالله عزیز
- مەسەلە .. حەزە ..و. شێرکۆ بێکەس
- پزیشکی لادێ و. حمە کریم عارف
- خەمێکی پیرۆز احمد قادر سعید
- چراخان محمد رشید فتاح
- مەرگ حیدر عبدالرحمن
- توانەوە ڕۆوف بێگەرد

**کەلەپوور**

- حەمدی جمال محمد محمد امین
- سەوادی عبدالرقیب یوسف

**شیعر**

- باخی عیشق محسن ئاوارە
- ئێك دوو سێ سەرفراز نەقشبەندی
- بارانی ڕەنگاورەنگ سلام محمد
- پەیفێت تە ادریس چەلکی
- بیری مسعود پەریشان

**یانزە مۆمی سەوز**  **بەشی ریپۆرتاج**



# ئێرانی خومەینی و بەرەو هەڵدێرگلان

خەبەرێك لە تارانەوە وادەگەیەنێ کە دەوڵەتە نەوتدارەکان نیازیان وایە دەوڵەتی ئێران لە ڕێکخراوی دەوڵەتە نەوتفرۆشەکان ـ ئۆبك ـ دەربکەن چونکە بەهۆی شەڕو ئەو تێکشکانو شکستیو تەفروتونا بوونەوە کە سوپای مەزنو جەنگاوەری عێراق بەسەر ئێرانو کانو کانگاو کارگە نەوتی‌یەکانی ئێرانی هێناوە ، ئێستا ئێران نەوتی وەستاوەو ناتوانێ بۆ دەرەوەی ئێرانی بنێرێ .

خوێنەری خۆشەویست گومان لەوەدا نیە کە تۆ ئاگاداری ئەو بەیاننامە سوپایی‌یانەی کەباسی سەرکەوتنەکانی سوپای عێراقی قارەمان دەکات لەبەر ئەوە ئەو هەواڵەی تارانت هیچ بەلاوە سەیر نیەو گومانی لێناکەی .

بەڵێ ئەو زیانە گەورانەی کە سوپای عیراقی مەزن گەیاندوویانە بەکانو دەسگا نەوتی‌یەکانی ـ المحمرە ـ و ـ عەبادان ـ و شارەکانی جەرگەی ئێرانو هەتا تارانی پایتەختی فارسیش ، هەروەها ئەو زیانانەی دیش کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لێی دەدەنو ئەو ئاگرەی کە لە سەرەتای شەڕەوە لەچاڵە نەوتەکانیاندا دەسووتێو ئاسمانی ئێرانی بەدووکەڵ داپۆشیوەو بۆتە هۆی نەبوونو قڕوقاتی نەوتو یەك کەوتنی ئۆتۆمبێلیش ئەمانە هەمووی بەڵگەی پاڵپشتی کردنی ڕاستی ئەو هەواڵەنو ڕەنگە ئێران وای لێ بێ لە دەوڵەتێکەوە کە نەوتی دەفرۆشت ببێتە دەوڵەتێك نەوت بکڕێ .

بەڵام وادیارە زەردەشتی لیبیا ـ قەزافی ـ بەڵێنی بە ئێران داوەو بە جۆرێك یارمەتی دەدا ، کە نەوت لەدەرەوە نەکڕێو باری مێزانیەی ئێران قورس نەبێو لەوە زیاتر موفلیسو ڕیسوا نەبێتن ... بەڵێ ئەمانە هەمووی ڕاستینو شێتگیری‌و سەرلێشێوانی کاربەدەستانی ئێرانو خیانەتو خیانەتکاری قەزافی دەسەلمێنن ...

بەلام ئەگەر هاتو قەزافی هاوڕێو دڵسۆزی خومێنێ سەرەونگوونو گۆڕ بەگۆڕ کرا ئیتر نەوت لەکێ وەردەگرێ ... ! ئەمە پرسیارێکی گرنگە دەربارەی ئێرانو ئەو یا ڕێگایەی کە خومێنی‌و دەستە خوێنڕێژەکەی سەرپەرشتی دەکەن .

قادسیەی صدام

# خلخالو بەشێکی پڕ لە پێکەنینی

# دیلە بارمتەکان

یەکێ لە کارە سەیرو سەمەرەکانی کۆڕو کۆبوونەوەکانی ناوبراو بە ( کۆمەڵەی شوورا ) ئەوەیە کە لەدوا دانیشتندا خلخالی جەلاد هەڕەشەو گوڕەشە لەو کەسانە دەکات کە موعارەزەی بەردانی دیلە بارمتەکان دەکەن ... خلخالی ئەو موعاریزانەی بەگێلو گەوج و کەم بین ناوبردووە ... یەکێ لەوتەکانی خلخالی جەلادکە لەو دانیشتنە لاوازەدا کردوویەتیو بەهۆی مانگی دەستکردەوە لە گەلێ تەلەفزیۆنی وڵاتاندا پێشاندراوەو لە تەلەفزیۆنی کۆماری عێراقیشەوە بەشێکی پێشاندراو بینیمان ، ئەوەیە کە دەڵێ : ( ئێران پێویستی بەچەکی ئەمەریکایە بۆ ئەوەی دژی عێراق بەکاری بێنێ لەشەڕدا ، ئەم چەکە ئەمەریکاییەش چنگ ناکەوێ هەتا ئێمە پەنجاو دوو دیلی ئەمەریکاییمان لا بارمتەبێ ... ) .

خلخالی ئەوەندە بەشێتگیرییەوە سەرگەرمی هەراهەرابوو ... ئەوەندە نەڕەنەڕی بۆشی کرد شەڵەژاو عەمامەکەی لەسەرکەوتە خوارەوە ... خلخالی بەو قسە پڕوپووچانەی پەردە لەسەر یەکێ لەئەقتابەکانی دەسەڵاتدارە خوێنڕێژە رەگەز پەرستەکانی ئێران رادەماڵیو پەیوەندییە بۆگەنو گومان لێ کراوەکانیان ئاشکرا دەکات ...

سەیر ئەوەیە خلخالی تا دوێنی بوو بەهەمان نەڕەنەڕو کەشو فشو شاتەوە دژی بەرەڵاکردنی دیلە بارمتەکان دەوەستاو ئەکەسانەی بەترسنۆکو بێ دەسەڵات لە قەڵەم دەدا کە لەگەڵ بەرەڵاکردنی بارمتەکاندا بوون ، کەچی ئەمڕۆ ئەو کەسانە بە ترسنۆک دادەنێ کە دژی بەرەڵاکردنیانن ...

خوایە دەبێ خەلخالی بۆچی رای گۆڕی بێ ؟ ئایە راستە هۆی تێکشکانی سوپای ئێرانی بەرامبەر سوپای عێراقی کەموکووڕیو نەبوونی تەقەمەنیو چەکبێ ؟ یا وەکو هۆی کۆنیو بێ کەڵکی ئەو چەکانە بێ ؟

هەموو دەزانن کە ئێران چەکو جبەخانەیەکی بێ ژمارەی هەیەو هەمووش دەزانێ هۆی تێکشکاندنی سوپای ئێرانی نەبوونو کەموکووڕی چەکو تەقەمەنی نەبوو بەڵکو هۆکە گەمژەییو نالەباری تاقمی فەرمان رەوای ئێرانو نەبوونی مەسەلەیەکی عادیلانە بوو کە شەڕی لەسەر بکەن ، ئێستاش ئەوە ئاشکرا بوە کە سووربوونی تاقمە خوێنڕێژەکەی ئێران لەسەر شەڕو

بەردەوامییان مانای تێکشاندنی زیاترو زیانی ئابووریو سوپایی زیاتریان دەگەیەنێ بەڵێ سووربوونی خلخالی لەسەر بەرەڵاکردنی بارمتەکان ئەلقەلەگوێیو نۆکەری ئەم خوێنڕێژە ملهوڕەی کۆیلەی ئیمپریالیزمە ئاشکرا دەکاتو دواپەردەی ـ گەمە ـ ی تاقمە رەگەزپەرستەکەی تاران هەڵدەماڵێو دەیخاتە روو ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو کۆمەڵە خوێنڕێژە دۆستو پابەندی ئەمەریکاو ئیمپریالیزمن .

بەدرێژایی بیست مانگی رابوردو گەلانی ئێران لەژێر سیاسەتی چەپەڵی کۆمەڵەکەی خومێنیدا ناڵاندیانو ئەو دەستە دڕندەیە هەرچی نەشیا کردیانو بەگژ هەموو روویەکی پێشکەوتنخوازیدا چوونو هەموو ئاوەدانییەکیان وێرانکردو بێکاریو برسێتیو گرانیان لەئێراندا بڵاو کردەوەو شمشێرەکەی خەلخالی جەلادیش وەکو واشەو داڵی برسی سەری ئەوانەی دەماشییەوە کە دژی سیاسەتی کوشتنو بڕینو وێرانکاری چەتەکانی خومێنی دەوەستان .

جگە لەوەش لە ئەنجامی سیاسەتی رەگەزپەرستیدا هەموو گەلانی ئێران ، کوردو عەرەبو تورکمانو بلووژ راونرانو چەوسێنرانەوەو قەلاچۆ کرانو شارەکانیان کرا بە قەسابخانەو ئەو مافە نەتەوایەتییانەیان پێشێل کرا کە ساڵەهای ساڵبوو خەباتیان بۆ دەکرد . هەروەها ئەوسا ئەوکەسانەش لەشمشێرەکەی خلخالی بە سەلامەتی دەرنەچوون کە داوای بەرەڵاکردنی دیلە بارمتەکانی ئەمەریکایان دەکرد..

بەڵێ هەر ئەو خلخالییە خوێنمژەی کە تا دوێنێ بوو هەزاران کەسی لەو کەسانە کوشتو بەندوکۆت کردو لەناو برد کە داوای بەرەڵاکردنی بارمتەکانیان دەکرد ئێستاخۆی بەوپەڕی بێ شەرمییەوە داوا لە ناوبراو بە کۆمەڵەی شوورا دەکات بە زووترین کات بڕیاری بەرەڵاکردنی ئەو دیلە بارمتانە بدەن ، سەیر ئەوەیە هیچ کەسێك لە ئەندامانی کۆمەڵەکە نەیانوێرا هەستنو پێی بڵێن : ئەی خلخالی تۆ کابرایەکی زۆر سەیری تا دوێنێ بوو هەرکەسێ داوای بەرەڵاکردنیانی بدایە دەتکوشتو بەترسنۆك ناوت دەبرد ، کە چی ئەمڕۆ ئەو کەسانە لەناو دەبەیتو ناوو ناتۆرەی ترسنۆکییان بەسەرا دەسەپێنی کە دژی بەرەڵاکردنی بارمتە ئەمەریکایییەکانن .



قادسیەی صدام

# با هەمیشە تۆپشوەکەتان بۆی

● ئەی کونە پەپوەکەی موتەخەلیس بە ئیمامی خومەینی تۆ لەبەر ڕەهێلەی ڕاپەڕینی ئازادی خوازەکاندا چیت پێ دەکرێ هەر دەبێ ملی تاوانت شۆڕکەیتەوە .

ئاگام لێیە
سەرتان دەنێنە چنگ پشکۆو
سنگ لە لوتکە قایم دەکەن
ئێوە تازە خومچێتینتان
پێ ناکرێت
ئەوە نی‌یە بالآی چیا
خۆی لە سەرتان دا کوتاوە
گەر ئێوە دەڵێن : چیایین
چیا دلێ پشکۆی دەوێ
چیا گیانی بەردی دەوێ
پێ هەڵگرە ..
پێ هەڵگرە ..
لوتکە چاوەڕوانی تۆیە
باوکت بە سەر چارەوێوە
لە دایك بوو ..
با تۆش دەمی
خوێنەکەی سورت بنێیتە
گیانی گەرمی گاشێکەوە ..
دایکت ئەشکەوتێك گۆشی کرد
با تۆش لە کۆشی ئاسۆدا
ببیە گوڵاڵەیەکی سور ..
گەر سنگت نەکەیتە پشکۆ
چیا بالآتی خۆش ناوێ
کە پێکانت
دەنێیتە سەر
دلێ گەرمی تولە ڕێیە
ئاگات لێ بێ
با ئاوی دەم کانیاوەکەی
بناری دێکەتان پێ بێ
خۆش .. خۆش

دەست نوێژی لێ بگرە
ناڵە سۆزی مەدفعی‌یەك
بانگ‌و سەلای ..
ئازادی خواهانەی تۆیە
با لەپی سوژدەی لوتکەیەك
هەڵت گرێ
بیرت نەچێ !
بیرت نەچێ !
کالەکانت
لە سەر سنگی تاران دانا
مەهابادی ئاخی پێشمەواش
هەڵگرە .. !
مەهابادی کوڕەی بێ نەواش
هەڵگرە .. !
وەکو (( نەوسو ))تان کوردانە
کردۆتە بوك ..
دەسی عیشقتان
بەرەو پرچی (( قوم ))یشی بەرن
لە ئێرانا ..
عیشقتان بکەنە چیا
هەتا کۆرپەی جێگا ڕوخاو
تێر ..
تێر .. لە بناری سەوزی
کوردانەتان بخواتەوە
عیشقتان بکەنە دەریا
چی مێژەرەو جبەی خومگەرێتی هەیە
بیپێچنەوە ..
ئێوە کوردن
گەر لە ئێران
سەرتان نەنێنە چنگ پشکۆ
چیا بالآتانی ناوێ
گەر پەنجەی بۆنی خەنجەرتان
یەکە ..
یەکە .. نەکەنە هەلۆ
لوتکە لاشەی خوێناویتان

جەباری حاجی کریم

# ئارەقەی چارەوێ بێ



ناگرێتە خۆ
بۆ کوێ دەڕۆن !
بۆ کوێ دەڕۆن !
ئەم کەللەیەی منیش بەرن
هەر هیچ نەبێ
لاوێ مەهابادی پێکراو
کە تینوی باڵای دایکی بوو
بینێنە ژێر کاسەی سەری
با تێر بۆی سۆزی دایکی خۆی
بخواتەوە ..
ئەم کەللەیەی منیش بەرن
هەر هیچ نەبێ
با نەخشەی نیشتمانەکەی خۆتان بێ بێ
تازە ئێوە خومچێتیتان
پێ ناکرێتو
مەهاباد دلێ یەکێتیتانە
نەیەنەوە ..
نەیەنەوە ..
نەیەنەوە ..
تا کالەکانتان دەخەنە
مێزەرەکەی سەری ئیمام
نەیەنەوە ..
نەیەنەوە ..
نەیەنەوە ..
هەتاکو دەستی خەنجەرتان
دەنێنە مل
تا ئایەتوڵلاکانی ئێران
نەیەنەوە ..
نەیەنەوە ..
تا مەچەکی بۆی خەنجەرتان
نەنێنە پرچی زەردی خۆرەوە
بۆچی چیا پێی نەووتن :
با گشت کاتێ
بۆنی ئارەقەی چارەوێ

لە پشتێنو دەستی خەنجەرەکەتان بێ !
بۆچی چیا پێی نەووتن :
هەچ یەکێکتان ..
ڕۆژێ بۆی نانی لێ نەهات
چیا باڵایی خۆش ناوێ !
ئێوە دلێ ئەم خاکەنو
تولە ڕێگا دوورەکانیش ..
لە ئێوەدا کۆتایی دێت
ئێوە دلێ ئەم خاکەنو
چەپکێ خەنجەر ئازادیتان
بۆ دەباتە
نێو مەهاباد
بۆ پایزی بەرەو بەهار
لە کۆشی کێلگەکانتانا
لە پاڵ دەنکە گەنمێکەوە
فیشەکێ ڕەشیش
بروێنن ..
بۆ بنبڕی خوم چییەکان
چاوەڕوانین ..
چاوەڕوانین ..
نەیەنەوە !
تا مەچەکی بۆی خەنجەرتان
نەنێنە پرچی زەردی خۆرەوە
بۆچی چیا پێی نەووتن :
با گشت کاتێ ..
بۆنی ئارەقەی چارەوێ
لە پشتێنو ..
دەستی خەنجەرەکەتان بێ
بۆچی چیا پێی نەووتن :
هەچ یەکێکتان
ڕۆژێ بۆی نانی لێ نەهات
چیا باڵایی خۆش ناوێ !

بەغدا – ١٩٨٠

# چیتر دەربارەی جەنگی عیراق و ئێران

ئەو راستییانەی هەتا دوژمنانی عیراق ئینکاری ناکات ئەمانەن :

**١ ـ ئێران دەستی بەسەر بەشێکی لە زەوی عیراقدا گرتووە و نایەوێ بیداتەوە ، سەرباری ئەوەی رێی دەبلوماسیو شێوەی ئاشتی خوازی لەگەڵدا بەکارهێنراوە .. ئەمە بەدەست درێژی دژمێردرێت بەسەر مافی گەلی عیراقو سەربەستی وڵات .**

**٢ ـ ئێران پاش ئەوەی رێگەوتننامەکەی ساڵی ١٩٧٥ ـ ی جەزائیری هەڵوەشاندەوە ، دەستی بەسەر شط العرب‌دا بەبێ هیچ مافێ گرت کە ئەمەش دەست درێژیێکە بەسەر سیادەی عیراق و ئاوی هەرێمایەتیی .**

**٣ ـ ئێران تەعەدای لە عیراق کرد چەن شارو دێیەکی بۆردومان کرد ئەمەیش کە رێ بە عیراق دەدات بەرپەچی ئەو هێرشو دەستدرێژکردنەی بداتەوە بۆ نموونە : لە نێوانی ٢٣-٢-١٩٧٩ تا ٢٦-٥-١٩٨٠ پەنجاو چوار جار فرۆکەکانی ئێران هاتونەتە سەر شارو دێیەکانی عیراق و هەروەها سوپاکانی ئێران لە نێوانی ٢٦-٨-١٩٧٩ تا ٣-٦-١٩٨٠ پانزە جار بۆردوومانی شار و دێیەکانی عیراقی کردووە جگە لە دەستدرێژی کردن بەسەر گەمییەکانی عیراق و پاشانیش ئەو هێرشە ئاسمانی و زەوییەی کە لە ٤ ئەیلولدا لە سەر سنوری عیراقدا کردی .**

**٥ ـ رژێمی ئێرانی بەر لە ئێستاو ئێستایش بە هەموو شێوەیێک جیاوازی رەگەز پەرستانەی هەبووە و دەیەوێ کینەی رەگەزایەتی لە نێوان گەلی عیراقدا بلاوبکاتەوە ..**

**٦ ـ هەمیشە رژێمی ئێرانی بەردەوام بووە و خۆی هەڵقورتاندووەتە نێو کاروباری ناو خۆیی عیراقو هەوڵی داوە بە هەر جۆر بێ لەکە بخاتە سەر سیادەی عیراقەوە ، ئەمەش دەرچونە لە مەبادئی یاسای دەولی ..**

ئەمانە یەکێ لەوشتانەن کە شەرعیەتی ئەو جەنگەی سەپێنراوەتە سەر عیراق دیاری دەکات ئەو جەنگەی کە عیراق دژ بە رژێمی ئێرانی بۆ ئەوەی مافە رەواکانی خۆی بەدەست بێنێ .. ئەم جەنگەش شێوەیێکە لەو شێوانەی مافی خوراو بەدەست بهێنرێت بەو شێوانەی کە دەولیا بەجێیە ئەمیش کە خۆی لەخۆیدا راستکردنەوەیە لە موعادەلەی ئاشتی و مافی مرۆڤ چونکە مەبەستی بەجێهێنانی ئاشتیێکی رەوایە و لەگەڵ بنەرەتەکانی پەیوەندی نێوان میللەتاندا بەتایبەتی مافی چارەنوسیی و سیادەی هەرێمایەتیدا موعارز نییە زیاتر لە لێپرسراوێکی عیراقی ئەوەی دووپات کردوەتەوە کە عیراق چاوی لە زەوی ئێران نییە بەڵکو هەوڵو کۆششی ئەوە دەدات رژێمی ئێران دان بە مافەکانی عیراقا بنێ بەپێی یاساو بەکردەوە ، ئەوا جەنگ بەزوترین کات دەوەستێ ..

عیراق لەم جەنگەیدا لەگەڵ ئێران لەگەڵ هەموو سەرکەوتنێکیا پێی لە مافی ئینسان نەنا ، ئەمەش لە هیچ جەنگێکی عەرەبیدا نەبووە کە مافی ئینسان کوت دەکرا ئەم کوت کردنەش چەند ساڵێکی دەخایاند بێ ئەوەی جەنگێکی تەواو و راستی هەبێ وەک ئەوەی کە ئێستا لەسورییەدایە .

ئەوەی شوێن هەڵگری وەزعی مافی ئینسان بێ لە عیراقدا دەبینێ :

**١ ـ جیاوازییەک لە نێوان مافی ئینساندا نییە لەپێش جەنگو لە کاتی جەنگدا .**

**٢ ـ هیچ کوتێک بۆ مافی ئینسان نییە چ مافی مەدەنی یا سیاسی یا ئابوری بێ بەپێچەوانەوە خوێنەرانی رۆژنامەکانی عیراق دەبینێ هەڵبژاردنی تەکمیلی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی لە بەغدا بو هەروەها هەڵبژاردنی ئەنجومەنی تەشریعی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە کاتی جەنگدا لە ئەوپەڕی دیموکراتیەتدا دەستی پێ کرد .**

**٢ ـ هەموو ئەوانەی موقیمن لە عیراقدا سەرنجی ئەوە دەدەن کە هەموو شتو کەرەسەیێکی پێویست لە بازاردا زیاترە لە کاتی پێش جەنگدا ، ئەمەش پێچەوانەی هەموو بنەڕەتێکی رەچاوکراوی جەنگە کە دەست بەسەر زۆر شتا دەگیرێ کەمتر شتی بەرخۆری دابەش دەکرێ .**

ئەم رچاوکردنە لە سەرکردایەتییەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئاستی ژیانی هاوولاتیان مەرجەو بەتەنگەوە هاتنیان پێویستە ، هەروەها مانا و دیوێکی سیاسیشی هەیە ، مسوگەر کردنی شتە پێویستیەکانی رۆژانەی خەلکی رێی بایەخدانی زیاد بەجەنگیان بۆ خۆش دەکات ، بەلام هەندێ رژێم لەکاتی ئاوها جۆرە کۆت کردنێ دەسەپێنێتە سەریان بۆ ئەوەی خەلکی خەریکی ئەوە بکات هەر بەدوای شتە پێویستیەکانی رۆژانەیدا بگەرێ تا ماوەی ئەوەی نەبێ بایەخ بە جەنگو ئەنجامی جەنگ بدات ..

ئەم دەستپێشخەرییەی عیراق بێ هاوتایە لە مێژووی جەنگەکانی عەرەبیدا ، ئەویش لە سەرنجی سەرکردایەتی سیاسییەوە مرۆڤ کە ئامرازی تێکۆشانە لە جەنگدا .

**سەرۆکی فەرماندە سەدام حوسین لەم رووەوە فەرمویەتی :**

**دەستەگی لەبن نەهاتووی جەنگمان میللەتە .. میللەتیش لە روانگەی سەرکردایەتییەوە ، ئاوێتە بونی هێزە سەربەست کراوەکانییەتی و بەخواشتەرخوازییەوە بەشداری جەنگ دەکات و بناغەی جەنگی سەرکەوتنیشە ..**

**سەرکەوتنەکانی سوپای عیراقی دلێر دەگەرێتەوە بۆ دلسۆزی سەرکردایەتیە زیرەکو وەئاگاکەی لە لایەکو لەلایەکیترەوە ، تێکچرژانی میللەت وتووانەوەی لەگەلیا لە جەنگدا ، ئەمەشە بووەتە هۆی ئەوەی سوپای عیراقی بەپێی سەرنجی زانایانی جەنگ موعجیزە دروست بکات .**

ئەگەر بەم پێیە و لەم گۆشەیەوە سەرنجی ئەم جەنگە بدەین و بەراوردی کەین لەگەل جەنگەکانی پێشوودا ئەوا دەتوانین بەوردی دەستنیشانی هۆی نۆچ دانەکانی بکەین ، چونکە رژێمەکان میللەتیان بەبەرەی سێهەم لەقەلەم دەدا و لە جەنگدا ئەو بایەخەیان پێ نەدەدا ، هەرکە جەماوەر ویستبای رای خۆی لەرِوی جەنگەوە دەربرِی بەشی سەرکوێر کردن و دەم کوت کردن دەبو وەك لە جەنگی تشریندا رویدا ، کە نەخشە بۆ ئەوە کێشرابو ببێتە جەنگی بزوتنەوەی مەسەلە هەر کە میللەت هەولی ئەوەیدا بیکاتە جەنگی سەربەستی کەچی بۆرِدرا کۆتایی بە جەنگ هات بەو مامەلە کردنە ناسراوەی کە کیسنجەر دەریهێنا ..

هەر لەروی بەراوردەوە دەبینین ئێرانی دوژمن چەکی چاك و پەرەپێدراوی هەیە چ لەروی چەندەوە یا چۆنەوە کەچی لەروی سوپای عیراقی دلیردا بۆرِیدا ، ئەوەش لەبەر هۆیەکی دیارییە ، داهەزینی سەرکردایەتیەکەی لەلایەك و نەبونی باوەر لەلای میللەتانی ئێران بەم جەنگە پاش ئەو گشت زولم‌وزۆرەی کە شاو خەلیفەکانی « ئێستای » شا وەك ژەمە خۆراك دەرخواردیان دەدرێ سەرباری ئەو نارەوایە دیارییە کە سوپای ئێرانی لە پێناویا دەجەنگی پێش ئەوەی کۆتایی بەم نووسینە بێنین دەبێ پەنجە بۆ ئەو قاسم موشتەرەکە راکێشین کە رژێمی ئێرانیو هەندێ لەو رژێمانەی کە یارمەتیی دەدەن چ بە ئاشکراو چ بەدزییەوە کۆیانی کردووەتەوە وەك رژێمی سوری و لیبی کە بەشدارییان لە چەوسانەوەی میللەتانی خۆیان کردووە ، ئەم رژێمانە لەسەرکەوتنی عیراق دەترسن چونکە یەکەم جەنگی عەرەبییە کە هەموو میللەت بە گشت توانایەکییەوە بەشداریی دەکات .. سەرکەوتنی عیراق لەم جەنگەدا جێ پەنجەی خۆی لەسەر ئەو رژێمانە دادەنێ کە بازرگانی بە جەنگو بەزەوییەوە دەکەن .. سبەینیش بۆ ئەوانەی سەرنجی دەدەن نزیکە .



# چەند نمونەیەك لە تاوانەکانی رژێمی تاران

شێرزاد عبدالرحمن

ئەو پەلامارە دڕندانەی تاقمە درۆزن‌و عەمامە لەسەرەکەی رژێمی رەگەزپەرستی تاران کردیە سەر هەندێ گوندو شاری وولاتە خۆشەویستەکەمان ، دووبارە و سەرلەنوێ ، پەردەی لەسەر رووە رەشەکەی ئەم دارو دەستەیە رامالی ، کە لە وەتەی هاتۆتە سەر تەخت ، بە هەموو شێوەیەکی نامرۆڤانە کەوتۆتە بەر ئازاردانی گەلانی ژێر دەستی ئێران‌و خۆی لە هەموو ئاکارێکی راستەقینە رووت کردۆتەوە ... لەم ماوەیەی دواییەشدا ، بەوپەڕی رووڕەشی‌و قەرەقۆشی‌ی ، فرۆکەکانی بەڕەڵلای دەشت‌و دەواری کوردستان‌کرد ، بۆ ئەوەی جارێکی‌تر منالی بێ تاوان زەردەخەنە نەگرێ‌و لە بێشکە ببێتە قوربانی .. بۆ ئەوەی دەنگی رق‌و کینە کپ‌کاتەوەو دلی سەد دایکی‌تر گڕتێ بەربدات‌و بەدیاریەوە ، پێ‌بکەنێ .. وەك چۆن بە دیار تەرمی دەیەها رۆڵەی شەرەفمەندی ئێران دایە قاقای پێ‌کەنین کاتێ بە سێدارە ئەلەرانەوە .. بەلام ، گەلی ئێران ، واتە ئادەمیزادی ئێران ، بە گەلێ شێوە دەنگی رق‌وکینەی خۆی بەرامبەر بەم رژێمە بێ ویژدانە بەرزکردۆتەوە .. سەرکەوتنەکانی سوپای دلێریشمان ، سەرلەنوێ موژدەی پاشەرۆژێکی رووناکی گەیاند ، کە خەونی هەموو ئادەمیزادێکی مەردو دڵ قایمەوبڕیتی‌یە لە تێك شکاندنی تێکڕایی دەستەی رەگەزپەرستی ئێران‌و ریسوا بوونی ئەو رووە رەشانەی دەهۆڵی ئافەرینی بۆ دەکوتن لەسەر حسابی خوێن‌و قوربانی ..

- لەم ماوەیەدا گۆڤاری « بەیان » چوە نە خۆشخانەی هەولێر ، لەوێ گوێ‌ی لە ئازارو رق‌وکینەی مرۆڤی بە جەرگی ئەم وولاتە گرت ، هەروەها گوێ‌ی لە خۆزگە پیرۆزەکانی کۆمەلێ هاوولاتی ئێرانی گرت کە بەوپەڕی شانازی باسی با زووی پۆلایینی گەلانی ئێرانیان بۆ گێڕاینەوە ..

- کافیە قادر ، کە لە هێرشی فرۆکەکانی دوژمن بۆ سەر هەندێ لە گوندەکانی کوردستان بریندار‌بووە ، ووتی :

★ **ئەو هێرشە دڕندانەی کە هەندێ لە فرۆکەکانی رژێمی رەگەز پەرستی ئێران کردیە سەر هەندێ گوندو شارەکانی وولاتی شیرینمان ، نموونەیەکی نوێ‌یە کە چارەی ڕەش‌و بۆگەنی بونی ئەو دەستە بەگرێ گیراوە دەردەخات ، کە بەرامبەر بە سەرکەوتنی سوپای دلێرمان هیچی لە دەست نەهات بێجگە لەوەی بە فرۆکە تیر بارانی منالی بێ‌تاوان بکات ، بەلام گەلی عیراق بە کوردو عەرەبەوە ئامادەیە بۆ قوربانی‌دان‌و لە جیاتی گوڵ ، سەد چەپکە نێرگز بۆ شەهیدانی ئەم وولاتە کە لە پێناو پاراستنی خاك‌و خۆلی وولاتی خۆیان سەردانانوێنن .**



● خاتووگوڵەندام ئافرەتێکی‌ترە کە دەستێکی براوە لە ئەنجامی ئەم هێرشە چەپەڵانە ، لێمان پرسی ، ئاخۆ ، تۆ وەك ئافرەتێك دەتەوێ چی بە ئافرەتانی کورد بڵێ‌ی ؟! لە وەڵامدا ووتی :

★ **دەبێ ئەو ئافرەتە چ گوناهێکی هەبێ کە بە بۆمبای فرۆکە بێ ویژدانەکانی ((خومەین))ی جەندرمە دەبێتە قوربانی‌و پێش ئەوەی گوڵی ئاواتی بگەشێتەوە ، هەڵدەوەرێ ؟ دەبێ ئەو منالە بە سەزمانە چ تاوانێکی هەبێ کە پێش ئەوەی بگەشێتەوە ، دەیخەنە ژێر بۆمبا ؟! . ئەمە چەند وێنەیەکە لە تاوانەکانی رژێمە درۆزنەکەی ئێران کە بەربۆتە گیانی گەلانی ئێران‌و دەیەوێ دەست‌درێژی بکاتە سەر وولاتە خۆشەویستەکەمان .. بەلام رۆڵە بە جەرگەکانمان ئەوەتا دەرسێکی ئەوەندە گەورە دەدەنە دوژمن هەتا هەتایێ لە بیریان ناچێتەوە ..**

● بەلام هاوولاتی ئێران « اسماعیل عزیز » پەنجە بۆ لایەنێکی‌تری تاوانی ئەم رژێمە درێژ دەکاو دەڵێ :


★ **لە نەخۆشخانەکانی ئێراندا ، مەحالە رێگە بە کوردو عەرەب‌و کەمە نەتەوایەتیەکان بدرێ کە بچنە نەخۆشخانە بۆ تیمارکردن ، چونکە رژێمە درندانەکە خۆی تۆپ بارانی ناوچەکانی کوردەواری نشین دەکات بەو نیازەی کە بتوانێ دەنگی توورەو نارەزایی گەلانی ژێر دەستی ئێران کپ‌کاتەوە ، بەلام مرۆڤ ، ئەمرۆ لە ئێرانی خوێن ، هیچ مەترسی‌یەك ناتوانێ دەنگی بشارێتەوە ، بەڵکو بووە بە بازوویێکی گەورە و لە پاشە رۆژێکی نزیکدا دەتوانێ دەستەو دایەرە بەکرێ گیراوەکەی رژێمی رەگەز پەرستی ئێرانووردو خاش بکات ...**

● ئەنجا چووینە بەشی تیمارکردنی برینداران‌و لەوێ هەواڵی بریندارەکانمان لە دوکتۆر عادل ئیبراهیم سەرۆکی بەشی دوکتۆرە نیشتەجێ‌کان پرسی ، لە وەڵامدا ووتی :

★ **ئەو تەفەللا بێ‌وچانەی لەلایەن نەخۆشخانەکەوە دەدرێ بۆ هاوبەشی‌کردنی ئەم جەنگە پیرۆزە ، بوە بە فەرامۆشی بۆ هەموولایەك ، تەنانەت زیاتر لە (٢٠)سەعات بەردەوام ئەم بەشە لە کۆشش دایە بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی خۆی .**

● کە لێمان پرسی ، ئەی وەك دوکتۆرێك دەڵێ‌ی چی ؟! ووتی :

★ **رۆژێ وادێ عەمامەکەی ((ئیمام خومەینی!)) دەبێتە پەندی مێژوو .**






# پەڕینەوە ... لەڕووباری کارۆن

پەڕینەوە بەشێکی بایەخداری داستانی رزگارکردنی ( المحمرە )یە .

بەکار هێنانی تیشکی ژێرووی سوور بۆ سازاندنی پەڕینەوەی هێزە پێشکەوتوکانمان .

ئالآی مەزنی عێراق ئێستا لەسەر (المحمرە) شەکەی دێو سوپامەزنەکەشی پێشدەکەوێو بەرەی تاریکایی و رەگەزپەرستانی کینە لەدڵ تەفرو توونا دەبن و ئەفسانەی ئەو لەشکرە تێکدەشکێو پووچ دەبێتەوە کە ئیمپریالیزم دەیانویستو وایان دەزانی زەخیرەی هەموو رۆژە رەشییەکیانە .

داستانی سەرکەوتن لە ( المحمـــرە )دا هەمیشە مەشخەڵێکی رووناکی مێژووی پیرۆزی نەتەوەی عەرەبە .. ئەم داســـتانەو پەڕینـەوە لەرووباری کارۆن بەشێکی هەرە گرنگە لە مەتەڵی تێکشکان و ورەبەردانی بەرگری فارسی .

خەبیرێکی عەرەبی هەندێ لـــەنهێنی یەکانی پەڕینەوەکەی روون کردەوەو وتی :

لە مەسەلەی شەڕدا سوپا وەکو پیاوێـک وایە کوتەکێك بەسەری‌دا دەی‌و بیەوێ بەئاگابێتەوە بەلآم ئەو بەئاگا بوونەوەیە لەنگەری تێك دەداتو ئیتر دەتوانرێ زۆر بەئاسانی کوتەك لـــەدوای کوتەکی پیاماڵی‌و شپرزەی بکەیتو نەهێڵی بێتە دەس .

- پالەوانییەتیەکی بێ‌مانەند
- خەبیری سەربازیی دەڵی :

ـ شتێکی زۆر ئاسایی‌یەو مەنیقیشە کە پەڕینەوە لە رووباری کارۆن کارێکی پاڵەوانانەی سوپایی دەگمەنە کە لەتاریکە شەوێکی تۆخـدا ئەنجام دراوەو هەموو زانا سوپایی‌یەکانی جیهان دانیان بەم راستی‌یەدا ناوە ..

بەڵێ تاریکە شەوبو .. مانگ دیـــــار نەبوو .. توانرا هەموو بارو دۆخێکی ئاسمانی‌و جوگرافی و سوپایی بۆ سەرکەوتنی ئەو کـــارە

بەكار بهێنرێ .. گرنگی كارەكەش لەوەدایە كە لە شوێنێكی ستراتیژی گرنگدا كراوەو پەیوەندی راستەوخۆی بەهێڵی هاتوچۆی نێوان ( عبادان)و ( ئەحواز )ەوە هەیە .. جگە لەوەش جێگای پەڕینەوەكە لەنزیك بۆرییە نەوتەكانی نێوانی ( عبادان ) و ( ئەحواز )ەوەیە .

● چۆن پەڕینەوەكە ئەنجامدرا :

ئەوەبوو هێزە سەركەوتۆكانی عێراق لەرووبارەكە پەڕینەوە ئەم پەڕینەوەش كارێكی یەكجار گەورەی هەبوو لەسەركەوتنی چوونە ناو ـ المحمرە ـ ەوە ..

خەبیرە سوپاییەكە لەسەر قسەكانی دەڕواو دەڵێ :

ـ لەبەرچەند هۆیەك ئەو شوێنە بۆ پەڕینەوە دانرا لەوانە . بوونی رۆخ و لێوار كەیارمەتی پەڕینەوە دەدات .. ئەوەبوو كارەكە هەموو شەوی ١٠ـ١٠ـ١٩٨٠ ی خایاندو تابەیانی پردەكە سازكرا ئەویش دوای ئەوەی كە كۆمەڵێك لەهێزەكانمان بەبەلەم و كەڵەكی ئامێری پەڕینەوە ئەوبەر .. ئەو كەرتە سوپاییانەی كە كاری پەڕینەوەیان ئەنجامدا بریتیبوون لە هێزێكی تەواوی زرێپۆش و پیادەو بەشەكانی كەی سوپا .

ئەو هێزانەی كەپەڕینەوە لەو بەرەوە دامەزران و بەناوچەكەدا بڵاوبوونەوە ئەمبەری ئاوەكەش لەژێر دەسەڵاتی كۆمەڵێكی تردا بوو لە هێزەكانمان .. بەو جۆرە بەكۆششی هێزە سوپاییەكانمان لەمبەرو ئەوبەری ئاوەكەدا پردەكە سازكراو تەواو بوو .

ناوچەكە لەتاریكیدا نوقمەو تروسكاییەك رووناكی دەتخاتە بەرچاوی دوژمن و مەترسی دەورت دەتەنێ لەم حاڵەتەشدا پەڕینەوە دووشتی گرنگی دەوێ .. یەكەمیان :

دەبێ رووناكایی بەكاربێنیت و نەشهێڵی دوژمن جێگاكەت كەشف كات دووەمیش : دەبێ چارەسەری دەنگ و وڕەی ئەو ئۆتۆمبێل و دەبابەو سەرباز گوێزەرەوانە بكەی كەبەشداری پەڕینەوەكە دەكەن ..

بۆ مەسەلەی یەكەم : جۆرە رووناكییەك لەلایەن مەفرەزەو رەتلەكانی زرێپۆش و هەندسەوە بەكارهێنران كە زۆر تایبەتی و بەوریایانە رێكیان خست و نەیان هێشت دوژمن دركی پێبكات ..

هەروەها چارەسەری مەسەلەی دووەمیش بەوەكرا كە دوور لە ئۆردووگاكانی دوژمن و ـ ٢٥ـ كیلۆمەتر لەرۆژهەڵاتی ـ المحمرە ـ وە پەڕینەوەو بەو جۆرە دوژمن گوێی لەهیچ دەنگێ نەبوو .

● پردی ـ بۆنتۆن ـ ی سەرئاو

ماوەی سازاندنی پردەكەو ردایەڵكردنی پردەكە هەموو دەوروبەری ـ دوو سەعات و نیوی ـ خایاند سوپامان لەپەڕینەوەیدا پردی ـ بۆنتۆن ـ ی بەكار هێنا كە لەسەر ئاو دەوەستێ .. ئەم جۆرە پردە.تاقە رێگایەكە بۆ پەڕینەوە لەرووباری پان .

● هەڵسەنگاندنی پەڕینەوەكە

سەركەوتنی سوپا لەو پەڕینەوەیە گەورەیەدا كارێكی گرنگ بوو ئەو سەركەوتنەش لەوەوە هاتە دی كە كارەكە زۆر بەنهێنی ئەنجام دراو دوژمن پێی نەزانی هەروەها زۆر بەپەلە دەستی پێكرا .. لەبەرئەوەی رووباری كارۆن ـ ٤٠٠ ـ ٤٥٠ ـ مەتریك پان و پۆرە دوژمن وای دەزانی كەسوپای عێراق ناتوانێ بەئاسانی لێی بپەڕێتەوە .. بیجگەلە ئەوەش دوژمن بەڕای خوی ئەمبەرو ئەوبەری رووبارەكەی باش مەحكەم كردبوو ترسی نەبوو باوەڕی نەدەكرد كە بتوانین بپەڕینەوە ..

لەبەر ئەوەش مەسەلەی پەڕینەوە پێویستی بەگەلێ ماندوبوون و شارەزایی و توانای تایبەتی كرد .. بەو جۆرەش پەڕینەوەكە بەسەركەوتویی ئەنجام دراو ئیستراتیجییەتی دوژمن تێكشكاو شەڵەژا ئەویش لەبەر ئەوەی كە كوت و پڕ سوپای سەركەوتوومان لەدواوە گەمارۆی دان و لە هەمولایەكەوە بۆیان چوو تێكی شكاندن .

# ووتەی ژمارە

لەم مانگەدا ، پانزە سالی رەبەق بەسەر سەرهەلدانی یەکەم ژمارەی ئەم گوڤارە تێدەپەرێ .. ئەو گوڤارەی کە بەردەوام لە خزمەتی ووشەی پاکی کوردی دابوە .

گەر سوکە سەرنجێ لە رەوتی بە پێزی ( بەیان )ی ئازیز بدەین‌و بە وردی سەیری ئەو باریکە رێگابانەی ووشەی راچەنیوی کوردی بکەین ، بێگومان لە ئاست‌و پلەیەکدا دەیبینین ، کە جۆرە پێزو بەرەوپێشەوە چوونێکی ئاشکرای پێوە دیارە .. بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی رەنگی ئەم رابەمان بۆ ئەرێژێ .

ئەوەی شایانی باس‌و سەرنجیشە : ئەم گوڤارە ، یەکێکە لە بەرهەم‌و دەسکەوتەکانی شۆرشی پیرۆزی ۱۷ – ۳۰ تەموزی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست ، کە لە عیراقی یەکگرتوودا پێشکەشی گەلە نەبەزەکەمانی کردووە .

سالرۆژی سەرهەلدانی گوڤاری بەیان‌و ئەم ژمارەیەی کە رێکەوتی پانزەمین سالەی بە پیت‌و بەرەکەتی یادکردنەوەی هەمو ئەو نووسەرە دلسۆزانەیە کە بەو پەرِی لە خۆبوردن‌و بە گیان‌و دلەوە ، بەشداریان لە بەردەوامبوونی‌دا کردوە ... بە مردوو زیندوویانەوە .. ! هەر ئەم ژمارەیەش ، کە تۆزە جیاوازیەکی تێدا بەدی دەکرێ . بەشێکە لەو یادکردنەوە پیرۆزە .. نیازخوازین بەردەوام ( بەیان ) هەروەکو چۆن تاقە ئازیزی خوێنەرانی ووشەی شیرین بووە ، هەر ئاوا تەمەن درێژبێت‌و نووسەرانیش پتر لە ئامێزی بگرن‌و شیلەی شیرینی فیکرو هۆشیانی پێ‌ببەخشن ...

هەر سوکە ئاوردانەوەیەکی جگەرسۆزانەی هەر (٦٦) ژمارەکەی ئەم پانزە بەهارەی تەمەنی بەیان ، گەلێ راستیمان بۆ روونتر ئەبێتەوە .. وەکو : زوربەی زۆری نووسەرانی دلسۆزی کورد – هەر کەسە بە پێی تواناى خۆی – بەشداریان تێدا کردوەو رای سەربەستانەی خۆیان دەربریوەو بە گەلێ بەرهەمی بە پێز خەملاندویانە . . جا چ بە ناساندنی چمکێکی ئەدەبی پڕ لە شکۆی گەلانی سەرزەمین‌و نەخوازەللا ئەدەبیاتی ئەوروپای زیندوو ئەمەریکای لاتین‌و ئەفەریقیاو ئاسیای راچەنیو .. یا بە بایەخدانی ئاشکرایان بە زمان‌و رێزمان‌و پاشەرۆژی زمان ، یا بە بلاوکردنەوەی دەیان دەقە شیعرو شانۆگەری‌و چیرۆک‌و رەخنەی لە بارو لێکۆلینەوەی قوول‌و بەپێزی ئەدەبی ، کە خۆی لە خۆی‌دا بوو بە مایەی وروژاندنی خوێنەرو هەروا نووسەرانی سالەکانی حەفتاکان‌و قوولکردنی نێوانیان لە تەك ووشەی رەنگینی کوردی‌دا . .! بێگومان ئەم دەورە دیارەی ( بەیان ) شان بەشانی هەمو ئەو گوڤارو رۆژنامانەی کە بەوپەرِی جگەرسۆزی‌یەوە شانیان داوەتە بەر ئەم خزمەت‌و ئەرکە پیرۆزە لە لاپەرە هەرە پرشنگدارەکانی مێژووی رۆژنامەگەری کوردیا پەنجە نوما ئەکرێت ...

ئەمرۆکەیش ، کە ( بەیان )ی ئازیز لە دەرفەت‌و بارێکی باشترا ئەژێت‌و لێپرسراوانیش هەمو وەختی خۆیان بۆ تەرخان‌کردوەو لە جاران زیاتر باوەشی میهرو سۆزیان بۆ کردۆتەوە .. ( بەیان )یش پەیمانی کوردانەی خۆی بۆ هەمو خامە بەدەستێکی پاکزادە دووپات ئەکاتەوە ، کە هەمیشە هەر چراوگی رابەرو هەر لە خزمەتی ووشەی گەوارادا بێت .. چونکە ئێوە مەبەستی ( بەیان )ن‌و بەیانیش لە ئێوەو بۆ ئێوەیە ..


**« دەستەی نووسەران »**

# سیناریۆ

## لە «جوانترین دیاری»دا

## بۆچی؟!
## وچۆن؟!


صلاح شوان



رەخنەی ئەدەبی :

ئەدەب یەکێکە لەو هونەرانەی دەتوانێت زوربەی بەشەکانی تری هونەر بۆ سوودی خۆی هەڵبمژێتو لە چوارچێوەی وشەدا بیخاتەوە روو ، دیارە بێگومان لە ئەدەبیشدا لقێك ماوەی لەوەکەی‌تر فراوانتر یان تەسکترە بۆ ئەم کارە ، لە هەمووشیان بەرفراوانتر لەم رووەوە هەر رۆمانە ، کە تەنانەت بەرفراوانییەکەی پێ‌رادەکێشێت تا دەگات بە زوربەی لایەنەکانی تری چالاکیی ئادەمیزاد لەوانەی کە پەیوەندیشیان بە هونەرەوە نییە ، دوای ئەمیش دەشێت بڵێین چیرۆکیش ـ کە برا بچووکی رۆمانە ! ـ سوود لە زۆر لایەنی هونەریو ناهونەری دەبینێت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی رووی‌تێدەکات .

کارێکی ئاسان نییە بە چەند دێرێك ئەو لایەنانە دەستنیشان بکەین ، بەڵام هەر بۆ



نموونە دەشێت لایەنێك لەوانە بکرێت بە بناغە بۆ باسکردن ، با ئەویش « سیناریۆ » بێت کە خۆی بەشێکە لەو هەنگاوانەی هونەری فلیمی سینەمایی پێکدێنێت . ئینجا بۆ ئەوەی بتوانرێت باری سەرنجێکی دیاریکراو بدرێت بەدەستەوە با نموونەمان چیرۆکی « جوانترین دیاری »ی کاك « محمد فریق حسن » بێت . یەکەم : لەبەر ئەوەی کاك « محمد فریق » بە جۆرێکی ئاشکرا رووی لە بەکارهێنانی « سیناریۆ » کردووە لە چیرۆکەکانیدا ، وەك لەم چیرۆکەشیدا هەر وەهایەو .. دووەمیش : لەبەر ئەوەی من زیاتر ئەم چیرۆکەم بەدەستەوە هات بۆ باسکردنی ئەم بابەتەو .. سێیەمیش : لەبەر ئەوەی لە یەکەم میهرەجانی رۆشنبیریی کوردیدا خوێندراوەتەوەو پاشانیش لە ژمارە « ٦٢ »ی گۆڤاری « بەیان »دا بڵاوکراوەتەوە کە ئاسانترە بۆ گەڕانەوە سەری تاوەکو هەر کەسێك مەبەستی بێت خۆی خاوەنی ئەو رایە بێت کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم رەخنەیەو چیرۆکەکەوە دەیگاتێ .

* * *

« بەلزاك » ئەگەر چیش لە وەسفدا بە درێژدادڕ ناسراوەو ، تەنانەت بە رووکەشکار ــ سطحي ــ و نازیرەکیش لەقەڵەمدراوە ، بەڵام لەو پێشەکییەدا کە بۆ رۆمانی « کۆمیدیا مرۆڤایەتییەکە »ی نووسیوە رای وایە ئەگەر هاتو رۆماننووسێك لە وەسفی شوێنێکدا باسی شتێکی کرد پێویستە ئەو شتە لە رۆمانەکەدا بەکاربهێنرێتو دوای ناوبردنەکەی دەورێکی هەر بدرێتێ. چونکە ــ وەکو « بەلزاك » بۆی دەچێت ــ لەم دنیایەی ئێمەدا شت ئێجگار زۆرە بۆ ئەوەی نووسەر بتوانێت بیخاتە ناو بەرهەمەکەیەوە ، خۆ ئەگەر هەروا بە بێ هیچ تەوزیف کردنێك گشت شتێك باسبکرێتو بەکاربهێنرێت ــ وەکو کاك « محمد فریق حسن » « سیناریۆ »ی لەم چیرۆکەدا بەکارهێناوە ــ ئەوە بەرهەمەکە هەرگیز کۆتایی نایەتو ناکات بە هیچ ئەنجامێك . چونکە کاری بەرهەمی ئەدەبی ئەوەیە پەلێك بگرێتو لە بێسەرەوە بەرەیی ئەم دنیایە رزگاریبکاتو بیخاتە ناو چوارچێوەیەکی ریکوپێکی پڕ بە پێستی خۆیەوە . لە هەمووشیان وردترو ناسکتر لەم رووەوە کورتە چیرۆکە .

بەڵام « ئەندرێ بریتۆن »ی سریالیی لە یەکەم بەیاننامەی سریالییەکاندا بەمەشەوە راناوەستێتو داوای زیاتر چڕکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی دەکاتو بە رووی رۆماننووسی هەرە گەورەی جیهان « دیستۆیێفسکی »دا هەڵدەشاخێتو دەربارەی وەسفی ژوورەکەی « راسکۆلینیکۆف »ی پاڵەوانی « تاوانو سزا » بەنووسەرەکەی دەڵێت ئەو هەرگیز ئامادە نییە سەرێك بە ژوورەدا بکات چونکە رای وایە ئەو جۆرە وەسفە وردە خوێنەر تووشی سستیی مێشكو دەبەنگی دەکات .

**ئینجا بەبێ ئەوەی خۆمان بە هیچ جۆرێك بەوان بشوبهێنم دەڵێم : بەرهەمی ئەدەبیی سەرکەوتوو ئەوەیە ــ وەك رەخنەگرێك دەربارەی « پیرەو دەریا »ی « هەمنگوای » دەڵێت ــ نە قابیلی ئەوە بێت رستەیەکی بخرێتە سەرو نەیش رستەیەکی لێ لابرێت . بێگومان ئەمەیش داوایەکی ئەوەندە گەورەو گرانە تەنانەت ئەدیبە جیهانییە گەورەکانیش نەیانتوانیوە هەمیشە بەدەستی بهێنن ، بەڵام وەکو ئاواتی گشت ئەو ئەدیبانەی دەیانەوێ شاکارێك وەدەستبهێنن چاکتر وایە ئەو وتەیە ئامانج بێتو هەوڵی پێگەیشتنی بدرێت .**

بۆ ئەوەی رێچکەی رەخنەکەی منیش ــ وەکو چیرۆکەکەی کاك « محمد فریق » ئەوەندە لە سنوور دەرنەچێت کە رێڕەوەکەم بە پێچەوانەی مەبەستەکەمەوە بکەوێتەوە ، بۆیە دەگەڕێمەوە سەر ناوەندی باسەکەو بە وتەیەکی « لیسینگ » دەستپێدەکەم کە لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی سنوور لە نێوان شیعرو نیگارکێشیدا دەڵێت :

**« داهێنان له بەرهەمی هونەریدا دوچاری مەترسییەکی گەورە دەبێت ئەگەر هاتو هونەری نیگارکێشان لاسایی ڕێبازو ڕێوشـوێنەکانی ئەدەبی کردەوە ، یان ئەگەر هاتو ئەدەب پەیرەوی ڕێوشوێن‌و یاساکانی هونەری نیگارکێشـانی کردەوە » .**

خۆ ئەگەر لە جێی وشەی « نیگارکێشان »ی دووەم لەو وتەیەی سەرەوەدا وشەی « سینەما » یان « تەلەفیزیۆن » دابنێین ئەوا بە ئاسانی ئەو وتەیە پڕ بە پێستی مەبەستەکەمانە دەربارەی چیرۆکی « جوانترین دیاری » ، کە لە ڕاستیدا بەو گۆڕینە هیچ لە کاکڵەی مەبەستەکە ناگۆڕێت .

یان بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بەم نموونەیەی خوارەوەدا بچینەوە کە تەنها دیوەکەی تری ئەو قەوانی «سیناریۆ» بەکارهێنانەیە کە چیرۆکنووس لەم چیرۆکەیدا بەکاری هێناوە . ئەمەیش نموونەکەیە :

● **دەچینە سینەما دادەنیشین ، کە فلیم دەستپێدەکات « لەقتە » یەکی گشتی – وەکو چیرۆکنووس دەڵێت – کتێبێکە ، یەکسەر بە نەخش‌و نیگاری سەر بەرگەکەیدا دەزانیت بابەتەکەی یان ناوەڕۆکەکەی لادێیانەیە ، کە وردە وردە نزیک دەبێتەوە – بە زمانی سینەمایی پێی دەڵێن « زووم » – دەبینی بە خەتێکی درشت نووسراوە « جوانترین دیاری » ، چاوی کامیرا بەرەو خوار دەبێتەوەو دەچێتە سەر خەتێکی بچووکتر نووسراوە « محمد فریق حسن » ، بە زوومێکی خێرا ناوەکە « کادر »ەکە – واتە ئەوەی لەسەر یەک فلیم تۆمار دەبێت – پڕدەکاتەوە ، « کلۆز »ێک ، لەسەرخۆ گشت کتێبەکە دەردەکەوێتەوە ، زوومێکی خێرا بۆ سەر گۆشەی لای چەپی خوارەوە نووسراوە « کورتە چیرۆک » ... بەمجۆرە ساڵی لە چاپدان‌و نرخ‌و چاپخانەو ئەوەی پێویست بێت لەسەر هەردوو بەرگی کتێبەکە پیشان دەدرێت . ئینجا دەستێک ناسک بێت یان زبر ، یان بە یەکێک لەو شێوانەی کە « لەقتە »ی پێدەگۆڕدرێت ، وشە بە وشەو دێڕ بە دێڕی گشت لاپەڕەکان پیشان دەدرێت ، تا لە دوا لاپەڕەدا وشەی « تەواو » کۆتایی بە فلیمەکە دەهێنێت‌و.. پەردە دادەدرێتەوەو گڵۆپەکان پێدەکرێنەوەو دێینە دەرەوە .**

کێ هەیە نەپرسێت : ئەرێ ئەمە چی‌بوو ؟! نە فلیمەو نە کتێب . بێگومان دەبێت دەرهێنەرەکە پێمانی ڕابواردووبێت .. ئینجا ئیتر هەرکەسەو خۆی‌و خوای خۆی چی بە دڵ‌و بە دەمدا دێت . . !

ئەم جۆرە شـتـە وەنەبێت نەکرابێت . سریالییەکان زۆر شتی لەمەیش سەیرتریان دەکردو زۆریشیان پێ‌خۆشبوو بەو شتانەیان خەڵککە تووشی ناڕەزایی‌و تووڕەبوون بکەن . بەڵام باوەڕناکەم کاک « محمد فریق » لەم چیرۆکەیدا شتێکی وای مەبەست بێت ، یان بە گشتی سەری لە سریالییەت بخورێت، ئەگەرچیش شتی وا خەندێنەریشی ئاوێتەی ئەم چیرۆکەی کردووبێت، بۆیە من لەباری سەرنجێکی جدییانەوە بۆی دەچم‌و هیوادارم بە هەڵەدا نەچووبێتم .

ئەو نموونەی فلیمە کتێبەم بۆیە خستە بەر چاو تاوەکو ڕوون‌بێت بەکارهێنانی تەکنیکی یان ڕێ‌و شوێن‌و یاساکانی هونەرێک – وەکو لیسینگ دەڵێت – چەند جێی مەترسییە . بەڵام بەکارهێنانی کتێبێک لە فلیمێکدا بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستێک‌و بە جۆرێک بەشدارییەکی هارمۆنی یان کۆنتراسی کاریگەرو گونجاو لە دروستکردنی فلیمەکەدا بکات ، کارێکی هونەری دەبێت‌و نرخێکی زیاتر بە فلیمەکە دەبەخشێت ، کە ئەمەیان لە زۆر فلیمدا هەیە وەکو پیشاندانی چەند دێڕێکی نامەیەک یان هەر نووسراوێک . بەڵام – دیسانەوە دەڵێمەوە – بە جۆرێکی کاریگەرو گونجاو·تەوزیف بکرێت لە بەکارهێنانیدا نەک هەروا لە خۆوە ، وەک لەم چیرۆکەدا کە « سیناریۆ »ی تیا هەر بۆ « سیناریۆ » بەکارهێنراوە .

* * *

ئینجا با بێینە سەر چیرۆکەکەو لە شێوەی گێڕانەوەیەکی کورتدا بۆ ئەو کەسانەی بخەینەڕوو کە تاقەتی خوێندنەوەی چیرۆکەکەیان نییە . بێگومان ئەم کارەیش – واتە گێڕانەوەی کورتە چیرۆک وەکو حیکایەت – کارێکی ناهەموارەو دەقی چیرۆکەکەی پێ‌دەشێوێت، چونکە هەر بەرهەمێک خولقاوی ئوسلووبەکەی خۆیەتی‌و گێڕانەوەی لە قالبە داهێنراوەکەی دەخات .. بۆیە گێڕانەوەکەم ئاوێتەی هەندێک وردە سەرنج‌و نرخدان دەکەم ، وەکو وتم بۆ ئەو کەسانەی تاقەتی خوێندنەوەی چیرۆکەکەیان نییە ، ئەگەرچیش دڵنیام هەر کەسێک دەست بداتە خوێندنەوەی ئەوەندە بە

تامەوە دەیخوێنێتەوە کە خۆیشی نازانێت چۆن تەواوی دەکات .

**چیرۆکەکە لایەنێك لە ژیانی زەلامێکی لادێیی دەخاتەروو کە ناوی (( پیرۆت ))ـە ، هاتووە بۆ شـار (( هەولێر )) بۆ ئەوەی دوو سێ بزن بفرۆشێتو هەندێك پێویستیی پێبکرێت لەوانەیش حەبی منداڵ نەبوون چونکە ژنەکەی (( زولەیخا )) ئەو حەوت منداڵەی هەیانە بە بەسی دەزانێت . بەڵام لە پڕێکدا ئافرەتێکی خەڵکی شـاری لێ قوتدەبێتەوە کە ناوی (( کنێر ))ە داوای لێدەکات خۆی بکات بە مێردیو لە لای قازی تەلاقی بداتو پێنج دیناری لێوەربگرێت ، (( پیرۆت )) بە هەر حاڵێك بێت بەم سەوایە رازی دەبێت ، بەڵام لەبەر دەرگای دادگادا منداڵەکەی (( کنێر )) دەکرێت بە کۆڵییەوەو ، ئەویش لە جیاتی حەبو دیاریی‌تر منداڵەکە وەکو (( جوانترین دیاری )) دەباتەوە بۆ زولەیخا ))ی خێزانی .**
« پیرۆت » ئەوەندەی خودا دڵپاکیو سادەییو ساویلکەیی بە کوردێکی لادێیی نەخشی بێتو .. ئەوەندەی قەڵەمەکەی چیرۆکنووس بڕی کردووبێت بۆ پیشاندانی ئەو دڵپاکیو ساویلکەییە ئەو ئەوەندە زیندوو و نموونەییو خۆشەویست خراوەتە روو ، تەنانەت ئەو هەندە فڕوفێڵەی هەیشێتی کەس بە خراپ بۆی لە قەڵەم نادات ، وەکو ئەوەی بیر لەوە دەکاتەوە بە دیارییەك دەمی « زولەیخا » چەور بکات تا داوای حەبی منداڵ نەبوونی لێنەکات چونکە حەزی لە منداڵە ، یان وەرگرتنی پێنج دینارەکە لە « کنێر » بەوەی خۆی بکات بە مێردیو وا لە « کنێر » بکات بە هۆی گۆڕینی ناوی خۆیەوە ئەو تەڵاقنامە لە مێردەکەی خۆی لە قازی وەربگرێت .. ! ئەگەر چیش نازانین قازی چۆن بە بێ داوای شناسنامە بەو سەر وسەکوتەی « پیرۆت »ێکی لادێیی قایلبوو کە مێردی « کنێر »ێکی سفوورو شارییەو تەڵاقنامەکەی وا بە ئاسانیو یەکسەرو زوو بەزوو داپێیان !؟! جگە لەوەی نازانین مێردەکەی «کنێر» چییەو ؟ لە کوێیە ؟ و ... هتد . یان ئەو دوو ئافرەتەی بەر دەرگای دادگاکە چۆن زانییان « پیرۆت » مێردی « کنێر »ە مێردیشی نییە ؟ ئایا هاوبەش لە فێڵەکەدا ؟ یان چیو ؟ چۆن ؟...

ئەم پرسیارانەو دەیانی تریش کە لە نیوەی چیرۆکەکە بە دواوە قوتدەبنەوە بە پێی هیچ قەرینەو دەلالەتێك وەڵامیان نییەو هیچ حیسابێکی مەنتەقی ناوەوەو دەرەوەی چیرۆکەکەیان بۆ نەکراوەو چیرۆکنووس ئەگەر بشیەوێ ناتوانێت وەڵامیان بداتەوە ، جا چ جای خوێنەر . ئەمە ئەگەر چاو لەو « غەفلەت » انە بپۆشین ـ وەکو کاك حسین عارف ناوی لێناوە ـ کە چیرۆکنووس تێی‌کەوتووە کە ئەوانیش زۆرن ، بۆ نموونە : لە کاتێکدا « ئۆرۆزدی » هەبووبێت کەی نرخی بزنێك بە دینارێك بووە ؟!

ئەوەی راستی بێت ـ من بەش بە حاڵی خۆم ـ چیرۆکی کەم چیرۆکنووسم لەبیرە زمانەکەی ئەوەندەی ئەم چیرۆکنووسە لەگەڵ زمانی کەسانو ناوەڕۆکەکەدا گونجاو بووبێت ، کە ئەمەیش زیاتر بۆ ئەو کەسە نموونەییانە دەگەڕێتەوە کە چیرۆکنووس هەڵیان دەبژێرێتو تەواو شارەزایانە ..

★ ★ ★

حەزم دەکرد زیاتر لەسەر لایەنە جۆر بە جۆرەکانی ئەم چیرۆکە رابوەستایەم ، بەڵام لەبەر ئەوەی مەبەستی سەرەکی لەم نووسینە تەنها بەکارهێنانی « سیناریۆ »یە ، ئەوەندەیش زیادبوو و بە زۆر خۆی هاویشتە ناوەوە . بۆیە دیسانەوە دێمەوە سەر ناوەندی باسەکەو دەڵێم :

**(( سیناریۆ )) قۆناغێکە لەو قوناغانەی فلیمی سینەمایی ، یان تەلەفیزیۆنیی پێ دروست دەکرێتو بریتییە لە دابەشکردنی بابەتی فلیمەکە ـ ئەگەر دەقێکی ئەدەبی بێت یان حیکایەتێك بێت یان رووداوێك .. یان هتد ـ بەسەر ئەو لەقتانەدا کە فلیمەکە پێکدەهێنێت ، لەگەڵ ماوەی هەر لەقتەیەکداو ، دەستنیشانکردنی مەودای کادرەکانی لەقتەکەو جووڵانی کامێرەکە . واتە (( سیناریۆ )) بۆ ئەوەیە پاشان بخرێتە سەر فلیم ، نەك بۆ خوێندنەوە وەك کاك (( محمد فریق )) بۆی چووە ، ئەگینا ئەو کاتە نابێت بە (( سیناریۆ ))و بەکارهێنانی شتێکی زیادە .**

راستە زۆر لە رۆماننووسەکانی دنیا بە تایبەتیش فەرەنساییەکان رۆمانی خۆیانیان بە « سیناریۆ » نووسیوەتەوە ، چونکە سەریان لە کاری فلیم دروستکردن دەرچووەو وایشیان بە باش زانیوە خۆیان ئەو کارە بکەن لە جیاتی « سیناریست » ـەکان تا وەکو دەیانەوێت بەو جۆرە کاکڵەی رۆمانەکە بکرێت بە فلیم ، لەمانەیش «ئالآن رۆب ـ گرێ » و « میشیل بۆتۆر » و .. تا « فرانسوا ساگان »یش ، بەڵام هیچیان ئەم کارەیان بۆ ئەوە نەکردووە

تا بخوێندرێتەوە ئەگەرچی هەندێکیان هەر یەکسەریش « سیناریۆ » یان بۆ فلیمێك نووسیوە ، بەڵکو بۆ ئەوەیان بووە بکرێت بە فلیم کە کراویشە ، تەنها « گێژەنگ »ی « سارتەر » نەبێت کە ئەویش کەس لەو رووەوە بە کارێکی داهێنەرانەو سەرکەوتووی لە قەڵەم نەداوە ، ئەگەرچیش دڵنیانیم لەوەی ئەویش لە «سیناریۆ» بۆ خوێندنەوەی نووسی بێت ، چونکە « دەستە چەپەڵەکان »یش کە بە شانۆگەری نووسیویەتی هەمان ناوەڕۆکی هەیە .

لە لای خۆیشمان چیرۆکنووس « حسین عارف »دا لە ساڵانی ١٩٧٠ ـ ١٩٧٢ دا چەند چیرۆکێکی لە شێوەی « سیناریۆ » دا نووسیوە ، بەڵام بەبێ ئەوەی بە زۆرە ملێ کامیرەیەك بخاتە ناو ئەو چیرۆکانەیەوەو بەبێ ئەوەی ناوی « سیناریۆ »ی لێ بنێت ، بەڵکو ئەو بە سەرزارەکی ناوی « چاوی کامیرا »ی لێدەنا . ئەمەیش ئەگەرچی چیرۆکەکانی لە چیرۆکی ناخست ، بەڵام زۆر لایەنی تری تەواو کزو لاواز دەکرد ، بۆیە پاش ئەوەی تاقیکردنەوەکانی تێکەڵ بە تاقیکردنەوەکانی تێکڕای چیرۆکنووسان بوو وازی لەم کارە هێناو دەستی کرد بە پەرەدان بە هونەرە بنەرەتەکانی کورتە چیرۆك بە شێوەیەك تایبەتێتی خۆی پێوە دیاربێتو مەرجە سەرەکییەکانی چیرۆکیش تێکوپێك نەشکێنێت بە تایبەتیش بە شتێك کە لە سەرەتاوە بزانیت سەرناگرێت وەکو بەکارهێنانی کامیرە سینەماییەکە لە لای کاك « محمد فریق حسن » . ئەمە ئەگەر هیچ حیسابێك بۆ ئەو کاتە نەکەین کە کاك «حسین عارف» ئەو چیرۆکانەی تیا دەنووسی ..

* * *

**« بیکاسۆ » چەند ساڵێك بەر لە مردنی وتی « پێویستیم بە (٧٠) ساڵ تاقیکردنەوەبوو تاوەکو فێربم وەکو منداڵێکی (٧) ساڵان نیگار بکێشم » . بەڵام بێگومانیشە هیچ منداڵێك « بیکاسۆ » نییەو ، « بیکاسۆ » خۆیشی ئەگەر لە حەوت ساڵیدا ئەو نیگارانەی بکێشایە ئەو نرخەی نەدەبوو ، چونکە ئەوسا ئەو تاقیکردنەوەی ( ٧٠ ) ساڵەکەی نەبوو .**

مەبەست لەمەیش ئەوەیە ئەگەر هەر کەسێك لە خۆیەوە بێتو شتێکی جیاواز لە گشتییەکە بکات بڕوا ناکەم وەکو ئەو کەسە وابێت کە تاقیکردنەوەو شارەزایی لەو شتەدا هەیەو ئینجا دەیکات ، تەنها بلیمەتەکان نەبن . چونکە مەرج ئەوەیە داهێنەر پێشان بتوانێت کەرەستە ئاساییەکانی ئەوانی پێش خۆی بەکاربهێنێتو بۆ خەڵکی بسەلمێنێت کە هەر هیچ نەبێت توانای ئەوانی پێش خۆی هەیە ئینجا بێتە سەر هەنگاوی زیاترو خستنە سەر .. خۆ ئەگەر وا نەبێت دەبێت نەزان لە هەر کوڕێکدا لە هەموو شارەزاکان لەپێش‌تر بێت ، چونکە وەکو ئەوانی تر ناکات !؟! ئەمەم بۆ ئەوە وت چونکە دڵنیام کاك « محمد فریق » ئەگەر بە تەواوی ئاگای لە هونەری فلیم دروستکردن بوایە ـ جگە لە هونەری چیرۆکنووسین ـ هەرگیز « سیناریۆ »ی بەمجۆرە بۆ خوێندنەوە نەدەنووسی ، چونکە ئەوساکە دەیزانی بەکارهێنانی « سیناریۆ » لە چیرۆکدا ، یان لە رۆماندا ، چۆن بە شێوەیەکی هونەریانەی تەوزیفکراو بەکاربهێنێتو نرخی چیرۆکەکەی پێ زیاتر بکات نەك کەم .

**« سیناریۆ » ـ بۆ نموونە ـ دەتوانرێت وەکو پێویستییەکی هونەری بەکاربهێنرێت لە کاتێکدا ئەگەر پاڵەوانێك لە پاڵەوانەکانی چیرۆکەکە لە سینەما یان بەرامبەر تەلەفیزیۆن دانیشتووبێتو لەو ساتەدا ئەوەی لەسەر شاشەکە روودەدات بە نووسین بیگێڕێتەوە ، دیارە بێگومان ئەو رووداوانەی سەر شاشەکەیشی پێویستە دەور لە خودی چیرۆکەکەدا بگێڕێت ، ئەگینا لەویشدا هەر دەبێت بە کارێکی بە زۆر ئاخنراوە ناو بەرهەمە ئەدەبییەکەوە .**

ئینجا با بزانین کاك « محمد فریق حسن » لەم چیرۆکەیدا بەم جۆرە هونەرییە «سیناریۆ»ی بەکارهێناوە ، یان هەر « سیناریۆ »ی بۆ « سیناریۆ »و بەس بەکارهێناوە ؟!

یەکەم دێڕ لە چیرۆکەکە بەم رستەیە دەستپێدەکات : « لەقتەیەکی گشتی » دیارە ئەمە بۆ دەرهێنەرو بۆ وێنەگرە نەك بۆ خوێندنەوەی خوێنەرێکی ئاسایی ، بەڵام لە چیرۆکەکەدا نە دەرهێنەرو نە هیچ کارکەرێکی سینەمایی نییە ، تەنها کامیرایەك نەبێت کە خۆی هەر وا بە قودرەتی چیرۆکنووس کەوتۆتە کار وەکو لە « لەقتە »ی سێیەمدا دەڵێت :

**«کامیرا باڵەخانەیەکی قەڵا دێنێتە پێشەوە»**
یان وەکو لە کۆتاییدا دەڵێت :

**« کامیرا بە شوێن پیرۆتەوەیە »**

**« کامیرا دەوەستێ‌و پیرۆتیش بە ناو جەنجاڵیێکەدا تێدەپەڕێ »... هتد .**

خۆ ئەگەر بەکارهێنانی ئەم کامیرەیە دەورێکی گرنگی لە بزووتنەوەو پەرەپێدانی ناوەڕۆکەدا ببینیایەو شتێکی ئەوتۆی بخستایە سەر ، دەکرا چاو لە هەندێك لەو بێسەرەو بەرە هونەرییە بپۆشین ، بە بیانووی زۆر شتەوە کە ئەمڕۆ لە لای ئێمە باوێتی ، بەڵام ئەگەر ئەو حیسابەی یەکێتیی شێوەو ناوەڕۆکی بۆ بکەین مەسەلەکە زۆر خراپتر دەکەوێتەوە ، چونکە ئەگەر لە حیسابە تەکنیکییەکەدا ئەو کامیرەیە تەنها زیادەو هیچ دەورێکی نییە ، لە حیسابی ناوەڕۆکدا بە پێچەوانەوە کامیرەکە هەنگاو بە هەنگاو ناوەڕۆکەکە دەسڕێتەوە !!

**چۆن ؟!**

**ناوەڕۆکی چیرۆکەکە لە رووکەشداو بە یەکەم خوێندنەوە وا لە خوێنەر دەکات بڵێت دژ وەستانە بە منداڵ نەبوونو هاندانی منداڵ بە خێوکردن ، بەڵام لە راستیدا مەسەلەیەکی گرنگتریش پیشان دەدات کە ئەویش پیشاندانی رووە جوانەکەی ژیانی ساکارو سادەی لادێ‌نشینەکانو دڵپاکی‌و جوامێریان - کە « پیرۆت » رەمزە بۆی - بەرامبەر بە لەوتاوی‌و فروفێڵ‌و بێبەزیی شارنشینەکان - کە « کنێر »و دوو ئافرەتەکەی بەر دەرگای دادگاکەو حەبی منداڵ نەبوونو .. هتد رەمزن بۆی - ، ئینجا ئەگەر مەسەلەکە فراوانتر بکەینەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین ناوەڕۆکی راستەقینەی چیرۆکەکە پشتگیری کردنی ژیانی سادەو ساکارانەی ئادەمیزادانەو تاوانبار کردنی ژیانی شارستانی‌و پێشکەوتوو ...**

ئینجا با بزانین چۆن بەکارهێنانی ئەو « کامیرە »یە دژ بەم ناوەڕۆکەیە ؟!

بێگومان هەموو دەزانین « کامیرە » ئامێرێکی شارستانی‌و بەرهەمێکی تەکنولۆژی‌و ژیانی پێشکەوتووی « شار »ەو ، سەر بە لایەنی حەبی منداڵ‌نەبوون - ئەو حەبەی کە « پیرۆت » نەیکڕی - و سەر بەو « ئۆرۆزدی »یەیە کە « پیرۆت » سەری پێدا نەکردو ... هتد ، ناوەڕۆکی چیرۆکەکە کێشەیەکی سەختە لە نێوان دوو بەرەی ژیانی ئادەمیزاددا کە لایەنە چاکەکە « پیرۆت » سەرکردایەتیی دەکاتو لایەنە خراپەکەیش « کنێر » ، بەڵام ئەم ئامێرە تەکنولۆژییە بە دزی چیرۆکنووسەوە چووەتە پاڵ « پیرۆت »ەو تەنانەت پاکترین‌و ساکارترین دیمەنی چیرۆکەکە هەر لە چاوی ئەم کامیرەیەوە دەبینین وەکو لە لەقتەی نۆیەمدا :

**« خانوویەکی قوڕ . لۆدەیەك لە بەردەمیدا »..هتد**

خۆ ئەگەر بڵێین مەبەستی چیرۆکنووس ئەوەیە شارستانێتی تەنانەت ژیانە پاکەکەشی لەوتاندووە ، دەبوو . « پیرۆت » هەر هیچ نەبێت لە شوێنێکی تری چیرۆکەکەدا ئەوەی پێوە دیار بوایەو لە کۆتاییشدا لەگەڵ منداڵەکەدا حەبی منداڵ نەبوونیشی بکڕیایە وەکو هەڵوێستێکی تەوفیقی لە نێوان هەردوو لادا دیارە ئەمەیش پاش کێشەو بەرەنگارییەکی زۆر یان کەم ، بەڵام لە چیرۆکەکەدا بەر لەوەی سەرمان بتەقێت بەم

دیواری شارستانە لەوتاوەدا عەدەسەی کامیرەکە جێگای چاوی «پیرۆت»ی گرتوتەوەو خانووەیەکی کۆنی قەڵامان پیشـــــان دەدات ، واتە ئەندامی سەرەکیی « پیرۆت » بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ دنیای دەرەوەدا کە چاوە ، عەدەسەی ســاردو سڕی کامیرای سەر بـە شارستانییە لەوەتاوەکە جێگای گرتوتەوە !

ئەم نموونانـەو زۆری تریش ئەوەمـــان بۆ روون دەکەنەوە کە کامیرا نەوەکو هەر تەنهـــا تەوزیف نەکراوەو هیچ دەورێکی هونەریی نییە ، بەلکو ناوەڕۆکی چیرۆکەکە ســـــــەرەونگوون دەکاتەوەو ، چیرۆکەکە هەنگاو بـە هەنگاو خۆی بەو کامیرەیە دەسرێتەوە ! دلنیاشم چیرۆکنووس مەبەستی وانەبووەو هەر تەنها ویـــستوویەتی شتێکی « ســـــیناریۆ » ئاسا لە چیرۆکەکەیدا بەکاربهێنێتو ئەوەندە بیری لە سوودو زیانی ئەم کارەی نەکردۆتەوە .. کە ئەمەیش ســووچ لـە قەباحەت خراپترە .

تەنانەت لەو شوێنانەدا کە پێویستە کامیرە دەوری هەبێت ـ ئەگەر چاو لە لایەنە تەکنیکییەکە بپۆشین ! ـ کەچی نە کامیرەو نە لەقتەیش لـــە بیری نووســـــــەر نەماوە ! ئەوەیش لە نیوەی چیرۆکەکە بەدواوەیە تا ئەو شوێنەی کـە گیـانی چاکە لە لای « پیرۆت » رادەپەڕێتەوەو بڕیـاری بردنەوەی منداڵەکە دەدات ..

ئینجا با بزانین ئەم کامیرەیە چۆن هاتۆتـە نـاو چیرۆکەکەوە ، پاش ئـەوەی زانیمان بۆچی هاتۆتە ناوەوە !؟

ئەوەی لە چیرۆکەکەدا دەیبینین هیچ کام لە پاڵەوانەکان شارەزای بەکارهێنـانی کامیرە نینو وەکو بۆیشمان دەرکەوت چیرۆکنووس خویشـــی ئەوەندە سەری لێدەرناچێتو هیچ پێویستییەکی نە تەکنیکیو نە فیکریش نەیهێناوەتە ناوەوە ... تەنها یەك شتێك نەبێت کە ئەویش وشــــەی « لەقتە »یە . بەڵام ئەی وشـەی « لەقتە » چی هێناویەتییە ناوەوە ؟ لە راستیدا ئەمیش هـەر نییە وەکو بۆمان دەرکەوت .

ئەمە ئەو مەترسییەیە کە « یـــسینگ » پەنجەی بۆ درێژکردووە ، چونکە ئـەگـەر ئـەم چیرۆکە لەو شێواندنە خۆڕاییە رزگاربکرێت کـە بە ناوی « سیناریۆ » وە خۆی هاویشـــتووەتە ناویەوەو ئەو دیمەنانەی لە چاوی کامیراو لـــە کادرەکاندا باسکراون لە چاوی پاڵەوانەکانەوە باسبکرێنو بە جۆرێك بن لەگەڵ دەوری هـــەر یەکەیاندا بگونجێن ، چ بە شـێوەیەکی هارمۆنی لەگەڵ دەورەکانیانداو چ بە شێوەی « کۆنتراس » یان دیالەکتیکی ، ئـەو کـاتـە نموونەیەکی چاکی چیرۆکی کوردی دەبێتو کەموکوورییەکانی تـری دەخرێنـــە پاڵ کەموکووڕییەکانی چیرۆکی کوردی بە گشتیو شتێکی ئەوتۆ لە نرخی کەمناکەنەوە .

بەڵام ئەم کارە تازە لە دەســت دەرچووەو ناکرێ بە نووسەرێك بوترێت وەها بنووســـەو وەها مەکە ، بەڵکو هەر ئەوەندە دەکرێت بوترێت ئەمە وەهایەو ئەویتر وەها نییە .. تەنها ئـەوە هـەیـە ئاوات بخوازین ئـەدەبـەکەمان تا بکرێت حیســابی وردی بۆ بکرێت پێش ئەوەی بخرێتە بەر دەستی خوێنەرو ، وا بـە چاوی سووك بـە دەســـتەوە هاتنەوە تێ نەڕوانین وەکو ئەمڕۆ لە گشـــت لقەکانی ئەدەبەکەماندا باوە بۆ ئەوەی ئەدیب لە نا ئەدیبو ئەدەب لـە قســـــەی هەڕەمەکییانە جودا بکرێتەوەو هەر شتەو هـەر لایە حیسابی روونی خۆی هەبێت .

★ ● ★

# لە بۆنکردنی «گوڵە بەدەکان»ی بۆدلێر و مرۆڤی بۆدلێرئاسادا

محمود زامدار

هەندێ ئەڵێن : مەزنترین شاعیری فەرەنسایە ، هەندێ بە گەورەترین شاعیری ئەورووپای ئەزانن ، هەندێ بەیەکێ لە کەڵە شاعیرەکانی سەرانسەری جیهان.. هەندێ بەجۆرە ئەهریمەنێکی تایبەتیو هەندێ بەمرۆڤێکی سەیرو ناوبزەی لەقەڵەم ئەدەنو بەنەفرەتەوە ، نەفرەتی لێ ئەکەن .. هەندێ بەوردیو بەشێنەیی لە هەمو لایەنەکانی فیکریو سێکسیو ڕۆحیەوە، لەپەنای قەسیدەکانیەوە ، سەیری ئەکەن ، هەندێ لێ ئەترسنو هەندێ خۆشیان ئەوێ ..! هەندێ سایکۆلۆژیستو لەبەر ڕۆشنایی سایکۆلۆژیای نوێدا ( گرێی ئۆدیب )ی ئەدەنەپاڵو هەندێکیشیان بە هەردوو گرێی ( سادۆ ماسۆشیزم ) ناوزەدی ئەکەن ، هەندێ ئەڵێن : شیزۆفرینیایەکی کوشندەی هەبوە .. !

خۆیشی ، لەنامەیەکیا بۆ هاوڕێیەکی نزیکی خۆی نووسیوە ، بە خۆی ئەڵێ :

**« من مرۆڤێکی نەخۆشم ، تەبیعەتێکی توندو سفتم هەیە ، گوناهی ئەمەیش لە ئەستۆی دایکو باوکمایە ، لەسوڵافگەی ئەوانەوە ئەم نەخۆشیەم ترنجایە لەشو بێهێزی کردم .. دیارە ئەمەیش حاڵی یەکێك ئەبێ ، کە لە دایکێکی شۆخی تەمەن بیستوهەشت ساڵەو باوکێکی تەمەن شەستودوو ساڵە دورستبووبێت .. براله : باش لەمە ورد بەرەوە .. !! » .**


هەندێ سەربردەی ژیانی بەسەر سێ بەش دابەش ئەکەن :

١ ـ منالێتی وشووکردنی دایکی .

٢ ـ چوونی بۆ قوتابخانەی ناوەخۆییو ملنانی بە خوێندنەوەی شیعرو کتێبی قەدەغەکراوو گەشتی کاریگەرو پڕ سوودی بۆ ئۆقیانووسی هێندیو مانەوەی لە دورگەی مۆریس .

٣ ـ قۆناغی لاوێتیو ژیانی پڕ لە ئاشووبو ئاژاوەو سێکسو بەرەڵڵاییو دەسکردنی بەنووسینی ( گوڵەبەدەکان )و تووشبوونی بە نەخۆشی فەرەنگیو نیورۆسو لەپاشا ژیانی پاكو سۆفیانەو هێمنانەی .

کەچی هەندێکیتر بە یاخی بوویەکی گەورەو هەندێ بە شاعیرێکی ئاڵۆزی ڕەمزیەت ،





هەندێ بەشاعیری رووتی ئافرەت‌و سێکسی ئاشکراو هەندێ بە خاوەن فەلسەفەیەکی تایبەتی، لەژیان ئەیناسن .. ! هەندێ لەو بڕوایەدان کە ئەم مرۆڤە شاعیرە ، مایەی سەرهەڵدانی جۆرە مرۆڤێکی تازەبوەو ناوی بە ( مرۆڤی بۆدلیری ) ناوئەبەن .. !!

بۆ ئەمە ، ژانپۆڵ سارتەری مامۆستا ، مەسەلەی مرۆڤی بۆدلێراسا هەڵئەخات‌و ئەفەرموێ :

**« وا نیە ، مرۆڤی بۆدلێریانە حاڵەتێك بێت‌و بەس ، بەڵكو لەیەك چرژانی دووبزوتنەوەی دوورو دژ بەیەکن .. یەکێکیان بەرەوبەرزی ئەوەی کەیان بەرەو نزمی ئەڕۆن..دووبزوتنەوەی بێ‌داینەمۆن ، دوو سەرهەڵدانن ، دووجۆرن لە جۆرەکانی ئەلهاو تاسەو ئارەزوو .. ! » .**

بەڵام .. ! لەنێوان ئەم هەمو بیروڕاو سەرنجانەدا ، هەمویان لەیەك شتا یەك‌ئەگرنەوە ، کە بۆدلێر ، شاعیرێکی هونەرمەندو بلیمەتەو کەسیش ناتوانێ لەبەردەم گیانی هونەرمەندانەی ئەم شاعیرەدا نەوەستێت ، چونکە رەنگی خودی مرۆڤانەی خۆی ، بەبێ دوڕوویی‌و چەپەندازەیی ئەڕێژێ‌و لەهەمان‌کاتیشا نوێنەرێکی راستەقانی چاخەکەی خۆیەتی ؛ ئەو چاخەیش : بەهەمو گوناهو ئازارو ئاڵۆزی‌و خۆخواردنەوەی خۆیەوە .. !!

ئەی ئەوە نیە ، وەچە دوای وەچە ، شیعرەکانی لەسەرزمان‌و لەنێو دڵان ناکەون‌و هەر زیندوەو تائێستایش سەدان کەس ، لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیانەیان لەمەڕکردوەو هێشتایش هەر نەبڕاوەتەوە .. ! دواشتێکیش کە بۆ ئەم شاعیرە ئەهریمەن‌و رەندومەزن‌و نەفرەتلێکراوە کرابێ ، هەمو قەسیدەکانی لەدووتووێ بەرگێکی گەورەو رازاوەدا کۆکراوەتەوەو لەپاڵیشیا هەمو ئەو نیگارانەی کە ( ڤیلیسیان رۆبس ) کە بە ( هونەرمەندی نەفرەتلێکراو ) ناسرابوو .. بڵاوکراوەتەوەو سەرانسەری میللەتی فەرەنساو میللەتانی تر ، دانیان بەبلیمەتی بۆدلێرا ناوەو لەبەردەم پەیکەری پڕ لە سامیا دۆش دامان ..! قسەو لێدوانیش ، لەسەر کەسایەتی‌و هونەرو سەربەخۆیی‌و رەسەنایەتی ئەم نێرە مرۆڤە ، تا ئەمڕۆ هەر بەردەوامەو وادیارە هەر بەردەوامیش ئەبێت .. !

بۆدلێر ، لـــە فرەنســۆ بۆدلێری باوکی‌و لەکارۆلینی دایکی شــۆخی کەتۆتەوە .. باوکی نیگارکێش بوە ، هەمو کاتو خووی خۆی دابـوە نیگارکێشانی لەشی ئـافرەتی رووت‌وقووت .. ! میزاجی دایکیشی لەگەڵ باوکیا هــەڵی نەکردوە ، بۆیەکەو هەردوای مەرگی مێردەکەی بەساڵێك ، شووی بە ( ئۆپیك )ی قوماندان کردوەو بۆدلێری خســتۆتە نێو ئاتونی کسپەو دڵەراوکەیەکی تاسەبڕەوە .. لەم بارەیەوە بۆدلێر وتویەتی :

**من دایکت ئەهێنمە بەرچاوی خەیاڵم**
**ئەی وەچەی ئەم چەرخە بەدفەڕو ناهەموارە..**
**ئەیهێنمە بەرچاوم ،**
**کە چۆن لەژێرباری گرانی ساڵانا**
**لەبەردەم ئاوێنە دائەنیشێ**
**سووراوسپیاو ، لەو سینە تەبەش‌و بەللورینە ئەدات**

**کە لە دوو مەمکەکانیەوە**
**شیرم مژی‌و فرچك‌درام .. !**

هەر بۆیەشە ، بە ئیقاعێکی یەجگار شیرین‌و تاسەیەکی کەیل‌و دڵێکی پڕ لەداخ‌و مێشکێکی پڕ لەگومانەوە ، روبەڕوی ژیان ئەبێت‌و بۆ ( رۆژی لەدایك بوونی خۆی ) شیوەنێکی گەرم ئەسازێنێ‌و ئــەڵێ :

**کە کارخانەی فەلەك**
**سەری گەرم داهات‌و کەوتە گەڕ ،**
**ئەوەی کەکەس ناتوانێ بەرەنگاری بێت ،**
**بێ‌هیچ خواستێکی خۆی ،**
**ئەم شاعیرە هاتە نێو ئەم دنیا کلۆڵ‌و پڕ لەژانە،**
**جڵەوی خواستی ، لەدەس بەرەڵڵا بوو**
**بەناچاری هەر دەپەنجەی بۆ ئاســــــمان بەرزکردەوە**

**ئاسمانیش شیوەنێکی گەرمی**
**بۆ کارەساتی ئەم دایکە سازدا**

هەر دوای ئەم قۆناغە تەنگەبەرو پڕ لــە مەترسیەش‌دا ، ئەلهای سۆزێکی سفت‌و ئازارێکی بکوژو دایك‌و خاڵ‌و گوڕو گوناەو مەمك کردوە ..! رووی لە هەمو شتێکی سەیروسۆبەت ناوە .. سێکس لەلایا بوە بە پەشــــیمانی‌و هەڵچوون‌و لەززەت‌و سزا..! کاتێ کە تووشی کچەجوولەکەی چاوخێل ( ژان دیڤاڵ ) بوە ، بۆیەکەمجار دەرکی بەو رازی سێکس‌و پەشیمانیە کردوە :

**دۆستی من بچکۆلانەیەو**
**تەمەنی لە بیستایە**
**لەتەك ئەمەشا**
**مەمکەکانی وەکو : دۆدانە**
**لەسەرسینەی شۆڕبوونەتەوە .. !**

لە ( گوڵاڵەبەدەکان )و لــە قەســیدەی – شاژنی عیشقی رەش – و هەر بۆ ئەو ژان‌دیڤاڵە چاوخێل‌و قیچ‌و نازدارە ، وتویەتی :

**تۆ ئەی ئەوەی وەك کێردێك**
**چەقیتە نێو دڵە پڕ لەژانەکەم**
**بەهێز پەلامارت دام**
**وەك کەڵە ئەهریمەن ..**
**ئەی ژنە شێت‌و رووتەکە**
**ئەی ئەوەی کە تەختوتاراجی**
**خستە سەر گیانە ، خاکی‌یەکەم**
**ئەی ئەو موفتەلایەی ،**
**وەك پێکوڵی شەرابنۆشێك**
**بۆ پیاڵەو کرمەبۆگەنەکان ، منی عەودال‌کردوە**
**تۆ .. تۆ ئەی نەفرین لێ‌کراو .. !!**

ماوەیەك لە نێو ئاتونی ئەو هەمێزە رەشەدا تواوەتەوە ، تینویەتی لەگوناە شــکاوە ، گڕی تینویەتی میهرو سادەیی‌و پاکی دایگرتوەو خۆی کوتاوەتــە نێو باوەشی کچــە داوێن پاکێکی وەك ( مەدام ســەباتێ )و هەروەك چۆن قەسیدەیەکی رەشی بۆ کچــە چاوخێلەکــە داناوە ، ئەئاوایش قەسیدەی ( شاژنی عیشــــقی سپی ) بۆ ئــەم نووسیوەتەوە :

**ئەی فریشتە بێ‌باکەکە**
**ئایا تامی ئازارو گاڵتەپێکردن**
**جاڕس‌بوون‌و پەشیمانیت ، چەشتوە ؟**
**دڵەپڕتێ‌و نیگەرانی شەوە زەنگەکان ..**
**ئەی فریشتە بێ‌باکەکە**
**ئایا هیچ ئازارت لە ژیانتا دیوە .. ؟**
**ئەی پەریزادە ساویلکەکە**
**ئایا مانای رق‌وکینەت زانیوە**
**ئەشکی دەسگەمەی تاڵ‌و تفت**
**مەلاسدانی تۆڵەی شاراوە**

خەراپیو بەدکاری
بوو بە سەروێردی ( بکەومەکە )
ئەی فریشتە ساویلکەکە
ئایا هیچ مانای رقوکینەت زانیوە .. ؟

بەلام چونکە بۆدلێر ئەلهای ئازارو دارمانو ژیانی کردوە ، رارابووەو کەوتۆتە نێو دوو بەرداشی خێروشەرەوە ، بۆیەکە هەمدیس گەراوەتەوە لای ژان دیڤال ، رووی کردۆتەوە ئازارو زامو پەشیمانی .. لەم بارەیەوە بە خۆی وتوە :


**منم زامو چەقۆ**
**منم خۆکوژی کوژراو .. !**

هەر لەم سوچەوە ، فەیلەسووفی مەزن ( ژان پۆل سارتەر ) وتویەتی :

**(( خۆ ئازاردان ، واتە : خۆمولکایەتیو داهێنانو لە هەمان کاتا دارمانە..! هەربۆیە شەو چونکە ئازارکێشان ئەبێتە مایەی لەیەك ئاوێزانی توندوبەتینی دووکەسو بکوژ لە نێو کوژراودا دەرك پێئەکرێ ، بۆیەکەو چونکە بۆدلێریش خۆی ئەو ساتانەی بەباشی بۆ روون نەبووەوە ، بۆیە - بەلایەنیکەمەوە - وردە وردە شۆرئەبوە نێو خودی خۆی ، وەك چۆن چەقۆ ئەچەقێتە نێو زامەوە .. ئەئاوا .. ! تا بۆی بلوێ بگاتە ئەو ( لاتەرازیەبە قوولەی ) کە سروشتی راستی بۆدلێر بوە ... لەم ساتانەشدا بکوژو کوژراو ئەبن بەیەك شتو لەیەك دابرنابن ... ! )) .**

ئا .. ! ژیانی ئەم شاعیرە سەمەندەرە ، بەجۆرێکی زۆر سەیر ئاوێتەی شیعرەکانی بوەو هیچ کەسێ بۆی نیە لە شیعرەکانی بگات گەر بەوردی لەخودو ژانو گرێکوێرەکانی نەگاتو ژیاننامەی ناوەوەو دەرەوەی نەزانێ ..!! شیعرەکانی بۆدلێر ، بێ خۆشاردنەوەو چنەچن ، لەقولایی سۆزی جۆشدراوی خۆیەوە هەلئەقولێ .. ئەم شاعیرە بروایەکی بتەوی بەتیوری پێوەندیەکانی نێو سروشتو ژیانو گەردون هەیە ، بۆیە هاوکاریەکی بەتینی لەگەل دەنگو رووناکیو رەنگو بۆنا کردوە :

**بەم نزیکانە**
**تاریكو نوتەکیەکی سارد دامانئەگرێ**
**تۆش خوات لەگەل ،**
**ئەی رووناکیە ، پڕ لە زیندەگیەکە ...**



**ئەوەی کە کورتە رۆژگارەکانی هاوینی داگرتم.!**
**گوێم لەدەنگی گەلای دارەکانە**
**کە بەسەر مەرمەری گۆرەپانەکەو**
**بە تیك قژقژاویەکی خەمناکەوە ،**
**دائەرژێو ئەنرکێنێ ..**
**زستان ، وەك خۆرێك لە فرگە دۆزەخیەکەیدا**
**شپرزەییو رقولەرزو سامناکیو دژواری**
**ئەبەخشێتە دەرونم ،**
**دلی منیش ، بە تەنیایی**
**بارستاییەکی سووری ساردو بەنیگەرانیو کوتەکوتەوە**
**ئەگورێ ..**
**گوێم لە پەرینی هەر پارچە درەختێکە ،**
**ئا ئەو سێدارەیەی کە دایئەنێن**
**چ دەردەنگێکی ئەوتۆی نیە**
**وەك ئەم ، گوێچکە کاس بکات ..**
**ئەم هەلچوونو داچوونە گونجاوانە ، ئەمشلەژێنێ ،**

**وا زەن ئەکەم ، دارەمەیتێك**
**ئەلکێننە پێچکەیەکی زلەوە**
**بۆکێ ؟**
**دوێنێ هاوین بوو**
**ئەمرۆش پایزە !!؟**
**ئەم هەمو قاووقیژە نەبینراوانە ،**
**وەك کۆچکردن ، تیكئەچرژێن ..**
**دووچاوە قوولەکەت ، رۆشناییەکانی**
**کەمەرگیرم ئەکەن ..**
**ئەی هەراو جوانی !!**
**بەلام ئەمرۆ ، هەمو شتێ بۆ من تالە**

**چی وانیەو نەماوە ،**
**چ دڵداریت ، چ پێخەفو ئاگردان .. !**

هەر ئەم ژانوژوورو کودەتایەش بوە ، وا لە بەکێکی وەك ( رامبۆ )ی شاعیر بکاتو بڵێ :

**(( بێگومان ڤێرلین شاعیرێکی گەورەیە ، بەڵام هیچ دوودڵییەك لەوەدا نەماوە ، کە بۆدلێر مەزنترین شاعیرە .. ! )) .**

یا ڤیکتۆر هۆگۆی رۆماننووسو شاعیر بێو بڵێ :

**(( بۆدلێر ئەو شاعیرە بوو ، کە راچەنینێکی نوێی خستە نێو هەوێنی ئەدەبیاتەوە .. ! )) .**

لەلای بۆدلێرا ، هەروەکو چۆن شیعر ، نوێژو لالانەوەو سۆزێکی بێبنو پچراندنی پێوەندیە روکەشەکان بوە بە جەوهەری گەردوونو دوبارە خولقاندنو داهێنان بوە ، ئەئاوایش خۆتواندنەوەو سوتانی بەردەوام لە نێو ئاتونی مەیو سێکسو زەرەندو تلیاکا ، پێویستیەکی گەورەی شیعرو خولقاندنەکە بوە :

**بادەی شەراب ،**
**لەباریدا هەیە**
**باڵاترین شت ببەخشێتە پیسترین خانوچکە**
**پتر لە دالانێکی ئەفسوناوی**
**لە ژێر تەمومژی سووریا ، دەربخات .. !**

تا ئەڵێ :

**کەچی سەرجەمیان ناگەنە**
**ئەو ژەهرو مەرگەمووشەی**
**کە دیدەکانی تۆ ، ئەیپژێنن .. !**
**ئەو دوودیدە سەوزانەت**
**ئەو دوو دورگەیە**
**کە روحی منی ، تێدا کەوتوتە پێمەلەو**
**ئاوەژووی رازەکانی ئەبێتەوە**
**ئاواتو نیونازەکانم ،**
**بە پەنگاوی دێنو دەچن**
**بۆ دامرکاندنی تینویەتیان**
**لەم چاڵو شیوو قووڵاییە ، تالانە**
**سەرجەمیان ناگەنە**
**ئەو نوقلانە دڵرفێنەی لیکاوت**
**کە چزۆکەی ، ئەچزێتە بیخمەوە ،**
**بە فەرامۆشکردنێکی بێ پەژموردەیی**
**گەماڕۆی ئەدات**
**ئینجا خولخولەی ئەم گیانە شەکەتەم**
**هەنگاو بەرەو کەنارەکانی مەرگەوە ئەنێت .. !**

تا دوای ژیانیشی هەر لەسەر ئەو رێچکەو رێبازە بەردەوام بوە ، تا رشانەوەو ژانەسەرو تەنگەنەفەسی تەنگیپێهەڵچنیوە ، سەرباری کۆنەدەردە کوشندەکەی ( فەرەنگی )یش ، تووشی نەخۆشی شەپلە بوەو زمانی لە گۆ کەوتوە .. تا بەیەکجاریو لەدوارۆژانی مانگی ئابی سالی ١٨٦٧و لە تەمەنی چلوشەش خەزانیا ، بارگەوبنەی ژانەکانی تێكناوەوەو بەرەو جیهانی تەلیسمو ئەفسوون شۆربوە .. بۆ ئەم بۆنە ترسناکەیش ئەڵێ :

**ئەی مەرگ**
**ئەی کەشتیەوانو رابەری جاویدانەکان**
**کات تەواو ..**
**پەردەی پاپۆرت هەڵکەو ئامادەی ئەم گەشتەم !**
**ئای چەند لەم ژیانە بێزارم**
**ئەی مەرگ .. !**
**بەخێرایی ، ئامادەبە**
**هەرچەندەیش زەریاو ئاسمان**
**لەبەردەمتا ، تاریكونوتەك بێنێ**
**بەڵام ئەو گیانودڵەی کە تۆ**
**ئاوێتەی بوویت**
**ئامادەیەو چریسکەی رۆشنایی**
**لێ ئەتەقێت .. !**

## نویشکێ

ئەم کەڵەشاعیرە لەیەکێ لە رۆژەکانی سالی ١٨٢٩ دا ، چاوی بۆ دنیای شیعرو ژان هەڵێناوە .. هەر لەمنالیەوە لێهاتوویی‌و سەوداسەری لێدیار داوە .. لەتەمەنی (١٥) سالیا ، خەڵاتێکی قوتابخانەییو لە ئەنجامی سەرکەوتنی لە لەبەرکردنو سەرکەوتنی لەشیعری لاتینیا ، وەرگرتوە .. لەبیستەمی تەمەنیا گیانی شاعیرانەی چاکتر چەقی بەستوە .. لەسەرەتاوە بەناوی هاورێکانی خۆی شیعرەکانی خۆی بلاوکردۆتەوە .. هەر لەو ماوەیەدا هەوڵی نووسینی شانۆگەریەکی شیعریانەی داوە

ـ بەشێکی ئەم شـانۆگەری یە لەساڵی ۱۹۲۷دا دۆزرایەوە ـ هەر لەم ماوەیەدا ، گەشـتێکی فراوانی بۆ نێو ئۆقیانووسی هیندستان کردو ماوەیێ لـە دەریـاچەو دورگـەکانی مۆریس‌و بۆربۆن‌و مەدغەشقەرو سـیلان مایەوە .. ئەم گەڕان‌و سوڕانەی بوو بە مایەی بلێسـەیەکی گڕگرتووی بەردەوام بۆ ژانەدڵ‌و ژانە شیعرەکانی ...

بۆ یەکەمجارو لە سـاڵی ۱۸٥٥دا ، لـە گۆڤاری ( هەردوجیهان ) (۱۸) قەسیدەی بەناوی ( گوڵەبەدەکان )ی بڵاوکرایەوە .. بوو بەهەرا .. رۆژنامەکان‌و روژان.. چێژەمتبوەکان‌و رۆژان.. لەشەقام‌و کلێسەدا بوو بە قاوەقاوو هەڕەشـەو گوڕەشە ... !

دوای دووساڵ‌و شـتێ ، کاتێ کە دیوانە شیعری ( گوڵاڵە بەدەکان ) لە (۲٥)ی حوزەیرانی سـاڵی ۱۸٥۷دا بڵاوکرایەوە .. سـەرلەنوێ دلەڕژدەکـان و روژانەوە ، پیسـەبرینەکـان هەویان کردەوەو هـەردوو رۆژنامەی ( فیگارۆ )و ( کۆنس تیتوسـیـتونیل ) هێرشێکی ئاگرینیـان بردەسەر .. ( گۆسـتاف بۆردین )ی رۆژنامـە نووس لە هێرشێکیا ئەڵێ :

**(( ئەم کتێبە برێتی‌یە لەنەخۆشخانەیەکی ، دەروازەواڵای گشـتـت جۆرە ئـاژاوەیـەکی فیکری .. !! )) .**

بۆدلێریش لەنامەیەکیا کە بۆ دایکی نووسیوە ئەڵێ :

**(( ئەو هێرش‌وشاڵاوەی کە کردویانەتە سەر دیوانە شـیعرەکەم ، باشترین بەڵگەیەکـە بۆ سەرکەوتن‌و نرخە راستەقینەکەی .. !! )) .**

**کاتێکیش کـەدوو ئـەدیبی گـەورەی وەکو ( باربی‌و دۆرفیلی ) ویسـتیان بەرپەرچی ئـەو رۆژنامانە بدەنەوەو بەرگری لە بۆدلێرو گوڵەکانی بکەن ، هیچ رۆژنامەیەك رێگەی بۆخۆش نەکردن‌و دەرگایان لەروو داخستن .. ئـەوەبو لە (۲۰)ی ئابی ئەوساڵەدا ، بۆدلێری شـاعیر ، هێنرایە بەردەم دادگاو ( شی ویسـتینگ )ی پارێزەر ، بەرگری لێ‌ئەکرد .. لەو دانیشـتنە فراوانەی دادگادا ، داواکەری گشتی لەهێرشەکەیا ووتی :**

**(( ئەدیبە کۆنەکـان زۆر رێزیان لەژیـانی کۆمەڵایەتیمان ئەگرت ، کەواتە : با ئەو رێزگرتنە ـ بەلایەنی‌کەمەوە ـ لەکۆمەڵگەی مەسـیحیمانا بەردەوام بێت .. ! )) .**

ئینجا بۆدلێری شاعیر ، بە ( ۳۰۰ ) فرەنك‌و هەردوو بڵاوکەرەوەی کتێبەکەش ( پۆلی‌مالاسیس‌و دەپیرواز ) بە (۱۰۰) فرەنك سزادران‌و هەندێ ژمارەی قەسیدەکانی نێو دیوانە شـیعرەکەیش ( ۳۰ ـ ۳۹ ـ ۸۰ ـ ۸۱ ـ ۸۷ ) قەدەغـەکرا .. هەندێ لە دانیشتوانی دادگایش‌و دوای بڕیاردانی حوکم ، بەیەك دەنگ‌و بە ( هەربژی بۆدلێر )ەوە ، کۆتاییان بـەم دیمەنـە نـاهـەموارو خەمگینـە هێنـا .. !!

لەپاڵ ئەوەیش ، کـە گەلێ ئەدیبی ناسراوو سەرفرازی ئەوزەمانە ، بەرگریەکی باشیان لـە بۆدلێرو مەسـەلەکەی کرد ، کەچی ئەمجارەیان بۆدلێر زۆر نیگەران ببوو .. پتر خۆی خزانـدە نێو کونجی لاتـەرازی‌و نائومێدی‌یەوە .. لـەو رۆژانەدا (ڤیکتۆر هۆگۆ)ی رۆمانووس‌و شاعیر ، نامەیەکی بۆناردوەو تێیدا ئەڵێ :

**(( رژێمی ئەم سـەردەمە ، گەورەترین‌و دەگمەنترین خەڵاتی پێ بەخشیوی ، ئەوەی کـە ئەم رژێمە ناوی لێناوە دادو ، حوکمی تۆی‌پێداوە، جوانترین چەپکەگوڵێکە بۆتۆ .. پربەدڵ دەستت ئەگوشم ئەی شاعیرە سەوداسەرەکە .. ! )) .**

ئەمەو کاتێکیش کـە لەسـاڵی ۱۸٦٦و پۆلی مالاسیس دەستە شیعرێکی تازەو کۆنە قەدەغـە **کراوەکانی بۆدلێـری لەژێـر نـاوی ( چـامـە** بڵاونەکراوەکـان )ی بڵاوکردەوە .. هەمدیس شـەقام‌و کۆنەپەرسـتی‌و روژا دێوەزمەکانی فیکرو ئـەدەب تۆقینـەوە .. دوبـارە دادگـای بۆدانرایەوە .. حوکمی بەندکردنی سـاڵێك‌و سـزای کاشی ( ٥۰۰ ) فرەنك بۆ بڵاوکەرەوەو سوتاندنی هەمو دیوانەکەیش جاڕدرا .. خۆگـەر بۆدلێر بمایە ، ئەوا بێگومان ئەویش سـەرلەتازە تووشی سزایەکی قورستر ئەبوو ، بەڵام تازە ئەو مرد بوو .. !!

سەیر لەوەدایە . دوای (٥۸) سـاڵی‌تر ، واتە : لە ساڵی ۱۹۲٤ دا ، دادگا ، سـەرلەتازە کۆنـەچاپی ( گوڵەبەدەکان )ی قەدەغەکردەوە ، کاتێ کە لەمەزاتی عەلەنیا ئەفرۆشرا .. لەمەیش سـەیرترو لەبارەی سـەربردەی بۆدلێرو ( گوڵە بەدەکان )دا ، هەربەماوەیێ دوای مەرگی بۆدلێر ، دەسنووسی ئەو دیوانە بە (۲۳۷) فرەنك‌ـ فرۆشرا .. کەچی نرخی هەر ئەو دەسنووسە ، لە ساڵی ۱۹۲۱ دا ، بـە (٤۰) هـەزار فرەنك فرۆشرایەوە .. !!

بەڵێ : ( گوڵاڵە بەدەکان ) بەتەواوی بڵاوکردنەوەی بەدکاریو شێوەشێواندنی فیکرو بیروڕای لاوانو تێکشکاندنی بەهاکانی جوانیو ئافرەت قەدەغەکرا ، کە لەپاشدا بە ( چامەی نەفرین لێکراو ) ناوی دەرکرد .. بەڵام گەلێ پەردەی لەسەر ڕووی دەرونی ئادەمزاد سەرەندازکردەوەو جیهانێکی نوێی ئەدەبیاتی پڕ لە ڕاستگۆییو ژانی هێنایەکایەوە .. یا وەك ڕەخنەگری گەورەی فەرەنسایی ( بۆر ) ئەڵێ :

« بەر لەپەیدابوونی بۆدلێر جۆرە چێژو هەستێك هەبوو ، دوای پەیدابوونی جۆرە چێژو هەستێکیتر ، سەری هەڵدا .. !! » .

* * *

## بۆ شۆخێك لە مالاپار

پێیەکانت ، وەکو دەستەکانت جوانن
نەرمەی ناسکە ڕانەکانت ، ئەبێتە مایەی جاڕکیشانی
هەمو شۆخێکی سپی ..
لەشی تۆ ، لە دوو چاوی هونەرمەندێکی ژانگرتووا
نەرمو نیان ئەنوێنن ،
چاوەکانت لە ڕەنگی وەنەوشەیی ، دورست کراون
ڕەشی چاوت لەڕەنگی خۆت ، قووڵترن
ئیشی تۆ ، لە وڵاتە گەرمو سەوزەکەتا
داگیرساندنی غەلیوون بوو ، بۆ گەورەکەت
پڕ کردنی گۆزەکان بوو ، بە بۆنو ئاو
مێشوولەت لە پێخەفەکان دەر ئەکرد
کە خۆریش گزنگی ئەدا درەختەکان گۆرانیان ئەچڕی
ئەچویتە بازاڕو مۆزو ئەنەناست ئەکڕی
ئینجا بەپای پەتی ، لێرەو لەوێ ئەسوڕایتەوەو
چەندین کۆنە گۆرانیی فەرامۆش کراوت ئەووت..
ئێوارانیش کە خۆی لە باڵاپۆشەکەی ئەپێچیەوە
لە سەر شرەحەسیرێك پاڵت ئەدایەوەو
ئەکەوتیتە نێو خەونێکی پڕ لە باڵندەو فڕکەی پاساری
ئەو خەونە ناسکو گوڵینانەی کە لە خۆتی ئەکرد
ئەی کچۆڵە بەختەوەرەکە ،
بۆ ئەتەوێ فەرەنسا ، ئەم وڵاتە
فەڵەبالغەی ، کە لە ژێر باری ئازارا چۆکی داداوە ، ببینی .. ؟
بۆ ئەتەوێ لە هەمبێزی زەریاوانەکانا بکەویتو
ماڵاوایی لە تەمری هیندی بکەیت .. ؟
لێرەدا ، بەنیمچە رووتی ئەژیت
لە ژێر تۆف و بارانا ، دانە چۆقە ئەتگرێت
هەناسە بۆ سەربەستییە ، لەدەسچوەکەت ئەکێشی
کاتێ کەلەشی خۆت بەند ئەکەیت .. ئەگریت
پارووە نانی شێوانت،لە چنگرۆکی ئێمە ئەرفێنی
بۆنو بەرامەی لەشت ، بە ئێمە ئەفرۆشی
ئەوساتە ، بەنیگای هەتەربووی نێو پەڵە هەورێکی چڵکن
ئەکەویتە شوێن پێی، تارمایی درەختە دوورەکانی کاکاو ...

* * *

## سرودێکی خەمگین

من لەبەر چاکیەکانت ڕێزت لێ ناگرم
بەڵام ئەمەوێ هەمیشە هەر جوانو خەمناك بیت
چونکە فرمێسك ، وەکو جۆگەیەکی نێو بەهەشتو
وەکو گەرداوێ ، کە هەڕەتی گوڵ ئەگەشێنێ ..
جوانترت ئەکات
کاتێ کە ترسو بیم دڵو گیانت ئەخنکێنێ
کاتێ تارمایی « ڕابردو »یەکی ترسناك
وەکو : پەڵە هەورێکی ڕەش
« ئێستا »ت دا ئەگرێ
کاتێ کە ئەو دەستانەم ئەسوتێن
وەکو ئاوزینگی ئازارکێشێکی سەرە مەرگ
کە ئازارە سەختەکانت ئەلاوێنێتەوە
ئەی دواساتی ژیانم ، ئەی کامەرانیە خواوەندیەکەم
ئەی ئەو گۆرانیەی گوێچکەم ئەخەیتە ، لەرە
هەمو خەمەکانم ، سامانی تۆن
ناخی دڵی تۆ ، پڕە لە ڕۆشنایی
ڕۆشنایی ئەو گەنجینانەی کە دانە مرواریەکانی فرمێسکن

ئەو دڵەی ، کە گوڵیلکەی سـۆزو گودازی تێـدا
گەشایەوەو ژاکا
ئەو دڵەی ، کە حەشارگەی ، ڤیانێکی بێ رەگەو
هێشتا لەبڵێسەدایە ..
لە دوریانی مەمکەکانتا
سەر بڵندی هۆزێك ئەبریسکێتەوە
کە دۆزەخی ئەڤین ئەنگاوتنی
تا ئەو خەونانەت ، رەنگی ترسەکانی من ئەڕێژن
هەمو خەونێکی ئاشوپاشیش ، کە بۆخاکی ترس
تەکانت پێ ئەدەن
کە ژەهرو شمشێرو ئاگرو ئاسنی تێدا ئاوێزانی
یەکتر ئەبن
تا دەستەکانت بە غەیری لقەکانی ترس نەگرێتو
ماسولکەکانت بە دەنگی تەقینەوە گرژ نەبێت
تا هەست بەمە نەکەیت :
زۆر نیگەرانە ، لە رموزنیی ژیان بگەیت
نەك بەرلەمە ، ئەی شاهەکەم
با لەنێو ئەڤینو دڵە راوکێی
کـە شـەوەزەنگ ئەمـان پێچێتەوە ، دەرگی
پێ بکەیت ،
بەر لەمە من ناکەیت بە شاهی خۆتو
پێشم ناڵێی : ئەی جمکانەی گیانەکەم

* * *

## رازێك

ئاسمانێکی گوڵینی خەزانە
کەچی بیرەکانی من ، وەك شەپۆلەکانی ئۆقیانوس
کەوتوتە گێژاوو دا ئەکشێتو لەسـەر لێواری
لێوەکانا
لێوە تێك شکاوەکانا ، یادێکی تاڵ جێ ئەهێڵێ ..
بۆ ختووکەی سینەم ئەدەی ، ئەم کارەت بێهودەیە
تۆ لەشـتێکی لە توپەتکراوی چنگرۆکی ژنێكو
ددانە تورەکانی ،
ئەگەرێیت ،
کەودەنەکان لە من تێر بوون
بۆیە تۆش ، لە دڵی من مەگەڕێ
چونکە دڵی مـن ، تـەلارێکە پای پیـاوکـوژە
بەدمەستەکان

خوێنمژەکان ، داگیری کردوە
ئاخ ! عەتری نێو مەمانت چەند خۆشە
ئەی جوانی .. ! ئەی دروێنەکەری گیانەکان
وەرە بەو دوو بیلبیلە ئاگرینە پڕ لە بڵێسەیەت
جەستەی ئەم بەلاگێڕەی خۆت بسوتێنە

* * *

## روحی مـەی

شەوێکیان گیانی مەی ، لەودیو شووشەکەوە
بانگی کردم : هەی هیوا براوەکە
گەر ئەم شووشەیە ، بەندیخانەی من بێتو
ئەم مۆرەیش بەرگێرەوە ،
ئەوا من ، گۆرانی دۆستایەتیو رۆشنایی ئەپرژێنم
لەوکارە سەختەی بەر خۆرەدا ،
لەوساتە شەکەتانەی ئەو گەرماییەدا
بۆ ئەوەی گیانم ، بۆلاتان بکەوێتە باڵەشنە
ئەوا بەهیواو مەبەستی پاکەوە ، خەڵاتم کردن
ئای ! کە مرۆڤی ماندوو ، چەند چێژو لەززەت
لە کارەکەی خۆی وەرئەگرێ .
کـەچی من بـەرەو هەڵدێرێکی ووشـــك ، لێژ
ئەبمەوە ،
وەك بڵێی : خۆم ئەکوژم
چونکە سینەیەکی پاکو ئازیز ،
گەلێ گەلێ لە گۆڕێکی گەرمی نێو شانەی مەیێك
لەلام بەچێژترە ،
بیر لە رۆژانی حەسانەوەو مقۆمقۆ ئەکەم
ئانیشکم لەسەر خوانەکە دائەنێمو مشتم ئەنوقێنمو
گوێ لە ئاوازی گۆرانیەکانم رائەگرم ..
ئێوە من ئەپەرستن ، چونکە خۆشیتان بۆ ئەهێنم
ژنەکەت فێری خەندەو دڵنەوازی ئەکەم
هەردوو کوڵمی کورەکەت ، بەبۆیەیەکی شەرابی
بۆیە ئەکەم
ئەبمە ئەو رۆنەی کـە ماسولکەکان چەورو بەهێز
ئەکەم ،
ئە ئاوا .. چۆن خوا ئەیەوێ ،
توخمەکە ئەکەوێ ، ئەو توخمەی
کە بۆنی هەڵاڵەی هەڵگرتوەو نزیك گەنارەکانتان
ئەبێتەوە ،

کاتێ کە تێکەڵی یەکتر ئەبن
شاعیرەکە ئەخولقێ‌و لە سەرهەڵدانی بەرەو ئاسمانیا
گیانی ئەکەوێتە سرووشان .

هەواڵنامەی کتێب
http://www.facebook.com/groups/140691186019655/

## گۆڕ

گەر لە ڕۆژێکی قورس‌و مۆنا ،
وارێککەوت گاورێ بەزەیی پێت هات‌و
لای کردە ، کۆنە گۆڕێك ،
تا لەشی شەکەتی خۆی ، لەو ساتانەی
کە ئەستێرە داوێن پاکەکان چاویان ..
چاوی قورسیان ئەنوقێنن ... تیا بنێژێ ،
ئەوا داپیرۆچکەیەك ، تەونەکانی خوی ئەکات‌و
مارەکان ، بێچوە دائەنێن

* * *

## خەمەکانی مانگ

ئەم ئێوارەیە ، مانگ بە تەوەزەلی‌یەکەوە ،
وەکو ژنە سۆزانیەکی تەمەڵی ژێر چەندین سەرین
خەو ئەبینێ ،
کە دەستە نەرمەکانی ، بەدڵنەوازیەکەوە ،
بەر لە خەوتنێ ،
بەسەر سینەی خۆی ئەخشێنێ‌و
لە سەر پشتی بەفرەسپی و نەرم‌و قۆقزەکان
ئەخشێتە ، نێو پەرکەمێکی درێژەوە ،
گلێنەی لە نێو گەلێ خەوبینینی سپیا ، ئەخاتە گەڕ
وەکو گوڵی پشکوتوو ، بۆ لازەوەرد بەرزەبێتەوە ،
هەندێ جاریش لەم خامۆشی‌یە مەزنەدا
مانگ ، مانگ ڕازی دڵۆپە فرمێسکێکی سکالابەری
وەك پارچە ئەڵماسێکی پرشنگدار ، ئەپژێنێ‌و
ئەکەوێتە ، نێو لەپی ئەو شاعیرە دڵپاکەی
کە دژمنی خەوەو دوور لە دیدەکانی ڕۆژ
لە نێو داڵانەی دڵیا ئەیشارێتەوە

* * *

## شێت

خۆر ، دەمامکی خۆی دا
دەتۆش ئەی خۆرەکەی ژیانی من
بەبێدەنگی‌و بەشکۆ ،
خۆت بەتاریکی ، یا بە خەون یا بەدوکەڵ‌و بەهەرچیەك گەرەکتە
دەمامك دە ..
لەنێو هەڵدێری بێزاریا بخنکێ
من وام خۆش ئەوێت .
گەر حەزیشت کرد ، لە شوێنە گشتیە گەلۆرەکاندا
وەکو ئەستێرەیەك ، کە لە خولگەی خۆی دەرچووبێت
رابووریت .. قەیناکا .
بەڵام تۆ ئەی خەنجەرە جەوهەردارەکە
لەناو کێلانەکەی خۆت دەرچۆ
چاوەکانت ، بە ڕووناکی مۆمەکان داگیرسێنە ،
چاوی لێبووکەکان بە مۆزەمۆزو ئارەزو ، داگیرسێنە ،
هەمو شتێکی تۆم خۆشئەوێ :
جا چاکبێت یا بەد ، شێت بێت یادانا ..
چۆنت گەرەکە ، وابە :
شەوێکی تار ، یا گزنگێکی سوور
چونکە هیچ شانەیەك لە لەشما ، نەماوە نەڵێت :
من تۆ ئەپەرستم ..

* * *

## بەرزی

لە سەر گۆماو ، لە سەر هۆڵەکان
لە سەر چیاو دارستان‌و هەورو زەریاکان
دوای خۆرو دوای ئەسیر ،
دوای سنوورەکانی چەرخی ئەستێرەدار
تۆ ئەی گیانەکەی من ، بە سرکی‌ی هامۆشۆ ئەکەیت
وەکو مەلەوانێکی شارەزا ، لەسەر شەپۆلەکان
ترینگەت دێ

تۆ لــــە ناخی مەزنی منا ، بە لەززەتێکی بەهێزی
نێرانــە
سەوڵ لێ ئەدەیت
لە سەر ئەم لاشە گەنیاوە ، هەڵفڕەو
لە ئاسۆگە بالاکانا ، پاك بەرەوە
ئەو شیلە ئاسمانییە بخۆرەوە
ئەو مەشخەڵە پاکەی ،
کە بۆشاییە تەڕچەکانی پڕ کردوە ..
لــەدوای بێزاری ، لەدوای ئــەو هــەمــو خــەمو
پەژارانەی
کە بارستایی خۆی ،
خستۆتە سەر شانی بوونە ، تەمومژاویەکە ..
چەنێ بەختەوەرە،ئەوەی باڵێکی بەهێزی هەبێتو
لە نێو ڕۆشنایی و بێدەنگیا بفڕێت
ئەو کەسەی بیری لە بیرەکانی ئەو چۆلەکانە ئەکات
کە هەمو گەردوگوڵێك ، تیم تیم
بەرەو ئاسمان ، ئەکەونە باڵەفرە
ئەو کەسەی کە لەسەر ژیان ،
بەرزەبێتەوەو بە ئاسانی ،
لــە زمانیگوڵو شــــتە بێدەنگ و لالەکان حاڵی
ئەبێت ..

* * *

## بۆ ژنێکی ڕێبوار

ڕێگاکانی دەوروبەرم ،
بە ژاوەژاویان ، گوێچکە کەڕ ئەکەن
لەبەر دەمما خانمێکی دەس جوان ، تێپەڕیو
جلو گوارەی خۆی چاك کردەوە
بالا بەرزو شۆخەو لە خەمێکی شێکا
ڕەشی لە بەر کردوە
شۆخو پاکزادەیەو دوو ڕانی پەیکەر ئامێزی هەیە
قووڵ تێم ڕوانی ،
سەیری ئەو دووچاوە بێگەردانەیم کردن
کە گەرای گەرداوی تیا نووستوە
ئەو شیرینیە سامدارەو
ئەو هەستە پڕ لە نەشئە بەخشەو گوژێنەرەم
هەڵمژی ..

تۆ بروسکەو شەویت ، ئەی جوانی‌یە ڕاکردوەکە
ئەی ئەوەی بە ساتێ منت ژیاندەوە ..
نا .. من لە هەمیشەییا نەبێ ،
جارێکی تر ، ناتبینمەوە ،
دوور لێرەو دوای ڕۆژگارێکی درێژ ،
لەوانەیە ، هەر نەتبینمەوە ،
چونکە من نازانم بۆ کوێ ڕائەکەیت
تۆش نازانی ، من بۆ کوێ ئەڕۆم
ئەی ئەو کەسەی ، کە ئەبوایە
تۆم خۆش بویستایەو
تۆش پێت بزانیایە

* * *

## جوانیی

ئەی مرۆڤینە :
من جوانم وەکو خەونێکی-لەبەرد تاشراو
ئەمەیش سینەی منە ، کە گەلێ کەس خۆی لــە
پێناویا
بەخت کردوە ،
بۆیەش خوڵقاوە ، تاسروشانی ئەڤین ببەخشێتە
شاعیران
ئەو ئەڤینە هەمیشەییە بێدەنگەی وەکو ماددەیە..
من وەکو ئەبوالهەولی بەرازونیاز
لەسەر عەرشی لازەوەرد دانیشتووم
دڵێکم هەیە ، وەکو پاکیی بەفرو سپیاتی قووە
من قینم لەهەر جۆرە بزوتنەوەیەك ئەبێتەوە
کە ڕاستیی‌و گونجانی هێڵەکان بشیوێنێ
من نەپێکەنین ئەزانم نەگریان
شاعیرەکانیش لە بەردەم سەکۆی بەرزی منا
کە لە جوانترینو لووت بەرزترین پەیکەر
دورستم کردوە
ڕۆژگارەکانی خۆیان ، لەتێرامانو وردبونەوەیەکی
پڕ لە ئازار
بەسەرئەبەن ،
چونکە من - بۆ جادوبەندکردنی ئەو عاشقانە -
چەندین ئاوێنەی بێگەردی وام هەیە ،
کە گشت شتێکی تێدا زاخئەدرێو جوانترئەبێ

ئەو ئاوێنانەیش ئەم دووچاوە گەورۆنەیەمن
کە بە لەوەندیەکی هەمیشەیی ئەبریسکێنەوە ..

## چنین

لەسەرخۆبە ئەی ئازارەکەم ، نەختێ بسەکنە
تۆ داوای ئێوارەت ئەکرد ، وا ئێوارە داهاتو
لە کەشێکی قەتمەرا ، بوونی گرتە هەمێز
خامۆشی بۆئەوانو خەمی بۆ ئەمان هێناوە .
کەچی مرۆڤە هامشۆکەرەکان
لەژێر قامچی بێبەزەیی لەززەتا ، مۆڵ ئەخۆنو
لە جەژنی ملکەچیا ، پەشیمانی ئەچننەوە ..
ئەی ئازارەکەم ،
دەس بخەرە دەستمو لێرەوە ، وەرە
دوورکەوەو سەیری کاروانۆچکەی ساڵە مردوەکانی
بانیژەی ئاسمان بکە ،
کە لە پەرۆپاتاڵێکی کۆنا ، خۆی حەشارداوە ،
کەچی ، داخ ! لەناخی گێژەنەکان دەرئەچێتو
خۆری نەخۆشییش ، لەژێر کەوانەکەیا ئەخەوێتو
کفنێکی درێژ ، بەرەو رۆژهەڵات ئەکشێتەوە
گوێ شلکە ، ئەی هاوڕێکەم
بۆ هەنگاوەکانی شەو ، گوێ شلکە ..

* * *

## مرۆڤو زەریا

ئەی پیاوە سەرازادەکە ،
تۆ زەریات خۆش ئەوێ
چونکە زەریا ئاوێنەتو لەهەڵدانەوەی لاپەرە
بێکۆتاییەکانیا
گیانت لەنێویدا ، رائەمینێ
وانیە گیانی تۆ ، لەناخی ئەم قووڵتر بێت
بۆیەشە ، ئەوەندە حەز ئەکەی لەناخی خۆتا
نقوم بیتو
بەهەردوو دیدەو باسکەکانت لەهەمێزی کەیت
نێ ، بەڵکو دڵی پڕ لەشەوسۆت ، لەبەردەم
ئەو سکاڵا خەمناکو بەهێزەدا ،
خۆی وونکات ..
ئێوە هەردوکتان ، دوو تاریکستانو لە نێو نهێنیا
نقومبوون ..

ئەی مرۆڤ ، کەس نەیتوانیوە شۆڕبێتە نێو
ناختەوە ،
تۆش ئەی زەریاکە ،
کەس پەی بە گەنجینە شارراوەکانی تۆ نەبردوە..
ئای ! کە ئێوە هەردوکتان ،
چەند لەسەر نهێنیەکان موکوڕن ،
ئەئاوا .. چاخەکان پەی‌دەرپەی تێدەپەڕن
ئێوەش بەبێ بەزەییو بێ‌پەشیمانی
رەنج ئەکێشن ،
ئای ! کە چەند حەز لە ئازاردانو مەرگ ئەکەن
ئێوە ئەی دوو زۆرانبازەکە
ئێوە ئەی دووبرا ، دڵبەقینەکە .. !

* * *

## شەڕە شمشێر

دووسەرباز بەرەو یەکتر تەکان ئەدەن
چەکەکانیان رووناکیو خوێنی لەهەوادا
پەخش‌کردوە ،
ئەم ئاسنە یەکانگیربووانەیش ،
تەنیا تافی لاوێتیو نێچیری ئەڤینێکی مەزنن ،
ئەی خۆشەویستەکەم
هەردوو شمشێرەکە ، وەکو لاوێتی ئێمە
تێك‌شکان
دوای چەنێ ، نینۆکو ددان ، جێی خەنجەر
ئەگرنەوە
ئای ! بۆ ئەو دڵە رەسیدانەی
کە ئەڤین شالاوی بۆ بردوون .. ،
هەردوو سەربازەکە
بەرەو ئەو هەڵدێرە نیسدارە بوونەوە ،
ئاسمانە نزۆکەکەی
پێستەکانیانی پۆشی ،
ئەو هەڵدێرە دۆزەخێکە ، هاورێکانی ئێمەی
تێدایە ،
کەواتە : با ئێمەیش ،
بەبێ پاشگەز بوونەوە ، تلۆر ببین
ئای ! لە ئەهریمەنی ئەو ئەڤینەی
کە جاویدانیی ئەبەخشێتە ، رقەکانمان .. !

* * *

## سرودی جوانی

ئەی جوانیی !
ئایا تۆ لەناخی ئاسمان هاتوویت
یا لەقووڵایی هەڵدێرەوە ؟
لەگلێنەتا دۆزەخو خواوەندایەتی هەیە
کە بەجۆرێکی تەمومژاوی ، خێرو گوناه تێکەڵی یەکتر ئەبن
بۆیە کاریان وەکو ، کۆنەمەی ، وایە ...
لەگلێنەتا ، زەردەپەرو گزنگ ئاوێزانی یەکترین
تۆیش وەکو سەرلەئێوارەیەکی باراناوی
گوڵاو ئەپڕژێنی .
ئەو دوولێوانەت شەرابێکی سیحراویو دەمیشت شوشەیە
ئازا ئەکەن بەترسنۆکو منال بەئازا
ئایا لە کونەرەشێکەوە هاتوویت
یا لە ئەستێرەکان دابەزیویت ؟
چەرخی بەختەوەریش وەکو سەگێکی ملکەچ
کەوتۆتە شوێن چمکت .
تۆیش بەئارەزووی خۆت ،
شادمانی و کارەسات پەرش ئەکەیت ،
تۆ فەرمانداری گشت شتێکیتو
لە هیچ شتێکیش بەرپرسیار نیت ،
تۆ ئەی جوانیی !
پێ لەسەر مردووان ئەنێیتو گاڵتەیان پێئەکەیت
وانیە سامناکیت ، کەمترین خشڵە
واقورهێنەرەکانت بێت
کوشتنیش لە نێوان خشڵە بەهادارەکانتا
بەتاسەوە ، سەما لەسەر سینەی تەبەشت ئەکات
پەپوولەی شەیدا ، هەروەکو چۆن بەرەو مۆم ئەچێ
ئاوا بەرەو تۆ دێ :
گڕئەگرێو ئەڵێ : « دەك پیرۆزت بێ ئەم گڕە »
کە ئەڤینداریش ، لەسەرسینەی یاری جوانکیلەی خۆیدا
ئەکەوێتە هانەهان
لەمردویەك ئەکا ، کە دەسلەملانێ لەگەڵ گۆڕی خۆیا بکات ..
چش : لەبەهەشتەوە هاتووی یا لە دۆزەخ ؟
ئەی جوانیە ، زەبەللاحو ترسناكو سادەکە
چش: مادامەکی چاوانت ، پێیەکانت ، خەندەکانت دەروازەیەکی وام لەسەر والائەکەنەوە ،
کە خۆشم ئەوێو تێیشی ناگەم ،
چش : ئایا لەلای یەزدانەوە ، یا لەلای ئەهریمەنەوە هاتوویت ؟
مادامەکی ئەی زەرییە ، چاوگەوڕۆنەو قەدیفەیی وات لەجیهان کردوە ، کە ئازارەکانی کەمبێتەوەو رۆژگارەکانیش باریان سووکتر
ئەی ئاوازەکەم ،
ئەی گوڵاوەکەم ،
ئەی رۆشناییەکەم ،
ئەی تاقانەکەم ...

* * *

## دوو خوشکە دڵۆڤانەکە

گوناهو مەرگ ،
دوو کچی تێکسمڕاوو لەشساغو پڕ لە زەردەخەنەن
شلکەڕانی بەپەڕۆ داپۆشراویان ،
هێشتا لەدایك نەبوون ،
هەرچەندەیشو هەمیشە ، پژدانیان تینگاوتینگ بووە ،
شاعیرە بەدرەفتارەکەی ، دژمنی خێزانەکانو
پەروەردەکراوی دۆزەخی گۆڕستانو خانوە داوێنپیسەکان ،
خێزانێکی هەیە ، رۆژێ لە رۆژان
پەشیمانی ، پێی نەرەسیوە ،
دارتەرمو چوارپایەکەیشی ،
کە وەکو دوو خوشك ، چێژوخۆشیەکی لە رادەبەرو
دڵنەوازیەکی ناشرینمان پێئەبەخشن ،
سەوڵو کوفر ، تێیدا تەڕو پاراو بوون ..
ئەی گوناه !
ئەی خاوەنی دووباسکە پیسەکە
کەی رۆژی ناشتنم دێ .. ؟
تۆش ئەی مەرگ ،
ئەی ئەوەی لە نازوجوانیو شۆخیا

دژی ئەوەستێت ،
کەی گوڵەرەشەکانت
ئاوێزانی گژوگیا نەگریسەکەی ئەبێت

* * *

## چەنــد پەیامێك

سروشت پەرستگەیەکە ، کەلێ ئەســتوندەگی زیندووی
لە هەمێزناوە
هەندێجار، چەندین ووشەی نادیاری لێدائەرژێ
لێرەدا مرۆڤ تووشی چەنــدین دارســـتانی نیشانەوهیما ئەبێت
کە بە میهرەوە ، سەیری ئەکەن
بۆنو رەنگو ئاوازەکان
لەتێکەڵاوبوونێکی تاروفراوانی ، وەك شـــەوو رۆشنایی
لەنێو یەکتریا ، وەکو دەردەنگە فووڵەکان
دەنگ ئەدەنەوە
لەوێدا بۆنوبەرامەی وا هەیە
کە وەکو لەشی ناسکی منالی شیرێژە ، پاراوە
وەکو سرودەکان شیرینو وەکو مێرگەکان سەوز ٠
بۆنی پیسو چەورو توندی وایش هەیە
کە رازی شتە بێکۆتاییەکان ، ئەدرکێنێ
وەکو زەرەندو میسكو بخورو بنێشت
گیانو هەستەکان ئەوروژێنێ

* * *

## ئاوارە

— ئەی پیاوە مۆنەکە ، ئەڤینەکەت بۆ کێیە ؟
بۆ باوکتە یادایکت ، یاخوشـكو برات ؟
— نەباوکم هەیەو نەدایكو نەبراو خوشـك !
— ئەی بۆهەڤاڵەکانتە ؟
— من تێت ناگەم !
— ئەی بۆ نیشتمانەکەتە ؟
— من نازانم ئەم نیشتمانە لەسەر کام تروپکا ، وەستاوە !
— ئەی بۆ جوانیی ؟
— بەهەمو خواستی خۆم ، وەکو خواوەندێکی جاویدان ئەیپەرستم !
— ئەی بۆ زێڕ ؟
— رقم لێیەتی ، وەك تۆ چۆن رقت لەیەزدانە !
— ئەی تۆ چیت خۆشئەوێ ، ئەی ئاوارەکە ؟
— هەورەکـــان .. ئـەو هـەورانەی کــە دائەکشێن .. ! .... لەوێ... لەوێ ..
ئەو هەورە واقوڕهێنەرانە !

* * *

ئەوەی شایانی سەرنجیشە : گەلێ جار کە بە ( شیعر ) نەیتوانیبێ دابڕژێت ، بە ( پەخشانە شـــــیعر ) دا رژاوەو کوتو مۆتـەکـەکانی خستۆتەلاوە .. ! گەورەترین کارێکیش کــــە ( بۆدلێر )ی لەززەتو ژان کردبێتی ، وەرگێرانی سـەرجەمی بەرهەمەکانی خامەی نووســـەری گەورەی ئەمـــەریکایی‌و جیهانی ( ئادگار ئاڵانپۆ ) بووە .. ! ئەوەی شـــیاوی نرخپێدانیشـــە : ( بۆدلێر )ی مرۆڤ ، ئینگلیزی زانێکی چـاکیش بووەو گەلێ پەخشانە شــیعریشی بە ئینگلیزی هۆنیوەتەوە .. لە یەکێ لەو نمونانەدا ئەڵێ :

**وازبێنـە بـا تێرتێر بۆنی قژەکەت بکـەم ، وازبێنە با سـەروو دەموچاوم لە نێو قژەکانتـا بشـــارمەوە ، هەروەك چۆن تینوویەك لێوەکانی خۆی لە نێو کانیاوێکی بەتافەتافا ئەشارێتەوە ، تا دائەسەکنێ ٠**

**وازبێنە بـا پەنجەگەمە بـە بسـکە جوانو تێكئاڵاوەکەت بکەم ، تا ئەم دەوروبەرە پڕ بکەم لە یادگاری شـــــیرین ، داخ ! گەر بەچاوی من**

ئەتبینی !

گەر بە گوێچکەی من گوێبیست ئەبووی !

گەر بەهەستی من ، هەستت بەو بسکانەت دەکرد !

ئەم دەرونەی من لە نێو هەورەکانی بۆنا مەلە ئەکات ، هەروەکو چۆن دەرونە ناسکەکان لە نێو ئاوازەکانا نقوم ئەبن. لە نێو قژی تۆدا ، خەونێکی ئەفسوناوی تەواو ئەبینم،کە بە پەردەو چارۆگەی پاپۆڕەکان ئەشەکێتەوە ، قژی تۆ ، گەلێ زەریای قووڵی تێدایەو لەســـەر شاباڵی نەرمەباکانی ، بەرەو گەشـــێکی رەنگین دەمهـــاژوا .. بەرەو ئاسمانێکی قووڵو شین .. بەرەو ئەو گەشەی کە بەبۆنی گـوڵاو کـاس بووە .. بۆنی مێـــوەژاتو وردەگەڵای درەختە سەوزەکانو بۆنی پێســـتی ئادەمیزاد .

لە نێو شـــەپۆلەکانی قژی تۆدا ، گەلێ بەندەری وا بەدی ئەکەم ، کـە هەزاران سرودی خەمباری لێ هەڵئەستێتو دەردەنگ ئەداتەوە .. سرودی زەریاوانەکانی سـەر بە هەمو نەتەوەکانی دنیاو بە گەلێ شێوەو روخســـاریانەوە ، رەنگی هونەرمەندانەی خۆیان ، لە نێو گەشێکی فراوانـا ئەرێژنو ناسکە شەپۆلە گەرمو بەنازەکانیش لـە نێوانیانا سەما ئەکەن .

لە پەنجەگەمەی قژە خاوەکەی تۆدا ، بیر لە ماندوێتیو شـــەکەتی‌ی خۆم ، لە ژوری پاپۆڕێکی بەنگینو بەلەنجەولاری دەم بەندەرێك ئەکـەم .. ئەو ژورەی کە بە گوڵدانو کژەبا ، خەملاوە .. ! لە نێوە قژی گەرمی تۆدا ، بۆنی تووتن تەقیەوەو ئاوێتەی بۆنی شەکرو ئەفیوون بوو .

لە شەوی تاری بسـکتا ، ئاسـۆگەی ناوچەگـــەرمـــە لازەوەردیـــە بێبنـەکـان ، بەدرەوشاوەیی ، ئەبینم .

لە رۆخی قژتا ، خۆم لە نێو بۆنی فیروزفتا ئەگەوزێنمو بۆنی میســکی بۆندار و بۆنی رۆنی فستق ئەکەم ..

وازبێنە ، با لێوەکانم لەسەر بسکۆڵەکانی قژتا داخەمو بیان‌کرۆژم .

چونکە لە کرۆژتنی ئەو قژە لاســـتیکی‌یە سەرکێشەدا یادگارەکانم هەڵئەلووشم .

* * *

## سەرچاوەکان .

١ ــ ازهار الشر ــ ترجمة الدكتور ابراهيم ناجي
٢ ــ بودلير ــ جان بول سارتر
٣ ــ الشاعر الرجيم ــ عبدالرحمن صدقي
٤ ــ مجلة الهلال ــ عدد (٥) ١٩٣٤
٥ ــ المجلة الجديده ــ عدد (١٢) ١٩٣٩
٦ ــ مجلة المقتطف ــ المجلد ٩٣ ــ ١٩٣٨
٧ ــ بودلير ــ محمود زامدار ــ هاوكاری ، ١٩٧١
٨ ــ دراســات في الادب الفرنسي ــ دكتور علي درويش .
٩ ــ گۆڤاری ( قرات لك ) ژمارە ٩ ــ ٢٤ ، سالی ١٩٤٦

سوبح پێ ناکەنێ ، تا بێنەوالێ ، شەو بە دڵ ، نەگری
گوڵێ ناپشکوێ ، تا بولبولی سوبحێ بە کوڵ ، نەگری

# دارستانی ئەوبنارە

### ١ - گیروگرفتی تاقیکردنەوە :

لە تاقیکردنەوەی شیعری کلاسیدا شاعیری کلاسی خۆیو تاقی کردنەوەیەك بووە ، گۆڕانو داهاتێکی ئەوتۆ لە تاقیکردنەوەکەیدا لە قۆناغێکەوە بۆ ئەویتر ڕوینەداوە کە هێڵێکی بەیانیی لە ناوەندیاندا دابنرێت . خۆ ئەگەر سەبارەت بە ناوەڕۆك قوڵبونەوەو خەست بوونەوەیەکی لە لایەنەکانی - غەزەلو بابەتەکانی کۆمەڵایەتیو سۆفینیزمدا - بەسەرداهاتبێو لە ڕەوتی شیعرەکانیدا - لە دیوانەکەیدا - بسەڵمێ ئەوا سەبارەت بە فۆڕمو داڕشتنو تەکنیکیان لە سەریەك بنچینەو یاسا ڕۆیشتووە . ئەوەنەبێ کە ڕێکەوت وەهابوایە یاخود شاعیر بە ئارەزووی خۆی ویستبێتی لە - بەحرێکی عەروز - ەوە چووبێتە سەر - بەحرێکی تری هەمان عەروز - لای ئەوانەش کێشی خۆماڵیی فۆلکلۆریان لە ناوچەی هەورامان بەکارهێنا وەك - بێسارانی - و - مەولەوی - و هەندێکیتریش زۆری کێشەکان بەك چەشننو کێشی فۆلکلۆری دەبڕگەییە کە زاڵە . [ لێرەدا خوێنەر ئەبێ ئاگاداری ئەوە بێت من لێرەدا کاتێ باسی کلاسیم کردوە ڕۆمانسیەتی بێسارانیو - ڕۆمانسیەتی سۆفیزمانەی مەولەوی - م لە یاد نەچووەو ئەمە نابێتە دژوار ] .

بەڵام کە لەو قۆناغە تێپەڕبوینو تاقیکردنەوە نوێیەکانی شیعری تورکی بەتایبەتی - ئینگلیزیش هەر لە ڕێی تورکیەوە لە ساڵانی بیستەوە تێکەڵیی تەواویان لەگەڵ شیعری کوردی بەتایبەتی لە ڕوی فۆڕمەوە پەیداکرد ئیتر قۆناغ چووە قۆناغی تاقیکردنەوەوە بۆ نوێ کردنەوەو نوێ کردنەوەی بەردەوام - گۆرانو شێخ نووری کە شیعریان لەبەر چاوانەو ئەم دەستو ئەو دەست ئەڕۆنو دێنەوە لای خوێنەری کورد نموونەی گەشو زیاتری باری ئەم تاقیکردنەوەیەن . ئیتر لەوانەوە هەتا ئەگاتە دڵدارو بەختیار زێوەرو دیلانو کامەرانو ( ع. ح. ب )و کاکەی فەللاحو جەمال شارباژێڕیو شێرکۆو .... هتد . ئەم قۆناغی تاقیکردنەوانە دیارن چ لە لای شاعیر خۆی وە چ لە سەرانسەری مێژووی نوێی ڕەوتی شیعری کوردیەوە بەگشتی .

بۆ نموونە - شێرکۆ بێکەس - تاقی کردنەوەی خۆی هەیەو قۆناغە شیعریەکان هەر بە دیوانەکان خۆیان ڕاستی قسەمان دەرئەخەن . بڕوانە : تریفەی هەڵبەست - کەژاوەی گریان - من تینوێتیم - ئاسك - کازێوە - ئالێرەداو لە ڕۆشنایی ئەم کورتەباسەی سەرەوەمان بۆ قۆناغ




## ئومێد ئاشنا

ئەگەڕێینەوە لای ـ ئەوزاد ڕەفعەت ـ و دیوانەکەی .

لە دارستانی ئەو بنارە دا هەر لە شیعرە چوار دێڕیەکەیەوە هەتا درێژترین شیعریان یەك تاقی‌کردنەوەن . ئێمە حسابی ئەوە ناکەین کە مەرجەیەك دیوان یەك تاقی‌کردنەوە بێت . دوو بەرگی دیوانێك یەك تاقی‌کردنەوەی سەربەخۆی تەواو بێت . چونکە دیوانمان هەن لە تاقی کردنەوەیەکی شیعری زیاتریان تێدایە . وەك ـ بەهەشت‌و یادگار ـ ی ـ گۆران ـ دیوانی دڵدار ـ ، زریان ـ ی ـ ئەنوەر قادر ... هتد .

ئەم تاکە تاقی‌کردنەوەیەی نەوزاد ـ گیروگرفت ناخاتە ڕێگەی ئەوەی نەتوانرێ لێ‌ی‌بکۆڵرێتەوەو باسی لێوەبکرێ . بەڵام گیروگرفتی قۆناغی شیعریی‌و گۆڕرانە هەمیشەییەکانی سەردەم یەك هەڵوێستی شاعیرانەی ئەومان بۆ دروست‌ئەکەن .

بەهەر حاڵ لە تەنیا تاقی‌کردنەوەکەی ـ نەوزاد ـ دا لایەنی بەرفراوان‌و زەمینەی لەبارو پتەو هەیە بۆ ڕاکێشانی قەڵەمی ڕەخنەگرو لێکۆڵەرەوە هەتا کاری تێدا بکات .

هەندێ جار تێ پەڕینی ساڵ‌و کارسازی لە پێشکەوتنی شاعیردا یەك ناکەون‌و هاوشان ناڕۆن . واتە وەها ڕێ ئەکەوێ کاری چوار پێنج ساڵی شاعیرێك یەك تاقی‌کردنەوە بێت لە هەموو ڕویەکەوە . وەهاش ڕێ ئەکەوێ کاری لە چوار ساڵیش کەمتر دوو تاقی‌کردنەوەو دوو هەنگاوی شاعیر بێت . ئەم حساباتانە پێوانەیەکی تیئوری‌و ماتماتیکی نین یاسابن‌و هەر شاعیرێك خانەی خۆی تێداگرتبێت . بەڵکو ئەمە وەك [ ڕێکەوت‌و ئەشێ‌و ئەگەر ڕوی‌داوەو ڕووئەدات ] ئەمەمان باس‌کرد .

لە ـ دارستانی ئەو بنارە ـ دا دەربڕین ـ ئوسلوبی شیعر وتنی شاعیر ـ فیکری شاعیر هەر لە ـ مەڕۆ ـ و ـ مەرگ لە زامی منداڕەوێ ـ و ـ سووتان ـ لە سەرهێڵێکی هاوشان سەربەیەك تافی‌کردنەوە لەگەڵ شیعرەکانی ـ مەرگی کەژ ـ و ـ چەمی بێدار ـ و ـ دۆڵی کپ ـ و ئێواران هەور دەسووتێ ـ دا ئەڕۆن‌و بەردەوام گوزارە لە خواست‌و مەبەستی شاعیرانەی شاعیر ئەکەن . مەبەست لەمە ئەوەنی‌یە کە پێشکەوتن‌و داهێنانی نوێ‌و زیاتر گەش ڕوانینی شاعیر لە تاقی‌کردنەوەکەدا دەستنەکەون بەڵکو بە پێچەوانەوە جیاوازی زۆر لە نێوان ـ مەرگ لە زامی‌مندا دەڕوێ ـ و ـ ئێواران هەور دەسووتێ ـ دا هەیەو جێ‌دەستی کارامەیی ـ نەوزاد ـ و زیاتر هەڵچونی‌ی شاعیرانەو خەستبوونەوەی موعانات‌و وردبینی‌ی لە کێشە نەتەوییەکەیدا دێنەپێش‌چاوی خوێنەر . ڕوداوێکی درامی‌ی نەتەوەکەی کاری تێ‌ئەکەن‌و شیعری جوانی پێ‌ئەڵێن . جەمسەرەکانی بیروبۆچونی خۆی ون ناکات‌و داناخزێتە ئاڵوزی‌و دژواریەکی وەهاوەکە ـ چەمی بێدار ـ ی تاقی‌کردنەوە تەمەن

کورتەکەی چوار پێنج ساڵی بوەستێنیو لێڵو بێتامی بکات .

**٢ ـ وێنەی شیعریو یەکیەتی بابەت :**

ـ نەوزاد ڕەفعەت ـ یەکێکە لەو شاعیرە لاوانەی لە شیعرەکانیدا وێنەی شیعریو وێنەگرتنی دیمەنی ڕۆمانسیانە زۆر بەکار ئەهێنێ . ڕواڵەتەکانی سروشت ـ بارانو بەفرو باو زریانو خوڕەی چەم لەرەی گەڵاو دیمەنی دارستانی بنار چیاو ئاسمانو دەریاو لوتکەی چیاو هەورو تەم تێکڕا تێکەڵ بە جوڵەو بزواندنە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤ ئەبنو ئەبنە هێماو ڕێ نیشاندەری ناوەڕۆکو چۆنیەتی بیرکردنەوەی شاعیر . جوڵەو بزواندنە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤیش بریتین لە هەموو ئەو هەستو نەستو کردەوانەی تیایدا ئاشکراو شاراوە دەرئەکەون وەك ـ فرمێسكو گریان ـ پێکەنینو خەندە ـ بیرکردنەوەو تێڕامان ـ یادکردنو کپیو ئارامی گەشتی شەقامی تەنیاییو سەرنجی تۆخ لە پۆلە باڵدارو درەختو دەریا ـ بیرەوەری ڕۆژانی ڕابوردوو چاوەڕوانی ئەو خۆشیو ناخۆشیانەی داهاتوو لەگەڵ خۆی ئەیان هێنێ . کەواتە هاوکێشەکە بەم جۆرەی لێ هات ـ ڕواڵەتەکانی سروشت ، جوڵەی مرۆڤ ـ ئەبێتە شیعری نەوزاد .

هەندێ ڕەخنەگر لەو بڕوایەدان کە وێنە سروشتیەکانو خەیاڵە ڕۆمانسیەکان ناتوانن بکرێتە کەرەستەی شیعری کۆمەڵایەتیو تەنانەت شیعری سیاسی . هەرچەندە من لەگەڵ ئەم ناو لێنانی شیعرەشدا نیم بە کۆمەڵایەتی یاخود بە سیاسی ـ شیعریەك جۆرە ـ شیعر هەیە ڕستەی ڕیزکراوی جگە لە شیعریش هەیە . شیعر ئەو جیهانەیە لە هەموو لاوە خەمی مرۆڤو خۆشیەکانی ـ کارەساتە درامیەکانی سروشتو هێمنیو ئاسایشی ئەو ئەبن بە ڕوبارو ئەڕژێنە دەریای شیعرەوە . لە ـ دارستانی ئەو بنارە ـ دا شیعرێکی تێدانیە بۆ چێژی تاکە کەسێكو مەبەستو حەزی تەنیا کەسێك وترابێت . وێنە ڕۆمانسیەکان ناچنە بەرەی شیعری ڕۆمانسیەوە بە واتای ڕۆمانسیەت بەڵکو شاعیر سوودێکی تەواوی لەم ڕێبازە وەرگرتوە لە ڕوی خەیاڵو وێنەوەو بەکارامەیی توانیویەتی بیگونجێنێ لەگەڵ بیرکردنەوەو هەستی نەتەوەیی خۆیدا . سەراپا ئەدەبێکی واقیعی بە زمانێکی ڕۆمانسیانە دروستکردوە . لە وێنەکاندا یەکیەتیو گوڕجو گۆڵی بابەتی کۆکردۆتەوەو کردونی بە هەوێنی واتاو مەبەستی خۆی . ئەو مەبەستانەی ڕەنگدانەوەی کەسێك یاخود هەموو کەسانی کۆمەڵێك بن کە لە ژێر دوو چەوسانەوەدا چاو هەڵبێنێ . تێبکۆشێو نەخشەی دواڕۆژ بکێشێ .

**« منو تۆ ئەو شەوە فێری**
**عیشقی خاكو**
**ماڵو دەواری خۆمان بووین**
**کە تا بەیان**
**لە دەشتەکاندا ماینەوەو باران لێیدایین »**

ئەنجامی عیشقو شەیدایەکەی نەوزاد ـ وەك شاعیرێكو کەسێکی ئەم نەتەوەیە لە هەڵچونی دەروونیو خۆشەویستیەکی بێپایانەوە هاتۆتە بوون . باران ـ لای شاعیر زیاتر لە دەلالەتێکی شاعیرانە بۆ مەسەلەیەك ئەبەخشێ :ـ

**« ئەو شەوانەی پیرەداری یادەکانت چرۆ دەکا**
**بارانێکی خوڕ دادەکا**
**باران ناهێڵێ بێچەتر بێمەدەرێو**
**خەمە دووریت لەشەقامەکاندا هەڵڕێژم »**

بارانی شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت لە کارەساتێکی درامی ئەچن . هێمنو لەسەر خۆ نابارێن ، گەڵاوگوڵ ئەمرێنن ، لقوچڵ ئەشکێننەوە . ئەبنە لافاوو تووی کێڵگەکان ڕائەماڵن . ئەبن بە زریان ـ و ڕێ لە ڕێبوارەکان ون ئەکەن . چەترێك لای دڵدارەکەی هەیە ، کە زۆرداری بارانو تووڕەیی زریان زۆری بۆدێنێ ، ناچار پەنا دەباتە ژێری . تۆفو باران ـ دەرگاکەی دەهەژێنێو ئەمیش دەرگاکەی دەکاتەوەو دارستانێکی ڕەشی دێتە بەرچاوی .

بەم پێیە باران لای شاعیر ڕواڵەتێکی سروشتی نیە بەڵکو کارەساتە بەسەر شاعیرو نیشتمانەکەیدا ئەبارێ . بە لای منەوە ئەبوایە نەوزاد ـ دەورێکی تری بە باران بسپاردایەو هەر هیچ نەبێ لە ڕەمزە ئاسایەکەی خۆیەوە بەکاری بهێنایە . کە باران ڕەمزی پیتو بەرەکەتە ڕەمزی خێرو سامانە بۆ مرۆڤ ـ چونکە خاکی مردوو ئەژیەنێتەوەو چەمی وشك پڕ لە ئاو ئەکاتەوەو کانیاوەکان سەرلەنوێ ئەتەقێنێتەوە . لە هەندێ جاریشدا بارانی بە نیشانەی کەرتبوونو بڵاوبوونەوەو ونبوون بەکارهێناوە .

**« نزیك دیارن‌و هەرچەند دەڕۆم نایانگەمێ**
**كە بانگیشیان ئەكەم دەنگم**
**وەك ڕەهێڵەی بارانێك هەڵدەوەرێ »**

گۆڕینی دەلالەتی ئەم بارانە جۆرە گێژاوێكی دروست‌كردوە . لە بەكار هێنانیدا لەگەڵ ئەوەدا سیفەتی فێری نەداوەتێو بۆ كەرت بوون بەكاری هێناوە ڕەمزیش نین بۆ كارەساتێكی درامی وەك شۆڕش‌و تەقینەوەو ژیانەوە .

لە تێڕامان‌و وردبینی شاعیردا پێویستە ئەو ڕواڵەتە سروشتیانەی بەكاریان ئەهێنێت دەلالەتێكی دیارو ئاشكرا وەربگرن . بۆ نموونە باران لە شیعری ـ هەوری پایز ـ ی گۆران ـ دا نیشانەی گریانێكی بێ‌ئامان‌و بە كوڵە ، كە ئاسمان بۆ پایزو خاك ئەگری . ماتەمی پایز لای گۆران بە تنۆكە گەورەكانی پەڵەی پایزدا دەرئەكەون :ـ

**« تەبیعەت زەردو ژاكاوە لە ماڵی گیان كەنشتایە**
**نیشـانەی ماتەمی پایز لـە فرمێسكی درستایە »**

هەروەها [ باران لای ـ سەیاب ـ جارێك خەمە جارێكی‌تریش ڕەمزی شۆڕشێكی سروشتریە. شۆڕش لای بەدر كارێكی سرووشتی‌و چاوەڕوان كراو بوو كە ئەبوایە ڕوی‌بدایە وەك چۆن باران دیاردەیەكی سروشتیەو هەموو ساڵ ئەبێ دا بكا ](١) . بڕوانە شیعری ـ المطر ـ ی سەیاب . .

**« ـ هەر لەو كاتەوە كە مناڵ بووین**
**هەور بەری ئاسمان ئەگرێت‌و**
**باران دائەكات ـ »**

لە وێنە شیعرەكانی شاعیردا یەكیەتی بابەت بە دیارترین شێوە بوونی خۆی سەلماندوە ـ ئێواران هەور دەسووتێ ـ و ـ مەرگی كچ ـ لەگەڵ ـ هەڵگیرسان ـ و ـ چەمی بێ‌دار ـ دا ئەچنەوە سەریەك ڕێگاو ڕوو لە وڵاتێك ئەكەن . باری كۆستی ئەم بۆ قورسە ؟ چەمی ئەم بۆچی وەك ئەو چەمانە نین كە ئارام‌و لە سەرخۆ لە ژێر شینایی ئاسمانی بەرین‌و لە كەنار درەختە سەوزەكاندا تێ‌ئەپەڕن‌و بۆچی ماسی تیادا سەرگەردان‌و بێ‌هێلانە نابێ ؟ ئەمیش شەو هەتا بەیان ئێشك‌چی‌و عاشقی ڕوبارێكی وەهایە :

**ـ ئەو ڕوبارەی خاك لافی پێوە لێ‌ئەدا**
**ئەو ڕووبارەی**
**مرۆڤ چۆكی بۆ دادەدا ـ**

ـ باری كۆستی ئەم ـ ئەوەندەی واتای جوانەو شاعیرانەیە ئەوەندەش پرسیاركردنێكی گران‌و هێنانە پێشەوەی كێشەیەكی گەورەیە . ژیانی ئەم كۆستە مێژوو بۆمانی ئەگێڕێتەوە . هەندێ‌جار كە مرۆڤ تێك ئەشكێ‌و وێران ئەبێ ، چرای ڕۆژ لەبەرچاویا ئەكوژێتەوەو شیرینی ڕوبار ئەبێ بە زوخاوو دەڕژێتە دەروونیەوە . ئنجا هەست‌ئەكات ـ باری كۆستی ئەم بۆ گەورەیە ـ كابوس ـ چی‌یە ؟؟ هەوای پاك‌و پیس كامەیە ؟ مرۆڤ بۆ هەندێ‌جار باخو سەوزایی دونیای لێ‌ئەبێتە بیابان ؟ بۆ هەست ئەكات هەر خۆیەتی‌و دەنگ هەڵئەبڕێ‌و هاوار ئەكاو هەر خۆیەتی ؟ كەس نایەت بەدەنگیەوە !! كەس فرمێسكێكی دڵسۆزی بۆ نارێژێ :

**« كێ كەرتێكی شاخی كۆڵی من هەڵدەگرێ**
**تا بزانێ باری ئەم كۆشتە چەند قورسە**
**تا بزانێ بۆ چەمی من تا بەرەبەیان بێ‌دارەو**
**دەڕواو دەگری ـ دەگری‌و ئارام نابێتەوە »**

ئەم یەكیەتی بابەتە لە تاكە شیعرێكدا بێت یاخود لە سەراپای شیعرەكانیدا یەكێكە لە هەرە مەسەلە گرنگەكانی شیعری ئەمڕۆی كوردیمان ـ لەناوچوونی ـ گەلێك گیروگرفتی لێكدانەوەی بۆ ڕەخنەگرەكان دروست‌كردوە . هەندێ جار نەبوونی ـ ڕاستەوخۆ ـ ئەبێتە هۆی دیاردەی دژواری لای شاعیر . بەڵام لای نەوزاد ـ لە ـ ئێواران هەور دەسووتێ ـ وە هەتا شیعری ـ تۆ ـ وێنەكان كۆئەبنەوەو خۆیان هەڵئەبژێرن . كامیان لە هەموان جوانترو هوشیار ترە دێتەپێشەوەو ئەبن بە شیعر . لەم سەردەمەدا شیعر پەل‌هاویشتن‌و شمولیەتێكی گەورەی هەیە . كە ناوی درەختێك دێتە شیعرەوە هەر لە باران‌و ئاسمان‌و ڕوبارو مرۆڤ‌و باڵدارو پایزو زریان‌و خۆشەویستی‌و فرمێسك‌و بەیەك گەیشتن‌و دابران‌و حەز لێ‌كردن‌و تۆران‌و زۆرشتی‌تریش پێوە بەند ئەبێ‌و لە دەوری كۆئەبنەوە .

ئەمانە سەراپا شەفافیەتی شیعرێك ئەهێنن . شیعر هەیە تەنها جارێك ئارەزووتە بێ‌خۆێنیتەوە . لە پاش ئەو جارە ئارەزویەك نی‌یە پاڵت پێوەبنێت هەتا بچیتەوە سەری . شیعری وەهاش هەیە ئەگەر هەموو ڕۆژ بەسەریا بچیتەوە هێشتا تام‌و چێژ خۆی نادۆڕێنێ . لە شیعری كوردیدا نموونە بۆ ئەمانە زۆرن .

وەك ـ شـــــیعرەکانی مەولەوی‌و گۆران‌و ئەنوەر جاف ـ نەوزاد ـ ش وەك تاقی‌کردنـەوەی یەکەمی هـەتـا ڕادەیـەکی باش توانیویەتی ئـەم سەرکەوتنە بەدەست‌بهێنێ :

« ـ ئەی مرۆڤی بەفرستان نشین
تۆ فێر بووی پێش‌وەی
زریان ڕات پێچێ
خۆت بنوسێنی بەبەردێکەوە
پێش‌وەی ڕەهێڵەی بارانێك داکا
خۆت بخزێنیتە ئەشکەوتێکەوە »

یاخود ئەم نموونەیە :

« من لەو دیو تەم‌و مژەوە
باوەشێك گڵۆپ دەبینم دادەگیرسێ
تۆ نەبێ کێ گوێ لە هەڵبەستی کڵۆڵ‌و
هەژاری وەکو من دەگرێ ؟؟ »

**ـ نازم حیکمەت ـ : ماوەیەکی دوورو درێژ شەمەم لە شـــیعری دڵداری نەکردو نەمنووسی تەنانەت وشەی ـ دەروون ـ م لە شـــیعرەکانمدا بەکارنەهێنـــا . دەمگوت دەروون پێوارو ڕەمزی شوعور نی‌یە هی ئیحساساتە ][2] .**

بەم جۆرە نازم حیکمەت لە باســــــی تاقی‌کردنەوەکەی خۆیدا بڕوا بەوە ئەهێنێ کــە مامەڵەکردنی شــــاعیر لەگــــەڵ مەســــەلە دەروونیەکان‌و عاتیفیـەکان‌و ویژدانیـەکاندا زۆر پێویستە .

لە ـ دارستانی ئەو بنارە ـ شدا ـ دەروون‌و عاتیفەو ویژدان ـ کۆئەبنەوە بە وێنەی شیعری‌و یەکیەتی بابەت‌و مێژووی باری کۆستی قورســی کۆلێ ئەو ئەبنە شیعر . لە شیعرەکانی ـ مەڕۆو دەریاشینەو ســــووتان‌و دۆڵی کپ‌و هەندێکی تریشاندا ئەو ڕەنگانە ئاوێتە ئەبن بەیەك ..

« ئەبێ ئاسمان ئەوەندەی چاوی تۆ جوان‌بێ ؟
ئەبێ زەوی بە قەد چاوی تۆ فراوان‌بێ ؟
کوا بژوێن‌و دەغڵ‌و زەنوێر
وەك نساری ژێر پەرچەم‌و
گۆی مەمکی تۆ تەڕو سەوزن ؟
کوا چناری ڕۆخ جۆگەی تێر
وەك گەردن‌و
وەك بەژن‌و باڵای تۆ بەرزن ؟

لە کاتێکدا کە هەندێك شــــاعیر لەگــەڵ مەسەلەی دڵداری‌و گیروگرفتە کانیدایەکان گیر ئەبن‌و مامەڵەی لەگەڵ ئەکەن شیعرەکانیان ئەبێتە یەك پارچە پشکۆی ئازار ـ ئەم پشکۆیە ناخیـــان ئەسووتێنێ‌و ســــووتانەکە گەورە ئەبێت ـ هەتا داگیریان ئەکات‌و لە ئەنجامـــدا ئەیان ڕووخێنێ‌و ئەوەستن‌و ئەکەون . بەڵام هەندێ شـــاعیری‌کە هەن توانای ئەوەیان هەیە کە ئەو پشــــکۆی ئازارەی تەنهـــا پەیوەندی بــە خۆیانەوە کـەیـەوە بگۆڕن بە ئاگـرێـك لە ژێر خۆڵەمێشەکــەیەوە ئەگرێ کە ڕاســــتەوخۆ چۆنیەتی پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتیەکان لــە باروزروفێکی تایبەتیدا ئـەی خولقێنن . شـــاعیر لەم کاتەدا هوشـیـارانە بیرئەکاتەوەو بە وریایی پەنجە لەسەر هۆیەکـانی دروست‌بوونی ئەو بارە کۆمەڵایەتیەدا ئەنێ‌و لــە شیعرەکانیدا باسی ئەکات .

**ـ غەســـــــان کەنفانی ـ ئەڵێت [ ئێمە دیاردەیەکی گرنگی گشـــتی هەســـــت‌پێ‌ئەکەین ئـەویش بـوونی پلەیـەکی پێش‌کـەوتوە لــە بەرەنگاربونەوەی هوشیارانە کـــە توانای گۆڕینی ئازاری هـەیـە بۆ پاڵپشـــــتو توانـایـەکی شۆڕشگێڕی ][3] .**

ـ نەوزاد ـ یش توانیویـــەتی ئـەم ئازارە عاتیفیە بگۆڕێ بە بەرهەڵســــــــت‌و توانایەکی گەورەی هەستانەوە . ئەمەش دەست‌کەوتێکی بە نرخە لە کاروانی شیعری هاوچەرخی ئەمڕۆماندا چونکە بەمە شیعر لەگەڵ ڕەوتی شۆڕشــــگێڕی نەتەوەکــەماندا یـەك ئەگرێتـەوەو لــە یەکترا

**٣ ـ جێ‌پەنجەکانی ـ زریان ـ بە ـ دارســـتانی ئەو بنارەوە :**

لە مێژووی ئەدەبدا شتێکی دیارو ئاشکرایە کە شــــاعیرە گەورەکان هەمیشە بــە هۆی تواناو داهێنان‌و پێشڕەویەتی خۆیانەوە کارگەری خۆیان لەسەر شاعیرانی دەورو پشــت‌و نزیك خۆیانەوە ئەسەلمینن .

لە لایەن ئەو شاعیرانەوە بە دوو شــێوە کاری‌گەری شاعیرە گەورەکە دەرئەکەوێ شێوەی یەکەم سوود لێ‌وەرگرتن‌و هاتنە ناوەوەی هەندێ ئوسلوبی شـــــاعیرە گەورەکە لە واتاو دەربڕین‌و مۆسیقاو بابەتەکاندا لە لایەن شاعیرەکانی ترەوە ،

که ئەمە لای ئەوان نابێتە لاسایی‌و دزی ئەدەبی‌و شاردنەوەی . بەڵام لایەنی دووەم هەیە کە کۆمەڵێك شاعیر شوێن‌پێی شاعیرێك هەڵ ئەگرن‌و داهێنان‌و واتا شیعرەکانی ئەو هەندێك ڕتوش ئەکەن‌و بەکاری‌ئەهێننەوە . ئەمەیان دزی ئەدەبی‌و کەم دەسەڵاتی ئەو شاعیرانە ڕوون‌ئەکاتەوە . لە ئەدەبی کوردیشدا ئەم دیاردەیە شاراوە نی‌یە .

گۆران – بوو بە سەرکردەو خاوەن قوتابخانەیەکی شیعریی ، زۆر شاعیری تر بەڕێگەکەی ئەودا ڕۆیشتن‌و دەنگی گۆران لە زۆر لایەنەوە لە شیعرەکانیاندا ئەهاتە گوێ . بەڵام ئەمە بە شێوەیەك بوو کە ئەو شاعیرانە لەسەرخوان‌و سفرەی گۆران نەژیان‌و خۆیان شاعیریەتی خۆیانیان دروست‌کردو پێش‌کەوتن .

لە دارستانی ئەو بنارەدا – نەوزاد – لاسایی‌کەرەوەو شوێن پێ‌هەڵگری ئەنوەر – نی‌یە لە زریان – دا بابەتی ئەوی وەرنەگرتوەو خۆی تێکی‌هەڵ شێلێتەوەو بیکات بە شیعری خۆی . بەڵام ناتوانین چاو لەوە بپۆشین کە لەو شیعرانەی ئەم دواییەیدا بەتایبەتی ساڵانی ( ١٩٧٦ – ٧٧ – ١٩٧٨ ) جاروبار لەم لاو ئەولادا دەنگی ئەنوەرو ئوسلوبە شیعریەکەی هەست‌پێ‌ئەکرێت .

بڕوانە ئەم شیعرانەی نەوزاد – ( ئێواران هەور دەسووتێ ، مەرگی کەژ ، دۆڵی کپ ، چەمی بێدار ) . شاعیر لە دیوانەکەیدا تەنها یەك ڕوون‌کردنەوەی نووسیوە ئەویش ئەمەیە کە ناونیشانی شیعرەکەی ئەنوەر – وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد – ی بەکارهێناوە . ئیتر لە شیعرەکانی تردا بێ‌دەنگی لەم کاریگەریەکردوەو ناوی نەبردوون . لێرەدا هەندێك نموونەی ئەم کاریگەریە ئەخەینە ڕوو :

**— ئەنوەر :**

**« زریان لق‌و پۆپی دار ئەشکێنێ »**
**« زریان داری لە بن‌و بێخ هەڵئەکێشا »**
**« کۆترە شینکی ئێسك سووکی ژانی مەسیح**
**بە دەوری کەنیسەی دڵما خول‌ئەخوات و**
**هەر ئەگمێنێ »**

**« تیر تیر ئەگریم**
**پێ‌ئەکەنم**
**ئەگریم**
**کۆچ ئەکەم‌و ئەپرسم »**
**« بۆ وا ماتی بۆ کوێ ئەڕۆی »**
**« تۆ تەنیا بویت منیش تەنیا**
**تۆ ئاوابویت‌و من ئاوا »**
**« لە خۆشیا باڵی‌گرت‌و هەر خەریك بوو**
**ڕووت ڕووت بێ هاواریەکرد »**
**« ئەگەر هات‌و ئەو گڵۆپانەش داگیرسان**
**لە خۆشییا لە دڵەوە**
**منیش دەس‌ئەکەم بە گریان »**

**— نەوزاد :**

**« کە زریانم دی نەدەسرەوت**
**زێم دی سەری‌دەدا لە بەرد هاواریەکرد »**
**« کۆترە باسکە بە دەوری دڵدارەکەیدا**
**خول دەدات‌و دەگمێنێ »**
**« گەواڵە کۆترە شینکەی چاوەکانی**
**لادەداتە کامە بنار »**
**« بۆ وا ماتی ، سبەی شەویش**
**شۆڕ دەبیەوە دۆڵی قوڵ »**
**« نەیشگریاوی ؟**
**پێکەنیوم »**
**« خۆشت دەوێم ؟**
**ئەوا تۆشم لێ ئاوابووی »**
**« من لەو دیو تەم‌و مژەوە**
**باوەشێك گڵۆپ دەبینم دادەگیرسێ »**

ئەم کاریگەریە شیعر یە لەو جۆرەی یەکەمە کە باسمان کرد ، واتە شاعیر بوون‌و دەسەڵات‌و ڕێچکەی شیعری خۆی سەلماندوەو شیعرەکانی لە ناو شاعیراندا ئەناسرێتەوە . بەڵام بەڵام کاتێکیش لە ژێر ئەم کاریگەریەدا ئەبینرێتەوە ئەمە شتێکی ئاسایی‌و ڕوداوێکی ئەدەبی نوێ نی‌یە لای ئێمە بەڵکو لە ڕەوتی ئەدەبی جیهانیداو لە مێژووی ئەدەبیاتیشدا ئەمە هەر بووە بەردەوام ئەبێت . بەو مەرجەی شاعیر ڕۆژ بە ڕۆژ بتوانێ خۆی لەو کاریگەریە ڕزگار بکات‌و دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆی بەدەست‌بێنێ .

**٤ – پۆستەرو دارستانی ئەو بنارە :**

یەکێك لە ڕووداوە دیارەکانی ساڵی ١٩٧٨ – دەرچوونی – کازیوە – کەی شێرکۆ بێ‌کەس – بوو . واتە شیعری پۆستەر . ئەم شیعرانە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە پەرەپێدان‌و چەمەکی بیرتیژی‌و

لەگەڵ ڕۆیشتنی کاری پێشڕەویەتی شاعیرانەی شێرکۆ بوو . کە وەك شاهێدێکی ڕاستگۆی سەردەمەکەی خۆی ئەدوێ . لێرەدا نامانەوێ بە درێژی باسی ـ کازیوە ـ و شیعری پۆستەر پۆستەر بکەین‌و ئەوەمان هەڵگرتووە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ . بەڵام ئەوی پێویستە بوترێ ئەوەیە کە پێش شێرکۆ هیچ کەسێك ئەم داهێنانەی نەکردووەو کازیوە یەکێکە لە کاری داهێنەرانەی شاعیر ئنجا لە هەر سەردەمێکدا کە شاعیری بە تواناو دەسەڵات دیهرئەکەوێ شاعیرانی تر هەوڵئەدەن سوودی لێوەرگرن‌و هەندێکیان ئەکەونە ژێر کاریگەری ئەوەوە . ئەم شیعری پۆستەرە بە جۆرێك سالی ١٩٧٨ ـ پەرەی سەندو پەخش‌و بڵاوبووەوە کە زۆر لە شاعیرە باش‌و دەرکەوتوەکانیش کەوتنە ژێرکاریگەری‌و نووسینیەوە . تەنانەت ئەمە ـ ڕەفیق سابیر ـ و ـ لەتیف هەڵمەت ـ یش گرتەوە . کاتێکیش لە دارستانی ئەو بنارە وردئەبینەوە هەشت پۆستەر ئەبینین کە حەوتیانی سالی ١٩٧٨ ـ نووسیوەوە یەکێکیانی سالی ١٩٧٧ نووسیوە .

هەشت پۆستەرەکە ئەمانەن :ـ خەون ، کەرك ، چۆلەکە ، دارهەنار ، شاعیر ، کەپەنگر ، کێو ، هاتنەوە .

سێ پارچە شیعری کورتیشی تێدایە بە ناوی ـ نامە ، تۆ ، پەنادان ـ کە ئەشێ شاعیر خۆی یاخود هەندێ خوێنەر بە پۆستەری دابنێ بەڵام ئەمانەن چ لە ناوەڕۆك‌و چ لە تەکنیکدا پۆستەر نین‌و ناچنە ڕیزی هەشت پۆستەرەکەی شاعیرەوە .

ئەگەرچی هەشت پۆستەرەکە لە ڕوی شوێن پێ‌هەڵگرتن‌و کارگەری ـ کازیوە ـ وە نووسراوە . بەڵام تایبەتیەت‌و دەنگی تایبەتی نەوزاد ـ ی بە ئاسانی تێدا هەست‌پێ‌ئەکرێت‌و دێتەگوێ .

هەشت پۆستەرەکەی شاعیر پڕن لە خەون‌و هیوای دوارۆژو ڕاوانی شەوو وەدەست‌هێنانی ڕۆژێکی ڕۆناکی سەرفرازی کەسانی نەتەوەکەی . بە ئاستەمێك ڕاوەستان‌و هیوا براوی‌و خەیاڵێکی پەرت‌بووی نی‌یە . ئەمە یەکێکە لە نیشانە سەرکەوتوەکانی دیوانەکەی شاعیر کە هەر لەم یەکەم تاقی‌کردنەوەیەوە سەرەتای دەسەڵات‌و وزەی شاعیرانەی خۆی سەلماند . وە لە نێو هاوڕێکانیدا ـ لە نێو شاعیرەکانی شارەکەیدا توانی لە هەموان باشترو زیاتر بچێتە پێشەوەو دەنگی شاعیرانەی خۆی بەرز بکاتەوە . وێنە جوانەکانی شاعیر لە پۆستەرەکانیشدا نەمردوون‌و ئەژینەوە . تەنانەت نەوزاد ـ لەو پۆستەرانەشدا ئوسلوبی شیعری ـ لیریك ـ غنائی ـ خۆی ون نەکردووەو لەسەری بەردەوامە :

**« کە باخەوانی باخ سووتاو و**
**کەشتیەوانی**
**بەسالاچوی کەشتی شکاو**
**خەمباردەبن خەو دەبینن :**
**باخەوان دەشتێك دەبینێ دەژیەتەوە**
**دارەکانی شین دەبنەوە**
**کەشتیەوانیش خۆی دەبینێ**
**تۆڕ هەڵداوێ‌و**
**بەدەستی پڕ ماسی‌و خەندەوە دێتەوە »**

**٥ ـ نەوزادو هەوڵێکی تەکنیکی لە دارستانی ئەو بنارە ـ دا :**

لەو کاتەوەی شۆڕشی نوێ بونەوەی شیعری کوردی لە بیستەکان بەرەوژوور دەستی‌پێ‌کردو گۆران بوو بە سەرکردەی ئەو شۆڕشەو ڕابەرو پێشەوایەکی بلیمەتی لێ‌هاتەدی ـ لەو کاتەوە ئیتر بەردەوام تەکنیکی شیعری کوردی لە هەڵچون‌و گەشە سەندنێکی بەردەوام‌و نەوەستاودایە . ئەو بارە تەکنیکیە لەم دواییەدا تەواو لە شیعری کوردی هاوچەرخماندا سەری هەڵداو چەسپی . بروانە ـ تینویەتیەکەی شێرکۆ بێ‌کەس ـ و پشکۆکان ئەگەشێنەوە ـ ی ڕەفیق سابیرو ـ شیعرەکانی سامی شۆڕش‌و زریان ـ ی ئەنوەر جاف‌و دڵدارەکەم ـ ی ـ صلاح شوان ـ و شیعرەکانی ـ محمد حمە باقی ـ لای ئەم شاعیرانە هەر یەك هەوڵێکی سەرکەوتوانە ئەنجام دراوە بۆ بەرەو پێش بردنی لایەنی تەکنیکی شیعری ئەم سەردەمەی ئەدەبی کوردی . زیاتر لایەنە تەکنیکیەکان لایەنی کێش‌و قافیەو مۆسیقای ناوەوەو دەنگ‌و حیوارو مەنەلۆژو یەکیەتی بابەت‌و هۆشیاری وشەی موناسب بووە بۆ تەعبیر کردن لە بابەتی ـ موناسب ـ لێرەشدا ئەگەر بە وردی دارستانی ئەو بنارە ـ بخوێنینەوە هەموو ئەو لایەنە تەکنیکیانەی تێدا ئەبینین . وە بۆمان ئاشکرا ئەبێت کە شیعرەکانی نەوزاد ـ پێویستی بە لەسەر وەستان‌و وردبوونەوە هەیە وەك

کۆمەڵە شـیعرێکی ئاسایی‌و زۆر لەو کۆمەڵـە شیعرانەی ئەمڕۆ دێنە بەردەسـتمان خـۆی نانوێنێ – کارامەیی – نـەوزاد لەوەدایـە کـە توانیویەتی بە وێنەی شیعری‌و مۆسیقای ناوەوەو قافیەی هەمە چەشن یەکیەتیەکی مەوزوعی لـە هەر پارچە شیعرێکدا پێك‌بهێنێ بەو مەرجەش کە هەر یەك سەربەخۆیی خۆی پاراستوە وە هەموو شیعرەکانیش یـەك هێڵی بەیانیی پێـك‌دێنن بۆ لێکدانەوەو بیرکردنەوەی شاعیر . لە دۆڵی کپ‌و ئێواران هەور دەسـوووتێ‌و چەمی بێدارو هەڵگیرسان‌و دارستانی ئەو بنارە – دا ئەم هەوڵە تەکنیکیانە شاعیرانە بەکارهاتوون .

ئەمانەش درێژبوونەوەی ئەو هەولانەی بوو کە لەوەوپێش لە – مەڕۆ – و – دەریا شێنە – و – یادێکی شیرین – دا بە دەستی هێنابوو :

**« دەریا شینە**
**ئەی ڕەنگی چاوەکانی تۆ ؟**
**دیمەنی دووری بناری**
**هەر دوو چیاکان شیرینە**
**ئەی دیمەنی ئێوارەی چاوەکانی تۆ ؟**

هەر لەو چەند ڕسـتەیەدا شاعیر ڕەنگی شینی دەریاو چاوی خۆشەویستەکەی‌و دیمەنی چیـاکان لـە یەکتردا ئەتوێنێتەوە . ( کات ) وەك دیاردەیەکی زیندوو بە کاردێنێ ، ئەویش کـاتی ئێـوارەو دیمـەنی ئێـوارانی چاوەکـانی خۆشەویستەکەیەتی نموونەی بەرەو پێشـەوە چوونی ئەم هەوڵەش بەتایبەت لە – دۆڵی کپ –و – هەڵگیرسـان – و – دارسـتانی ئەو بنارەدا ئەبینرێ . لە – هەڵگیرساندا – ئەڵێت :

**« ئەو گوندانە ڕۆژگارێکی ئێجگار دوورو**
**ماچی ژێر بەفر بارین‌و**
**چاوی تۆم بیردەخەنەوە**
**ئەو ڕۆژەم بیردەخەنەوە**
**دەواری بەر بەیان‌و ئاوابونت بۆ هەڵدام**
**ئەوینێك بووی**
**سێبەرت بۆ ئەکردم‌و ئاوت ئەدام »**

ئەگەرچی نموونەکانی ئێمە لە ناوەند یاخود هەرجێگەیەکی تری شـیعرەکاندا دەرهاتوە بەڵام ئەبینین هێشتا زیندوێتی خۆی پاراستوەو ئـەو – گوندانە – لای شـاعیر ئەبن بە دەلیل‌و فلیمی خەیاڵ‌و بیرەوەریەکانی دێتـە پێش چاو . ماچ‌و بەفرو چاوو دەوارو بەیـان‌و ئاوابون‌و عەشـقی دێننەوە یاد . مۆرکی کەرەسـەو ڕواڵـەتە سروشتیەکانی کوردەواری لە شیعرەکاندا دروست ئەبن‌و هەر کەس بیخوێنێتەوە دیمەنی بەربەیان‌و ئێوارانی کوردستانی بە بەر چاوداتێ‌پەڕ ئەبێ : لە بەفرو خێوەت‌و ڕەشی‌ماڵ‌و گونـدو چراو ڕوبارو باراناو دارستان‌و باڵندەو هێلانەو ... هتـد . کاتێکیش شاعیر ئەم وشانەی بۆ تەعبیر لێ‌کردنی مەبەسـت‌و بیری خۆی بەکارهێناوە نەکەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ساتێکی شیعری کـەم خایەنەوەو بە شێوەیەکی – لا شـعور – مامەڵەی لەگەڵ وشەدا نەکردوە . وشەکانی وەستایانە چنیوەو مۆسیقای ناوەوەی پاراستوەو چونکە – ( مۆسیقا لێدانی دڵی شیعرە )[٤] . دڵی شیعرەکانی ئەمیش لە ڕاچەنین‌و داهێنانی بەردەواودان . ئەگەرچی لە هەندێ کۆپلەی شـیعرەکانی دیوانەکەدا جۆرە بیدێکی – ئایدیالی – وورەبەردان هەیە بەڵام ئەمانە نەیان توانیوە هەمیشەو لە سەراپای شیعرەکاندا بیری نەتەوە پەرسـتی‌و مرۆڤانەی شـاعیر داگیربکەن ، بۆیە لە کۆتاییدا ئەڵێم :

**[ دارسـتانی ئەو بنارە – سـەر بە تاقی‌کردنەوەیەکی گشتی قۆناغی ئەمڕۆی شیعری هاوچەرخی کوردی‌یە ، توانی لە ڕیزی دیوانـە سەرکەوتوەکاندا جێگای خۆی بکاتەوە . وە لـە تاقی‌کردنەوەی تایبەتی قۆناغی شیعریی شـاعیر خۆیدا بنچ داکوتان‌و زەمینەیەکی پتەوی پێك‌هێناو دیارە داهاتویەکی باشتریش چاوەڕێیەتی ] .**

سەرچاوەکان :

١ – بين السياب و اليوت – عبدالجبار عباس – مجلة الكلمة – عدد خاص .

٢ – هونەری نازم حیکمەت – نوسینی – ئەکبەر بابائیف – گۆڕینی شـوکور مسـتەفا – پاشکۆی عیراق ١٩٧٨

٣ – ادب المقاومة ابعاده ، مواقفه – غسـان كنفاني .

٤ – حسين مردان – الازهار تورق ، ص١٨٥

# خاندنگاها ریالزمی و کۆمر

سالم سلیمان حاجی

## پێشەکی :

ئەڤ نڤێسینە پێ کۆلەکە بو ڕەخنا کوردی یادروست ـ ئو ئەز دبێژم پێ کۆلەکە بو ڕەخنا دروست چونکە هەتا نووکە چ ڤەکولینو ڕەخنێت راستو دروست نەهاتینە بەرچاڤ .. ئو هەر چەندە ئەم پێ لدویف یاسایێت ڕەخنا (ئەوروپی) دچین ، لێ ئەمێ لهیڤیێ کو لتوخیبێت وا ردق نەراوەستین بەلکو بزاڤێ بکەین کو ڕەخنا مەژی ژئاخو رەسەناتیا مللەتێ مە دەرکەڤیت .. ئو ئەم نەکو دژی زارو روخسارو شێوێت ( ئەوروپی )نە ـ چونکە هەر ئەون بێت دسەردەمو پێشکەفتی نووکە ، لێ ئەم هەرێ لهیڤیێ کو چاڤ لێ کرنا مە نەبیتە ئاستەنگ ددرێکا پێشکفتنا مە ، بەلکو ببیتە قوناغەك درێکا داهێنانو رەسەناتیێدا ..


وەك مە دگوتارەکا دیێداگوتی : چێ نابیت چ چوودا کرنا بێخینە ناڤبەرا هەردوو لایێت کارێ هونەری ( روخسارو ناڤەروك ) .. [ ژڤی لایی ڤە مە دڤێت بێژین کو چیروکێت گوهێ خۆ ددەنە لایەکی بتنێ نابنە چیروكو دکەڤنە دخفکاداو دمرن . چونکە هندی کارێ هونەرییە ـ چ چیروك بیت یان هوزان یان .. ـ دڤێت لدویڤ یاسایێت هونەری بچیت بەری هەمی تشتا .. ئارمانجو رامانو بابەت بتنێ چ چیروکا ناچێکەن . یانکو دڤێت ئەو رامانو بابەت بێتە دارشتن بدەنگەکێ هونەریو جوان .. ] .

ئو نووکە دەمێ ئەم هێڤ دکەینە ڤان کورتە چیروکا ( کۆمر ) دڤێت ئەڤ ێشتە ژبیرا مە نەچیت . ئو هەر چەندە روخسارێ ڤان چیروکا ئێکە ـ برەنگەکێ گشتی ـ یانکو دکەڤنە دبن ئالایێ ( مەدرەسەکا ) هونەری نەکو دبەلاڤەنە دناڤبەرا گەلەکادا ، بئاخفتنەکا دی نەد «تجریبی »نە ، بەلکو د«واقعی»نەو ، ژبن ئالایێ « مە درەسا واقعی»یێت دەرکەفتین .. لێ ناڤەروك ـ هەلبەت ـ تێتە گهارتن ژچیروکێ بو چیروکێ ، هندەك باسێ ( ئەڤینێ )دکەنو ، هندەك باسێ ئێشێت کومەلی دکەن ( خەونا بێ وەغەر بەلکی روندکەك بەردەڤانی ) . هندەکێت دی رازی دبن ب ( وێنەیا ) بو هندە لایێت کومەلی (کۆمرێ وەغەرەك هەرچو داربەرۆی ) ..

ئو لدویڤ ڤێ چەندێ ئەم دشێین بێژین کو دوو رەنگێت ( واقعیێ ) یێت دهاتینە بکارئینان دڤان کورتە چیروکادا :

١ ـ الواقعیه التصویریه ( فوتوگرافی ) : ئەڤ رەنگە ب گرتنا هندە ( وینەیا ) ژڤی لای یان ژایێ هەیێ کومەلی رازی دبیت ، بێ کو ئارمانجەك بو هەبیت .. سێ چیروك دکەڤنە بن ڤی رەنگی ( کۆمرێ وغەرەك هەرچو داربەرۆی ) .

٢ ـ الواقعیه النقدیه ( ڕەخنەیی ) : ئەڤ



ئەو هەمـــا قـەلـەمێ خۆ بگرین‌و لبـەر ( واقعی ) راوەستین پەســـنا وی بکەین ، وەك ( کامیرەکێ ) دەمێ وینەیا بو دگریت‌و ، هند .. ئو دڤێت بێتە بیرا مە کو ئاخڤتنا باسێ ( واقعی ) دکەت نەکو ـ ئیللە ـ ژهەمی قەســـێت دی ( واقعی تره[1] . یانکو ئەم دشێین د واقعی بین بێ کو ( واقعی ) بەر چاف بکەین ، نەمازە هندی مە ئاگەهـ ژخۆ هەبیت‌و دناڤ خۆدا ئەم ددروست‌و د واقعی بین . ئو یاراســـنی لڤێرە ئـەو رەنگێ واقعیەتێ ئەوێ ل « امیرکا اللاتینیة » دەرکەفتی لبن ناڤێ ( الواقعیة السحریة ) ، نیشانە کـە بو ئاخڤتنـــا مـــە .. چونکە ئەڤ رەنگە ژی خـــو بـ ( واڨعێ ) بەر چاڤ گرێ ناددەت[2] .

مەبەست لڤێرە نە ئەوە کو ئەم لدویڤ ڤـان یان هندەکێت دی بچین .. بەلکو مەبەست هـەر ئـەوە کـو دەمێ ئەم باسێ ( واقعی ) دکـەین بلا پەســـنا مە گەلەکا هویرو کویرو درێژو بـەلاڤ نەبیت ، یـانکو خـۆ ب ( واقعێ ) بـەر چـاڤێ‌و بشوین گرێنەدەین . بەلکو ئەم پویتە ب ( کەس )و ( سەرهاتێیت ) چیروکێ بکەین ، گەلەك چێترە.. سەحکەنە ڤێ پارچێ ژچیروکا ( کومر ) : [ هاتـە خار ژحەلانی ، چایدانکێ خۆ هەلگرت ئەوێ بویـە پارچەکا رەش ژبەر دویکێلا ئاگرێ دارێت تەرٍ .. سـەنگاند .. چایا تێ‌مای .. پەلێت کوچکی تێك ڤەدان ، لێك خرِکرن ، دوو سێ پوفـەك کرنێ ، هەکو پوف دکرێ ئاگرێ دنـــاڤ هنـاڤێت پەلادا گـەش دبو خولی درەڤی دچوو دورمانێت بەرێت کرینە کوچك ... ] ژبلی هندێ کو ئەڤ پەســـنە یا جانە ، چیروك دەمێ خۆ بپەسنێ ڤە گرێددەت ـ چ یا جان بیت یان یاکرێت ـ ئەو چ ناکەت‌و چ نابێژیت !! چونکە ئەمێ دچەرخێ ( بیســـتێ )دا دژین‌و ، ئەڤە دەمەکـە وێنـەگرِ ژی ب وێنەیێت « سروشتی » رازی نابن ، بەلکو هەرێ پێ کولێ دکەن داکو خو ژ « سروشت »ی رزکارکەن‌و بەری وێ بکەڤن .. کورت‌و کرمانج تشتەکێ فەرە ئەم خۆ بپەســـنێ ڤەگرێ نەدەین ، بەلکو پویتە ب ( رامـــان )و ( ئارمـــانج )و ( زار )ێ چیروکێ بکەین .. ئو ئەز نابێژم هەکە هۆسا یان هۆســـا نڤیسی با داچێتربیت ، لێ ئەز دبێژم ئەڤ پویتـە پێ‌کرنا زێدەو ئەڤ پەســـنا هویر بو ( واقعێ ) بشوین ( مادي ) تشـــتەکێ ڤەنایە ژرەنگێ « الوقعیة التصویریة » .. ئو وەکو ( د. صـــلاح فضــــــل ) دبێژیت : ( واقعیەت نائێتە گرێدان بدەنگێ کارێ هونەری‌ و بەرهەڤکرنـــا وی‌ ژ واقعێ بەرچاڤە .. بـەلـکو تێتە خویـــا کرن ژ رەنـگێ یاسایێت جوانیێ ئەوێت روخســـارێ وی کار

رەنگە ژی ـ هەر وەکو یێ دی پویتە بـ (واقعی) دکەت‌و هەولددەت هندەو ینەیێت راســـت دەربێخیت ، لێ‌بهندێ رازی نابیت بەلکو دڤێت هزرو بیرێت نڤیسەکانی دیارکەت بەرامبەری سەرهاتێیت چیروکێ ـ چ راست چ خار ـ ! ئەم دشێین بێژین چیروکێت دی خرِ دکەڤنـە بن ڤی رەنگی ..

ئو هەر وەکو ئەم دزانین ـ نووکە ( واقعیەتا رەخنەیی) بو مللەتێت ژنوی بسەر دکەڤن تشتەکێ فەرەو پێدڤی‌یە ، چونکە مللەت دێ خۆ تێـــدا بینیت‌و دێ پێ کولێ کـــەت داخۆ پاڤژکەت‌و بو پێشیێ بچیت ..

بەری ئەم دناڤ ( کۆمرٍ )ێدا بچینە خارێ مە دڤێت بێژین کو ئـەم چەند باخڤین ئـەم مافێ کرمرێ بجهـ نائینین ، لێ‌دسەر هندێرا ئەم دێ هندە لایێت هونەری ژێ گرین‌و ، دێ هندەکێت دی هێلین بو هندە گوتارێت دی یان بو هنـــدە رەخنەگرێت دی ..

**( واقع ) دکۆمرێدا :**

وەك مە دیتی « الوقعیة التصـــویریة » رەنگەکێ ڤەمـــایە ژ رەنگێت چیـــروکا واقعی ، چونکە ئەڤ رەنگە تشتەکی نابێژیت ژ پەســـنا ( واقعی ) پێڤەتر ، ئو ئەڤە نووکە نـــە بەســـە بەلکو چیروکا نوی دڤێت ( هەلویســـتەك ) یـــان راوەستانەکا تایبەتی هەبیت ..

دروست دکەن ، ئو هەر وەسا ژ کویراتیا وێ هزرێ (یان دیتنێ) بەوا بوی کاری رادبیت )[٣] .
لێ ئەڤە ژبیرا مە نابەت کوچیروکێت کوردی نەخاندینەو مە خۆو ژیارا خۆ تێرا نەدیتی‌یە .

**وەکێێکی‌و پەسن دچیروکا واقعی‌دا :**

چیروك نڤیسێ مە لگەل پویتە پێ‌کرنا وی یازێدە ب ( واقعی ) گەلەك پویتە ب ( وەکێێکیا تشبیە ) دکەت‌و بپەسنا هشکت رازی نابیت[٤] .
ئو یاراستی ( وەکێێکیێت ) وی ـ بارا پێتر دجوانن‌و بو مە دیار دکەن کو ئاشوپەکێ زیرەکێ هەی .. هەروەکو ڤان :

« وەکی بەلگێ دارەکێ لبەر رەشە بای ... یا دلەرزیت » خەونا بێ وەغەر « لبنێ دارێ ئەزان‌و هیفی ژ چاڤێت زەمرویدێ ڤیدان .. » کومر « گریا وی وەکی پوقلدانەکێ یا لێ هاتی .. » بەردەقانی « ما تو نزانی کەس کچێت خۆ نادەتە شکەنت‌و تراشا » سێ چیروکێت .. « روندکا وی گوپالێ خۆ هلگرت » روندکەك ..

یان وەکو ڤانا ، ئەوێت ب ئێك پەیڤ خویا دبن .

« با ، باکوزیرك ، بەفرو باران .. هەمیا پێکڤە ( زبارەیە ) لگوندی » بەردەقانی « دەنگێ ژگوندی ( درەڤی ) نێزیك ڤ گوهـ دکەت » کانیك « پەزێ گوندی بێ رەش‌دکەت ( دکوشا ) چیایێ بەرامبەر » کانیك ژبلی بکار ئینانا وەکێێکیا ، کە ئەو تشتەکێ جوانە .. چیروك نڤیسێ مە بێ شیای رەنگە گرێدانەکێ لناڤبەرا پەسنێ‌و سەرهاتیێت چیروکێ چێکەت .. بناخڤتنەکا دی چیروك نڤیسی ، « پەسن » یا کریە ( بازەبەر ) بو سەرهاتیێت چیروکێ . هەر وەکو بو مە دیاردبیت دچیروکێت ( خەونا بێ وەغەر کومر بەردەقانی ) . یانکو لڤێرە پەسن یا بکارەکێ دی رابی ئەوژی گرێدانە ( پێشەکێیت چیروکێت نوی یان دەست‌هاڤتناوا ) ، تشتەکێ گرنگەو فەرەو .. دڤێت گەلەك پویتە پێ بێتە کرن . دچیروکێت کومرێ‌دا هندە پێشەکێیت نوی‌و جوان ێیت هەبن وەك چیروکێت ( وەغەرەك روندکەك بەلکی کانیك ) لێ هەر وەسا هندەکێت دی ێیت هەبن ژ رەنگەکێ ڤەماینە ( خەونابێ وەغەر کومر بەردەقانی ) ... چیروکێت دی ( ڤیان سێ چیروکێت ... هرچو داربەروی ) هەر ئێك بدەنگەکێ یا دەست‌پێ‌کری ، لێ ئەم دشێین بێژین کو ئەوژی دجوانن ! .. ) .

ئەڤە ژلایێ گرێدانێ ڤە ، لێ ژلایەکێ دی ڤە ئەم دبینین کو « پەسن » ـ بدەنگەکێ گشتی ـ دچیروکا نویدا نائێت هەما بۆ کەیفا نڤیسەڤانی ، بەلکو ئەو پەسن تشتەکێ فەرەو دڤێت جهێ خۆ بگریت کە بنیاتەکێ چیروکێ ، کە چیروك بێ‌ی وێ پەسنێ نەیا دروست بیت ، یانکو پەسنی ئێکەتیەکا « عضوی » هەبیت لگەل کەس‌و سەرهاتیێت چیروکێ .. ئەم دشێین بێژین کو ئەڤ تشتە بێ بجهـ ئینایە ئو دێ چیروکا « خەودابێ وەغەر » ودرگرین بو دیارکرنا ڤێ چەندێ :

چیروك دەست بڤەسنا دەمێ چیروکێ دکەت : [ بەفرە .. شەڤە .. تاریستانە .. ] پاش بو مە گەرناسی خویا دکەت [ مژویلانکێت چاڤێت وێ چونە سەرێك ] مە زانی کو ژنە ، لێ ئەم چ ژێ‌نزانین... بشتی هنگێ بو مە دیار دبیت پیچ پیچە ـ ئو ئەڤە ژ جوانی‌یا زارێ چیروکا نوی‌یە پاش دبێژیت [ نفست ئو پری سینگی ترسە ، سەرمایە .. ] . ئەرێ بو چ پری سینگی ترسە ؟ ژبەر سەرمایێ ؟! یان ژبەر تشتەکێ دی ؟ ئەم نزانین ؟ هەتا [ گوینیکیژی ژ ترسا ، گەرماتیا خو بەرزەکر .. ] .

ئو بو مە دبێژیت کو ڤێ ژنێ خەونەك دیت [ ددانێ وێ بێ سینگی بەرەك ڤێدکەت .. دشکاند .. خوین تێ نەدهات ] ئو پشتێ هنگێ ئوری وێ ژی خەونەکێ دبینیت ، لێ بخالێ خو ڤە .. ئو ژنویکا ترسا دلێ وێ زێدە دبیت‌و وەکی دینا رادبیت‌و دچیت :

[ ـ دێ چ کەی ؟
ـ برایێ من ! برایێ من ! ]

ئو ژدەرڤەی خانی .. سحارە : [ باکو زیرکێ فیتکا ڤەددەت .. دارو بارێت ژسەدما دلەیزن ( × ) .. هندەك بەلگ بێ سپیدکەن لبن بەفرێ .. عەرد هەمی خویسارە ] ئو هۆسا چیروك نڤیس ، مە ددانیتە بەرامبەری تشتکی .. لێ هێشتا ئەم نزانین چیە ؟ بەلێ ئەم دشێین بێژین کو تشتەکێ نەخوشە .. ئو پشتی هنگێ بو مە دیاردبیت کو خویندارێت وان برایێ وێ بێ کوژتی ..

ئو هۆسا بو مە دیاردبیت کو چیرۆك نڤیسی پەسن وەسا یا بکارئینای ( ترس ، شەڤ ، بەفر ، سەرما باکوزیرك ، خەون ... هتد ) کو لگەل

بابــەتێ چیروکێ ( کوژتن ، خوینداری ) رەنگە ئێکەتیەك هەبیت .

**لێهاتن‌و بنیاتێ چیروکا واقعی :**

چیروکا واقعی لگەل هندێ کو ئەو ناڵددەتە واقعی‌و تشتێت بەرچاڤ و بشوین ، نەیا گرێدایە پێڤە .. ئو ژبەر هندێ‌و ، چونکە هەر د واقعی ژی‌دا گەلەك جارا تشتێت مەزن‌و ئاشوپی چێدبن، ئەم دبینین کو چیروك نڤیس‌و رەخنــەگر دهێلن هندە « لێهاتن » ( الصــدفة ) بکەڤنە دبنیاتێ چیروکا واقعی‌دا ـ هلبەت ئەم نەشێن ڤەشێرین کو ( لێهاتن ) گەلەك جارا بکارەکێ مەزن رادبن دژیانا مەدا ـ ..


ئو وەکی د. صلاح فضل دبێژیت : ( لێهاتن .. د تورەی‌دا دڤیا نیشانێت سەرەکێیت سەرهاتی یاو ، ئاستەنگا لدور دژڤریت ، بەرچاڤ بکەت .. ئەڤجا ئــەگەر بڤی کاری رابو ئێــدی دێ بیتە تشتەکێ پێدڤی‌و سروشتی ئەگەر چەندا غــەریب بیت )(٥) .

باراپێتر ژ چیــروکێت کومرێ لێهــاتنێ بکارتینن .. لێ دهنــدە چیروکا دا ( کانیك ) گەلەك کار تێ کرن دبنیاتێ چیروکێ نەکریــەو ، دهندەکێت دی‌دا ( سێ چیروکێت کچا مختاری ) لێهاتن یاهاتیە چێکرن‌و جهێ خۆ نەگرتیە . ئــو نووکە دێ ڤێ ئاخفتنێ خویا کەین بڤی رەنگی :

د « خەونا بێ وەغەر »دا ، ژنك دەمێ ژمال دەردکەڤیت‌و قەستدکەتە گوندێ برای ، ســێ جارا هندە مروڤا دبینیت . ئەڤ دێنــە دبیتــە پارچەك ژ بنیاتێ چیروکێ چونکە ئەم ژوان دزانین کو برایێ وێ ژنکێ یێ هاتیە کوژتن ، ئــو ئــەڤ زانینە چیروکێ بدویماهیێ دئینیت . لڤێرە بو مە دیار دبیت کو ئەڤ لێهاتنە برەنگەکێ جوان یاهاتیە بکارئینان ، ئەڤە ژبلی هندێ کــو ئەڤ لێهاتنــە یاسروشتی‌یەو یا بسەروبەرە ..

دچیروکــا « کومر »دا لێهاتنەکا دی تێتە بکارئینان ، ئەوژی ئەوە : دەمێ سەربەست چانتکا زادی رادکەت‌و دبینیت یا ڤالاّیە . ڤێجــا برایێ وی دچیتە گوندی دا زادی بینیت . لڤێرەژی ئەڤ لێهاتنە ژ واقعی دەرناکەڤیت ، یانکو لێهاتنــەکا سروشتیە .. بێ چێکرن ! ..

د چیروکا « هرچو دار بەروی » دا ، دەمێ مامێ کورکی دمریت‌و ئەو د خەودا . لڤێ چیروکێ زارەکێ « نوی » [ روخســار ] تێتە بکارئینان ، ئەوژی : گرێدانە ناڤبەرا خەونێ‌و واقعی .. یانکو



خەون دبیتە راستی .. ئو ژبەر هندێ ئەم دشێین مرنا مامێ کورکی ژلایەکێ دی ژی وەرگرین ، ژبلی لایێ لێهاتنێ [ تشتێ دیار کو چیروك نڤیس پویتە بەهزرو بیرێت مللی دکەت ، ـ ئو ئەڤە تشتەکێ سروشتی‌یە د چیروکا واقعی دا ـ هەر وەکــو دچیروکا « خەونــا بێ وەغــەر » دەمێ پیرەژن ژ خەونا خۆ ددترســیت‌و پاش خەونا وێ دبیتە راستی . ئو هەر وەسا دچیروکا « وەغەرەك »دا دەمێ پیرەژن هزرا مرنا خۆ دکەت‌و بو وێ رەنگە هەستەك چێدبیت کو مرنا وێ یانێزیك دبیت .. پاشی « دیسا » دمریت ] .

دچیروکا « روندکەك » دا ، دیسا نێ لێهاتنەکا سروشتی بکاردئینیت دەمێ زارووك لبــەر دەرێ خانی‌و بابێ ئومێدی ژ رێڤنگیێ دزڤریتن و بژور دکەڤیت ... ئو لڤێرە ژی سەرهاتی‌و شووینبونا وا ، تێنە گرێدان‌و ئاڤاکرن لدویڤ وێ لێهاتنێ ..

دچیروکا « کانیك »دا ، لێهاتنا هندا بوونــا « بازنی » هەر چەندە لێهاتنەکا سروشتی‌یەو بەر ئاقلە ، لێ ئــەو نــە وەك لێهاتنێت دی‌یە ، یانکو بکارئینانا وێ گەلەك کارتێ‌کرن لبنیــاتێ چیروکێ نەکریە [ ئەو کچك دشیا دەرکەڤیت ژگوندی بێ‌ی کو بازن بەرزەبیت ] ئو ئەڤ کارتێ‌کرنا بەرزە ، بو مە دیاردبیت ژرەنگێ بکارئینانا لێهاتنێ‌و ژ دەمێ وێ : هنــدا بوونــا بازنی تێتە بیــدا کچکێ لدویماهیکێ هەما هۆسا بسانایی :

[ ـ تەچ‌یە ؟ ئەڤرو تو نەیا دروستی !!

ـ دادێ من هزرا بازندکێ خۆدکر .. هەکو دوهی ئـەم چوینـــە بێرێ لنزاری .. ئەز دبێژم لدەڤ وێ کانیکێ کەتیە ... ] .

دچیروکا « سێ چیروکێت کچا مختاری » لێهاتنەکا چێکری ، یانکو نەیاسروشتی دکـەڤیتە دبنیـــاتێ چیروکێ‌دا .. ئەوژی : پـەیـدابوونـا « کویڤی » بێ کو کەس بزانیت کا ژکیڤە هات .. ( نە ژخەلکێ گوندی‌یە .. نەشــــڤانە .. نـە گاڤانە .. ) دەمێ دەنگێ و ی‌ـ دەنگێ وی بەس ـ ڤ گوهێ « روندکێ » کەتی : [ جلفەك ڤێ کەت .. لدور خۆ زڤـریو دەڤێ وێ ژ ( ترســـا ) یێ بەشە .. ] ئو ئەز دبێژم ئەڤ ترس‌و دەڤ بەشبینە نە تشتەکێ سروشتی‌یە ، چونکە ئەم دزانین « کچا مختاری » یـا دچیتــــە بێرێ ب رۆژ و نێـــزیکی گوندی .. ئەڤجا ئەڤ ترســــا هنــــدە مازن ژ « دەنگەکی » بو چی ؟! ئەڤ وێنێ خلۆلـــە ئـەز گرێددەم ب خلۆلەیا پەیدابوونا « کویڤی » ڤە :

ئو ئەڤ خلۆلەیە هێشتا پێتر دیار دبیت دەمێ « روندك » دچیت ل « کویڤی » دگەرێیت دچیروکا دووێ‌دا [ تشتێ دیار کو ئەڤ چیروکە ئێکـــەو شووین بوونا ( نمو ) سەرهاتی‌و کەسێت وێ دەست پێ‌دکەت و دروست‌دبیت‌و بدویمـــــاهیی تێت برەنگەکێ سروشتی .. ڤێجا نە تشتەکێ دروستە ئەم ب‌کەینە سێ‌و ئەو چیروکەکە . ئەڤ چیروکەدا بیتە سێ ، ئەگەر هەر چیروکەکێ لایەك ژژیانا وان کەسا گرتباو خویا کربا .. یانکو هەر چیروکـــەك ژوانا یادروست‌باو ب چیروکا دی یاگرێدای نەبا ـ ژبلی گرێدانا گشتی لگەل‌ئێك ـ ] .. ڤێجـــا « کویڤی » ژێ تورە دبیت‌و دبێژیت : [ تو بو نەدهاتی .. ئەز لڤی ئاقاری تێهنی‌و برسی ؟ ] ئەرێ پا وی چ دخار بەری هنگێ ، ما ئەوی نـە گوتێ : [ ئەز هەرۆ یێ درێکا تەدا ] . ئو دیســا پشتی هینگێ چەند روژا ( یان هەیڤـا ) دمینیت لوارا ( نزانم بدروستی لکیرێ ؟ ) هەتا زکێ « روندکێ » بلند دبیت‌و [ چاڤێت خەلکی بەری هەمی تشـتا دچونە زکێ وێ ] و [ مروڤێت وێژی خەنجەرێت خۆ سەڤاکرن ..] ئەز نزانم مروڤێت وێ ل هیڤیا چ بین ؟ بو چی وانا روندك نەدکوژت ؟ نەمازە چ هێجەت‌و چ گومان نەماینە .. ؟

ئەڤجا ـ وەك مە گوتی ـ ئەڤ چەوتەو ئەڤ تشتێت بێ بنیات ، خڕ پێکڤە بو مە دیار دکـەن کو بنیـــاتێ ڤێ چیروکێ یێ خلۆلەیە کویڤی نـە کەسەکێ خویایەو دروستە ، بەلکی ئەو کەسەکێ چێکریەو بێ « کەساتیی »یە .. هەر وەســـا « روندك » ژی نەکەســـەکا سروشتی‌یە ـ برەنگێ مە دیارکری ـ .

ژبەر هندێ ئەم دبینین کو « لێهاتن » دڤێ چیروکێ‌دا جهێ خۆ نەگرتیە .. چونکە تشتەکێ سەرەکێ‌یە کو ( کویراتی‌و بەرفرەهی گـــــەلەك دپێدڤی‌نەدا رەنگێ چێکرنێ‌و زۆرداریێ ژکەس‌و ـ سەرهاتیادا ڤەدەین .. ئو هەتا « لێهاتن » ببیتە تشتەکێ فەر ، دڤێت پەیوەندیێت هونـــــەری دچیروکێ‌دا ب هێزو موکم کەین‌و ، دەلیڤـا بـو ڤەکەین دابشێن ب کارێ خۆ رابن .. داکو لێهاتن نەمینیت تشتەکێ زێدەو نەدجهێ خۆدا )(٦) ..

**ئاخفتنا دگەل خۆو دەنگێ چیروك نڤیسی :**

چیروکا نوی پێ کولێ دکەت دا خۆ ژ زارێ چیروکا گەڤن رزکار کەت .. ئو « ئاخفتنا دگەل خو » ( الحوار الداخلی ) ئالاڤەکە بو ڤێ چەندێ ، چونکە ئەڤ ئالاڤە زارێ چیروکێ موکم‌و فرەهـ دکـەت‌و ژ ئاخفتن‌و چیڤانوکا وگوتنێت بترسی ڤەددەت.

ئەڤ ئالاڤە دسێ چیروکادا یێ بکارئینایــــە برەنگەکێ سەرەکی ( روندکەك کانیك وەغەرەك ) .. ئو سێ گەرناس دڤان چیروکا داهەین زارووەك‌و کچەکا جەحێل‌و پیرەژنەك ، ئەڤ هەرسێ کەسە خودان کول‌و کوڤـانن ، یانکو دل‌و جانێ وان یێ پەنگیایە ژکەرب‌و قەهر و خەما .. ئو ژبەر هندێ ئەڤ بکارئینانا « دگەل خۆ ئاخفتنێ » دبیتـــــە تشتەکێ فەرو سروشتی ، نەمازە ئەگەر مە بڤێت تشتەکێ ژڤان کەسا بزانین ..

بکارئینانا ( منولوج)ی تشتەکێ گەلەك فـــەرە دچیروکا نوی‌دا ، لێ دسەر هندێ‌را ئەوی بخۆ چ هانینە .. بەلکو جوانیی‌یا وی یا گرێدایە بکارئینانا وی ڤە : کانێ چەوا و بچ رەنگ ئەم ڤی زاری بکار تینین ـ ئەڤ ئاخفتنە، هلبەت ، لسەر هەمی زارو رەنگێت هونەری تێتەگۆتن ـ .

دچیروکا « کانیك »دا ، ( منولوج )ێ کچکێ گەلەك درێژ دبیت ـ ئەم دشێین بێژین تشـــتەکێ سروشتی‌یە چونکە یاشەپرزەیەو یابتنێ دچیتن‌ـلێ گەلەك ڤەسێت سارو دچەوت دکەڤنە تێداو ژبەر

هندێ ئەڤ ( منولوج ) ە چیروکێ برەخـــەکێ دئێخیت‌و خار دکەت بو لایێ نە جوانیێ ڤە .. وەکو ڤان قەسا :

[ باشە ماکی دبێژیت کو نەگوتە ئێکا دی ژی ؟ نەکو ترانێت خو بمن بکەت ] .

[ .. بەلێ ئەز دزانم ئەو دێ من رەڤینیت بەری بشێنە مە ] .

[ دڤێت من بخو بدەڤێت .. ئها .. من زانی .. نە .. نە .. مادەم وەسا ئەز . ناچم ... ]

[ لێ گونەهە بتنێ بمینتە لوێرێ .. نـــەکو برسی بیت ؟ ] .

[ ئەرێ نزا دەنگێ وی یێ چەوایە ؟ چاڤێت‌وی دچەوانە ؟ هەی من ژبیرکرن .. نەکو پاشی ئەز نەنیاسم ؟ یان خەلەت ببم ] ..

[ پا .. نەکو .. نەکو لال ببم ؟ هێ .. ئەز چەند شەرم دکەم .. ] ..

[ ئاخفتنێت وی چ دگەرمن .. ]

[ پاشی نەکو برایێت من وی بکوژن .. یان من بکوژن .. نە .. نە .. بلا وی نە کوژن .. بلا من بکوژن ] .

دیارە چیروك نڤێسی دڤیا خرتشتا بو مـــە خویاو ئاشکەرا کەت دناڤبەرا ڤێ ( منولوج )ێ دا .. نەشیاو بجهـ نەئینا ..

چیروك نڤێسی – هەتا دڤان هەر ســـێ چیروکادا – گەلەك پویتە بڤی زاری نەکریە .. ئو ژبـەر هندێ ئەم دبینین کو چیروکێت وی خـرێ یێت سەر دەڤێ چیروك نڤێسی هاتینە گوتن ، یانکو دەنگەکێ هەی ( گوتو ) ( الراوی ) ئەو خـــرێ تشتا دزانیت‌و بو مە دبێژیتن .. لێ چیروکێت وی ژبەر « کێنکێشا » جوان‌و برەوش ژ کێماسیێت زارێ ڤەگێرانێ ( السرد والاخبار ) قورتال دبیت .

[ کێنکێشە د چیروکێت کومرێ دا تشتەکێ جوان‌و ب هێزە – دبیت چونکـــە چیروك نڤێس شانوگەریا ژی دنڤێسیت – لێ دهندە چیروکا دا لاو نەهاتیە ( ڤیان ) ئو هەر وەسا دهندە پارچێت چیروکا ( کانیك ) ] ..

ئو یاراستی ئەڤ لایێ هونەری دڤان چیروکادا ، مە مافێ وێ بدروستی نەدایێ‌و .. پێدڤی خویـــا کرنێ‌یە ، هێشتا ..

**

گەرناسێت کومرێ و .. هتد . چونکە هندی ایێ زمانی‌یە گەلەك چەوت‌و کێماسی یێت تێدا هەین .. ئو هندی لایێ کەسێت کومرێ‌یە ، ئەو تشتـــەکێ فەرە بێتە خویا کرن‌دا باش دکومرێ‌و دخودانێ وێ گەهین ..

ئو ئەز هیڤیدارێ پێش کەتنێ مە ..

١ – اســـطورة دون كيشوت – بويرو بايبخو ( سلسلة من المسرح العالمي ) / كذلك قضايا ومواقف – د. عبدالقادر القط ص ٨٧ .

٢ – منهج الواقعية في الابداع الادبي – د. صلاح فضل ، ص ٣٠٥ .

٣ – اسطورة دون كيشوت ( من المقدمة ) .

٤ – الرؤيا المقيدة – د. شكري محمد عيـــاد ، ص ١٥٨ .

٥ – منهج الواقعية – د. صلاح فضل ، ص ١٦٦ .


٦ – منهج الواقعية – د. صلاح فضل ، ص ١٣١ .

## نموذج احدى المخطوطات الواردة في المقال

دویماهیکێ ئەز دبێژم کو چیروك نڤێسێ مـــە ( ابراهیم سلمان ) دێ شێت چیروکێت گـــەلەك جوان نڤیسیت ، ئەگەر خوٚ ژڤێ گرێدانێ ب پەسنا هویرو ب واقعێ بشوین ڤەکەت .. چونکە هەر چەندە ئەوە یێ ئاخا چیروکا نوی‌یا کـــوردی ڤەدکولیت‌و دبەتە سەری ، لێ دڤێت ـهەلبەت ـ چاڤێ وی هەردەم لسەرێ رێکێ بیت‌و بـــو پێشیێ بچیت .

ئو بەرێ ئەز ئاخفتنا خوٚ دویماهیێ بینم ، من دڤێت بێژم کو مافێ کومرێ هێشتا یێ‌مای‌و دڤێت ئەم گەلەك چاڤێ خوٚ بدەینێ – چونکە ئـــەو دندکا ئێکی‌یە کەتیە دئاخا مەدا ..

بێتە بشاڤتن وخویا کرن‌و هەر وەسا لایێ کەس‌و دڤێت لایێ زارو زمانی ( اللغە ) دکومرێدا



# تەنیایی شەوێکی باران

شێرزاد حسن

لە ئوتمبێلەکە دابەزی .. وەك شقارتەیەك .. باکەتێکی بەتاڵ کەوتە سەر شەقامێکی قەڵەباڵغی پایتەخت .. پایتەختیش پڕە لە مەندو شێت‌و ژن‌و پیاوو منداڵ‌و شەقام‌و کۆشك‌و کەلاوەو ئوتمبێل‌و پەیکەرو باڕو مزگەوت‌و تیاترۆو .... شتی‌تر . سێ ساڵ لەمەوبەر هەر لێرە قوتابی زانکۆ بووە . جانتایەکی بەدەستەوەیە .. نەگەورەیەو نە بچووکە .. کە شانی دانەکەوتووە .. سووك دیارە ، تاخمی تراش‌و خاولی‌یەك‌و بێجامەیەك‌و چەند کتێبێك‌و دەفتەرێکی پڕ یادگاری ڕەشی خۆی تیایەو بەس تەمەنی لەنێوان بیست‌و سی سالیدا وەکو جیوە لە هەڵسان‌و داکشان دایە .. خۆیشی نازانێ .. تا ئێستاش کێشەی نێوان دایك‌و باوکیەتی .. دایکی دەڵێ ـ کە دوا خێزانی جوولەکەکان لەم هەریمەدا باری کرد .. ئەم کوڕەمان بووە .. باوکی دەڵێ ـ نەخێر کە یەکەم خێزانی جوولەکەکان باری کرد .. ئەم کوڕە بوو ! .. تەمەن گرنگ نییە .. خۆی چ بەدڵ‌و چ بە مێشك هەست بە پیری دەکا .. لە ئەسپی عارەبانەی عارەبانچیەکی دلڕەق دەچێ .. ماندوو دیارە .. پایتەخت گیرفانی قورسی دەوێ .. گرنگ نییە .. ئەم بۆ یەك دوو ڕۆژ هاتووەو دەگەڕێتەوە .. فەرمانبەرە .. دیسانەوە گرنگ نییە لەکوێ ! .. چونکە ئاو ئاوە .. مێش مێشە .. فەرمانبەریش فەرمانبەرە .. ژنی نەهێناوە .. حەزیش دەکا بیهێنێ .. بەڵام ! .. خێزانێکی گەورە بەڕێوە دەبا .. کرێ‌گرتەن .. ئەگەر بیەوێ بزانێ چەند سەر خێزانن .. دەبێ بیربکاتەوەو بیانژمێرێ .. باوك‌و دایکیشی لەکار نەکەوتوون .. تەمەن‌و چەند شەوێکی زۆریان لەبەردەم ماوە .. کە پێیان دەڵێ با بەس بێ .. پێی دەڵێن خوایەك سەرێك بنێرێ .. نانی خۆی لە گەڵدایە .. باوەڕ ناکات .. کافریشەو لەماڵەوە پێی نازانن .. ماڵەکەیانی پڕ کردووە لەکتێب‌و پارچە کاغەز .. سەر پەنجەرەو پێ‌بلیکەکان‌و ناودەلاقەو سەر ڕەفەکان‌و ژێر ڕایەخ‌و ناو کانتۆرو جانتا ... هەمووی هەر کتێبە .. دایکی دەڵێ .. ئەگەر کتێب هی خواردن بوایە .. قەڵەوترینی شارەکە ئێمە دەبووین .. تیژ هەنگاو دەنێ .. ڕێگا سەغڵەتە .. حەشامات‌و عەزازیلێکی بێ شومار بەم دەمەو ئێوارەیە ڕژاونەتە سەرجادەکان .. پەلەیەتی بگا بەو ئوتێلە هەرزانەی چەندەها شەوی تیا بەسەر بردووە .. هەرزانترین ئوتیلی پایتەختەکەیە .. تاکسی ناگرێ .. سواری پاسەکە دەبێ .. حەز دەکا لەپەنجەرەکەوە سەیری



دونیای دەرەوە بکا .. دیقەتی شتەکان دەدا .. بەڵام ڕووخسارو دیمەنی ئادەمزادو شتەکانی دەوروبەر تێکەڵ دەبن .. بەپەلەیە .. پاش ئەو ماوەیە زۆرە هاتۆتەوە .. نەهاتووە سەر بەکارخانەو کاباریێو سینەماو باڕو تیاترۆخانەکانا دابگرێ .. نەهاتووە کەس بکوژێو کەس ماچ بکا .. هیچ پرۆژەیەکی بە دەستەوە نییە .. هاتووە جانتاکەی پڕکا لەکتێبو بگەڕێتەوە .. شارەکەی کتێبی وای تیا نییە .. بیابانی مێشکی ئەو ئاو بدەن .. ژنانی ئیمڕۆ چەند حەز بە ماکیاج دەکەن ... پیاو بەخواردنەوە کەر حەز بە جۆ .. ئەو هەزار ئەوەندەو زیاتریش حەز بە کتێب دەکا .. پاسەکە پاش چەند وەستانو لەتردانێك .. لە شوێنو جێگەی نیازی ئەم وەستا .. دابەزی .. شارەزایە .. ئا ئەوەتە قەد بڕ لە کۆلانێکی تەسکەوە ملی‌نا .. تا گەیشتە سەر شەقامە سەرەکیەکە .. ئا ئەوەتە ـ ئوتێل شادی ـ شادیو ئەم ئوتێلە بزەیەکی خستە سەر لێوی .....

**« بۆ ناوو ناوەوە هەردەم جیاوازن ؟! »**

بەسەر پێ بلیکەکانا سەرکەوت .. هەمان مێزە.. ناونووسەکەی جاران نییە.. پێناسەکەی دەرهێنا .. کابرایەکە لێی وەرگرتو بەگومانەوە سەیری سەرو سیمای کرد.. ژمارەی ژوورەکەی زانی جانتاکەی فڕێداو دەرپەڕی..کەوتەوە سەر شەقامە سەرەکیەکە .. تاوێك ڕۆی .. دەستی بۆ گیرفانی برد..پاکەتەکەی لەناو جانتاکەدایە.. بەپەلە گەڕایەوە .. تەنگەتاو چووە ژوورەوە .. سەیرە جانتاکە نەمابوو .. گەڕاو سووڕا .. پرسی .. کەسێ وەڵامی نەدایەوە .. یان کەسێ نەبوو وەڵامی بداتەوە .. ئاسایی بوو .. بەڵام بروسکی داخێك گرتی کە دەفتەری یادگارەکانی بیرکەوتەوە .. ئەمشەو بە نیازی ئەوە بوو هەموو شتە کۆنەکانی بێنەوە یاد .. ژانو خەمو گریانو کۆستی سێ ساڵ لەمەوبەر .. ئەمشەو سێبەرێکی تر .. پەڵەیەکی تر بخاتە سەر ئەو پۆرترێتەی خۆی .. ئەمشەو فلچەیەکی ترەو ڕەنگێکی‌تر دەپرژێنێتە سەر ئەو تابلۆیەی دەیەها ساڵە تەواو نابێ .. ئەم شارە سێ ساڵ لەمەوبەر ـ وەکو ئافرەتێکی زاڵم ـ **خەریك بوو** .. بیکوژێ .. مات‌بوو .. چۆن لەبیری بچێتەوە .. پەستو وەڕسو داهێزراو لەپێ‌بلیکەکانا هاتە خوارەوەو کەوتەوە ناو حەشاماتەکە .. وون بوو .. بە دڵ دەگریا .. ڕوحە تەنگو ناسکەکەی خوڕ خوڕ دەگریا .. تاریكو تاریکتر داهات ..

نەیزانی بۆ – زرەی زەنگی فیکاری – یەکەی گۆران – ی بیرکەوتەوە :

**ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری**
**دڵم هەڵسا زرەی زەنگی فیکاری**
**بەئاسپایی .. بەبێ‌هێزی .. بەئاستەم**
**هەوای ڕۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم**

چوار ساڵی ڕەبەق لەم شارە بێ‌ڕەنگەو .. هەزار ڕەنگە ژیاوە .. باوەڕ ناکا.. بەشەقامەکەی ڕەشیدا غل‌بۆوە .. لەم سەرەوەی تا ئەو سەری بڕێ هیچی ناوێ .. ماوەیەکی تر گەر برسی بوو .. دوو هێلکەو نانێك هەر دەبێ .. لۆقنتەی بۆ چی‌یە ؟

ئەم شارە نەك غەشیمێکی وەکو ئەو .. بەڵکو حوسێن مەردان‌و سەیاب‌و عەبدولئەمیر موسێرشی کوشت .. سست هەنگاوی دەنا .. خەفەت بەو شەقامە دەرێژێ .. شەقامی ڕەشید .. مام ڕەشیدی بیرلێدەری بیرهێنایەوە .. پاڵەوانێکی نەناسراوی ئەم ژیانە بۆرەیە .. پاڵەوانی ڕۆمانەکەی .. ئەو ڕۆمانەی دەساڵەی خەریکەو دەپەڕی بۆ نەنووسراوەتەوە .. وا چاکە شەقامەکە بکوتێتەوە .. غەمگینەو هەست بە هەوری مردن دەکا .. شەقامەکانیش ڕەشەمارن‌و لەملی دەئاڵێن .. کە شەو داهات ساردتر دادێ .. شەوی زستان وەکو دڵی ئافرەتێکی سۆزانی ساردەو جێی باوەڕ نییە .. بەڵام پاڵتۆ ڕەشەکەی بەرگەی ساردی پێ‌دەگرێ .. خەمبارو ڕووخاو..لەودیو چاویلکە سپی‌یەکەوەی دونیا تاریك دەبینێ .. هیچ ووشەیەك نییە پڕ بەپێستی خەمی‌بێ .. ئەو ئێستا هیچەو هەموو شتێکیشە .. مەگەر ئەو شیعرەی گۆران .. هەموو شیعرەکانی ئەم دونیایە .. چیرۆك‌و ڕۆمانە مەزنەکان .. فەلسەفەو ڕێبازەکان ... بزانن ئەو چی‌یەو چی دەوێ ؟! خاکی بەسەر .. بەزمەکەیە .. دێوی خەمە گەورەکەیەو لێی ناگەڕێ .. هاتەوە دیسان .. کە دێتەوەش تەپڵ‌و دەف‌و پێشوازی ناوێ .. مێوانێکی چەند بێ شەرم‌و ئابڕووە .. نەشەو دەزانێ نەڕۆژ .. نەپرسە نەشایی .. نە ئاسمان نەزەوی .. هەستی کرد کە گۆران – ی مەزن شەوێك لە شەوانی تووشی ئەم خەمە کوشندەیە بووە :

**چی‌یە ئەی ڕۆحی بێ‌لێوارو بێ‌پەی**
**لەتۆ نەشارەزایی من هەتا کەی ؟!**

حەز دەکا زوو بگاتە سەر دیجلە .. لەسەر پردەکەیەوە سەیری ئاوە هێمنەکەی بکات.. ئاوی زێ مرۆڤی پەست‌وپڕ دەخاتەوە دونیای ئارامی.. بەس‌نا .. ئەمشەو دوو دوو زۆرن .. لەسەر ڕۆخانەی دیجلەی خەمبار تێك ئاڵاون .. ساڵانێك فیزولافی ئەوەی لێ‌ئەدا کە تەنیایە .. کەچی ئێستا شەرم دایدەگرێ .. تەمەنیش دەڕواو میلی سەعات بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە .. کاس‌و گێژبوو .. ئەو هەموو خەڵکە چی‌یە ؟ لە کوێوە دێن ؟ بۆ کوێ دەچن ؟ بۆ پەلەن ؟ چۆنە هەندێکیان هەر بەپێوە نامرن ؟ ... ئای لەو هەموو ئوتمبێلە زۆرە .. کە تایەکی ئەوی تیا نییە .. لەو هەموو ئافرەتە زۆرە .. هەر لە منالکارو قەیرەکچ‌و بێوەژن‌و پیرەژن .. باوەشێکی ئەوی تیا نییە .. لەو هەموو زەوی‌و زارە زۆرەی خوا .. مەترێکی چوار گۆشەیی ئەوی تیا نییە ! هەیەو نییە موچەکەیە .. ئەویش لە دەستەوە بۆ دەم دەڕوا .. نابووایە ئەمشەو ئەم پەستی‌یە بیگرتایە .. نابووایە دەفتەری یادگارەکانی بدزن .. ئەمشەو ناچێتە پەرتووکخانەکان .. ئەگەر شەقامەکە وا جەنجاڵ نەبووایە ... بۆخۆی دەگریا .. هەمووی با بڕوا .. بەڵام ئەو دەفتەرەی پڕ بوو لەخەم‌و گرێ‌و دەردەسەری چۆن وا بە ئاسانی بڕوا .. ئەمشەو نهێنیەکانی دەکەوێتە بەرچاوی چ مرۆڤێك ؟! دەشێ بگری .. دەشێ پێ‌بکەنی .. دەشێ نەبگری‌و نە پێ‌بکەنێ !.. ئەو هەموو یادگارە بۆرانەی کە نووسیبووی .. ئەم دونیایە بۆ وا پڕ بووە لە دزو حیزو لووتی‌و جەردەو تەڵەکەبازو قومارچی‌و ئارەق خۆرو قۆڵ بڕو پیاو کوژو ئافرەتی سەرسەری‌و کچی بێ بار .... ؟ ئەم جیهانە بۆ وا تێکچووە ؟ گەر وا بڕوا چی چاوەڕوان دەکرێ .. دەیەوێ بیگۆڕێ .. پێدەکەنێ :

**« من قژ داهێنانم بە هەوەسی خۆم نییە ! »**

ماوەیەتی .. لەبەر دزینی جانتایەك دەیەوێ شۆڕشێك داگیرسێنێ .. مەسەلەکە وائاسان نییە .. ئاوڕێکی لە جامخانەی کۆگاکان دایەوە .. سەری سوڕما .. قیامەتە .. لە بنەبانی هەر کۆگایەك کۆلیتێکی چوار گۆشەیی هەیە .. بۆ گۆڕینی کراس‌و دەرپێ‌و مەمکدانە .. پرسی چی ڕوو دەدا ؟ باشتر وایە دابکەسێ .. بیبڕێتەوە.. لە هیچ‌و خۆڕایی دەیەوێ ئابڕووی ئەم خەڵکە ببات.. زیت‌و بلح‌و بزێوە .. دەیەوێ نهێنیەکانی هەزاران کون‌و کەلەبەری ئەم شارە بدرکێنێ .. باشترە بێ دەنگ‌بێ .. نەبا خۆی بگرێتەوە ..

**سەیری چێشتخانەکانی ئەوبەرو بەری جادەکەی** کرد .. بەرناکەون .. ترسـا .. ڕۆژێك .. سالێك .. سـەدەیەك بێ‌وخواردن نەمێنێ .. بێ‌شك مرۆڤ دەخوا .. یەکـەم کەسیش لەڕێکی وەك ئەم .. تەنها بازوو ئەسـتوورەکان دەمێننەوە .. !

گەیشتە سەر قەراغ دیجلە .. بەس خۆی تەنهایە .. خەلکی بە جووتە .. هەر نێرو مێن دێن‌و دەچن .. پیرەژن‌و پیرەمێرد.. تازە بووك‌و تازە زاوا .. دلدارەکان .. لەترسی سـەرما .. یان لەترسی هەزاران وورده مەترسی تر خزاونەتە یەك .. چوونەتە ناو یەك .. کە خۆی تەنهایە .. حەز ناکات هیچ شتێکی تەنها ببینێ ... باڵندەی تەنها .. درەختی تەنها .. ئەستێرەی تەنهـا .. بەردی تەنها .. هەمووی ئازاری دەدەن.. هەموو شتێکیش جووت بێ .. دێوی خەمەکـەی ئەو نامرێ .. ئازارەکەی زۆر لەوە گـەورەترە باس بکا .. بینوسێتەوە .. بیمرێنێت.. ماچی بکا .. خەمی کێوی‌یەو ماڵی نابێ !!

هەموو شتێ بە لایەك .. مردن .. کوشتن .. لافاو .. شیرپەنچە .. برسیەتی .. تەنهایی ئەم ئێوارەیەی بەلایـەك .. کـە دەگەڕێتـەوە ژوورەکەی سارده .. بەم زسـتانەش خۆزگـە بەهـاوین دەخوازێ .. هیچ نەبێ هـاوین گیزەی مێشێك ژوورەکە دەلەرێنێتەوە.. دەگەڕێتەوە.. خـۆی ناگرێ‌و هێدی هێدی دەگـەڕێتـەوە .. شەقام و دوکان‌و شۆستەو دینگەو سـینەماو چایخانە وەکو خۆیانن .. مرۆڤەکان گۆڕان‌و هەر دەگۆڕین .. دەم‌و چاوەکـانی بیر نەماون .. سـەرنج ڕاناکێشن .. یەکەم جارە دەیانبینێ .. یان بینویەتی‌و لە یادی نەماوە .. جارێکی تر نە ئەو .. ئەوان دەبینێتەوە .. نەئەوانیش ئەو !.. کەواتە ئەو خەلکە هەمووی لەحیسـابی یەکتریدا دەمرن .. یان هەر مردوون‌و بەزندوو حیسـاب دەکرێن .. دەگەڕێتەوە ژوورێکی سـارد .. دەرگـاکـە لەدواوە دادەخا .. دوو قەرەوێلـەو بەس .. باوەڕ ناکات خەلکی تر بێنە ئوتێلێکی وا هـەرزان .. وێنـەی ئافرەتێـکی نیمچە ڕووت بەدیوارەکەوە هەلواسـراوە .. جێگایەکـەی هەلگیرایەوە .. سـەیرێکی لێفەو دۆشـەگ‌و سەرینەکەی کرد .. دۆشەگەکە پەلەو لەکەیەکی زۆری گرتبوو .. پێ‌کەنی :

**« پیاومان لەسەر وێنە دەژێی .. چاکتر .. ئەمەیان دۆڵ‌و زوڕناو خشـڵ‌و ئالتوون‌و خەلك‌و خانووی ناوێ ! » .**

**سـۆلێکی دڕاو لەژێر قەرەوێلەکەدایـە .. ئاخۆ ئەمشـەو ژوورەکەی لەگـەل کێ دابەش دەکا .. هەرکێ بێ گرنگ نییە .. هەموویان یەك ڕەنگ‌و یەك دەنگن .. ئەو خەلکە تەنها بەلووت‌و ڕەنگی قژو پانتۆل لەیەکتری جیا ئەکرێنەوە !**

ئای شـارستانیەت چ ئاشێکی گەورەیە .. هەر کەسـەی خەریکی ڕۆحی خۆیەتی .. ئەو خەلکە چاك وازی لەیەکتری هێناوە .. هەموویان وەکو قرژاڵ بەپشت دەڕۆن ! ئەو هەورە قورسەی ئاسمان دەیبارێنێ .. ئێستا هەموویان وەکـو ڕدوە باڵندەیەك .. خۆیان لەترسـی باران دەشـارنەوە .. شەقام کەمێك چۆلتر دەبێ .. بابارێ .. ئەو خەلکە دەلێی دەماغی ئەمیـان کردۆتە شۆسـتەو بەسـەریا گوزەر دەکەن .. سـەرماشەو پەنچەرەکان دەکاتەوە .. ڕێژنەی باران خرمـەی دێ‌و دێتە بەرگوێی .. بارانیش خەمێکی خەسـتتر دەبارێنێ .. دەبێ چی لەم جیهـانەدا لە ئوتێلێکی هەرزان‌و شەقامێکی تەڕو باران خەمناکتر بێ .. لەژێر باراندا هەموو شتێ دەگۆڕێ .. لە هەموو شـتێکیش زیـاتر تەنیاییەکەی ئەم .. ئیمڕۆ ئێوارە تەنیایی هەموو تەنهایەك .. تەنیـایی درەخت‌و باڵندەو بێوەژن‌و قەیرەکچ‌و ئەشـکەوت‌و گۆڕسـتان‌و دورگەکان خراوەتە سـەر پەڕەی ناسـکی دڵ‌و ڕۆحی .. ئەمشەویش حـەز لەمێوانداری گۆران‌و هەردی دەکا .. واهەسـت دەکا بەجووتـە هاتن‌و پێشوازیان دەکا .. دەشلەژێ‌و ئارەقەی شـەرم دەتکێنێ .. شەرم زیاتر دایدەگرێ کە شیعرەکەی ـ هەردی ـ دەخوێنێتەوەو دەیشوێنێ :

**بەسەرسامی لە ژووری دووەم نهۆمی ئوتێلێك**
**وەستاوم**
**شـریتی عومری ڕابردووم وەکـو خەو دێتـە**
**بەرچاوم**
**شریتی چی ؟ .. سەراپا سەر گوزشـتەی**
**نائومێدیمە**
**فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەس هێنانی لاویمە !**

لە زۆر لەمێژەوە بەتەنیایی ئاشـنایە .. بەخیلی بەدلۆپە بارانەکان دەبا .. تەنیـان .. تەنیان .. بەلام کە دەڕژێنـە سـەر جادەکـە .. بەیەکەوە دەڕژێن‌و جۆگەلە دەکـەن .. هـەموو

شـتێکی تەنیاش ڕادەماڵن .. گەڵای تەنیا .. کاغـەز .. پووش‌و پـەڵاش .. قینگەجگەرە .. پاکەت .. دەنکەشقارتە .. کارتۆن .. شووشەو هەزارەها ووردەو پارچە ... هەموویـان تێکەڵ دەبن .. دەبن بـەیـەك‌و هـەر دەڕۆن .. هەر دەڕۆن‌و دەڕۆن‌و .. دەشێ ترسی لافاوێك بخەنە شار .. ئەوەیە سیحری هێزی یەکگرتن‌و جووت بوون .. حەز دەکا بگری .. گریان چی لەسـەر کاسی پڕ تەنیایی ئەم دەکا ؟! هەموو دونیا لـەم ساتەدا وەکو بازاری جەژن قەڵەبالغ بێ .. بەڵام کەس نازانێ .. لەم جیهانە پان‌و بەرینەدا کەس نازانێ ژوورەکەی وەکو گێژەلووکەی سێ‌گۆشەکەی ( پەرمۆدا ) دەیخواتـەوەو هەڵیـدەمژێ .. لـە پەنجەرەکەوە نیگایەك دەبڕێتە شـــەقامەکە .. خەڵکی خۆیان لەباران دەرشاردەوە .. سـەریان ناوەتە قلیفەوە .. بەچەترو بێ چەتر وەکو مێگەلە مـەڕێکی گێـژ تێـك قـژقـژاون .. لێـیـان وورد بۆوەو دیقەتی کردن .. پەسـتی‌و وەڕسی زیاتر دایگرت .. بە ڕۆحی ئاشـنان .. ئاشناش نین .. نەخشەی مێشکی زۆریانی لەبەرچاوە .. ئێستا زیاتر بە گەمژەڵ‌و گیـل‌و گەلحۆو دەبەنگ دێنە بەرچاوی .. ناوێرێ زیاتر سەیریان بکا .. پەستتر دەبێ .. زیاتر هەست بەتەنیایی دەکا .. ژوورێکی تـەنیـا .. بـارانی نـاوەختی ئێـمرۆ ئێواره .. دزینی جانتایەکی ڕەش‌و پڕ خـەم .. دڵی دەکوڵێ‌و هەراسانی پێ‌هێناوە .

کێیە ؟ گرنگ نییە ... تەنیایە .. بیست‌و پێنج ساڵە تەنیا دەژی .. بیست‌و پێنج سـاڵ دەکا نۆ هەزارو سەدو بیسـتـو پێنج ڕۆژ .. یانێ سەدو نۆ هەزارو پێنج سەد سەعات .. ئەم ژمارە زلە تەنیـا بووە .. بـە هەموو کـەس بەستراوەتەوە .. وا هەسـت دەکا کەس بـەو نەبەستراوەتەوە .. هەرچی شـیعرو چیرۆك‌و شانۆگەری‌و ڕۆمان‌و ئەفسانەو داستان هەن .. هیچیان ناگەن بەناخی :

« دەشـێ کەمێك خواردنـەوە دادبدا ؟ هەرگیز .. بخوێنمەوە ؟ چو ؟ .. مەگەر ئەمشەو هەموو پارچە کاغەزو کتێبەکانی سەر ئەم زەمینە پڕ لە پرسەیە بخوێنمەوە .. بۆ خەمی من هێشتا کەمە .. هیچ ووشەیەك نییە بۆن‌کرۆزی ئەم دڵو دەروونە سووتاوەمی لێ‌بێ .. ئەمشـــەو گەر پشیلەیەکم هەبێ .. ئەم تەنیاییە دەڕەوێتەوە .. ئای ـ قەرەنی ـ هاورێ .. لە هەموو تابلۆیەکی پشیلەیەکی لاوازو کزو ڕەش هەبوو .. لای ئـەو ڕەمزی تەنیایی بوو .. ئەمشەو پشیلەکەی ئـەو برادەرێکی گیانی بەگیـانی منە .. ئاخـۆ دەبێ دەوڵەمەندەکانیش وەکو ئێمە هەسـت بەتەنیـایی بکەن ؟ چـۆن .. ؟ لـەبـەرچی ؟ بۆ .. ؟ خـۆ ئەوان ...... هـــەرچۆنێـــك بێ .. زۆریش هەن .. هەر ئەمشەو لە هەموو ئوتێلەکانی ئـەم دونیایەدا تەنیان..بەس ئەگەر هەزارەها بێ‌سەرو نامۆو دەربەدەرو بەرەڵلاو قوربەسـەری وەکو ئێمە نەبووایە .. کێ کـەلاوە ئوتێلەکـانی ئەم دونیایەی پڕ دەکردەوە ؟! ئای کەژیـانم هەمووی گواستنەوە بووە..لەم شۆستەوە بۆ شۆستەیەکی تر .. لـەم ئوتێلەوە بۆ ئوتێلێکی تر .. لـەم شارەوە بۆ شـارێکی تر ... کەی منیش ؟ .. هیچ ! ... شەممە وەکو یەك شەممەیە .. یەك شەم وەکو دوو شەممەیە .. هەموو شەممەکان چەند دانە تەزبیحێکی هەزار سـاڵەن .. کـەژەکانیش بەدوای یەکتریـدا دێن‌و دەڕۆن .. تەنیا ئاووهەوا دەگۆڕێ‌و بەس .. دەبێ شـتێ بکەم .. شتێ بگۆڕم .. وا ناڕوا .. ئیتر تاکەی لەتەنیاییدا چاوەڕوانی تەنیایی ؟ سەرێنی تەنیا .. پیاسەی ئێواران .. خەمی شەوان .. پیالـەی چا .. فلچەی ددان .. وێنەی ژوور سـەر .. تاکـەی هەمووی هـەر تەنیـابێ .. ئـاخر تاکەی ؟! » .

بەدوای شقارتەیەکدا دەگەڕا .. ژوورەکـە ساردەو ساردتر دەبێ .. پەنجەرەکان دادەخاتەوە .. پاکەتـەکـەش دزرا .. هەندێك لـەززەتی ئافرەتێك لەجگەرەیەك دەکەن .. ئەمشـەو نـە ئەوەی هەیەو نە ئەوی تریش .. شقارتەیەك نییە زۆپاکـەی‌پێ داگیرسـێنێ .. بەدیار ئاگرە زەردەکـەی خەمێکی زەرد بخوا .. ژوورەکەش

گەرم بێتەوە دڵی هەر ساردە .. لەوەتەی خۆی ناسیوە .. دڵی ئاگردانێکە هەر دادەگیرسێ‌و دەکوژێتەوە .. هەر دادەگیرسێ‌و دەکوژێتەوە.. ئەگەر ئەمشەو بەفر لە ئاسمانی هیچ وولاتێك نەبارێ .. ئەوا بێ‌شك بەسەر وێرانەی دڵی ئەودا کلو کلو دەبارێ .. تا بەیانیش گیانی دەبێتە سایەقەو دەیبەستێ .. چەندیش جێگای خەفەت‌و داخە .. مرۆڤ لە ئوتێلێکی وا هەرزان‌و ساردو ڕووت تەنیا بمرێت .. بێ ئەوەی کەسێك پێش مردنی دەم بنێتە دەمی .. چەند جێی داخە ؟

ژوورەکەی تەنیایە .. جلەکانی هەر لەبەرە .. پێلاوەکانی هەر لەپێیە .. لە ڕاوکەرێکی دەست بەتاڵ دەچێ .. ئەسپەکەی پێش تانجیەکەی دەکەوێ .. بۆیە نێچیرێکی بۆ ناگیرێ .. لەوەتەی هەیە سەرکوت‌و پێ خاوس ڕادەکا .. بەهیچ نەگەیشت .. دەیەوێ هەتاو بگرێ .. سێبەر بەقەد باڵا بێ .. مێشکی ئاشی ئاوەو هەر لەکاردایە .. هەر ئێستا بیر لە هەموو توژبنێکی ئەم جیهانە دەکاتەوە .. حەز دەکا لەم ساتە وەختەدا بزانێ چەند کەس دەکوژرێن‌و چەندیش ماچ دەکرێن .. چەند لەدایك دەبن‌و چەندیش دەمرن .. چەندیش وەکو ئەم تەنیایی دەیانکێڵێ. ئەمشەو بێ‌چەك بەرانبەری ئەژدەهای هەزار سەری وەڕسی‌و بێزاری دەجەنگێ‌و بیر دەکاتەوە :

**« ئەوەی خۆشم نەویست گوناه بوو .. بەلام ئەوەی خۆشی نەویستم نەیزانی منیش گوناهم .. منیش تا ئەوەی خۆشی نەویستووم نەگەڕێمەوە بەماچ نەمشواوەتەوە .. من ناگەڕێمەوە لای ئەوەی خۆشم ویست‌و بەجێم هێشت ! »** .

شەو درەنگەو خۆی بۆ ناگیرێ .. بێ‌چەتر لەژێر باران‌و تاریکی شەودا .. دووبارە خزایەوە سەر شەقامەکان .. شەقامە درێژەکەی کوتایەوە .. بەو پالتۆ ڕەشەوە لە پاڵەوانی ڕۆمانێکی ـ دۆستۆیڤسکی ـ دەچێ .. دەڵێی ئاسمان لەگەڵتایەو نم نم دەیبارێنی .. تاك تاكە مەردووم بەجادەکانا شۆڕ دەبوونەوە .. خەریکە ژمارەی ئوتمبێلەکانیش کەمتر دەبنەوە .. بارەکانیش چۆڵتر .. کاباری‌و تیاترۆخانەکانیش چۆڵ دەبوون .. خەریکە وەکو مێروولەو مێش‌و مەگەزو باڵندەو ئاژەڵی خوا .. هەر کەسەی بۆ شارو کون‌و هێلانەی خۆی دەگەڕێتەوە .. چەند پۆلیس‌و یاساولێك بۆ پاراستنی ناموسی شار .. ڕژاونەتە سەر شەقام‌و شۆستەو کۆڵانە تاریکەکان .. هەرخۆیەتی .. ئەمشەو تەنها خۆی پاشای ئەو شەقامانەیە .. کەس نییە بەرامبەری بکۆکێ .. ئەم شەقامانەش وەکو دڵەکەلاوەکەی چۆڵن .. شاربێ دەنگە :

**« ئاخۆ بێ دەنگی ئەمشەوی شار .. لە پرسەیەکی گەورەوە .. یان لە لەززەتێکی گەورەوە هاتووە ؟! »** .

ناگەڕێتەوە .. دەگەڕێ .. خەریکە چەقۆی ساردی پالتۆکەی ببڕێ‌و پێستەکەی شەقار شەقارکا .. بایەکی سارد لچولێوی پالتۆکەی دەخاتە سەماو قژە تەڕو ئاڵۆزەکەی زیاتر دەشێوێنێ .. خۆی لەلایتی ئوتمبێلەکان دەپارێزێ .. کێ دەیناسێ ؟ لایتەکان .. جادە تەڕەکان دەخەنە باق‌و بریق .. بەم شەوە ساردو تۆفە گومانی لێ دەکرێ .. باشتر وایە بگەڕێتەوە .. بەڵکو هەردی یان گۆران مێوان بن‌و .. باسی خەمی ئەمشەویان بۆ بکا .. خۆیشی دەزانێ نەخەمەکەی نەخۆی لەوان مەزنترە .. واز لەو شەقامە چۆڵە بێنێ.. وەختی پاڵەوانبازی نییە .. ڕۆیشتن لەژێر ڕووناکی گڵۆپ ئازایەتی نییە .. ئەوە کەمە تاریکیە .. تاریکی جەنگەڵ نییە .. باشتر وایە بگەڕێتەوە .. با دەفتەری یادگارە بۆرەکانیشی لەبیرکا .. گەر ئەم ئازایە شتێکی تر بڵێ‌و شتێکی تر بکا .. گۆران‌و هەردی نەیان ووتبێ‌و نەیان کردبێ .. شتێکی‌تر .. شتێکی‌تر .. شتێکی‌تر !

★ ● ★




عبدالله عزیز خالد

ڕاستەوخۆ لە تولە ڕێگاکەوە هاتمە سەر شەقامە قیرەکە ، یەکەم نێگام :

... تاوێرێکی گەورە خزابووە دووفاقی پیرە دارتوویەکی بەرزەوە ، بەڕێکەوتم ... بەدەم پێچانەوەی شەقامەکەوە لە ژێڵدا دوو زنجیرە دوکانی بەرامبەر یەك داخراوم جێهێشت ، لەپردێکی ئاسنینیش پەڕیمەوە .

شنەی شەپۆلی تەزوویەکی شاد بە دەمارەکانی لە شمدا فڕکەی کرد ، ماندوێتی ڕێگا هەورازە سەختەکەی بەرودوام دەواری پشوی لەشینایی ڕۆخی دەرونە حەسرەتیەکەمدا هەڵدا . من خۆشی خۆشیمە لە ژوورە گڵینەکەدا دەحەوێمەوە :

— **( ئای لەبۆنو بەرامەی گڵ ، من بۆی دەمرمو دەژیمەوە ) .**

نەء هەر ئەوەش نیە دەچمە پەنا کێوی ( مەمی ) کە ساڵ دۆانزە مانگە تا کەمەرەی بەفر مێوانیەتی :

— **( ئای چەند خۆشە ، ئەم هاوینە بێ ڕێواس نابین ، ڕێواسی بن تاوێرەکان تەمەنیان درێژ تر دەبێت ) .**

من هەر دەڕۆمو شەقامە قیرە پێچاو پێچەکەی بەردەمم دەبڕم تاگەیشتمە تولە ڕێگایەك بەلای ڕاستدا لای دەدا ، کەمێك بەناخی خۆمدا شۆڕبوومە خوارێ ، بێ دوو دڵی بڕیارمدا پێدا بڕۆم :

— **( خۆم دەزانم رووەو کام ( ملە ) مل دەنێم ) .**

— **ئەم ڕێگایە بۆ هێلانەی دڵ قەد بڕ ... !**

چاڵو چۆلی ڕێگاکە بە بەفر پڕبۆتەوە ، هەموو هەڵتوتانێك مەترسیەکی گەورەی لە دوایە .

لەو ساتەدا زریانێکی بەهێز لە گەروی دەربەندەکەی بەرامبەرمەوە بە لورە لور پڕی پیادەکردم ، رایدەژاندم ، دەیوسیت سەرەو خوار رام فڕێنێ ، بەگژمدا دەهات :

— **( نەخێر تادێت رق ئەستور تر گفەو ناڵەی بەڕوومدا هەڵدەدا ) .**

لەم لاشەوە دەستو پەنجەکانم وەختە هەڵوەرێ ، سەری لوتو گوێم لەوە بوو بپەڕێ ، دەمو چاوم شین هەڵگەڕابوو ، جاروبار سوکە شانێکم بۆ هەڵدەتەکانو ئاوڕێکی لە ناکاوم دەدایەوە هیچم نەدەبینی ، تەنیا لە دوورەوە بە ئاستەم دەنگی ژاوەژاوێکی تیکچڕاوم دەبیست ، لێی حاڵی نەدەبووم ، من خەیاڵم لای شاڵاوی شەپۆلی زریانەکە بوو :

— **ئای ... پیرە رەشەبای سلێمانی چۆن لێرەشدا لێم پەیدا بویت ؟**

تا دەروشتم تولە ڕێگا ڕاستەکە ملی رووەو هەوراز تر دەناو بەسەر ناوچەکەدا نیگای دەکرد ، بەفریش پروشەیی هێواش دەهاتە خوارێ ، نەخێر : بەوەشەوە نەدەوەستا کلو کلو سێ ڕێزە

دەباریّو رەپۆشی سامێکی سەرسەختی بەسەرما هەڵدابوو ، تەنگی پێ هەڵدەچنیم .

بەفرەکە تا ناوقەدی تێکردوە ، منیش هەر مل بەرەو پێشەوە دەنێمو دەڵێم :

— **رێواسی ژێر بەفر خۆشە !..**

چاوتروکاندێك بروسکەی ئازارێکی پێگەیاندم :

— **پار ئەم حەلە بەخت دەبووە میوانی ئەو کەسەی بەم دیدارە شادبوایە .**

دوای کەمێك خۆ خواردنەوە :

— **گڵو رێواسەکەی ووشکن .**

بۆنو بەرامەی گڵ ، چێژی رێواسو پیشۆکەکەی تێکەڵ بەخوێن بووە ..

— **ئای لەیادی روژی سەیرانی سەرکانیە زیوینەکە کە لە (ملە)کەی ئەوبەریەوە پۆلە ( کەو ) بێباکانە دەیان خوێند .**

من لە بزەی ئەو شادیانەدا دەتوامەوە ، زریانەکە تا دەهات قایمتر هەڵی دەکرد ، دەیوست کەنەفتم کات !

— **ئەوە زریانو ئەمەش بەفر .**

دایکم فێری کردم کە رێم کەوتە ناو بەفرەوە دەست لەسەر ئەژنۆ دۆش دانەمێنم ، بزوێم ، بجۆڵێم ، ستارەم نەبێ ، جێ بە خۆم نەگرم ، نەبا زەفەرم پێبەرێ ... پەندەکەم ورد دەکردەوە هەنگاوی گەورەی پێ دەنام .

لە دەریای ئەولێکدانەویانەدا بووم .. لە دوورەوە ، ها ئەوە رەشاییەك دەرکەوت :

— **خۆیەتی ، هەر ئێستا خۆم دەگەیەنمە پەنا مقەڵی ئاگرەکەو لەرزی جەستەم دەردەکەم .**

وردە وردە هەر دەرۆم ، بەفرەکە تا پشتێنەم هاتووە ، درِی پێ دەدەم ، جێ رێچکەی پیادەکانی بەر لە خۆم هەڵدەگرم :

— **( نازانم ئەوان رووەو کام لا ـ هاتون یان چون ـ ؟ ) .**

بەدەم درِ پێدانی بەفرەوە گەشکە دەمگرێ :

— **( ئەم بەرەکەتە چنگ کێ دەکەوێت ؟ . هاوینەکەمان بە پیت دەبێت ، نەءِ ئەمساڵمان هەموو هەر بەهار دەبێت ) .**

تاوێری ئەم بەرو ئەوبەری تولە رێگاکە بەفر دای پۆشیو بوو ، هەر یەکەیان وەك قەڵایەك خۆیان دەنوان .

من هەر دەرۆم ، هەست بەماندوبوون ناکەم ، لەگەڵ خۆم دەدوێم :

— **وا چاکە زوو خۆم بگەیەنمە مەنزڵ .**

ئاسکی بەسەر بەفرەکەدا فرِکە دەکەم ، دەستی راستم گیرابوو ، بەدەم رۆشیتنەوە بە دەستی چەپ یاریم بە بەفرەکە دەکرد ، گەشکە دەیگرتمە باوەشی ... من هەر وا دەرۆم ، پاش ئاوردانەوەیەکی کەم شوێن پێکەم سپی دەبووەوە ، ئەمەیان دڵی خۆش دەکردم سێ ریزە دەباری :

— **با بباریّ ، کانیەکانیش دەتەقنەوە .**

بەدەم هەڵکردنی کشتەکی ئەو هیوایەوە تەواو لەرەشاییەکە نزیك بومەوە ، دەنگی سەگ وەر دەهات ، گەماڵە بۆرە لەبەر دەم کونەکەیدا لۆزە رەشەکەی کرد بووە ئاسمان ، خورپەیەك ددمارەکانی مێشکی لە مێخ راتەکاند گورزی بێ ئارامی خزانە دەرونمەوە :

— **لە کوێ بن ؟ ...... ( کاتی حەوانەوەش نیە ) .**

چوومە پێشترەوە ژ

— **نیازیو ئاری هاورێم ؟ . ( لە پشودانن ) ..... کورە شاعیرەکە ؟ ... ( ئەم بەیانیە خۆی پێچایەوە ... ئەوی‌تر ئەوانی‌تر ؟.. خەتمی تەسبیحێکی سەدو یەك دەنکیم کرد .**

ئاکام چاوی تەنیایم گیرا ، ورتەو دەنگ نەبوو ، ژوورە گڵێنەکان هەر وەك خۆیان جێ هێڵرابوون ، قولێنەیەك نانە وردەی ووشك هەڵاتو لە پاڵ دیوارێکدا هەڵرژابوو ، دوو جرج بە ئارەزوی خۆیان تەراتێنیان تێدا دەکرد ، گونیەیەك پەتاتەی سیس تێکەڵ بەقورو لیتەکە کرابوو ، جەمی بەردەم ژوورەکان پلوسکەی بەفراویان بەژێردا تێدەپەری .

هاوارم کرد :

— **کاکە حەمە ... مامەلی ... ؟**

دنیایەکی کپو خامۆش بوو ، لە شووشەی پەنجەرەیەکەوە سەیری ناو ژوورێکم کرد : وێنەی شوانێك کولەباڵێکی لەبەر دایە ، لەسەر کانیەك

بە دیار کۆمەڵە بەرخێکەوە دانیشتوە ، بێ باکانە لێوی بە دەمی شمشاڵەکەوە ناوە .. لە تەنیشتا سوچێکی ژوورەکەدا گۆچانێکی دار حەیزەران بە سنگێکەوە هەڵواسراوە ، جووتێ پۆستاڵی بۆیاخ کراویش لەسەر مێزێکی تەختەی شڕ لە تەنیشت سەفتە کتێبو قەڵەمێکەوە دانراوە .

هاوارم کردەوە :

**ــ کاکە حەمە ... حەمەد ... دەنگ نەبوو .**

**ــ مامەلی ... ئەویش هەروەها .**

لە ناکاو لە دوورەوە دەنگی ( بەڵێ ) پەردەی گوێمی زرنگاندەوە ، هەڵوێستێکم بۆ کرد :

**ــ ( ئای ئەوە شاسوارە ) .**

لە ناو بەفرە کەدایە و ڕووەو چەمەکە مل دەنێ ، دوو دڵە لەوەی بەرەو لای من بێت یان ملی ڕێگاسەرەو خوارەکە بگرێت . نەخێر پێی بە جەرگی خۆیدا نا ، بەرەو لای من هات ، لێم نزیك بووە ، ڕەنگی هەڵبزڕکابوو ، بەواق وڕماویەوە سەیرێکی کردم لە ئیشارەتەکانی هیچ حاڵی نەبووم ، چاوەڕوانی ووشەیەك بوو ، بە چاو تێم گەیاند :

**( مەسەلە چیە ؟! ) .**

سەیری بەفرەکەی سەر چیا قووچەکەی ( مەمی ) کرد ، چاوی بڕیە بەر پێم .. جارێکی تر سەری بڵند کردەوە :

**ــ ئەمڕۆم ... خێڵ کۆچو باری کرد .**

خورپەیەك دەیوسیت هەناوم هەڵتەکێنێ ، چەند دڵوپە فرمێسکێ لە چاویدا قەتیس مابوو ، نە دەهاتنە خوارێ و مانیان گرتبوو ، زۆری لە خۆی کرد پێڵوەکانی لێك نا فرمێسکەکانی لە نێوان برژانگە چرکانیەوە ڕژانە خوارێ ، کەوتنە سەر بەفرەکە ، بەقەد قەوارەی خۆیان ڕووچوون کونێکی زەردیان دروستکردو لێوە لەزۆکەکانی بەیەکدادا :


**ــ شوشەیەك گڵ لەگەڵ خۆمدا دەبەم ، هەر ئەوەم پێ دەبڕێ .. خێڵ ڕووەو ژوور کۆچی کرد .**

بێ چاوەڕوانی وەڵام پشتی تێکردم سەرەو خوار ڕووەو شەقامە قیرەکە تەکانیدا ، بەدەم ڕۆشتنو هەناسە هەڵکێشانەوە هەر دەیووت :

**ــ شوشەیەك خۆڵو گڵ ئەبەم .. بێ ئەو ناژیم ..**




خۆر بە تەواوی بەرەو ـ ڕۆژئاوا ـ داکشا ، پەڵە هەورە تەنكو سووکەڵەکان ، بەسەر ئاسۆی بژنەوە ، بوونە خەرامانەی خۆرو ، خۆریش وەك زەردێنەی هێلکەیەکی لە ناوەڕاستدا .. ڕێك لەت کراو .. وا بوو ، خزمەتکارە ـ چینی ـ یەکە ، دوای ئەوەی فووی لە ئاگری ژێر تەنەکەکە کرد ، وتی : « ئینجا ئیتر پێویستە بێتەکوڵ » .. تەنەکەکە بە شێوەیەکی ڕێكو پێکی واکە نەلەقێتو لار نەبێتەوە ، لەسەر دوو نیمە خشت دانرابوو ، ئاگرێکی خۆشمان کردۆتەوە بۆ ئەوەی قاوەیەکی خۆش بخۆینەوە ، ئەوەتا ئیستەش بە پەرۆشەوە ، هێندەی ئەو پەرۆشیەی ئافرەتی سەرکاسە لە پاشەژاندا بۆ منداڵ بوون هەیەتی ، ئێمەش ئاوا چاوەڕوانی ئەوەین ئاوەکە بێتەکوڵ ، هەر کە ئاوەکە چەند قوڵپێکی دا خزمەتکارە چینیەکە وتی « ئەوەتا .. وا ... » قوڵپە قوڵپ زۆر تر بوونو ئاوەکە لە کەفکردندا بوو ، دەستی کرد بەگیرفانی تەنیشتی ، قەمسەڵە کۆنو دڕاوەکەی داو قوتویەکی مقەبای دەرهێنا ، قاوە کوتراوەکەی کردە ناو ئاوەکەوە ، پیاوێکی کورتە بنەبوو ، قژی لوولو تاڵە مووی سپی تێکەوتبوو ، خاوەن ڕوخسارێکی خڕو .. هێمن




**پێناسین**

● ئالکس لا گوما لە ساڵی ١٩٢٥ دا لە شاری کیب لە دایك بووە ، لەبەر جموجووڵی سیاسی ماوەیەکی زۆر ڕێگەی چوونە دەرەوەیان لێبەست ، لە ساڵی (١٩٦٢) ەوەو بۆماوەی پێنج ساڵ دەست بەسەربوو ، لە ساڵی ١٩٦٦ دا بە خاوو خێزانەوە ، خوارووی ئەفریقای جێهێشت لە ساڵی ١٩٤٤ دا یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی بەناوی « گوریسەسێ قەفە » کەوە .. بڵاوکردەوە لە ساڵی ١٩٦٧ دا دووەم کۆمەڵە چیرۆك بە ناوی « زەمینی بەردەڵان » و ئنجا کۆمەڵە چیرۆکی « گەشتێك لەشەودا » ئەم چیرۆکەش لە کتێبی «چیرۆکی نوێی ئەفریقاوە» کە لە بڵاوکراوکانی وەزارەتی ڕاگەیاندنی عیراقەو لە لایەن ( عاصم اسماعیل )ەوە وەرگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی وەرگێراوەو لێرەدا پێشکەشی خوێنەرانی کوردی دەکەین .

بوو ، کە نیشانەی ئارام گرتنی تێدا ئەخوێنرایەوە فێری ئەوە بووبوو کە هەموو کاروبارێك بە وردی‌و لە سەر خۆو بە چاکترین شێوە بە ئەنجام بدات ، وەك جووتە مووروویەك ، دوو چاوی درێژکۆلەی زیت‌و بە قوڵاچووی بزێوی پێوەبوو .

وەك ئاموژگاری‌ی یەکێك بکات وتی : « تا باشتر خۆی بپالێوێ ، تۆزێکی تریش مۆڵەتی ئەدەین » قوتوە مقەباکەی خستەوە هەمان گیرفان‌و لە گیرفانەکەی تریدا ، پارچە پەڕۆیەکی دەرهێناو ئاڵاندی لە دەستێوەو ، لە سەرخۆ تەنەکەکەی لەسەر ئاگرەکە داگرت‌و نزیك خشتەکان لە سەر لەکە داینا .

لەم دوایی‌یەداو ئەوەندە نابێ ، لە کاروباری ڕاکێشانی هێڵی، شەمەندەفەر بوونەتەوە ، تۆزێ دوور لە قەراغی شەقامە کۆنەکەو ، هەروا چەند مەترێك نزیك لە سەددە خۆلینەکەوە،چادرەکەمان هەڵداوە ، لاشێپانی دیوارە تەنکەکانی خانووە داروخاوەکە ، هەرەمەکی بە سەریەکدا کەوتبوون‌و بوونەتە ماڵی جاڵجاڵۆکەو ڕزیون‌و ژەنگیان هەڵهێناوە ، ڕێبوارەکانیش ، ژێر ئەم داروپەردووەیان ، پڕکردووە لە پیسایی‌و لە هەندێ شوێنیشیا گژوگیای لێ‌شین بووە .

دیوارە کۆنکرێتی‌یەکەش ، هەر وەکوو خۆی ماوەتەوە ، ئەگەرچی لە هەندێ لایەوە درزی بردوەو ، ڕەنگ‌و ڕووی خۆی ون‌کردووە ، ئەم دیوارە ئیستە لە دروشمی پێشووازی کردنێ دەچێت ، کە شاری جروجانەوەرو تارمایی هەڵیکردبێ ، خزمەتکارە چینی‌یەکە ، ئەو قوتوە شیرە بە تاڵانەی کە لە بری پەرداخ بەکارمان دەهێنان ، لە تەنیشت یەکەوە ڕیزی‌کردن ، خۆیشی لەسەر شێلمانێکی ژەنگ گرتوو دانیشت، ئیستە ئامادەیەو ، قەیرێکی‌تر ئاهەنگی قاوەتێ کردن دەست‌پێ‌ئەکات .

ئەو قەیرە خایاندێ ، ئەگەرچی خزمەتکارە چینی‌یەکە ، بۆی چۆتە سەر چێچکان‌و ، پەڕۆکەشی لە دەستێوە ئاڵاندوەو لێواری تەنەکەکەشی پێ‌گرتووە ، بەڵام بەبێ ئەوەی بجوڵێتەوە ، چاوەکانی بڕیوەتە شتێکی دوورو مت بووە .

گوێم لە خشەخش‌و لەرینەوەی گەڵاکانی پشتمەوە بوو ، سێبەرێکی درێژ ، سێبەری ئادەمیزادێك ، کەوتە سەر بۆشایی‌یەکەی بەردەمم سەرم هەڵبڕی ، تەماشایەکی پشتەوەم کرد ، لە

هەواڵنامەی کتێب
http://www.facebook.com/groups/140691186019655/



ناو درختەکانەوە هاتە دەرێ ، کورتە بنەیەکی لاوازی ڕەنگو ڕووزەردبوو ، تۆزو خۆڵێکی دیار، نیشتبوە سەر لێواری چرچو لۆچی ناوچەوانو دەوروپشتی دەمو لاملی ، قژە بژە درێژەکەی تا خوار پشت گوێی هاتبوو ، پانتۆڵێکی ڕەنگو ڕوو پێنەماوی شڕو چڵکنی دەرەلنگ خواروگێری لە پێدابوو ، چاکەتێکی چەرمی ، دڕاویشی لەبەردا بوو ، دوودڵ ، ڕاوەستابوو ، سەرنجی بە نێوان هەر دووکماندا ئەگێڕا ، دووەم جار سەرنجەکانی لە سەر من گیرسانەوە ، بە پشتی دەستە پیسو پۆخڵەکانی دەمی سڕی ، بە دوودڵیەوە وتی : « بۆنی قاوەم کرد .. ئومێد ئەکەم بێزارتان نەکەم » خزمەتکارە چینیەکە ، بە دەم زەردەخەنە هێمنەکەی خۆیەوە وتی : « تۆش لێرە بیت ، من ئەوەندە دەربەست نیم » هەر بەهەمان زەردەخەنەوە ڕووی‌کردە منیشو وتی : « تۆ لەو بڕوایەدای ، ئێمە ئەتوانین میوان ڕاگرین ؟! » .

ـــ بڕوام وایە ، چونکە دوایی شتێکی‌تر لە گۆشتی قەلەموونو فاسولیای تەڕ پاشکەوت ئەکەین ! خزمەتکارە چینیەکە سەرێکی بۆ غەریب ڕاوەشاندو وتی : « دانیشە .. برام .. دانیشە ، ئێمەش تازە خەریك بوو نانی ئێوارە بخۆین » .

کابرای غەریب بە دەم ورتەورتێکی تەریق بوونەوەوە ، هەنگاوی هەڵهێنا ، نووکە شەقێکی لە بەردێ هەڵداو ، بێدەنگ لە سەر شێلمانێك دانیشت ، لەو کاتەدا بە وردی تەماشای خزمەتکارە چینیەکەی دەکرد ، کە خەریکی ئامادەکردنی قوتوە شیرێکی بە تاڵی پاکی‌تر بوو ، قاوە کولاوەکەی داگرتو دەستی‌کرد بە تێکردن .

ـــ هۆ .. کابرا .. لەگەڵ تۆمە .. ئەبێ خۆت خزمەتی خۆت بکەیت ، ئەمەشیان ئاهەنگی ماڵی سەرۆکی شارەوانی نیە . کابرای پێست سپی ، لە سەرخۆو بە کوڵو دڵەوە ، دەستی‌برد بەرداخەکەی ! خۆی هەڵگرتو فوویەکی لە هاڵاوەکەی کرد ، خزمەتکارە چینیەکە لەگەڵ مڵچەمڵچدا کەوتە هەڵقوڕینی قاوەو وتی : « ئیستە .. ئێمە تەنیا چەند پارچە نانێکمان نوقسانە .. هیچ تامێ نیە بگاتە تامی نانو قاوە » لاوە سپیەکە وتی « بە گەرمی گۆشتی بەراز خۆشترە » هەروەها وتی « صۆصیش » .

ـــ ئەڵلا !!

ـــ صۆصی .. لەگەڵ قاوەدا .

ئینجا خزمەتکارە چینیەکە وتی « بەڵێ .. منیش بیستوومە » ئنجا لێی پرسی « سپیلکە .. گچکەکە ! نیازت وایە بەرەو هیچ شوێنێ بڕۆی ؟ » .

ـــ بەرەو شاری کیب ، بەڵکو لە پاپۆڕێکدا کارێکم چنگ‌کەوێو ، ئەوسا بەرەو ئەمەریکا بڕۆم .

لاوە سپیەکە قومێ قاوەی هەڵقوڕاندو وتی « بەڵێ بیستوومە لەوێ پارە زۆرەو .. خواردنیش مشەیە » خزمەتکارە چینیەکە وتی « مادام باس لە خواردنە ، جارێکیان وێنەیەکم لە کتێبێکدا بینی ، کتێبێکی ئەمریکی ، وێنەی خۆراك .. مریشکێکی زۆری سوورەوەکراو ، گەنمە شامی برژاو ، شلەی کوولەکەو فاسولیا ، هەروەها قاشە پەتاتەی سورەوەکراویش .. بێگومان وێنەکەش ڕەنگاوڕەنگ بوو » بە گاڵتەوە .. وتم « ئا تو خوا .. لە لای خۆتەوە دەستێ درێژ ناکەی پارچەیە گۆشتی بەرخم بدەیتێ ! » .

کابرای سپی ، لەم دەمەتەقێیەدا تەواو گەرم بووبوو ، وتی « تۆ وازبێنە هەر ئەوەندە بگەمە لای ئەو خواردنانە ، بزانە ئەوەندە ناخۆم تا ئەتەقم ! » خزمەتکارە چینیەکە قومێکی‌تری هەڵقوڕاندو وتی « منداڵ بووم ، لە یەکێك لە بارە گەورەکاندا بۆی بووم ، خۆزگە لە کونێکەوە چاوتان لێ‌ئەبوو ، ئەو قورمساغانە چۆن پاڵیان لێ‌ئەدایەوەو ئنجا سکیان لە هەمە جۆر خواردنی فەرەنسی « ئەلباتی کراس » و هی‌تر پڕئەکرد .. دەردیان ئەکرد » .

وتم « بیرتە ئەو جارەی چووین بخوێنەوە ، دە ڕۆژمان مسۆگەر کرد ؟ ئەوەندە گەنمە شامیو فاسولیامان خوارد تا لە کونە لوتو گوێمانەوە هاتنە دەرێ » .

خزمەتکارە چینیەکە وتی « خۆزگە ڕۆژێ لە ڕۆژان ، ڕێم دەکەوتە یەکێك لەو چێشتخانە گەورانە ، ئەوسا وەك خۆم چۆن نان ئەخۆم ، دائەنیشتمو بە دڵی خۆم بەرئەبوومە ڕانەقەڵو پەتاتەی سورەوەکراوو ، زەلاتەی چەوندەرو .. کورە .. هەرچی خواردنێکی‌تر هەیەو .. ئینجا خواردنەوە ڕۆحەکەو .. دواییش جگەرەکێشان بەسەریاندا » .

کابرا سپیەکە وتی « سا ئیتر مەسەلە حەزو زەوقە .. هی وا هەیە حەز لە مریشك ئەکاو هی واش هەیە حەز لە سەروپێو بەرخو هی واش هەیە شێتی فاسولیایە .. مەسەلە حەزە » .



خزمەتکارە چینی‌یەکە ، گرژ بوو ، وتی « مەسەلە چی‌یە ؟! مەسەلە حەزو زەوقە ! ترحێو .. برام مەسەلە .. پارەیە پارە .. شەش مانگ لەو چێشتخانەو بارەگەورەیەدا ئیشم کرد ، یەکێکم نەدی داوای سەروپێی بەرخو فاسولیا بکات » .

کابرای سپی ، پاش ئەوەی ، دوا قومی قاوەکەی هەڵقوڕاند ڕووی کردە خزمەتکارە چینی‌یەکەو لێی پرسی‌ی « باشە تۆ .. سەرگوروشتەی ئەو پیاوەت بیستووە ، جارێکیان ڕێی دەکەوێتە یەکێك لەو چێشتخانە گەورانە ؟! لە پشت مێزێکەوە دائەنیشێ‌و دەست ئەبات لە هەگبەکەیدا ، چەند سندویچێ دەردەهێنی‌و ئەیانخاتە سەرمێزەکەو ، ئنجا شاگردەکە بانگ ئەکا ، تەنیا پەرداخێ ئاوی بۆ بێنێ‌و هیچی‌تر ، کە شاگردەکە پەرداخە ئاوەکەی ئەداتە دەست لێی ئەپرسێ : ئەوە بۆچی .. چێشتخانەکەتان تیپێکی مۆسیقای تێدا ئی‌یە .. شتێکمان بۆ لێدەن ؟! » .

هەرسێکمان پێکەنین ، بەڵام خزمەتکارە چینی‌یەکە ئەوەندە پێکەنی تا کەوتە سەرگازی پشت ، ئنجا کۆکەیەکی توند گرتی‌و دوای قەیرێ وتی « کابرایەکی تریش ڕێی دەکەوێتە چێشتخانەیەك داوای-حەڵوای شەکر دەکاو بەڵام صۆصیشی بۆ بکەن بەسەردا ، کە شاگردەکە بۆی دەهێنێ ، کابرا تەماشایەکی قاپەکە دەکاو ئەڵێ «ئەم قاپە درز بردووە چی‌یە بۆت هێناوم ؟» شاگردەکەش ئەڵێت « ئەوە درز نی‌یە .. صۆصەکەیە ! » .

دوای ئەوەی بەم نوکتەیەش پێ‌کەنین ، خزمەتکارە چینی‌یەکە ، لای کردەوە بە لای ڕۆژئاوادا ، گەواڵە هەورەکان وەك چەند پارچە قوماشێك کە بە خوێن پەڵە پەڵاوی بووبن ، بە کەناری ئاسۆدا هەڵواسرابوون ، شەماڵ گەڵای درەختەکانی دەلەراندەوە ، لە دوورو لە پشت هێڵی شەمەندەفەرەکەشەوە ، سەگ گەلێ ، خێرا خێراو بە قایم دەوەڕین .

خزمەتکارە چینی‌یەکە وتی : « لە سەعات حەوتدا ، شەمەندەفەرێکی بار هەڵگر ، لێرەوە تێپەڕدەبێ ، یارمەتی ئەم پیاوە سپی‌یە دەدەین بۆ ئەوەی سواربێ‌و دوایش بگاتە شاری کیب ، ئیستەش هێشتا وەخت ئەوەندەی بە بەرەوەیە ، تێر لە گۆشتی بەرازو سەلکە پیازو پەتاتە بخۆین .. هەتا دەگات ! » ئنجا ڕووی‌کردە پیاوە

سپیەکەو وتی : « با تێر لە حەڵوای شەکر بخوێن ! ، ئەوسا بە لای هێڵەکەدا بەرەو خوار دا ئەگەڕێین ، لە پێچەکەدا ، کە باشترین جێگەیە بۆ خۆ هەڵدانە سەر شەمەندەفەرەکە ، ئەوەستێن .. تۆ هەقت نەبێ بە سەرەو ... ئێمە نیشانت دەدەین » .. ئینجا بە ویقارێکەوە دەستێکی لێ ڕاوەشاندم و وتی « جۆن .. دەی بماندەرێ ! » .

دوا چۆری قاوەی ناو تەنەکەکەم کردە قوتوکانەوە ، ئاگرەکە دامرکابۆوەو بووبوو بە ژیلەمۆ ، پیاوە سپیەکە دەستی بە گیرفانی قەمسەڵەکەیدا گێڕاو ، پاکەتێ جگەرەی تێك شکاوی دەرهێنا ، تەنیا سێ جگەرەی تێدابوو ، هەریەکەی جگەرەیەکی بەرکەوت ، خزمەتکارە چینی یەکە ، بە چیلکەیەك پشکۆیەکی دەرهێناو جگەرەکانمان پێ داگیرسان ، دوای ئەوەی سەرنجێکی گرتە بریسکەی ئاگری جگەرەکە وتی « ئەمە جگەرەی چاکە » .

کە جگەرەو قاوە کۆتاییان هات ، خۆریش بە تەواوی ئاوا بووبوو ، تاریکی و سێبەرێکی مەیلەو ئەرخەوانی ی ، زەمینی داپۆشی ، پۆپەی تەڵخی درەختەکان ، وەك کۆمەڵە دێوو درنجێ ئەهاتنە پێش چاو .

بە پشتی پیادە ڕەوە کۆنەکەداو ، لەودیو پەردوی خانووی ئیستگە داڕوخاوەکەوە ، کە لۆزی بۆ ئاسمان بەرزکردبۆوەو ، لە مەزارێك دەچوو بە ئەنقەست روخێنرابێ وە هەر بە کەناری هێڵی شەمەندەفەرەکەدا ، داگەڕاینە خوارەوەو .. لە دوور لوورەی شەمەندەفەرەکەمان هاتەگوێ .

خزمەتکارە چینی یەکە ڕووی کردە پیاوە سپیەکەو پێی وت « ئەمە شوێنەکەیە ، ئەوەش شەمەندەفەرە درێژە بار هەڵگرەکەیە ، هەر کە گەیشتە ئەم پێچە ، نە شوفێرەکەی ئەبینێت و نە ئەو چاودێری کەرەش کە لە واگۆنی تایبەتی پاسەوانەکاندا سواربووە ، جا پێویستە هەر کە لووتی شەمەندەفەرەکەت لێ ئاوابوو ، تۆ خۆت هەڵبدەیتە سەرەوە ، لێرەدا واگونەکان بە سەر ئەم گردەدا خاو هەڵدەگەڕێن ، تۆش ئەم دەرفەتە ئەقۆزیتەوە .. تێ گەیشتی ؟! بەڵام چاوەڕوان بکە تا من پێت ئەڵێم ... کورە لە ڕێی خوادا .. ئەو دەنگە لە دوورەوە ئەڵێ ی : قولپە قولپی بادەیە لە وەختی تێ کردندا ! » .

دانەکانی .. لە تاریکی یەکەدا ئەبریسکانەوە، پیاوە سپی یەکە دەستی درێژ کردوو خزمەتکارەکە تەوقەی لەگەڵدا کرد ، هەروەها منیش ، ئینجا پیاوە سپیەکە وتی « کوڕینە .. سوپاسیشتان ئەکەم .. بۆ ئەو نانی ئێوارەیەی خواردم » وتم « کەی حەزت کرد ئەتوانی سەرمان لێ بدەیتەوە ، ئەمجارەیان هەرچۆنێك بێت سفەرەیەکیش پەیدا ئەکەین !! » لە قەراغ شەقامەکەو لە پاڵ درەختەکاندا ، چاوەڕوان بووین ، لوورەو فیشکە فیشکی شەمەندەفەرەکە تا ئەهات لە زیاد بووندا بوو ، گڵۆپە گەورەکەی پێش دەمی ، بازنەیەك ڕۆشنایی زەردی هاویشتە تاریکی یەکەوە ، تۆزێکی تر کشاینە دواوە ، شەمەندەفەرەکە گەیشتە بەردەممان و وردە وردە تێپەڕئەبوو ، واگۆنێك ، دوو واگۆنی سنووق هەڵگر ، ئینجا واگونەکانی خەڵووزبەر ، دیسانەوە چەند واگونێکی تری سنووق هەڵگر ، مەکینەی شەمەندەفەرەکە لە چاو ون بوو .

خزمەتکارە چینی یەکە .. وتی « دەی .. ئیستە » پالێکیشی پێوەنا ، گوێمان لە تەقە تەق و زیکەزیکی پێچکەکان ئەگرت ، خزمەتکارەکەوتیەوە « ئەو واگۆنی خەڵوزەی ئیستە دەگات ، لێرەدا زۆر خاو دەبێتەوە ، خۆت هەڵبدەرە سەری و خوات لەگەڵ و شەوباش » .

واگونی خەڵووزەکە گەیشت و کابرای سپی لێ ی چووە پێشەوەو بە چاو دەسکی کۆتایی واگۆنەکەی نیشانە کردوو لە جێگەی خۆیەوە هەڵبەزێوەو .. گرتی و خۆی پێداهەڵواسی ، جێ پێ ی خۆی خۆش کردو وردە وردە لێمان دوورکەوتەوە ، چاومان لێ بوو ، سووك سووك قاچی هەڵ ئەهێنایەوە ، تا گەیشتە گۆشەی ئەو سەری واگۆنەکەو سەرکەوتە سەرەوە ، هەر دوو دەستی بۆ هەڵبرین ، ئێمەش دەستمان بۆ هەڵبرێوە ، خزمەتکارە چینی یەکە وتی « لە ڕێی خوادا ، ئەرێ ئەوە بۆچی تیپی مۆسیقاکە هیچ لێ نادات ؟! » .

# پزیشکی لادێ

نووسینی : فرانز کافکا
گۆڕینی : حەمەکریم عارف

لە هەلۆیستێکی گەلەك تووش‌و نالەباردا بووم . دەبوو بە پەلە خۆم بگەیەنمە سەر نەخۆشێك کە لە لادێیەکدا چاوەڕوانم بوو ، ١٠ میل لێرەوە دوورە ، زریان‌و تۆف‌و رەهێلە ئاسمانی نێوانمانیانی تەنی بوو ، گالیسکەیەکی سووکەلەی پێچکە گەورەم هەبوو ، کەپڕ بەپێستی ئەم جۆرە رێگاو بانەی لادێ بوو ، لە سێبەری خانووەکەدا وێستام ، پالتۆفەروەکەم دابوو بەسەرما ، قوتوی کەرستەی پزیشکیەکەم لە گیرفانم نابوو ، ئامادەی رۆشتن بووم . لە هیچم کەم نەبوو ، تەنێ ئەسپێك نەبێ .. دوێنی ئەسپەکەم لە ژێر زەبری سەرماو سۆلەدا تۆپی. کارەکەرەکەم نارد بۆ ناو دێ ، ئێ بەلکو ئەسپێکم لەیەکێ بۆ بخوازێت . دەشمزانی ئەم کارە سەرناگرێ . بە بێ هیوا لە شوێنەکەی خۆمدا وەستام ، دەمارەکانم کرژتر بوون ، کلۆ بەفرەکان لەسەر شان‌و ملم دەنیشتەوە ، لە دوورەوە کارەکەرەکەم دی ، بەدەستی بەتاڵ دەگەڕایەوە ، چرایەکی بەدەستەوە بوو ، رێگای خۆی پێ رۆشن دەکردەوە ... ئەبێ ئەمە چ سەیرێکی



تێدا بێ ؟ .. کێ لەم ڕۆژەدا ئەسپی خۆی بەمن دەدات ، بەتایبەتی بۆ سەفەرێك ١٠ میل ڕێگابێ ! تۆزێك جولاّم ، ناتوانم بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە . بەم خەیاڵ بلاّوی و ئازار چەشتنەوە ، شەقێکم بەدەرگا رووخاوەکەی تەویلەی بەرازەکاندا دا ، بەتەق و هوڕ کەوتە سەر پشت ، ئەم تەویلەیە چەند ساڵێك بوو تەرك کرابوو ، سەرم لەو بۆن و گەرمیەیە سوڕما کە لێوەی دەهات . لە ژوورێدا چرایەکی کزم دی ، بە پەتێك هەڵواسرا بوو . ئەوجا لە سوچێکەوە پیاوێکی قەموورم دی ، چاوە شینەکانی منیان دەپشکنی . پیاوەکە بە چوار چنگۆلە لێم هاتە پێشێ و پرسی :

— دەتەوێ لغاوی بکەم ؟

کارەکەرەکە لە تەنیشتمەوە بوو ، بەگاڵتە پێکردنەوە هاواری کرد :

— بەراستی هیچ کەسێك بە نێومالەکەی نازانێت !

هەموو دامانە قاقای پێکەنین . گوێم لێ بوو مەیتەرەکە گازی ئەسپەکەی دەکرد . هێندەی نەبرد جوتە ئەسپێکی بە هێزی چوار پەل قەوی بە غاردان بە دووی یەکدا وەدەرکەوتن ، تا گەیشتنە بەردەرگای تەویلەکە ، سەریان دانەواند ، وەکو زمانزان خۆیان نزم کردەوە ، چوونە ژوورەوە . کە راست بوونەوە ، سەرسامی قەدو یاڵ ، دەستو پاشوویان بووم . ئاوڕم لە کارەکەرەکە دایەوەو گوتم :

— یارمەتی مەیتەرەکە بدە .

کارەکەرە گوێ ڕایەڵەکە پەلاماری ڕەشمەکەیدا ، بیداتە مەیتەرەکە . بەلاّم هەر ئەوەندە لێی نزیك بوەوە توند مەچەکی گرت ، ئالکاوی دەمو چاوی بوو . کچەکە هاواری بۆ من کرد . تەماشام کرد شوێنی دوو ریزە دان بەسەر ڕوومەتیدا چەقیون و سووریان هەڵگەڕاندووە . بەتوڕەییەکەوە هاوارم کرد .

— هەی ناجسن ، دڕندە ، گەڕەکتە بەر قامچیت بدەم !

دەمو دەست بیرم کردەوە ، من بەرانبەر کەسێکی نەدیدەو نە ناسم ، نازانم لە کوێوە هاتووە ، لە کاتێکا دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردووم ، کەس بە هاوارمەوە نەهاتووە ، وەکو ئەوەی بڵێی زەلامەکە نهێنی نێو مێشکمی

حوێندبێتەوە ، هیچ گوێی بە هەڕەشەکەم نەدا ، توڕەش نەبوو ، بەڵکو ئاوڕی لێ دامەوە ، هێشتاش هەر سەرگەمی ئیشی خۆیەتی ، بەساکاریەوە ووتی :ــ فەرموو سوار بە ..

لە راستیدا هەموو شتێ ئامادە بوو . بیرم کردەوە ، گالیسکە کەم لە ژیانیا جوتە ئەسپی وا خورتی بەخۆیەوە نەدیوە ، بە کەیف خۆشیەوە سەرکەوتم ، تەماشای پیاوەکەم کرد گوتم :

— من خۆم رەشمەکە دەگرم ، تۆ رێگاکە ناناسیت .

وەلاّمی دایەوە :ــ هەر وایە .. من نایەم لە گەڵتا : لەگەڵ روزا »دا دەمێنمەوە .

ڕۆزا هاواری نارەزایی لێ هەستا . کە بیری لە چارەنووسی خۆی کردەوە بە دەست ئەم پیاوەوە ، غاری دایە نێو خانوەکەوە . گوێم لە زرەی زنجیر بوو ، دەنگی قفڵ بۆ وەی دەرگاکە دابخات ، بینیم گلۆپی هۆڵەکەی دەکوژاندەوە ، ڕووناکی لە هەموو ژوورەکان بڕی ، بۆ ئەوەی خۆی وەشێرێ .

ئاوڕم لەمەیتەرەکە دایەوەو گوتم :

— یا دەبێ بێی لە گەڵمدا یان منیش ئەم سەفەرە ناکەم هەرچەند پێویستیشە . بەوە قایل نیم ئەم کچەت لە قەبێلی سەفەرەکەمدا بدەمێ .

هەموو وەرامێکی پیاوەکە ئەوە بوو لە ئەسپەکانی خوڕی و هەردووك دەستی دان بەیەکدا ، گالیسکەکە بە جۆرێك دەرپەڕی وەك ئەوەی تەختە دارێك بێ و لافاوێکی تووش هەڵی گرتبێ . لەگەڵ ئەوەشا گوێم لێ بوو دەرگای ماڵەکەم بەدەم تێ هەڵدانی مەیتەرەکەوە وردو خاش دەبوو ، ئەوجا هەردوك چاوو گوێم پڕ بوون لە دەنگدانەوەی هاوار ، هاوارێ هەموو گیانی تەنیم . ئەمەش ساتێ پتر دەوامی نەکرد . وەکو ئەوەی دەرگای ژووری نەخۆشەکە بڕوانێتە دەرگای ژوورەکەی من ، هێندەی نەبرد خۆم لەبەر دەمیدا بینیەوە . ئەسپەکان بەبێ دەنگی وێستان . دالك و بابی نەخۆشەکە ، ئەوجار خوشکی هاتن بە پیرمەوە ، هەر بەرفاندن لە گالیسکەکەیان داگرتم . نەم توانی هیچ شتێ لەقسە تێکەڵ و پێکەڵەکانیان بگەم . هەوای ژووری نەخۆشەکە زۆر ناساز بوو . تەماشام کرد تاوەکەیان لەسەر ئاگر دەسووتێ بێ وەی کەسێك ئاوڕی لێ بداتەوە . ویستم پەنجەرەکە

بکەمەوە ، بەڵام بیرم کەوتەوە دەبێ لە پێشــدا نەخۆشەکە بپشکنم . کوڕە نەخۆشـەکە لاواز ، چاو ئەبڵەق ، شانو مل رووت بوو ، بەڵام نـە تا ، نە لەرزی لێ نەبوو . هـــەر کـە لێی نزیك بوومەوە سەری هەڵبڕی ، باوەشی بە ملما کردو چپاندی بە گوێمدا :ـ

ـــ دکتۆر گیان لێم گەڕە با بمرم .

ئاوڕم لە دەوری بەری خۆم دایەوە ، کەس گوێی لە قسەی کوڕەکە نەبوو . تەماشـام کرد دایك و باوکە بەکزی یەوە راوەستاون ، چاوەڕوانی حوکم دانی من دەکەن . خوشکەکەی کورسیەکی بۆ هێنام ، تا کەرەســـەکانمی لەســەر دانێم . قوتوەکەم کردەوە ، چاوم بەکەرەستەکاندا گێڕا ، بەڵام کوڕەکە هەر ئیشـــارەتم بۆ دەکات کــە ئامۆژگاری یەکەی فەرامۆش نەکەم . مووکێشێکم هەڵگرت ، لەبەر تیشکی مۆمەکە ئەم دیوو ئەو دیوم کرد ، خستـمەوە جێگاکەی خۆی . لــە دڵی خۆمـدا گوتم : بەڕاســـتی خواوەندەکان لـەم جۆرەکاتانەدا باش فریـامـان دەکەون .. لەبری ئەسپە تۆپیوەکەت ئەسپێکی چاکترت بۆ دەنێرن، بەڵکو ئەسـپێکی دیشــت بۆ دەنێرن تا کوێت مەبەســـتە بیگەیتێ . بە هــەرزانترین مـایـە مەیتەرێکت بۆ دەنێرن ...

« لێرەدا ، تەنیـا لێرەدا ، رۆزا »م بیـر کەوتەوە .. چی بکەم ؟ چۆنی رزگار بکەم ؟ چۆن لەشی لە جەزرەبەی ئەم مەیتەرە رزگـــار بکەم ، (١٠) میل لێم دوورە ، دوو ئەسپم پێیە ، بـەر هەقیان ناکەم ؟ دوو ئەسپ کە حیساب بۆ لغاو ناکەن ، نازانم چۆن زنجیرەکان دەپچڕن ، ئەوسا لە پەنجەرەکەوە ســـەر دێنن و تەماشــــای نەخۆشـــەکە دەکەن بێ ئەوەی هات و هاواری خێزانەکە سـڵیان پێبکات .. لە دڵی خۆمدا گوتم : هەر ئێستا دەگەڕێمەوە ، وەکو ئـەوەی ئەسپەکان داوای گــەڕانەوەم لێ بکەن . بـەڵام لەگەڵ ئەوەشا هێشتم خوشکەکەی پاڵتۆکـــەم لە بەر بکاتەوە . پەرداخێ شــــەرابیان دامێ . باوکەکە دەستی دا بەسەر شانمدا ، وەکو ئەوەی ئەم گەنجینە بە نرخەی دیاری یەك بێت و شەرم و شکۆمان لە نێواندا نەهێڵێ . قـەبوولم نەکرد ، لەبەر هیچ شتێك نا ، تەنێ لە بەر ئەوەی هەستم دەکرد ئەگەر ئەم پیاوە بم خاتە سنووری تەسکی بیرکردنەوەی خۆیەوە ئـەوا بێگومـان دەخنکێم . دایکەکە گـازی کردمـە کن نەخۆشـــەکە ، بە قسەیم کرد . لەو کاتــەدا یەکێ لە ئەســـپەکان حیلەیەکی بەرزی کرد بە ئاسـمانی ژوورەکەدا ، من گوێم خستە ســـەر سنگی کوڕەکە ، تـەڕی ریشم رای چڵەکاند . هێندەی پێ نەچوو گەییمە قەناعەت ، ئەم مێرد منداڵـە بەڵای نیە . رەنگە توزێ کەم خوێن بێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئەڵەمی نیە ، تاقە بنێشتێ بەسـە بۆ چاك بوونەوەی و بکەوێتە سەر پێ ، بەڵام من نەپیاوی پەروەردەم نە چاکەکەر ، بەدەقی خۆیەوە لە سەر جێگاکەی بە جێم هێشت . من فەرمانبەرێکی سەر بەدەسەڵاتی ناوچەکەم . هەر ئەوەندە ئیشدەکەم کە ئەرکی ســـەرشانمە . هەرچەند مووچەکەم کەمە ، بەڵام درێغیم لـە یارمـەتی دانی هەژاران نە کردووە . بەڵام هەموو ئەمانە رۆزا »م لە بیر نابەنەوە . دوای ئەوە ، رەنگە ئامۆژگاری کوڕەکە منیشی گرتبێتەوە ، منیش مـەرگم بـە ئـاوات دەخواست . بەم زستانە ساردە چی بکەم لێرە ؟ ئەسپەکەم تۆپی ، کەچی کەس غیرەت نەیگرت ئەسپێکم بە ئامانەت بداتێ ، ناچار ســەر بکەم بە تەویلەی بەرازەکاندا . خۆ ئەگــەر بەرێکەوت ئەسپم دەست نەکەوتایە ، ئەوسا ناچار دەبووم بەراز بخەمە ژێر گالیسـکەکەم ، ئەمە پوختـەی سەر بوردەکەم بوو . بە حەسرەتەوە ســـەرم دەلەقاندو لە رووی خێزانەکە وورد دەبوومەوە . هیچ شتێك نازانن . خۆ گەر زانیشیان ئەوا لێی تێ ناگەن . شتێکی زۆر ئاســـانە بلیت بۆ نەخۆشەکانمان ببڕین ، راچێتەیان بۆ بنووسین ، بەڵام زۆر زەحمەتە لە خەڵکی تێ بگەین و ، وایان لێ بکەین لێمان تێ بگەن .

بەم جۆرە ئەرکەکەم دوایی هات . ئـەمـە یەکەمجار نیە خەڵکی نیگەرانم بکەن . لەســەر ئەوە راهاتووم ، خەڵکی ناوچەکە شەوو رۆژ لـە دەرگام دەدەن . بەڵام ئەوەی ، داخە ئەمجارەیان ناچار کرام واز لە رۆزا بهێنم ، ئەو کچەی ئـەو هەموو ساڵەوا لە ماڵەکەمدا ژیاوەو بێ ئەوەی لە یەك توز پتر بایەخی پێ بدەم ... هەســتێکی تفت ویژدانی دەزوورانـدمـەوە بۆ ئـەم قوربانی یە گەورەی داوایەتی ، تەنانەت خەریك بووم ــ ئەگەر دان بەخۆدا گرتنم نەبوایە ــ هەموو ئەم خێزانـە بکوژم کە بوون بە کۆسپ لە رێگای رزگار کردنی رۆزا »دا . بەڵام دوای ئەوەی قوتوی کەرەستەکانم پێچایەوە ، پاڵتۆکەم هەڵگرت بڕۆم ، ســەیرم کرد باوکەکە پەرداخەکەی بـە دەســتەوەیە ، دایکەش لێم ئومێد بڕ بووەو پەیتا پەیتا دەگرین و لێو دەکرۆژن ، تەماشام کرد خوشـــەکەکە خاولی یەکی خوێناویم بۆ درێژ دەکات ، ئەوجا

هەستم کرد خەریکە بروا بێنم کە ئەم کوڕە نەخۆشە . لێی نزیك بوومەوە ، زەردەخەنەیەکی دا بەروومدا وەکو ئەوەی خۆشترین خواردنم بۆی هێنابێ .. ئاه ! ئەوا ئەسپەکان دەستیان کردەوە بە حیلاندن . هەڵبەت ئەم دەنگە لە ئاسمانەوە هات بۆ وەی ڕێگای چارەکردنەکە بدۆزرێتەوە . ئێستا بە ڕاستی نەخۆشییەکە دەبینم ، بێگومان کوڕەکە نەخۆشە . زامێکی قووڵ بەپانی ژێر پیالەیەك بەلای ڕاستی فەبرغەیەوە بوو . سوور سوور ، لە ناوەڕاستەوە ڕەش هەڵگەڕا بوو ، خوێن بە هەندێ شوێنەیەوە وشك بوو بوەوە . زامەکە لە دوورەوە وای دەنواند . بەڵام لە نزیکەوە ئاشکراتر دیارە . کێ دەتوانێ سەیری ئەم زامە بکات و فیکەی سەرسامی لێ نەدات : کرم تێی دابوو ، هەر یەکەی بە ئەندازەی پەنجە توتەیەك ئەستوور بوو ، خڵتانی خوێن بوون ، هەر گینگڵیان ئەداو سەرە سپییە بزوزەکانیان بەملا بەو لادا دەجولاند ، قاچە هەزار بە هەزارەکانیان لەناخی زامەکە گیر دەکرد ... بەڵام ئەی مێرد منالی بەستەزمان ، ناتوانم هیچ شتێکت بۆ بکەم . زامە سەختەکەتم دۆزیەوە ، ڕاستە زامە سامناکەکەتم دۆزیەوە .. بەڵام ، بەڵام ئەی مێرد مندالی بەستەزمان ناتوانم هیچ شتێکت بۆ بکەم . خێزانەکە کە دیتیان قۆلی کارکردنم لێ هەڵمالیوە پشوویان خۆش بوو . خوشکەکە بە چپە ئەمەی بە دایکی گەیاند ، دایکە بە باوك ، باوەکەش بە میوانەی کە بەخشپەیی لە بەر تریفەی مانگەکەدا خۆی کرد بە ژوورا . لەوە دەچوو ئەو ژیانە پڕ لە پەشێوەی لە ناخی زامەکەدا بوو ، کاری کردبێتە سەر دڵو گیانی مێرد منداڵەکە ، تۆزێ لە گریان کەوت ، بە پاڕانەوەوە لێی پرسیم :

— رزگارم ناکەیت !

شتە سەیرەکان لەم وڵاتەی مندا لێرەوە دەست پێدەکەن ، هەمیشە داوای شتی نەکراو لە دکتۆران دەکەن . ئیمانیان لەق بووە . لە کاتێکا قەشەی بێکار لە ماڵەوە دانیشتووە ، پۆشاکی خوا پەرستی دەپۆشێت ، کەچی داوا لە دکتۆر دەکرێت موجیزە بنوێنێ ... لەگەڵ ئەوەشا چیتان پێ خۆشە باوابێ . من خۆمتان پێ ناناسێنم ، بەڵام ڕێگاشتان لێ ناگرم گەر بمکەن بە کەرەستەی ئەنجامدانی کارێکی پیرۆز . باشە لەوە زێدەتر چیم لە دەست دێ ، لە پیرە دکتۆرێکی لادێیی زێدەتر نیم ، دکتۆرێك کارەکەرەکەی لێ داگیر کراوە : ئەوەتا هەموو خەڵکەکە ڕوویان تێ کردووم ، پیرانی دێ ، کەلەوپەلەکانم لە بەردادەکەنن . لەو کاتەدا کۆمەڵە قوتابیەك بە ڕابەری مامۆستاکەیان لە بەردەم ماڵەکەدا کۆ بوونەتەوە . گۆرانیەك دەڵێن کە بە هیچ جۆرێ لەم گۆرانیە خۆشتر نیە :

جلەکانی لێ داکەنن ، بۆ ئەوەی بە چاکی تەواوی بکات ، خۆ ئەگەر نەیتوانی ئەو بیکوژن ، چونکە دکتۆرەو پیشەیەی دکتۆرییە ...

ئەوەتا بەرووتی وێستاوم ، بە بێ ترس دەڕوانمە سەروسیمای خەڵکەکە ، دەستم بەریشمەوە گرتووە ، سەرم بەلایەکدا لار بووە ، وام هەست دەکرد من گەورەی ئەو خەڵکەم ، بەڵام ئەمە دادی نەدام ، سەرو قاچیان گرتم ، خستمیانە سەر نوێنەکە ، لەلای دیوارەکەوەو بە تەنیشت زامە سامناکەکەوە ڕامیان کشاند . ئەوجا ژوورەکەیان بە جێهێشت ، ژاوە ژاوو هاتو هاوارەکەیان کپ کردەوە . هەور هاتو بەری مانگی گرت . گەرمی نوێنەکە تیم ئالا . ئەسپەکان سێبەر ئاسایی لە پەنجەرەکەوە سەریان کیشا . گوێم لێ بوو یەکێك دەچپێنێ بە گوێمداو دەڵێ :

— چیت لێ بشارمەوە ، من لە تۆ دڵنیا نیم . تۆ بە زۆر هێنراوی بۆ ئێرە ، بە پێی خۆت نەهاتوویت . لەبری یارمەتیم بدەیت ، هانم دەدەیت لە نوێنی مەرگ بخزێم . ئەگەر ڕێم بە خۆم بدابایە ، هەر دوك چاوتم لە پشتی سەرەوە دەر دەهێنا ...

— ئەمە ڕاستە ، مایەی شەرمەزاریشە . بەڵام چی بکەم منیش دکتۆرم ، دەبێ چیم لە دەست بێ ؟ بڕوام پێ بکە ، گەر بڵێم کەمتەرخەمیم نەکردووە .. ئەوەی کردومە کەم نیە ...

— تۆ بڵێی بەم دوعایە بڵێم ئامین ؟ بە داخەوەم ناچارم بڕوا بکەم . بگرە لە هەمووُ حاڵەتێکدا هەر دەبێ بڕوا بکەم . کە هاتمە ئەم جیهانەوە لەم زامە سەختە زیدەترم نەبوو ، لەوەش پتر هیچم بۆ جیهان نەهێناوە . وەڵامم دایەوەو ووتم :

— دەردەکەی تۆ ، قوربان ، ئەوەیە هەموو شتێك نابینی کەلە دەورت دەسوڕێتەوە ، دەتوانم پێت بڵێم ، من کە بەژووری هەموو نەخۆشەکاندا گەڕاوم ، زامەکەت هێندەش سامناك نیە وەکو خۆت تێ گەیشتوویت . تەنێ دوو دەمە پاچت بەرکەوتووە . خەڵکی وا گەلێك زۆرن کەپێشوازی لە دەمە پاچ دەکەن و بێ وەی گوێ بەگالەو. هەرای پاچ بدەن لەدارستاندا ، بگرە کە دەمە پاچیان لێ نزیك دەبێتەوە خۆیانی لێ کەڕ دەکەن .

— تۆ بڵێی خەڵکی وا هەبێ ، یان دەزانی من ورینە دەکەم ، دەتەوێت هەڵم بخەڵەتێنی ؟

— نەخێر ئەو جۆرە خەڵکە هەن . ئەمە لە دکتۆرێکەوە بزانە ، دکتۆرێ کە سوێندت بۆ دەخوات . بەڵکو لەگەڵ خۆتدا بیبە بۆ ئەو دنیاش ... ئەوە بوو بێ دەنگ بوو ، لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ ئەو دنیا . هیچم بۆ نەمایەوە تەنێ بیر لە حاڵی خۆم بکەمەوە . ئەسپەکان هێشتا هەر لە شوێنی خۆیاندا بوون . غارمدا جل و بەرگ و پاڵتۆو قوتوەکەم کۆ بکەمەوە ، کۆم کردنەوە ، بەڵام لەبەرم نەکردن ، بۆ وەی یەك چرکەی کاتەکەم بە فیڕۆ نەدەم . خۆ ئەگەر ئەسپەکان بەهەمان خێرایی کە گەیاندمیانە ئێرە ، بگەڕێنەوە ، ئەوا لە چاو تروکانێکدا لە ماڵی خۆمم . جل و بەرگەکانم فڕێ دایە نێو گالیسکەکەوە ، بەڵام پاڵتۆکەم دوور کەوتەوە ، قۆڵەکەی لەشیشی دواوە گیر بوو . قەینا کات ... خۆم هەڵدایە سەرپشتی یەکێك لە ئەسپەکان . پارچەی ڕەشمەکان لەمەردی دەخشان . دەنگم لە ئەسپەکان کرد . بەڵام لەم بیابانە بەفرەدا بە تەمەڵی و بێ تاقەتیەوە دەڕۆیشتن . دەنگی گۆرانی یە تازەکە ، گۆرانی منالە بە هەڵە چووەکان ، ماوەیەك لە گوێمدا دەزرنگایەوە . دەیانگوت : مژدە نەخۆشەکان مژدە ، ئەوا دکتۆرەکەتان بۆ لا هاتەوە .

قەت ناگەمەوە ماڵەکەم . بەم جۆرە موشتەری یە زۆرەکانم لەدەست چوون . بێ گومان ئەوەی دێتە جێگام دەیان قۆزێتەوە . بەڵام ئەوە دادی نادات . مەیتەری نەحلەتی تەراتێن لە ماڵەکەمدا دەکات ، ڕۆزا بوو بە نێچیری . حەز بیر ناکەم لەمە بکەمەوە . ئەوا کەوتوومەتە سەر زەوی گالیسکەیەك و دوو ئەسپی چەتوونم لەگەڵە . کەوتوومەتە سەر زەوی ، منی پیرەمێردی ئاوارەی ڕووت و ڕەجاڵ ، شتێ نیە لە سەرماو توفی ئەم دەمەو ئێوارە کلۆلە بم پارێزێ . پاڵتۆکەم دەبینم لەدووی گالیسکەکە دەخشێ ، بەڵام دەستم نایگاتێ . کەسێك لەو نەخۆشە لاتانە ، دەستی یارمەتیم بۆ درێژ ناکەن .. غەدرم لێ کرا ! غەدرم لێ کرا ! تۆبە بێ ئیتر . غەدرم کرد بەدەنگی خەڵکی یەوە چووم . ئەوەی چوو چوو .

قەرار بوو بێی، لەگەڵ خۆت شادی بێنی
نەهاتی، گەرچی پێشدا بووم، بەڵێنی
لەناو کوڵمی نەبوو، پەیمان شکاندن
لەکوێ فێربووی گوڵم، پەیمان شکێنی



# خوسانی خەمێکی پیرۆز

احمد قادر سعید

باریکە ڕێگەکەی کردۆتە شەقامەڕێ ، هەر بەوێدا دێتو دەچێت ، گۆچانەکەی نزیکترین هاوەڵیەتی ، زۆر جار وەك گرێکی خەفەکراو پێ‌یدا هەڵدەڵێ‌و دەیلاوێنێتەوە و کوڵی‌تەنهایی هەڵدەڕێژێ . لەسەر بەردێکی تەخت دانیشت ، پشتی بە دیوارێکی بڵندەوەدا ، کەوتە تێ‌ڕامانی بەردە ووردەکانی بەردەمی ، دەستی تێ‌وەردان ، لە سەریەکی دانان وەك بیەوێ خانووێکی دی بنەخشێنێ . ژوورەکانی ڕیزکرد ، ئاغەڵ پشتیر ، هۆدەی ناوماڵو ژووری سوارەی تاکە کوڕی نیشانە کرد . دەنگێکی دوور ، نا زۆر نزیك ، دەنگی خزانی نووکی گۆچانەکەی ، لەوکاتەی کە تازە خەریك بوو پشووە بایەکە ئارەقەی لەشی دەسرەواند ، دایچڵەکاند ، هەڵی گرتەوە بە سنگی خۆیەوە نا ، بەدوای شریتی بیرەوەریەکانیدا وێڵ بوو :

« ئێستا وای لە پەنا دیوارێکدا کەوتووی ، ڕۆژانێکیش نیرو ئاموورو دووگاجووتی بە توانا دەفرزەت نەدەهاتن ، ئەگەر سوارەت لەگەڵ دەبوو بۆوا دەبووی . ئەو جوتیارێکی بەتوانا بوو ، زۆر خۆی ماندوو دەکرد ، ئەو دوو ساڵەی مەکتەبمان لەناو بوو لە خوێندنیش زیرەك بوو ، ئەگەر بخوێندبایە پیاوێکی کە دەبوو . فریشتە ماڵی وێران‌کرد ، نا ، نەکەی ناوی نەبەی فریشتە بەدڵ ئارەزووی سوارەی هەبوو و خۆشی دەویست . بەڵام چۆن دڵی پێداچوو بوو ، لە کاتێکدا بەمانگیش یەکتریان نەدەدی‌و هەموو کات ئەو بەندی ماڵو سوارەش دەمێك لەبەر جووت‌و زۆر جارانیش لە بەندەنێی بەسەر دەبرد . کێ بە یەکی گەیاندن ؟ . خۆ باوەمرو پاش خوان خۆرەکانیشی باش دەناسی و لەپیلانیان ئاگادار بوو ، کە دەیان ویست گڕی **خۆشەویستیەکەی لە** دلیدا دامرکێننەوە ، ئەو ڕۆژە لەگەڵیان بەدمەقاڵ هات ، بەڵام سڵێ لێ‌یان نەدەکردەوە . سوارە ژیر بوو ، هەموو قسەکانی ڕاست بوون ، گەشبین دەیڕوانی ، خۆ زۆر جاران لێم ڕادەسپارد ، سوارە بوو بەقوربانی وەسیەتەکەی کە هەموو دەم وێردی سەر زاری بوو دەی گوت : « مەبنە داردەستی دوژمنتان ، لەگەڵ یەکدا وەك برابن ، هەوڵ بدەن ژیان بگۆڕن ، زەویەکانتان بکێڵن‌و دای‌بچێنن‌و بی‌پارێزن ، بۆ کەسی جێ‌مەهێڵن ، بێگار مەکەن ، کۆلکبن ئەوانە درەختی گەندەڵن هاکەڕمان ، دار پوازی لە خۆی نەبێت ناقەڵشێت » ئای لەو شەوە تۆف‌و ئەنگوستە چاوانەی کە هەزاران دڵی عاشقی وەك سوارەی تێدا سەر دەبڕێ .

گۆچانەکەی چاکتر دەئامێز وەدێنا ، کەوتەوە تێ‌ڕامان‌و ژماردنی بەردە ووردەکان . لە بەرتینی خۆری ئەو چێشتەنگاوە پێخوستەکانی بەردەمی لێ بوو بەدەشتێکی پان‌و بەرین‌و بۆوە بەشوان‌و مەرو ماڵاتەکەی جارانی هاتەوە بەردەم ، تێ‌ی ڕاخوڕین‌گۆچانی لێ هەڵدەسوڕاندن ، پێدەکەنی، دەبژماردن، ئێوارە داهات، بەرەو ماڵ بۆوە ، لەوە دابوو بێری گاز کات ، تەقەی دەرگای کۆشکەکەی پاڵی پێدابوو ، ڕای پەراند ، گۆچانەکەی لە ئامێزدا خزی دەرگا خرایە سەر



پشت . باوەڕی بەچاوەکانی نەدەکرد ، دنیای لێبوو بە تاریکە شەو ، سەری هەڵێنا :

« ئەوە چی دەبینم ؟! چی ؟! باوەڕناکەم.. ئەوە کێیە ؟ جەنگیاغا ، سەیرە . کوڕە خۆ هەر نەگۆڕاوە ، ئەدی بۆ دەیان گوت پیر بووە ؟ چۆن ئەو کۆشکە بڵندە هی ئەوە ! . ئای ڕەنجی شان جەندان کۆشکی وا بڵندت بەرز کردۆتەوە ، خۆشتی تێدا ماندووی بێ ئامانج بووی . سوارە دەی گوت ، ڕۆژێك دێت ببن بە قوتابخانەو منداڵان تێیدا بخوێنن . باشەکەی دێت ، هەر دێت ، بۆ کوێ دەچێت ، پێویستی بە ماندوو بوونی زۆرە » .

بەردە ووردەکان بەسەر یەکدا ڕمان ، خانوو ڕووخا ، پەزەکان هەر یەك بەلایەکدا پەڕاگەندە بوون ، بەخۆی داهاتەوە ، کەوتەوە ناو دنیای سوارەو فریشتەو ئەوانیش ، ئاشکراتر لە جاران خۆیان نیشان دەدا هێدی هێدی یادگارە دێرینەکان بوونە ڕەوە پەپوولە و لەبەردەمیدا کەوتنە باڵەفڕە :

« سوارە شەیدای خۆشەویستیەکی ڕەسەن بوو ، بۆیە گوللە نێو چاوانی پێکا ، عەشقی فریشتە لە خوێنیدا گەوزاند ، ئەویش لە گۆمەمەندەکاندا خنکێنرا ، دەبا وون بن ، وون نابن ، ڕووناکی لە خۆر وەردەگرن ، دڕ بەتاریکی دددەن ، بۆ ژیانێکی نوێ هەنگاو دەنێن ، ماندوو نابن ، وەك جووتێك کۆتری سپی هەموو ڕۆژێ سەراسوێی ماڵان دەگرن ، هەوێنی خۆشەویستیەکی مەزن دەرژێنە دەروونی وەچەی نوێو مەڵاشویان پێ هەڵدەدەنەوە » .

« چ شەوێکی تاڵو ڕۆژێکی دلگرانی » .

« لەدوای هەموو گردو کۆششێکدا بێ ئومێد بووی،بێ ئومێد نابی ئەوە نیە لە باوەشی خاکدای‌و بۆنی شێی دەکەی،ئای کە بۆنی شێی بۆنێکی خۆش‌و دلگیرە، دەبنوو، تاکاروانی باڵندە کۆچەریەکانت دەگاتێ ، ئاسوودە بە .. » .

گۆچانەکەی لە کۆشیدا توووند گرتبوو ، زۆر سەیر ، لە کۆشکەکەی دەڕوانی ، هەموو لەشی ببوو بەچاو ، هۆش لەگەڵ هارەی ئۆتۆمبیلێکی سپیدا گەڕایەوە . لەدەروونیدا ڕق دەباری ، تینی بە ئەژنۆکانیدا ، هەستا ، گۆچانی هەوادا ، لەزەوی چەقاند ، تا هێزی هەبوو تفێکی خەستی حەواڵەی کۆشکەکە کرد ، هەنگاوی نا ، خێرای کرد ، خێرا تر ، ڕوانیە خۆر ، هەورەکان لە دەوری ئاڵابوون ، دەیویست بڵێ . با جیهان هەر ڕووناك بێ ، چیدی هەورەکان بەری خۆر نەگرن . ڕۆیشت ئاوڕی نەدایەوە ، تا دەهات بچووك دەبۆوە ، بچووکتر ، خاڵێکی ڕەش‌و لە چاوان وون بوو ، جارێکی تر نەگەڕایەوە و بۆ دواجار پشتی لە کۆشکە بڵندەکە کردوە ڕەوتی ڕۆژانی گۆڕی .

# چراخان

محمد رشید فتاح

**ئێستە لە جاران ناچیت .. کوا زەردەخەنەو تریقانەوەی ئەو رۆژانە .. بۆ بەهەواری رووتەوە نابینرێن ؟ . منداڵانی نێو گەڕەکەکە ، گەورەکانیان بەژن‌و پیاوەوە ، هەر ئەوە نەبو نەیپەرستن . ئەوانیش بەسەر زارەکی دەیان ویستی ، (ح) گەلێ جار لە پێش پیاوانی مزگەوتەوە ، دوای نوێژی ئێوارە ، کە دەگەڕایەوە ، بەدەم زەردەیەکەوە دەستی بەسەرتا دەهێناو ، پێی دەوتی :ـ « پشتە .. کورەکەم .. چۆنی ؟! . » لەنێو ئەو زەردەخەنەیەی ئەودا سۆزێکی باوکانەت بەدی‌دەکرد . لەبەر خۆشتەوە دەتوت :ـ « ئاخۆ باوکم چەند هەزار زەردەخەنەی وای بەروودا دابم ؟ .. نازانم .. تەنها هێندە دەزانم ژیانی ئەوو مردنە رۆمانسیەکەی بەلامەوە داستانێکی گەورەیە ! » .**

جاران بەهەستێکی ترەوە دەست لە ملانی ئەم دارتەلەی نێو ئەم کۆڵانە باریکە دەبوویتەوە ، ئێستەش بەهەستێکی نوێوە باوەشت پیاکردووە ! ئەوە تیشکە کزەکە گلوپەکەشی دەڵێی تەنها بۆ تۆ دەسووتێ .

جاران کوڕگەلی گەڕەك لەبەر رۆشنایی ئەم گلوپەدا تا درەنگ ئاشی کوێری بەزم‌و رەزمیان ئاوی لێ نەدەبڕا ، کە چی ئێستەش جگە لە خامۆشی‌یەکی گران هیچی تر دیار نیە ! .

دەستت کردەوە ملی دارتەلەکە ، ئێمشەو بە دووی ئەو بڕیارەدا هاتوویەوە ، کە ماوەیەکە لە ناختا رەگی داکوتاوە . ئەو نەبوایە تۆ وەك پووشێکی ئەم سەرزەمینە بایەك دەیبردی‌و ، کەس نەی دەزانی لە کوێ دەگیرسایتەوە ؟ . لە شێتخانە ، یا لە ژێر خاکدا ، یا لە گونجێکی ئەم دنیایەدا ئاوارەیی‌و خەم دەیتوانیتەوە .

چەند جار لێی دووپات دەکردیتەوە « ـ پشتیوان .. ژیان سەختە .. ئەبێ تۆ لەو سەختتر بیت .. ئەگینا پشتت دەشکێنێ » .

چاوێکت بڕیە کەلاوەکەی ئەو بەرتەوە ، جگە لە تاریکی‌یەکی خەست هیچی ترت بەدی نەکرد .

**« ـ کوا خانووە داروخاوەکەی ( حمە ) ؟ بەر جادە نەکەوت ؟ .. ئەی کوا جادەکە ؟ » .**

ئەو دەمەی خوێنی ( حمە ) کۆڵانەکەی سوور کرد . شەوانە دەگەڕاتیەوەو ، سەیرێکی سەربانەکەیانت دەکرد ، گریانی کورە ساواکەی ئەو ، تێکەڵ بەقروسکە قروسکی سەگە برسی‌یەکەی نێو کۆڵانەکە دەبوو . ئەو کاتە پەشیمانیت لە پیاڵەی ئازاردا نەدەخواردەوە ، تووڕەیی‌و بێزاریش دەمارەکانتی نەدەگوشی . چونکە تۆ نەت کوشت ، ئەوەت نەکرد .. کە چی (ح) بەسەر تۆیا هێنا .. بۆوەی رێگەکەی حمە بەردەیی‌و ، جارێکی تر پیارانەبووری ! . بڕوانە ئەوە شوێنەوارەکەی حمە .. کەلاوەیەکەو ، پەپوومیوانیەتی . ژن‌و منداڵەکانیشی سەرهەڵگرتو .. ئاوارە .. تەنها ئەم تاریکی‌یە رەشەیان جێ‌هێشتووە . ئاخۆ ئێستە لە کوێ بن ؟ . کوڕەکەی گەورە بووەو ، لە پەنجەکانیانا تۆ ببینێ ! . ژنەکەشی پیر بووەو ، لە ئاهی ساردیا تۆ ببینێ ! .

ئەوە گەماڵێکی کەڵبە درێژیش جێی سەگە برسی‌یەکەی جارانی گرتۆتەوەو ، بە دەورتا دێت ، تۆ بڵێی ئەو سەگەی جاران نەبێ‌و ، ئەمیش وەك هەموو شتێکی تر پیر بووبێ ؟!

نازانم ! . ئای حمە ئەو خەڵکە چەند

خۆشیان دەویستی ؟ . حەزیان بەوە دەکرد لە دەورت کۆبنەوە ، تۆش حەزت بەوە دەکرد بچیتە تاویانەوە . (ج)ش بەروالەت دەیویستی ، پێی خۆش بوو کارێ بکەی ، خۆشی کاری بۆ دۆزیتەوە . لە کارگەی چیمەنتۆ دایمەزراندی .

( م )ی کوڕی (ج) ئەودەمە قوتابی بوو ، حەزی بە هاورێیەتیت دەکرد ، بەلام دوای دوجار باوکی ترساندیو ، رێبڕی لێکردو ، ئیتر نەهاتەوە ناومان .



ئێمەی هەرزەکارانی گەڕەك رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر کۆڕەکانی تۆمان گەرم دەکرد . کرێکارانی کارگەش هێندێکیان دەهاتنو ، لە ناومانا دەمانەوە .

**شەوێکیان دایکم پێی وتم :ـ « پشتە .. رازیم لەسەر نیە .. لەمەودوا بچیتە مالی حەمە » .**

— بۆ .. نەچم ؟ .

— **کوڕەکەم خەریکی دەرسو دەورەکەت بی چاترە .**

— دایەگیان ئەوە رێگەی خوێندنم لێناگرێ .

— **ئاخر مەچۆ .. ئەو (ج)ش نایەلێ ( م )ی کوڕی هامشۆی بکات .**

— ئنجا من هەقی ( م )م چیە ؟ .

— **چۆن هەقت چیە ؟ .. نمەك بەحەرام . گەر باوکی ( م ) نەبوایە .. ئێستە تۆ ئەم کوڕەت لێ دەرئەچوو ! .**

دوای مردنی باوکم ، (ج) هەروا لەبەرچاوی رەشمان نەبوبوە سەرچاوەی دەرامەتمان . دایکم وەکو خۆی دەی وت « بومەتە سەگی چوار چاو.. بەم رۆژگارە لە مالی (ج) هەلدەسوورێم ! » . منیش رۆژی سێ چوار جار بەزەمیلەو ، بەکۆل لە بازارەوە شتومەکم بۆ دەهێنانەوە .

کە چی دایکم تامردیش هەروای دەزانی ، ئەو کاسە چێشتەو ، پێلاوو بەرگە کۆنانەی مندالەکانی (ج) نەبێ ، ژیانمان مەحالەو سەری دنیامان لێ دێتەوەیەك .

رەنجی ئەوو رەنجە ساواکەی من لە هەر کوێیەك بوایە ، ئەوا ئەو نیوە ژیانەی مسۆگەر دەکردین .

گوێم نەدایە قسەی دایکم ، لە هامشۆی مالی حەمە نەکەوتم . سات لە دووی سات خۆشەویستی ئەو دەبوە پارچەیەك لەگیانم .. لە ژیانم ! . ئەویش هەروا زیاتر پەرۆشی پێگەیاندنی ئێمەو مانان بوو .

**ئای لە سۆزی دایکایەتی .. شەوێکیان دوای گەڕانەوەم لە مالی حەمە ، دایکم خۆی لێ خستمە حالی جاوو وتی : « لەمەودوا سەر بکەی بەمالیاندا خۆم دەخنکێنم » .**

— بۆ .. پێم نالێی لەبەرچی ؟! .

— **حەزناکەم .. بڕایەوە ..**

هەستم کرد لەتەك قسەکانیا نهێنی‌یەکی لە چاوەکانیا حەشارداوە ، کە چی تامرد ، ئەو نهێنی‌یەی بۆ نەدرکاندم .

قسەیم شکاندو ، سبەی شەو خۆم گەیاندەوە لای حەمە .. ئەو شەوە کۆڕ گەرم بوو ، هاورێکانی لەوێ بوون . جگە لە گۆرانی‌و ، قسەی خۆش ، هێندێ سروودی بەسۆزیش بوونە شەوچەرەی دانیشتنەکەمان . ئای

لەوشەکانی ئەو سروودانە ، بەراستی ئاگرێکیان لە دەروونمدا کردەوە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە ! . درەنگانێ بەرەو مـاڵ گەڕامـەوە ، بـەدەم ڕێوە هەستم دەکرد .. لەمرۆکـەی چەنـد سـاتێ لەمەوبەری خۆم ناچم . لەم ژیانەی ئێستەشـم گەورە ترم .. لە دنیاش فراوانترم ! .

ئای لەو وشە پیرۆزانە ، خۆ ئەوە لە وشەی ئەو سروودانە نەدەچوون کە بەیانیان لە حەوشەی قوتابخانە دەمانوتنەوە . کەواتە لەمەودوا هـەر دەیان ڵێمەوە ، بۆ ئەوەی هەر گەورە بم !. بێ ئاگا لە نێو کۆڵانەکەدا دەنگم لێ‌هەڵبڕی . سروودەکانم دەوتنەوە . ویستم دایکم و کەسـانی نێو خانوە فورەکانی پێ‌بێدار کـەمـەوە . بەرزتر ، خێراتر دەموتنەوە . کە دەوەستام خۆم و دایکم لە ژیانێکی تردا دەبینی‌یەوە . دایکم دەدی لەدەست هەزارو یەك نەخۆشی‌و دەردەسەری قورتاری بوەو ، لـە بری ئەوەی بڵێ : بوومەتە سـەگی چوار چاو . دەڵێ : بوومەتە ـ ئینسان ـ

بـەقەدەر رەنجی رۆژانـەی مـن نان بـۆ هەردووکمان مسـۆگەر دەبێ . خۆمان گەورەی خۆمانین ، کاسەی ماڵی (ج) ناڵێسـینەوە . جلە کۆنو ، پێڵاوە دڕاوی ئـەوانیش لەبـەر ناکەین .. ئای لەو ژیانە ! تووکی پێم لـە خرکە بەردێك هەڵنووت . لەترێکم برد ، بەڵام زوو خۆم گرتەوە . ئـازار پێمی نەوبڕا ، خۆشی‌و بەتـامی وشەکان لە هەموو ئازارێك گەورە تر بوون ! .

دیسـانەوە دەنگم هەڵبڕی . پەیتا پەیتاش رووناکیم دەقۆستەوەو تاریکیم ڕاودەنا ! .

بـەڵام دەنگێکی توورە زوورێگەی لێ‌گرتم . ئـەو دەنگەش دەنگی (ج) بوو ، لـە دوودەری باڵەخانەکەیانەوە هاواری کرد ..

« ـ ئەوە چیتە هەتیو .. ئـەو قرە قرەت لەچیە ؟! » .

خەریك بوو شتێك بڵێم ، کەلەشـتەکانی لەمەو بەرم نەچێ . بەڵام دایکم زوو فریا کەوت « ـ پشتە .. ئەوە تۆی .. سـەرشین لە کوێ بووی ؟! » .

(ج) بەدایکمی وت : « بیبەرە ژوورەوە .. سبەینێ دوو قسەی لەگەڵدا ئەکەم ! » .

لە ژوورەوە دایکم بەهەر دوو دەسـت کێشان بەسەری خۆیدا .

ـــ ئیتر روو بکەمـە کـوێ ؟ .. قورم بـۆ **گیرایەوە .. ماڵ وێران خۆم .**

ـــ **ماڵی چی ؟ .. کوا ئێمە ماڵمان هەیە ؟ .**

ـــ **وسبە .. وس .. برۆ بتۆپە ! .**

لەژێر لێفە شرەکەشەوە توورەیی وشەکانی (ج) خۆیان لەقەرەی وشـەکانی سروودەکان نەئەدا . خۆشی‌و ناسکی‌ی ئەو وشانە لە هەناسە سـاردی‌و دایکم گەرمتر بوون . بۆیە تاخەوم لێکەوت هەر دەموتنەوە .

★

بەیانی تا دایکم جێ‌هێشـت ، ئەو هەرپێی دەوتم : « ـ کورەکەم بچۆرە خزمەتی ، خۆ بەوە کەم ناکـەیت .. لەجێی باوکتە .. دەسـتی ماچ کە ! .

چووم ، لە باخەکەشیاندا هـەر بەخـۆم دەوتەوە : « ـ کەس گەورەم نیە .. تەنها وشەی سروودەکان گەورەمن ، چونکە گەورەم دەکەن‌و ، (ج) ش دەترسـێنن ! . داوای لێ‌بووردنیشی لێناکەم ، من ئێسـتە ئەوەکەی دوێنێی خۆم نیم ، وشـەی سروودەکان ژیانێکی تریان فێرکردووم ، کە لەم ژیانەی ئێستەم ناچێ ! » .

خۆرەتاوەکە لای چەپی باڵـەخانـەکـەی رۆشن‌کردبووەوە . (ج) ش وەکو خولیایی رۆژانی، بەنێو باخەکەدا دەهات‌و دەچوو .

بەرەو رووی بوومەوە ، بەلامەوە سـەیر بوو ، لـە بری قـرە قرو ، دەنگی بـەرزی ، زەردەخەنەیەکی بەرووما داو وتی : « پشتە کورەکەم چۆنی ؟ » .

ـــ باشم .. سوپاست دەکەم .

ـــ وابـزانـم بەهۆی حـەمـەوە نـاپـەرژێی سەرێکمان لێ‌بدەی .

ـــ قوربان خەریکی خوێندنیشم .

ـــ ئەزانم .. حەز ئەکەین سـەرمان لێ بدەی .. ( م )و ، چراخان ، بەتەنیـاو ، پێویستیان بەتۆیە .

( ـ بەمن .. بۆ تائێستە پێویستیان بەمن نەبووە ؟ . منیان بۆچیە ؟ . تائێستە ئەوان منیان بەهیچ نەزانیوە . هەموو جارێك بەتوورەبوونەوە پێم ناڵێن : « برۆ فلانە شتمان بۆ بکرە » .

رۆژێکیـان زوقم لە زەویدا بوو ، ( م ) داوای گەنمە شامی کرد .

**پێم وت : « قاچم تەزیوە .. پێڵاوەکانم دەمیان کردۆتەوە ! » . ئەو بەجۆرێك تەریقی کردمەوە ، هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە .**

لە (ج) م پرسی : « منیان بۆ چیە ؟ » .

ئەو بەپێکەنینەوە وتی : « ـ چۆن تۆیان بۆچیە ؟ .. ئەوان تۆیان خۆش ئەوێ ، ئەی تۆ ئەوانت خۆش ناوێ ؟ » .

— بڵێم چی ؟ .
— وا دیارە تۆ بەتەنها حەمەت خۆش ئەوێ ؟
— قوربان من هەموو کەسێکی وەك ئەوم خۆش ئەوێ .

( م ) لە هەیوانەکەوە بانگی کردم . چراش بە دووی ئەودا ، لەگەڵ زەردەخەنەیەکی ناسکدا کە لە خۆی ناسکتر بوو . بانگی کردم .

« ـ پشتیوان وەرە سەرەوە » .

(ج)ش بەپێکەنینەوە وتی : « چاوت لێیە .. چەندیان خۆش ئەوێی .. دەبڕۆ کوڕەکەم .. بچۆرە لایان » .

چوومە سەرەوە ، چ ژوورێك بوو ، تا ئەو دەمە توخنی ئەو جۆرە ژوورانە نەکەوتبووم . لە دانیشتن سڵەمیمەوە . بەڵام چرا زوو دەستی گرتم . « ـ وەرە لامەوە .. باپێکەوە دانیشین ».

( م ) جێی هێشتین ، من‌و چرامانینەوە ، چ چرایەك ؟ .. دەسووتا ، ژوورەکەی رۆشن کردبۆوە ، دەسووتاو ، وردە وردە منیشی دەسووتان . ئاواتە خوازی ئەوە بووم ، تا هەتا هەتایە ئەو بسووتێ‌و ، مۆخ‌و ئێسکەکانی منیش بسووتێنێ .

— پشتە حەز ئەکەی وات پێ بڵێم .
— خۆت ئەزانی .
— تۆش پێم بڵێ .. چرا .
— چراخان .
— پشتیوان .

★

رووت کردەوە کەلاوەکە ، وشەکانت زۆر لەلا گەورە تر بوون . (ج) مردووەوەو ، ( م )ی کوڕی جێی گرتۆتەوە . باڵەخانەکە بەوەوە هەر باڵەخانەکەی جارانە . کوڕی شەوانی حەمەش بۆتە کوڕی تاریکی .

شەوێکی تر (ج) بانگی کردیتە لای خۆی‌و ، پێی وتی : « ـ ها پشتە .. چۆنی ؟ » .

— زۆر باشم .
— بەلاتەوە چرا چۆنە ؟ .
— هاوەڵێکی دڵسۆزمە ! .
— کەواتە یەکتریان خۆش ئەوێ ؟ .

لەشەرما سەرم داخست . ئەو سەری پێ هەڵبڕیم .

— پشتە من تۆم زۆر خۆش ئەوێ . باوکی رەحمەتیشت پیاوی چابوو . دڵسۆزی بنەماڵەکەمان بوو . لەبەر ئەوە نیازم وایە بتکەمە کوڕی خۆم .
— چۆن ؟ .
— پەلەمەکە .. ئەمەوێ بتکەم بەپیاو .
— ئاخر .
— ئاخری ناوێ بڕیارم داوە چرات لێ مارەکەم .
— لە من ؟ .
— ئەی لەکێ ؟ . لە تۆ .. بەمەرجێ ..
— چ مەرجێ ؟! .
— حەمە .. ئەو هەتیوە دەم ڕووتەم بۆ لەناو بەری .
— جا قوربان حەمە چی کردووە ؟ .
— حەمە دوژمنی منە ، خۆم دام مەزراند .. بەزەییم پیاهاتەوە بەڵام ئێستە خەریکە پێوەم ئەدا .
— باوەڕ ناکەم .. حەمە لەوە گەورە ترە ..

بڕۆ رەشەکانی جووت بوون ، رك‌و کینە بارو بارگەیان لە چاوەکانیا خست « ـ تۆنازانی.. هێشتا منداڵی .. ماوتە سەر لەم جۆرە شتانە دەرکەی ! » .

★

**من نەم کوشت .. دەستەکانم بەخوێنی حەمە سوور نەبوون . بەڵام (ج) بەسەرمینا ساغ کردەوە .. خەلکینە لێم تێ بگەن .. بزانن من ئەوەم نەکرد .. بڕوام بە (ج) نەکرد .. دەستم نەچووە حەمە .. بەڵام ئێوە بەقسەی ئەو تێ کەوتوون‌و ، منتان بە تاوانبار داناوە . من تاوانبار نیم . ( ج )و ( م )ی کوڕی تاوانبارن .. ئەوان تاوان بارن .**

**وشەکان نامرن ..**

**دەیانی وەکو حەمە ئەو وشانە دروستئەکەن . دەیانی تریش دوایە دوایەك دەیان ڵێنەوە**

# مەرگ

حیدر عبدالرحمن

ئەو ئێوارەیە خۆیو سێبەری شان بە شانی یەکتری بە درێژی شەقامەکەدا شۆڕبوونەوە ، کارەساتە چڕەکانی مێشکی ، خۆیان لە هەنگاوە ووردیلەکانی ئالاّندبوو ، لەبەرئەوە زۆر بەهێمنیو سانایی پێی دەنایە سەر دڵی زەوی .

کونجێك نەبوو ، تیای‌دا تەنیا بێتو مۆڵەتی بیرکردنەوەی بدەن .. هەر ئەوەندە نەمابوو دێت دەرکاتو بە ڕووی هەموو ئەو خەڵکەدا هەڵشاخێتەوەو هاواربکات :

**— خەڵکینە لێم‌گەڕێن .. پێویستیم بە میوانو چایخانەو دۆمینە نی‌یە ، پێویستیم بە بیرکردنەوەیە .**

ئەگەر مرۆڤیش وەکو باڵندە بفڕی بوایە ، ئاسمانێکی شەق ئەکرد ، هیچ زیندەوەرێکی سەر ئەو دونیایەی لێ‌دیار نەبووایە ، هیچ شاروگوندو ئاوەدانیەکی نەدیبایە .. لە وێ بیری ئەکردەوە.. بەلاّم کێ ئەڵێ ئاسمانیش وەکو زەوی ، خەمی لێ‌هەڵناوەرێ ! خۆ ئەو زەوی‌یە بەداروبەردو ئاسنیەوە هەر زمانە ، بەلاّم کێ لە زمانی هەموو ئەمانە دەگات !

ئەو ئێوارەیە .. ژنەکەی یەخەی خۆی دادڕی ، کوڕەکەی بە برسیەتی خەوی پیاکەوت ، لە ماڵ دەرپەڕی ، گوێی لە قوڕە قوڕی سکی‌بوو ...

**— دوو کەبابو نانێکی بانگ‌کرد ..**

یەکێکیان بە سانایی ئاوابوو ، ئەوی تریان لە کەنداوی قورگی گیربوو ، هەردوو چاوی زەق‌وکراوە ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشا شتێك بەدی ناکات ، تەنیا تابلۆی کوڕە خەوتووەکەی نەبێ کە لە برسانا خۆی وێك‌هێنابۆوە ، هەنگاوەکانی لاشەکەیان وەکو بۆدیەکی تێك شکاو ، بەدووای خۆیان‌دا ڕادەکێشا ... بۆ شوێنێك کە خۆشی نەیدەزانی ..

**— تا ئالێرەدا ، خۆی دۆزیەوە ..**

چونکە تەنیا چاوی لەپێ‌یو ڕووی ڕەشی



شەقامەکە بوو ، زۆر بە زلیو زەبەللاحیەوە پێیەکانی دەهاتە بەرچاو .. لە میاوە میاوی بێچوە پشیلەیەکی چاوشین ، هەلوێستەیەکی کرد، تا گەیشتە بەردەمی ، کەوتە بەر لێسینەوەی قاچەکانی ..

ئەو میاوە میاوەش دیسان هەر زمانێکی‌ترە .. ئێمەی مرۆڤ تێی ناگەین .

**— تۆش پێویستیت بەوەیە بیرت لێبکرێتەوە ..**

بەلام خۆمن بۆ ئێرە نەهاتم ، تۆم لێپەیدابێت .. کەواتە بۆ کوێ بڕۆم !

بەم ساواییەی خۆیەوە ، وونبووە ، خوا ئەزانێ بەدووای کێدا بگەڕێ !


**— بێگومان دایکی ..**

ئەویش وەکو کوڕەبرسیەکەی سکی بەتالە.. دوور مەبینە ئێستا دایکی لە کۆشکێکی زل قاولتی بکات .. بوی داهاتەوە ، دەستێکی بە پشتە نەرمو تووکە لووسەکەی داخشاند ، میاوە میاوەکەی هێورتر بووەوە ، وەکو هەست بەئارام بوونەوەی دلیبکات ، جارێکی تریش دەستێکی هێمنی تری پیادا هێنایەوە ، بە پەلە هەلسایە سەرپێو چەند هەنگاوێکی بڕی ، کەچی بە باز بازینێکی بەتاو دیسان هاتەوە خۆی لە قاچەکانی ئالاندەوە ، بەو شێوەیە لەو شوێنەدا چەقی !

جارێکی‌تر ، بۆ شوێنێکی دوورتر لە شەقامەکە گواستیەوە ، لەوێ خۆی لێدزیەوە ، بە هەلەداوان گەڕایەوە ، پڕ بە دل حەزی دەکرد بیباتەوە بۆمالەوە ، بەلام دیسان بەبیری هاتەوە ، ئەو ئێوارەیە کوڕەکەی بە برسیەتی خەوی کەواتە بردنەوەی بێچوە پشیلەیەکی وابرسی بۆ مالێکی وەکو مالی ئەوان ، گوناهی زیاتربوو لە خێری هێشتا نەگەیشتبووە ئەوبەری شەقامەکە هەر کە دیسان بە هەلەداوان هات بپەڕێتەوە ..

ئەو لۆرییە زلەی لە دوورەوە بەتیژی دەهاتو دەیقیژاند ، مەرگی بێچوە پشیلەی بە تایە زلەکانیەوە هەلگرتبوو ، لە ناوەڕاستی شەقامەکە بەیەکگەیشتنو لەگەل ڕووی ڕەشی حادەکە پێکوە نووساو .

مەرگی بێچوە پشیلە ، بیرکردنەوەی ساتێک نەبوو ، بیرکردنەوەی هەموو تەمەنبوو .



# توانەوە

رەئووف بێگەرد

بەدوای خۆیدا دەرگای دەرەوەی ڕاکێشا ، کەمێك وەستا ، جانتا ڕەشە بچکۆلەکەی ئەم دەست پێ کرد ، بۆنی « یوکالیبتوس » ەکەی بەسەراهات ، ئەمیش دەمو لووتی پێکەوە کردنەوەو، تاهێزی هەناسە وەرگرتنی تیابوو بۆنەکەی هەلمژی •

بۆ شەقامە گشتی یەکەی سەرەوەی ڕوانی ، ئوتومبیلەکان لەهەردوو لای ڕێگاکەوە تیژ تێ ئەپەڕین ، ڕێبوارەکانیش لەکەنارەوە هەنگاوی گورجیان دەنا ، بۆ خوارەوە سەری وەرچەرخاند ، شەقامەکە ڕەشمارێکی گەرم داهاتوبوو ، لەبەردەم ڕیزە ماڵێکی ناڕێکا کۆتایی دەهات ، لەهەندێك شوێنیا ، چاڵو چۆلی قیرتاوەکە ، ببوونە گۆلاوو، شەو بارانیان تیامابۆوە • ڕوانینەکەی ئەم تاسەر سووچی دیواری قوتابخانەکە بڕی کرد ، لەوێدا تەزووەکە لەشی داگرت ، زیاتر ووردبووەوە ، وەك ڕۆژانی پێشووتر وەستابوو ، پاڵی دابووە دیوارەکەوە ، زوزو قاچێکی بەدیوارەکەوە هەڵدەپەساردو ، لەسەر ئەوی تر دەوەستا • رووی وەرگێڕایەوە ، ویستی ڕێگاکەی بگۆڕێت ، سەرەو ژوور بڕوات ، لەشەقامە گشتی یەکەوە داپەڕێتە خوارێ ، ئەوسا کۆڵانەکەی لای ڕاست بگرێتو بگاتە قوتابخانەکەی .

سەیری سەعاتەکەی کرد ، کات زۆری مابوو ، هەر چۆنێك بڕوات فریادەکەوێت ، بەرەو ژوور چەند هەنگاوێکی نا ، وەك یەکێك بەزۆر وەریگێڕێت ، وەرچەرخایەوە دواوە ، سەیری ناو جانتاکەی کرد ، خۆی وادەرخست کە شتێکی لێ جێمابێت ، دەرگای کردەوەو چووە ژوورێ ، کەمێك لە حەوشەکەدا وەستاو هاتەوە دەرەوە ، بێ سێو دوو سەرەو خوار پێی لە شەقامەکەدا گرت ،

هەڵمی زەویە تەڕەکە ، وەك دووکەڵی جگەرەیەك ، یەك دوو بست بەرز ئەبوەوەو نەئەما ، خۆر هێدی هێدی بەهەورازی ئاسمانە بێگەردەکەدا هەلدەزناو ، تیشکە نەرمەکەی گەرمایی زیاتر دەبوو ، ئەمیش وورد وورد هەنگاوی دەنا ، زۆری مابوو بگاتە سەر سووچەکە ، ئەبوو پێشان شەقامە سەرەکیەکەش ببڕێت کە ڕێگای ئەمی ئەچوە سەر ، تانزیك ئەکەوتەوە دلی زیاتر خورپەی دەکرد ، بەتیلەی چاو لەژێرەوە هەردەی ڕوانی : [ ئاخ چ کۆتێکی قورسیت کەوتیتە گەردنی هەر کەسێك ، تامردن لێی نابیتەوە ، سێو چوار ساڵ تەمەنو تائێستایش ؟! ] •

گەشتە ئاستی ، چاوی لەدەستو قامکە



گەورەکانی بڕی ، مووی ڕەش‌و پڕ ، بەسەر یەنجەو یشتی دەستیا هاتبوونە خوارێ ، بەخۆی ووت :

[ چەندە لێی نزیك دەبمەوە هەست بەدووری دەکەم ، کێ بڕوا ـ دەکات ؟ خۆزگا ئەمەندە قۆز نەبوایە . منێکی لاواز ، کورت ، سەرم ئاگاتە خوار سنگی ، ڕوومەتێکی چرچ‌و لۆچ ، کوێتم هەیە لەخەلکی ئەشارمەوە ؟ ئەی بۆ نابێت ، ژیانەو گەلێك شتی سەیری تیا ڕوو دەدات ؟ ] .

هەستی‌کرد هەنگاوی گورج دەبێت‌و هەناسەی سوار ، زۆر زوو تێپەڕی ، گەیشتە سووچی ئەولای دیوارەکە ، لایدا ، پێش ئەوەی بکەوێتە ئەدیوی ئێستێکی‌کرد ، ملی لار کردەوە وەك خۆی وەستابوو ، ئەویش سەیری لای ئەمی دەکرد . ئەمانەوە ، بەسەر شۆستەی کەنار دیوارەکەدا کەوتەوە ڕێ ، جارجرا بۆ دواوەی دەڕوانی ، کە زیاتر دوور لەوتەوە ، وازی لەئاوڕ دانەوە هێنا ، ڕاست سەری شۆڕ کردو ملی ڕێگای گرت ، لەیرا وەك ئەلبشتیەوە گوێی لەترپەی پێ بووبێت ، وەستاو ئاوڕی دایەوە هیچی نەبینی ، بەخۆی ووتەوە :

[ لەخەیالدا دەژیم ، من بیر لەچی دەکەمەوە ؟ ئەو هەڕەتی لاویەتی ، زۆر قۆزە . ئەی بۆ سەیرم دەکات ، پیامدا هەلدەڕوانێت ؟ ڕوانینەکەی سەیرە ، نازانم چۆنی لێك بدەمەوە ، ئەی کێ دەلێت کوڕە هەژارێك نییەو ، ئەیەوێت ژنێکی مووچە خۆر بێنێت ؟ ئەگەر وابێت ، هەر چیم هەیە دەیدەمێ ، بۆچیمە ؟ خۆم‌و پیرە دایکێکین ، من پێویستم تەنیا بەمێردە ، وەك هەموو ئافرەتێکی تر ] .

گەیشتە سووچی سێیەم ، کەمێك خۆی بەجانتاکەیەوە خەریك کرد ، تەواو ڕووی بۆ دواوە وەرگێڕا ، کە یەکێك لە سووچە جێماوەکەوە دەردەکەوت ، تەزوەکە لەشی دادەگرتەوە ، کە لێی ئاشکرا دەبوو ، هەناسەیەکی بەکولی هەلدەکێشا .

ئەبوو لەوێوە ڕاستە ڕێ خۆی بەکۆلانەکەی بەرانبەریا بکات‌و ، لای شەخسەکەوە داپەڕێت ، بەکۆلانە تەریکەکانی تراو ، بەتەنیشت دیوارە قوڕینەکاندا بچێتەوە سەر شەقامی قوتابخانەکەی . بەلام ئەم هەر بەشەقامە گشتی‌یەکەدا سەرەو ژوور ملی نایەوە ، سەیری سەعاتەکەی کرد :

[ کات بە بەریەوە ماوە ، دەگەڕێمەوە ، نەك بەهەمان ڕێگادا ، کێ چوو زانێت ، با



گومانم لێ دەکات ؟ هەر لەتەنیشتیەوە بەرەو ژوور دەبمەوە ، ئەوسا بەلای چەپیا تێ‌پەڕیم ، ئەمجارە بەلای ڕاستیا وەردەگەڕێمەوە ، گەڕانێکی خۆشە ، دوێنێ لە پۆلدا باسی گەشتەکەی ـ کۆلومبوس ـ م وتەوە ، ئەو بەدوای زەوی تازەو من بەدوای خۆشەویستیا ، جیاوازیان چیە ؟ خۆشەویستی مرۆڤو خاك وەك یەکن ، هەموو پێویستی‌یە لی تازە ڕێگای تازە تری دەوێت ، ئەگینا کەی من ئاوا بەدەوری ئەم قوتابخانەیەدا خولاومەتەوە ؟ جاران پەلەی ئەوەم بوو زووتر بگەمە جێ ] •

لە سووچی چوارەمی دیوارەکەوە ، بەدەستی چەپیا لایدا ، ئەبوو بەبەر دەرگای قوتابخانەکەدا تێپەڕێت ، چووە ئەوبەر ، کەوتە سەر شۆستە باریکەکە ، جانتاکەی دەستی وەك بەندەیەکی ملکەچ ، لە دەوری مەچەکە لاوازەکەی ئالابوو ، بەدەم هەنگاوەکانەوە ، خۆی بەئێسقانی پەراسوو بۆشایی خوار سنگیا دەکێشا ، تا لەسەری کۆلانەکە نزیك ئەبووەوە ، زیاتر هەستی بەتەزوی لەشی دەکرد چاوی لەو سووچە نەدەتروکاند کە هێشتا لەنەدیویا بوو ، گەیشتە جەمسەری شەقامەکە ، چاوی بەسووچەکەدا گێڕا ، نەی‌بینی، گلێنەکانی بەجێگا خالیەکەدا گیرسانەوە ، بۆ خوارتری ڕوانی ، بەرەو ژوور ، تارماییشی بەدی نەکرد ، لەجێگاکەی خۆیدا ڕوا ، لەچاو تروکانێکدا دەیان شتی بەمێشکا هات :

[ ئەشێ بەدوامدا هاتبێت‌و لێی گوم بووبم ؟ ماوەکە کەم‌بوو ، منیش خاو دەڕۆیشتم ، بلێی وابێت ؟ بۆنا ! مرۆڤ نهێنی‌یەکی گەورەیە ، گەشتەکەی کۆلومبوس ، خۆم‌و دایکم •• مووچەکەم ، کوڕە هەژارێك •• کوا ؟ چاوەڕوانی ، بێ‌وەستی‌یەکانی ژیان ، چاوەڕوانی بێهوودە •• ح L

ویستی بڕوات ، کەچی وەك پێی بەدەمی زەویەکەدا ڕۆ چووبێت لەشوێنی خۆیدا ووشك وەستا ، چاوی ئەبلەق‌بوو ، کاتێ لەسەری کۆلانەکەی ئەوبەریەوە دەرکەوت‌و ، کچێکی گەلێك شۆخی لەگەڵدابوو ، شانیان نابووە یەکەوە ، لەرازو نیازی گەرمی خۆیاندا بوون ، ئەم نەی‌توانی پێ هەلگرێت ، تاگەیشتنە پالی ، کوڕەکە سەری هەلبڕی‌و وەك جاران تەماشای کردەوە ، ئەمیش وەك بۆدواجاری بێت ، بێ ئەوەی هەست بەلەرزینەکەی جارانی بکات ، چاوی لەچاوە گەورەو ڕەشەکانی بڕی ، تا بەڕاستی لەڕوانینەکەی گەیشت •

خۆر وەك پالەوانێکی سەرکەوتوو ، تیشکە



زیرینەکەی بەگـــەردنی سروشتادەکرد ، تەزووی گەرمی‌ی بەلەشی زەوی‌و درەختا دێنـا ، ئـەمکش هەنگاوە لە رزۆکەکانـــی بەرەو ژوور دەنایەوە لەشە سادەکەی، بەرەو شەقامە سەرەکیەکـــە دەرەتاند ، هەستی نە بەجوانی سروشت‌و ، نـە بەژاوە ژاوی مرۆڤ نەدەکـــرد ، تەنانەت گوێی بەو برێکە گرانەیش نەدا کە لە تەنیشتیەوە گیرا .

کەیشتەوە سەر ئەو شەقامە کورتەی بەرەو ماڵەوەی دەکاتەوە ، بەخۆی ووت :

[ خۆم باش دەناسم ، ڕوانینەکانی بەزەیی بوون ، من شایانی بەزەیی پیا هاتنەوەم نـــەك خۆشـــەویستی ، لقـە دارێکی ووشـــکەڵاتوی شکاوم ، سروشت بەسەر زەوی ژیاندا کێشـــم دەکات ] .

بەهەردوو دەستی پاڵی بەدەرگاکـــەوەنا ، لەشە قورس‌و شەکەتەـ کەی خستە ئەو دیو ، ژووری خەوتنیان هێشتا کرابوەوە ، جاتتاکـــەی فرێ دایە ســـەر مێزەکـــەو ، خۆیشی لەســـەر سیستەمەکە کـەوت ، هەناســـەی نائومێدی هەلکێشا ، کە کەوتە سەر پشت‌و بۆ بەرانبـەری ڕوانی ، وێنە هەڵواسراوەکەی خۆی بەدیوارەکەوە بینی ، لەخۆی نەدەکرد ، وێنەکە جوان بوو ، زیاتر سەرنجی دایە :

[ خۆزگا شووکردن بەوێنە گۆڕینەوە بوایە ، زۆر جار دایکم بۆی گێراومەتەوە ، نەباوکم ئەمی دیبوو ، نەئەمیش ئەو ، ئەوسا چ دنیایەکی خۆش بووە ، .. ئاخ . بۆ من لەوکاتـــەدا دروســـت نەبووم ، بۆ لەباتی دایکم من نەبووم ؟! ] .


دەستی چـــەپی بەنـــاو چاویدا کێشـــا ، پەنجەکانی بـــەرەو ژوور هەڵکشـــان ، لەقژی گیربوون ، ســـەعاتەکەی ســـەرنجی راکێشا ، چارەکێك لە دەوامی تێپەڕیبوو ، ئەبوو یەکـــەم وانەبەگـەشتەکـەی « کۆلۆمبوس »دا بچێتەوە ، لچی هەڵقورچاند ، دایکی هاتە ژورێ ، بەســـەر سوورمانەوە پێی ووت :

ئەوە بۆ گەڕاویتەوە کچم ؟

دەستی بەناو چاویا نایەوە . سەری زیاتـر بەسەرینەکەوە توند کرد ، بەدەنگێکی نزم وەڵامی دایەوە :

دایکە سەرم دێشێت .. ئـــەمرۆ ناچمەوە قوتابخانە .

**کانوونی یەکی ١٩٧٩**



# حەمدی

جمال محمد محمد أمين

**حەمدی ، ئەحمەد بەگی کوڕی فەتاح بەگی ئەراضی ، شاعیرێکی ناسراوی کوردەو یەکێکە لەو شاعیرە بەرزە ناودارانەی کە ڕۆڵێکی گەورەی لە ئەدەبی کوردیو ژیانی نەتەوەی کوردا بینیوە ، وە تا ئێستاش نووسینو لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆی لەسەر بڵاو نەکراوەتەوە کە هەموو لایەنەکانی شیعری تیا ڕوون کرابێتەوە ، وا لێرەدا هەوڵ ئەدەم بەپێی توانا وەکو شاعیرێکو مرۆڤێک ، حەمدی هەڵسەنگێنم ئەحمەد بەگ لە ساڵی ۱۸۷۸ز لە شاری سلێمانی لەدایک بووەو شاعیری بەناوبانگ مستەفا بەگی کوردی مامی بووەو ئەورەحمان بەگی [ سالم ] ئامۆزای باوکی بووە، نازناوی لە شیعرا حەمدییە ، دیوانەکەی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ۱۹۵۷ز لە بەغدا لەسەر ئەرکی نامەخانەی گەلاوێژی سلێمانی لە چاپ دراوەو دکتۆر مارف خەزنەدار پێشەکی بۆ نووسیوەو کاک جەمال خەزنەداریش سەرپەرشتی لەچاپدانی گرتووەتە ئەستۆ ..**

لە ڕاستیدا ئەگەر ئاوڕێک لە ژیانو بەرهەمی ئەم کەڵە شاعیرە بدەینەوە ئەوەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە لەگەڵ شاعیرەکانی ترا زۆر جیاوازەو ئەوەش لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی بەرهەمو دیوانەکەیا دەرئەکەوێ ، دکتۆر مارف خەزنەدار لەو پێشەکییەدا کە بۆ دیوانەکەی نووسیوە ئەڵێت :ـ [ من لام وایە حەمدیی شاعیر وێنەیەکی تایبەتیو شەخصیەتێکی تایبەتی نییە ، بەڵکو بریتییە لە چەند شاعیرێک ، لە مەدرەسەیەکی شیعری زل ، ئەم مەدرەسەیە لە ( نالی )یەوە دەست پێئەکا تاکو ئێستا ، لەسەرەتای چەرخی بیستەما ، لە گێتی ئەدەبی کوردیدا گەورەترین شاعیرێ کە گیانی ئەم مەدرەسە تەقلیدییەی پاراستووەو بەرزی کردووەتەوە حەمدییە ، حەمدی بەڕاستی شاعیر بووە ، تەنها شاعیری تایبەتی شتێک نەبووە ، بەڵکو شاعیری دەروونی خۆی بووە ، شاعیری کوردستان بووە ، شاعیری بەهارو ئەرضو ئاسمانو شەوو ڕۆژ بووە ، شاعیری هەموو ژیان بووە ][٢] .

بەم پێیە حەمدی شاعیرێک بووە شیعری بە تەنیا بۆ زاتی خۆی نەوتووە ، مەبەستی هەستی کەسیەتی خۆی نەبووە ، دوورەپەرێزوو گۆشەگیر نەبووە کە ئەمەش پلەو پایەیەکی تر بە حەمدی ئەبەخشێ . مامۆستای خوالێ خۆش بوو ڕەفیق حیلمی لە بەرگی یەکەمی[شیعرو ئەدەبیاتی کوردی] یەکەیدا ، یەکەم شاعیر باسی حەمدیی کردووەو بەم جۆرەش هەڵی سەنگاندووەو ئەڵێت :ـ

[ هەرچەندە مەرحووم لەسەر ئوصولی کۆن شیعری داناوەو لە فنوونی شیعردا زۆری ئەهمیەت بە صەنایعی لەفظییە داوەو لەم لایەنەوە پەیڕەوی شاعیرە کۆنەکانی کردووە بەڵام ئەگەر لە شیعرەکانی باش وردبینەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە دیسانەوە ڕێگەیەکی جیاوازوو سەربەخۆی

گرتووەتە بەرو لە زۆر جێگەدا ژوور شاعیرە بەناوبانگە کۆنەکانیش کەوتووە ، هەروەها ئەڵێت: ئەحمەد حەمدی بەگ ، جێی ئینکار نی یە کە بۆ شیعر دانان خۆی زۆر ماندوو کردووەو گەلێک لە شیعرەکانی لەبەر صنعەتی لەفظی و قافیە تەنگی لە ڕەوانی مەحروومە ، بەڵام گەلێ جاریش ئەم خۆماندوو کردنەی بە خۆرایی نەڕۆیشتووە شیعری زۆر مەتینی داناوە ](٤) .

کەواتە گومان لەوەدا نامێنێ کە حەمدی لە شیعر وتن‌دا دانەماوە ، وە ئەگەر کەسێ شارەزای ژیانی ڕۆژانەی حەمدی‌و هەڵس‌و کەوت‌و بەسەرهاتی ژیانی بێت‌و بە وردی شیعرەکانی بخوێنێتەوە ئەم لایەنانەی بۆ ڕوون ئەبێتەوە ، هەرچەندە ئەو شیعرانەی لە دیوانە چاپکراوەکەیا بلاوکراونەتەوە کەم‌وکووڕی‌و ناتەواویان تیایە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا ئەگەینە ئەنجام‌و قەناعەتێک، چونکە مشتێک نمونەی خەروارێکە ، حەمدی‌ی شاعیر زۆربەی ژیانی لە شاری سلێمانی‌و دەوروبەریا بەسەر بردووە ، دیسانەوە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی شیعرەکانی تام‌وبۆی ئەم سرووشتەی پێوە دیاربێ . مامۆستای شاعیر ، مەدهۆش دەربارەی حەمدی ئەڵێت : ـ

**[ ئەتوانرێ بە شانازی‌یەوە باسی ئەم شاعیرە بکرێ،چونکە بە درێژایی ژیانی لەناو کوردەواری‌دا ڕووداوێک ڕووی دابێت هۆنیویێتی‌یەوە ، وە دیوانەکەی تۆمارێکە کە پڕە لە بەسەرهاتی نەتەوەی کورد وەکو زۆرداری‌و دەست درێژی عوسمانی‌یەکان بەرامبەر بە کورد وە هەروەها پیلانە گەورەکانی ئینگلیز وە تەنانەت باسی بەسەرهاتی سرووشتیشی تیایە وەکو لافاو و گەلێک ڕووداوی تر ، وە لە هەموو بەسەرهات‌و ڕووداوێک زیاتر کاری کردبێتە سەر هەستی ناسکی حەمدی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمرە ، لە زۆر هۆنراوەکانیا باسی ئەکات ، تەنانەت لە هۆنراوەی دڵداریش‌دا ناوی شێخ مەحموود دینێت ](٥) .**

حەمدی‌ی شاعیر وەنەبێ وەکو هەندێ لە چەند لایەنێک دوابێ‌و بەس ، بەڵکو لەپاڵ ئەو هەموو وردەکاری‌و بیرتیژی‌یەدا کە لە شیعرەکانیا هەستی پێ ئەکرێ ، لەپاڵ ئەوەش‌دا ئەتوانین لە ڕیزی چەند شاعیرێکیا دابنێین ، ئەمە جگە لەوە کە حەمدی گەورەترین ڕەخنەگری سەردەمی خۆی بووە [ مەبەست لە ڕەخنە لێرەدا ناوەڕۆکی شیعرەکانە نەک ڕەخنەیەک کە بە وتار نووسیبێتی ]و زۆربەی ، بگرە هەموو ڕەخنەکانیشی لەجێی خۆی‌دا بوون ، ئەگەر چی ئەو ڕەخنەکاری‌و بیرووڕا دەربڕینە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بووەتە هۆی ئەوەی کە باری ژیانی لێ ئاڵۆز بکات ، بەڵام ئەم گوێی بەمە نەداوەو سوور بووە لەسەر هەڵوێست‌و بیرووڕاکەی خۆی .

بەڵێ حەمدی بە واتای وشەی ڕاستەقینە شاعیرێکی چاونەترساوی نەتەوەکەی بوود . شاعیری جوانی بووە ، شاعیری دڵداری بووە،هیچ کاتێک خۆی بۆ ڕانەگیراوەو لە ئاستی ئەو کارەسات‌و ڕووداوو دیمەنە ناهەموارانەدا کە بە دڵی ئەو نەبوون‌و زیانی نەتەوەکەی تیا بووە ، کانیاوی شیعری تەقیوە ، هەرچی لە دڵدا بووە دەری بڕیوە ، بۆیە ئەتوانین بڵێین کە حەمدی خاوەنی هەڵوێست‌و فەلسەفەیەکی گەورەو پیرۆز بووە ، خاوەنی وشەی بێ گەرد بووە کە بەهۆی ئەوەوە خزمەتی وڵات‌و نەتەوەکەی پێ کردووە .

حەمدی هەموو شیعرەکانی لە دەروونێکی پاکەوە وتووە ، هەروەک دکتۆر مارف خەزنەدار ئەڵێت : ـ [ ئێمە ئەتوانین بڵێین کە حەمدی هەموو شیعرەکانی لە دەروونێکی ڕاست‌و بیروباوەڕێکی ڕێک‌و پێکەوە دەرچووە ، کە ستایشی خواو مەدحی پێغەمبەری کردووە ، ڕاستگۆ بووە چونکە موسڵمانێکی بێ‌گەرد بووە ، کە باسی کوردوکوردستانی کردووە ، ڕاستگۆ بووە ، چونکە نیشتمان پەروەرێکی دڵسۆز بووە، کە باسی یارو بەهاری کردووە ڕاستگۆ بووە ، چونکە دڵدارێکی ڕاستی ئادەمیزادو تەبیعەت بووە ، ئەمە بەڵگەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی شاعیر ئاسۆی دەماغی گەلێک فراوان بووە ، وە مەیدانی دڵی بێ پایان بووە وە توانیویێتی هەموو شتێکی هەست پێ‌کراوی ژیان لەم مەیدانەدا کۆبکاتەوە ](٦) .

حەمدی ژیانێکی پڕ ناخۆشی بە خۆوە دیوە، دەربەدەری چەشتووە ، ماڵی تاڵان کراوە ، دیوانی شیعری ( جگە لەم دیوانەی ئێستای) سووتێنراوە، ناکۆکی زۆری لەگەڵ شێخ مەحموودا بووە ، کە کە ئەمە لە شیعرەکانیا ڕەنگی داوەتەوە ، وە ئەم ناکۆکی‌یەش لەبەر ئەوە نەبووە کە ڕقی لە شێخ بووبێتەوە یان داوای پایەو وەزیفەی بەرز بکات ، بەڵکو ئەی‌ویست ڕێ پیشانی شێخ‌بدات ، بەڵام سوودی نەبوو ، ئەی ویست وریای بکاتەوە ، بەڵام

قسەی نەئەچووە سەر ، بۆیە بەم جۆرە باسی نیدارەی سەردەمەکەی شێخ ئەکاو ئەڵێت :

**باسی تەشکیلاتی ثانی ئەکەم هەر بۆ پێکەنین کەمترین بوو گەورەتر، هەم گەورەتر بوو کەمترین ناعیلاجم ئیسمو شوهرەت باس ئەکەم عاجز مەبن تا ببینن شکلی وەضعیەت بەجاریَ قارئین**[٧]

مامۆستا نەجمەدین مەلاش لە پێشەکی دیوانی حەمدیدا ئەڵێت : ـ

[ حەمدی ئینسانی زۆر بە ثوبات بووە ، وەکو ئەمە لە زەمانی تورکدا موددەتی عومری موخالیفی شێخ مەحموود بووە ، زۆر وقووعات لە بەینیانا ڕووی داوە ، کە ئینگلیسەکان فکریان لەگەڵ شێخ مەحموود گۆڕی بۆ ئیتتیفاق دەستی بۆ حەمدی درێژ کرد کە تەماشای کرد بە ناوی مەنافیعی وەطەنو میللەتەوە بە جددی قبووڵی کردو ئیشتیراکی کرد . لە پاش ئەمە کە مەغلووب بوون شێخ مەحموود ئەسیر کرا ناردیانە هیندستان ، حەمدی عائیلەکەی شێخ مەحموودی لە دەست دوژمنەکانی دەرکردو دووری خستەوە، ئەمجا هاتەوە سلێمانی بە ئەنواعی فیداکاری خۆی دەرباز کرد ، موددەتی چوار ساڵ لە ئەسارەتا مایەوە شەریکی جورمەکانی حەمدی یا گیران وە یا خۆیان تەسلیم بە حکومەت کرد ، حەمدی بە کەژو کێوەوە مایەوە لەو ڕێگەدا ثەروەتێکی گەورەی هەبوو هەمووی دانا ، کە شێخ لە هیندستان هاتەوە ، حەرەکاتیان پێ گۆڕی ، حەمدی عاجز بوو ، وازی لە کار هێنا ، ( هەر مەنظوومەیەک کە لە تەعریفی شێخ مەحموودا رتبووی هەمووی لە دیوان هێنایە دەرەوە گومی کرد ][٨] .

بەم جۆرە ئەبینین کە مەسەلەی ناکۆکی نێوان حەمدیو شێخ مەحموود ناکۆکی کەسیو زاتی نەبووە،بەڵکو مەسەلە مەسەلەی هەڵوێستو ڕەفتارو کردەوەی ڕۆژانە بووە بەرامبەر بە میللەت ، مەسەلەی شۆرش بووە کە شێخ لەو سەردەمەدا دژی ئینگلیزەکان بەرپای کردووە حەمدیی شاعیر هەروەکو وتمان لە شاعیرەکانی تر جیاوازە کەچی لە ڕووی بەکارهێنانی وشەو زاراوەوە ، دیسان ئەمیش پەیڕەوی شاعیرە کلاسیکییەکانی کردووەو زاراوەی زمانە بێگانەکانی بەکارهێناوە ، هەرچەندە لە دیوانەکەیا لە شیعری کوردیو فارسی بەولاوە شیعری تیا نییە ، بەڵام لە ڕاستیدا حەمدی شیعریشی بە زمانی تورکی داناوە ..! ئەو وشە بێگانانەی بەکاری هێناون یان فارسین وە یاخود عەرەبین ، دکتۆر مارف خەزنەدار لەم ڕووەوە ئەڵێت : [ فارسییەکان لەبەر ئەوەلەباو بووە ، چونکە زمانی فارسی هەندێ نزیکایەتی لەگەڵ کوردی هەیە ، وە بیرووباوەڕی شاعیرەکانی فورس لەگەڵ بیروباوەڕی شاعیرەکانی ئێمەدا ئەگونجێ .. عەرەبییەکان لەبەر ئەوە لەباو بووە چونکە زمانی ئایینی زۆربەی کورد بووە ، وە هەموو طقووسێکی دینیش بەو زمانە کراوە جا لەبەر ئەوە هەموو کاتێک ئەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە وشەی بێگانە لە شیعری مەدرەسەی تەقلیدی کوردییا بەدیبکەین ، بە تایبەتی شاعیرەکانی ئەو مەدرەسەیەش هەموویان دەستێکی باڵایان لە فارسیدا بووە ][٩] . حەمدی ئەگەر چی لەسەر ڕێڕەوی شاعیرە کلاسیکییەکان ڕۆیشتووە بەڵام لە هەمان کاتدا سەربەستیو ئازادی خستە ناو شیعرەوە لە هەندێ شوێندا گیانی شاعیریو خەیالی بەسەر عەقلا زاڵ کردووە ، مەبەست لەمەش بیری ڕۆمانتیکییە کە لە شیعرەکانیدا هەن ..

حەمدیی شاعیر خاوەنی هەستێکی نازک بووە شیعرەکانی وەک دەروونی بێ گەرد بوون ، دڵڕفێن ، ئەگەرچی بە شێوەو ڕوخسار کلاسیکین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەمدی جەماهیرییەتێکی زۆری هەیەو هەموو خوێندەوارێکی هۆشمەند حەز بە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەکات، شاعیریش ئەو شاعیرەیە کە جەماوەر پەسەندی بکات ، وە ئەتوانم بڵێم ئەگەر کاتی خۆی زۆربەی شیعرەکانی تری نەبوونایە بە خۆراکی ئاگر ئێستا بە شێوەیەکی تر باسی پلەوپایەی شاعیرێتی حەمدیمان ئەکرد .. ئەو حەمدییەی کە لە ساڵی ١٩١٩دا شیعری بۆ شێخ مەحموود وتووەو لە ١٩٢٦دا کە کۆمەڵەی زانستی کوردان دامەزراوە شیعری بۆ وتووەو لە ١٩٢٧دا شیعری بۆ کوردستان وتووەو ١٩٢٥دا شین بۆ کوردی باکوور ئەکاتو کارەساتە دوابڕاوەکەی ٦ /

ئەیلوولی/ ١٩٣٠ی بەردەرکی سەرای سلێمانی هەوای لێ ئاڵۆز ئەکات .. هەر حەمدیش بوو ، یەکەم شاعیرێ کە گۆرانی بۆ جەژنی نەورۆزیی نەتەوەیی وتووە ، ئەوەتا لە ساڵی ١٩٢٥دا ئەڵێت:

**بەه بەه چ ڕۆژێکی نەوە**
**هەی هەی چ عومرێکی نەوە**
**هەوا دەریایی پڕتەوە**
**گوڵ بۆ چەمەن بە سەرەوە**
**سەوزە جڵەوکێشی ئەوە**
**دنیا وەک باغی خوسرەوە**
**شیرینە جێی سەیرانەکەم**
**ئەمما بدەی جەژنانەکەم(١٠)**

حەمدی لە هەموو بابەتەکانی شیعرو مەیدانی شیعرا خۆی تاقی کردووەتەوەو تیایشیا سەرکەوتوو بووە ، لە شیعری ستایش‌و ئایینی‌دا وا خۆی دەرئەخا کە هەستێکی پاک‌و بێ‌گەردی بەرامبەر ئایینی ئیسلام هەبووە ، لەو شیعرانەدا، شیعری خواناسی‌و ستایشی پێغەمبەر ، مەگەر هەر حەمدی توانیبێتی بەو شێوەیە ستایشی پێغەمبەر بکات : ـ

**مسوەددەی صوبحی ئەزەلی مووی محمد**
**خورشیدی بەیاضی ئەبەدی ڕووی محمد**

لەستایشی ئەبووبەکری صدیق‌دا ئەڵێت :ـ

**وریا بە قەڵەم باسی ئەبووبەکری صەدیقە**
**ئیمانی کە دەریایەکی بێ حەددو عەمیقە**
**هەرکەس کە نەبێ باوەڕی بەم صادیقە پیرە**
**سەد دەفعە ئەگەر ئەهلی طەریقەت‌بێ طەریقە(١١)**

حەمدی کە دێتە مەیدانی شیعری دڵداری‌یەوە وا هەست ئەکەیت کە لاوێکی چواردەساڵەیەو خەریکی دڵداری‌یە ، دڵداری لەگەڵ نەونیهالێکا، تەنانەت دڵداری‌یەکی ئەوەندە بە تینە شان ئەدا لە شانی دڵداری‌یەکەی شیرین‌و فەرهاد :

**لە گوڵشەن لالەیەکم دی دڵم داغی دڵی پشکووت**
**وتی ئەم لالە شیرینە بە فەرهادم ئەکا زوو جووت**

یان ئەڵێت :

**هەموو فیتنەی زەمانە کەوتە گۆشەی چاوی فەتتانت**
**بەڵێ ئاشیفتەیە عالەم لەبەر زولفی پەرێشانت**

حەمدی لە مەیدانی نیشتمان پەروەری‌و خۆشەویستی نەتەوەکەیا بێ‌وێنە بووە ، هەمیشە بە دڵ دوعای کردووەو پاڕاوەتەوە وتوویەتی : ـ

**ڕەببی مووی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ**
**هەرکەسێ گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ**

یان ئەڵێت : ـ

**شیرەکەم پێتان حەڵاڵە خوێنەکەم گەر گوم نەکەن**
**نامداران‌و حەمییەت کاری ئەولادی وەتەن**

لەوەش جوانتر ئەڵێت : ـ

**تا بزانن عالەمی چەندە وەفا کردارە قەومی کورد**
**هەر ئەبێ تەعریفی ئەصڵی خۆی بکا ناچارە کورد**
**زۆر قەدیمن ، زۆرن ، ئەمما تەفرەقەی کردوون زەمان**
**وەرنە قەومێکی نەجیب‌و صاحێبی میقدارە کورد(١٢)**

لە تاو دووری شێخ مەحموود ئەڵێت : ـ

**وەک مەدینە بێ (نەبی) بێ ، یا نەجەف بێ بێ عەلی**
**شاری غەزنەش ئێستە بێ مەحموودە وەک داری کەلی**

هەر بەو شێوەیە حەمدی لە زۆربەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی سەردەمەکەی‌و نەتەوەکەی دواوە ، بەڕاستی حەمدی لەو شاعیرانەیە کە مافی تەواوی خۆی لە جیهانی لێکۆڵینەوەو دیراسەکردن‌دا نەدراوەتێ ، چونکە حەمدی نەیهێشت جێگەی نالی‌و سالم‌و کوردی‌و مەحوی کوێر بێتەوە ، هەروەک ئەحمەد فەوزی ئەم ( تەقریظەی ) بۆ نووسیوە ئەڵێت : ـ

**گەرچی نالی‌و کوردی‌و سالم لە دەورەی ماضیا**
**صاحێبی دیوانی عالی بوون لە شیعری کوردیا**
**گۆیی سیبقەت هەر لە ناوا مابوو ( مەحوی) پێ‌ی گەیشت**
**خستی‌یەوە مەیدان بەجێ‌ی‌هێشتن لە عەصری ثانیا**
**دایە بەر گۆچانی تەشبیهو بەلاغەت ڕای‌فڕاند**
**ئەو بەیان‌و ئیستیعارەی وا لە شیعری (حەمدی)یا(١٣)**

حەمدی شاعیر دنیای بەجێهێشت ، بەڵام ناوی ماوەو هەر ئەمێنێو هەتا چـــاوی خوێندەوارانی کورد تینی خوێندنەوەیان تیـا بمێنێ شیعرەکانی حەمدیش هەر ئەمێنن ... لە شەوی پێنج شەممە ، سەعات سێی عەرەبی، (۲۸/شەعبان/۱۳۵۵ك ) بەرامبەر ( ۱۲ تشرینی دووەم/ ۱۹۳٦ ز ) بە ســەکتەی قەلبی کۆچی دوایی کردووە ، [ ڕۆژێك پێش مردنی هـەموو دۆستو خۆشەویستەکانی خۆی زیارەت کردووەو گەردنی پێ ئازاد کردوونو ئەوانەی لێی زویـر بوون هەموویانی ئاشت کردووەتەوەو وتبووی : مردن دەورەم ئەدا ، لە دڵم گەڕاوە ، ئەمرم][١٤] ، وە لە گردی سەیوان بە خاك سپێرراوەو لەسەر کێلێکی قەبرەکەی ئەم چوارینە نووسراوە :

**حـــەمدی خوا ئەکەم بەسە بۆ ئیفتیخاری من**
**دیوانیان لـە مەجلیس ئەکەن ئینتیظـاری من**
**یەك ڕوو پەڕەی جوابی ســوئالی مەلەك ئـەدا**
**دیوانەکـــەم کیفاتـــە بۆ سەرمەزاری من(١٥)**

نەجمەدین مەلاش ئەم بەیتەی بۆ مێژووی مردنی حەمدی داناوە(١٦) :

**تـــەئریخی کۆچی دڵ غـــەمگین ئـەکا**
**(گوڵ ) ( لەباغ ) ( وەری ) ( بلبل) (شینئەکا)**
**٥٠+٦٣٨+٢٢١+٦٤+٣٨٢=١٣٥٥ ك/١٩٣٦ ز**

١ ــ دکتۆر مارف خەزنەدار لە گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیاتدا ، زانستگای بەغدا ، ژمارە(١٧) ساڵی ١٩٧٤ ، وتارێکی لە قەوارەی (٥٥) لاپەڕەدا لەژێر ناونیشانی [ گوڵ لە شیعری شاعیری کورد حەمدی ] دا بڵاوکردەوە ، وە لەو نووسینەی مامۆستا سەججادی لــە مێژووی ئەدەبی کوردی بەولاوە نووسینێکی تری وا بەرچاوناکەوێ کە لە حەمدی دوابێت .. بە تایبەتی نووسینی تازە لـە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا .

٢ ــ چاپکردنی دیوانی حەمدی کارێکی پیرۆزو بەجێبوو ، بەڵام هەڵەی زۆری تیایــە ، ئێستاکە چەند دەستنووسێکی تەواوی دیوانی حەمدیـم لەبەردەستایەو چاکترین نوسخە کە نەجمەدین مەلا نووسیوێتییەوە لەگەڵ دەستنووسی مەلا جەمالی مــەلا ئەحمەد وە دیوانی حەمدی بە دەسخەتی خۆی،ئێستا اخەریکی لێکۆڵینەوەم لەسەری. وهیوادارم بەم زوانە بـــە ئارەزووی خوێندەوارانی کورد دیوانی حەمدی چاپ بکەم .

٣ ــ دیوانی حەمدی ، ل ١٣ .
٤ ــ شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ، ڕەفیق حیلمی، بەرگی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٤٨ ، ل ١١ .
٥ ــ ڕۆژی نوێ ، ژمارە (٧) ١٩٦٠ ، ســاڵی یەك ، ل ٣٠ ، ٣١ .
٦ ــ دیوانی حەمدی ، ل ١٥ .
٧ ــ دیوانی حەمدی ، ل ٨٦ .
٨ ــ لە پێشەکی دیوانە دەســـتنووسەکەی نەجمەدین مەلاوە .
٩ ــ دیوانی حەمدی ، ل ١٤ .
١٠ــ دیوانی حەمدی ، ل ١٢٩ .
١١ــ سەرچاوەی پێشوو ل ٦٢ .
١٢ــ سەرچاوەی پێشوو ل ٧٣ .
١٣ــ پێشەکی دیوانی دەستنووس بە دەسخەتی نەجمەدین مەلا .
١٤ــ لە پێشەکی دیوانە دەستنووسەکەی مــەلا جەمالی مەلا ئەحمەدەوە .
١٥ ــ لە پێشـەکی دیوانی دەسخەتی نەجمەدین مەلاوە .
١٦ــ هەر سەرچاوەی پێشوو .

**سلێمانی ٢٩ــ٦ــ١٩٧٩**

* • *



# سەوادی

عبدالرقیب یوسف

سەوادی شاعرەکی کوردێ هێژاو بەرکەتیە و یەك ژوان شاعرێن مەیێن سەدێ هەژدەیێنە وکو ئاغائوکێ بیداری وهەروسا ـ وەکو هزر دکین ـ باتەیی ومەلا منصورێ گرکاشیو سلیم خودانی ( زیوسف زلیخا )ێ بەکرمانجییا ژوری سوادی خودانێ کتێبا ( لیلی و مجنون )ە ب کرمانجیا ژوری دڤێ کتێبا خو یا بەرکەتی دا چاخێ خوە دیار کریە چونکه تێدا مێژیا دەستپێکرنا ڤێ کتێبێ دیارکریە یا کو سالا ١١٧٢ ك ( = ١٧٥٨/١٧٥٩ زا ) یە ویان دەه سال ل پێشیاوێ یانی سالا ( ١١٦٢ ك ) چونکه « مفز سینه » هەر وکو دهندك دەنکی ( لیلی مجنون )ێ ویان « مفز سنه » هەر وکو دهندەك دەنکین وێ یێن تردا ـ کریە مێژویا دانینا وێ وکو دبیژێ :

**نەھ روژی تەمامی پاشێ نەوروز**
**ئەم بونە ب دل ئەدیمو ئەندوز**
**مەغزێ دەڤو لێڤو سەعبی سینه**
**تاریخی ژ لەو ژ ( مغز سنه )**

ئەم نزانین سەوادی خەلکێ چ جهەکییە وچەوا ژیاوە یانی ئەم تشتەك دەربارا سەرهاتیا ژیاناوی نازانین هەتا ناڤێ وی ژی نزانین چییە تەنیا کتێبا ( لیلی مجنون ) لە یەکیەتی سوفیەت ب ناڤێ ( حارث )ێ بدلیسی ڤە هاتیە چاپکرن ئیتر نەدورە ( حارث ) ناڤێ وی بێ و خەلکێ بدلس بی ئەگەر ئەو خەلەت نەبن ناڤێ حارث د کتێبا وی دا نەهاتیە تەتیا ناز ناڤێ « سوادی » د هندەك مالکان دا تێیە هەر وکو د وان هەرسێ دەنکێن ڤێ کتێبێ یێن دەستنڤین یێن ل نك مە هەیی .

هەرکەسێك ڤێ کتێبا وی بخونێ دزانێ کو شاعرەکی باش بویە وهزر دکە کو دبی هندەك هەلبەست ( قصیدە ) ژی دانیبن و یان دیوانەك یا شعرێ ژی هەبێ بەلکو سەوادی بخو تلیا خوە بو ڤێ ئێکی دریژ دکە د ڤی هەلبەستا خوەدا یا کو دڤێ گوتارێ دا بلاڤ دکێن هەر وکو دبیژی :

**بێ مثالم بێ دەلیلم گەر چبت رەغبەت ذەلیلم**
**هەر ل حالێ خو دەلیلم بەیتو دیوانێ دمن**

ویان وکو :

**« بێ مثالن بێ عدیلن گەر چ بت رەغبەت ذەلیلن**
**خوش ل حالێ من دەلیلن بەیتو دیوانێ دمن »**

دڤێ هەیڤا تیرمەهێ دا برادەر ( وەصفی ردینی ) د « عیراق » ژمارە (٣٦) دا هوزانەك

بلاڤ کریە ودبیژێ هیڤی دارم هەرکەسەك بزانێ هەلبەستا چ شاعرەکێ‌یە بومە دیاربکە ومە ئاگەهدار بکە ژبەر ڤێ ئێکی ئەم ڤێ گوتارو هەلبەستا بلاڤ دکین چونکە ئەو هوزانە یا سەوادی یەو سێ دەنك ژی ل نك مە هەیە یەك (۱۲) مالکە ویاتر (۱۸) مالکە لێ هەردو نەتەمامن وخەلەتی وپێش‌و پاشی دواندا هەیە وەکو ئەودەنکا برادەر وەصفی بلاڤ کری ژی بتر خەلەتی تیدا هەنە و گەلەك ژهەڤ چوە وئەوژی (۱۲) مالك بو ژبەر ڤێ یەکێ ئەمێ دەنکا سێ‌یی ژڤێ هەلبەستێ ( قەسیدەێ ) بلاڤ بکین یاکو (۳۰) مالکە وریێك‌و پێکە تەنیا لەنگی ل دوسێ مالکەیەکدا هەیە هەروها باشترە ژهەمیان چونکە ناڤێ « سوادی » دمالکا دواهیێ‌دا هەیە . ئەڤ دەنکە چەند جارەك ژئالیێ (سەید عبدالعزیزێ عەلەوی) ڤە هاتیە خوندن ژئیستگێ قەسرا شیرین و ب دەنگێ وی ل نك مە هەیە . ئەڤ هەلبەستا سەوادی رەوان‌و خوشە ودەستپێکرناوێ ژخوشترین دەستپێکرنێن هەلبەستێن کوردی یە وئەڤاهە دەقا وێ هەلبەستێ‌یە :

**ئەی فەلەك دیسا تە کول‌کر**
**دەردو ئیشانێ دمن**
**مثلێ بلبل مەیلێ گول‌کر**
**ئاهو ئەفغانێ دمن**

**بێ مثال‌و بێ عدیلن**
**گەر چبت رەغبەت ذەلیلن**
**خوش ل حالێ من دەلیلن**
**بەیت دیوانێ دمن**

**گاهو بێگاه ئاشکەرانە**
**هەر دنێڤ قەومێ بەلانە**
**مثلێ روژێ پر جەلانە**
**خال‌و نیشانێ دمن**

**سنبل‌و ریحان بنوشن**
**ئەطلەس‌و دیبا دپوشن**
**صبح‌و گاهان پر خوروشن**
**باغو بوستانێ دمن**

**ئەی دلو جارەك نەهاتی**
**شەکەرو ئاڤا نەباتی**
**ساقییا ئاڤا حەیاتی**
**تێ ژ زوزانێ دمن**

**کوفییا بەرقێ دبەردا**
**خەمل‌و ریشێ چونە سەردا**
**کی ل حالێ مە خەبەر دا**
**داغو کوڤانێ دمن**

**دەردێ عشقێ پر عەذابە**
**سوتمە ئیش‌و عتابە**
**لێ بەلێ حسن‌و ثوابە**
**ئەو ل جەم یارێ دمن**

**عشقێ سەرتا ئمتحانە**
**کی کو دی هش لێ نە مانە**
**ئەز دبم پر دەرمانە**
**ئەو ل سەر قەلبێ دمن**

**عەنبەرو بێنا گولاڤێ**
**چیچەك‌و ریحان دناڤێ**
**هەر سەحەر تێنە سلاڤێ**
**ئاهو کوڤانێ دمن**

**عەنبەرو بێنا بخورێ**
**روهنییا سیناو طورێ**
**من چوجار ناچن ژبیرێ**
**حورو غلمانێ دمن**

**ملکێ مصرێ برج‌و ئەیوان**
**باغو جنەت حوری رضوان**
**ئەی سەمایێ ماهێ سەیوان**
**تەخت‌و دیوانێ دمن**

**حورو غلمان پر هوانە**
**پەسحەتا وان نێرگزانە**
**دائما قەلبم گرانە**
**بلبل‌و باغی دمن**

**بلبل‌و بازی دخونن**
**جاروجار سەرخوش دمینن**
**عاشقان رەنجێ دبینن**
**ئاهو هاوارێ دمن**

**ئەی دلو بیژە تو ئاوازان**
**بوان فکرو نیازان**
**تیکەلێ شعران ب سازان**
**موحبەت‌و عشقا دمن**

**ئەی ( سەوادی ) بەس بێژە**
**پەسحەتا عشقێ درێژە**
**بەفرو بارانێ مە رێژە**
**عەورو نیسانێ دمن**

○ محسن ئاوارە

# باخی عیشق و میوەی خۆشەویستی



١ ـ « پیرەمێردێکی مێژوونووس لە ئێراندا »

* * *

لە سابلاخدا
لەو ئاگردانە هێمنەی ، چەند ساڵێك بوو
بە بێدەنگ بوو
پشکۆکانی ، بە دەم پێکی ، پڕ لە زامو ...
بە دەستی تورەبووەوە
خۆڵەمێشی ، سەر ڕوومەتیان ، دەسڕیەوە
لەم شارە دڵڕفێنەدا ، چوار لاوی کورد
پەیکەری « شا » یان مل پەتکرد
لە خیابانا ، ڕایانکێشا
لە ناکاوا .. لە ناوەڕاستی شەقاما ،
پیرەمێردێکی ریش سپی ، قاچی داگرت ...
خاڵوی پیرەمێرد شـــێت نەبوو ، بەڵام وەکـو ، شێتو هارێ

لەسەر گیانی پەیکەرە ڕووخاوەکەوە
باخەی کورتەکی کردەوە
لەگەڵ سینگە تووکناوییەکەی خۆی دەدوا :ـ
ــ تۆ ئەم ڕووداوەش ببێنە ... تۆماری کـــەو دامەمێنە
لێیچوونە پێشو پێیان ووت : هۆ مامە گیان
خۆ سینگت چاو نیە تا ڕووداو ببێنێ
ئەگەر وابێ ، چاویلکەکەت ، بە دەفەی سینگەوەی وەنێ ؟!
ــ ڕۆلەکانم .. ئێوە پێتان سەیر نەبێ
راستە ئەبێ ، هەڵۆی چاوم ، لەسەر ڕووگەی ، ئەم کەلاکە هەڵنیشێ
ئەگەرچی کەم بیناش بووە
بەڵام سینگم ، دارستانێکی زیندووە
تەماشای ژێر پێی درەختەکانی بکەن
ئەگەر گەڵا وەریوە زەردەکان لابەن
هەر فرندەیەو فرندە
لەسەر لاشە سپییە خەوتووەکانیاندا
برینی گەرمو تەڕ وەکو گڵۆپی سوور
تیشکەکانیان ، سەما دەکەن
چیت مەبەستە بۆتی باسکەن .. ؟
زریان ، ئاگر ، ڕاوچی ، داربڕ
یاخود باسی ،
وورشەو گڕو تەورو تاپڕ

ئێوە وەرن جۆگەلەکانیان بدوێنن
دەست بە چاویانەوە دەگرن ، بە دەم پرمـەی ، گریانەوە

شۆڕ دەبنەوە
دارستانەو دارستانە
جێی ژوانو ئەسپ سوارو باڵندانە
هەوارگەی پڕ لە سەنگەرو ،
هۆبەی خێوەتی ئاوارە بووەکانە
سینگم .. سینگم ، قووڵەو شوورەی بەردینو
قەڵای مێرانە
ســـــینگم ، کورتە چیرۆکێکە ، لە مێژووی ئەم کوردستانە

سینگم .. سینگم ، شووشە بەندی ئەو دڵەمە
دڵەکەشم ، هەر دڵ نیەو ... گۆڕەپانە
گۆڕەپانی چوار چرایە
نەك ئەم پەیکەرە ڕووخاوەی بەردەمتان
پەیکەرە خوێن گەرمەکەی « قازی » تیایە

●

٢ ـ مەمی ئەســـــتێرەو زینی کانیاو لە دڵداری خۆیان ناکەون

* * *

( مەمو زین یان بە گۆڕ سپارد
کێوەکان سەریان لە تەم گرت
فانووسەکان ... وەکو تروســـکەی ئاگری ،
مەکۆی دزان

زەرد هەڵگەڕان
پاساریەکانیش وڕووژان
نەڕۆیشتن .. نەڕۆیشتن
نەبۆ هێلانەکانیان گەڕانەوە
نە لەسەر چڵە درەختێکیش هەڵنیشتن
ئەو شەو ، شوانەکانی قەدپاڵ
( شیر ) یان گەرم نەکردەوە
ئەو شەو ، جۆلا ، لە کار وەستاو ...
( خەرەك )یش نەسوڕایەوە
چەمەکان هاتنە شڵپو هۆڕو شێلو بوون
هەتا بەردی زل زلیش خۆیان دەدایە دەســـت شەپۆڵو ...

گڵۆریانی دەکردەوە
ئاسکەکانیش ،
بەرەو ڕەوەزو هەڵدێر قەتارەیان بەست
شەو ، شەوی دەستلێك بەردان بوو
شەوی هێلکە شکانو ئەستێرە ڕژان بوو
باو بۆرانیش ، دارستانی ڕادەوەشاند

مێوەو گەڵای هەڵدەوەراند
لەسەر کەوشەنو لە ناو بەردەڵانیشدا
حیلەو سمکۆڵانی ئەسپەکان بوو
شەو شەوێ بوو ، لە هەواری غەریبیدا
لرفە لرفی رەشماڵی کۆچەریەکان بوو
( مەمو زین ) یان بە گۆڕ سپارد
بەڵام ساڵ نەسوڕایەوە
لە شەوێکدا ، مانگە شەو بوو
مەرگەوەڕیان لە خەو هەستاند
ـــ هەڵسە ... هەڵسە ... ئەوە لە کوێی ؟
مەم بووە بە ئەستێرەیێ لە ئاسمانو
( زین )یش کانیاوێ لە بنار
مەرگەوەڕی چەپەڵ بەم هەواڵەی زانی
هێشتا سەرتاپای لەشی هەر ئارەقە بوو
لەو شەوەدا
خۆیو لەگەڵ سوارەکانی
هەڵیانکوتایە سەرکانی
کە بینییان ...
مەم خزاوەتە باوەشی گەرمی زینو
لە پرخەی خەوێکی خۆشدان
کانیان لێڵو وێڵ کرد بە بەردەباران
ئەستێرەشیان بە برینداری هەڵفراند
نەخێر مەرگەوەڕ بەوەندەش ڕازی نەبوو
ئەمجارەیان ،
کانیەکەی کرد بە زیندانێ
( زین )ی تێدا بەندکردەوە
کەچی بۆ ئێوارەی دووەم
کاتێ خۆر کۆچباری تێکنا
ئاسۆ زەرد بوو
مەم داگیرساو کەوتە گەڕان
لەم زۆزانو دوندانەوە
بە عیشقێکی سۆفییانەوە
خاکو خۆڵی بۆن دەکردو
بەرزیو نزمی دەلستەوە
چونکە دەیزانی ( زین )ەکەی
ئاوێکی سەرکەشە دانامرکێتەوە
لێرانەشدا زەوت بکرێت
لە جێی‌تر دەپەنگێتەوە

پێشکەشە بە شۆڕشگێرانی گەلی ئێران



# ئێك .. دوو .. سێ

سەرفراز علی

– ١ –

تە گوتە من :
– تو ئێدی کولیلکا لسەر مشارێن دەفتەرا خو
ناچینی ..
نێرگزا دگەل کەزیا ، لناڤ کرێیا پوشیا خو
ناڤەهوینی ..

– کورکۆ دینۆ :
– ئەزا پێشەمان نینم ..!!
تە وەزانی ، هزرا من یا لالو گێژبوی .. پێ
نڤیسێ من ، پێ قوتبوی ..
دلێ من ، لایێلایێ یا ژیرکری ..
تە وەزانی ، ژنهو پاشڤە ئەز نڤشتیا بو دلێ
دونیایێ نا ڤەهوینم ..!
.نە ، حەیرانۆ .. شڤانێ واری ..
راستە دوهی من گول دئانین .. نێرگز دبەر
سەرێ منڕا دلەیزین
لێ گرێیا پوشیا من یاخار بو .. کورتەکێ ژینێ
یێ ڤاژی بو .. ئەز
ژی تێدا یا بەرزە بوم ..
لێ نوکە ، جارەکا دی ئەز زڤریەڤە
بچویکینیا خو : –
« بویکا مە خێلی .. خێلی ..»(١)
نادەینە بیانیا .. دێ کەینە دیاری بو خوییا..
دێ راستکەین گرێیا قەرەپوشیا ..

– ٢ –

تە گوتە من :
هەر سالێ جارەکێ هێلا مازیانە .. دەمێ
دەربونا کانیانە ..
باشە کەنگی گاڤا نارینا بویکانە ..؟
کورکۆ دینۆ
– هەکو خەلك دچونە نێرگزا ..!
تە وەزانی نێرگزێن مە چ هێل نینن ..!

مه ژی لناڤ ئاوازێت حەیرانوکا چ باهر نینن.!
نه گوته من کچکێ دینێ ..
ـ تو یادویری .. ئەزێ بتنێ ..
ـ کورکۆ دینۆ :
ئەز دویردا خودا ، دینم ، هەڤـدەرین ...
درێکا خودا ئەم کۆچەرین
ل من نەگرە ئەز مریدا کەڤیو چالیێن نێرگزێن گوندێ خومە..!
شەیدا گرکێ سۆرم(٢) ، کانیا وەلاتێ خومە..

ـ ٣ ـ

ـ تە گوتە من :
ـ ژمێژەیە تە کالك کرینە پێن خو .. کوپالکێ مفرەڤێ گرتیە ددەستێ خۆ ... !
لفکێن پارزوینی هاڤیتینە ملێن‌خو ...
هەی هۆ حەیرانۆ ...
ـ هندی من لبیرە ئەز کوچەرم دێویێ هـزار دەستو پێ ئەزا دانایمە
سەر پشتا خوو دەڤێ خو پێ بەش‌کری ، پێ رێکێ دمێت .. پێ
دمێژیتو هێشتا یامای ..!
چەوا دێ دەڤێ وی گرم ..؟
من نەڤێت بزڤرمەڤە مشەختیا .. من نەڤێت ژێ ل دویف
سەرێ خو دێو من ببەت بێ سەرو شوین .
من ئاخەك دڤێ ئەز لسەر رێکێن وێ رێڤینگ نەبم ..!
ـ مالەك دڤێ ئەز لکوژییا مێهڤان نەبم ..!
ـ وارەك ئەز لکنارا کۆچەر نەبم ..!
ـ گوندەك دبەردا ( چیادرکەك )(٣) ..
من دڤێ دەسـتێ تە بگرم .. تـەلچیایێ ( مەتینا )(٤) بگێرم
لدور بەرێ ( بویكو زاڤا )(٥) تە بزڤرینم ..
بئاڤا ( گەلی )(٦) ، ( گەرێ )(٧)


بسکا دابینم ..
کچکێ دینێ :
ـ تو دبێی وەبیت ..!
دلی ببێهنا ئاخا شرین مەست بکەو تو نەبییە دندکا
تەرکێ ب پەش .. بەرزە ببی ..
تو دبێی وەبیت .! تو ژ دلێ من وەکی کولفلێ دارا کەڤنار بێزار نەبی ..؟!
ـ کورکۆ دینۆ :
ـ چەند جارەکێ ئەز خۆ تاڤێمە (تەنباڤا) دلێ تە،
ئەز روناهیەکا نوی دبینم .. هزار ، هـزار مراری خو دگەردەنا من دەوەرینن ..
دهێلینا کوترکا سپیدا ئەز خو دبینم ..
ئەز خو دبینم ...

راڤـــە

١ ـ فولکلورە ، دبێژنێ بویکا بارانێ .
٢ ـ گرکەکە ل روژ هەلاتێ گوندێ بامەرنێ .
٣ ـ چیاکەکە پێ دبەر گوندێ بامەرنێدا .
٤ ـ چیایە ، بامەرنێ دکەڤیتە سینگێ وی .
٥ ـ دوو بەرن پێ لسەرێ چیایێ مەتینـــاو لهنداڤ گوندێ بامەرنێ دبێژنێ : بەرێ بویكو زاڤا .
٦ ـ کانیەکە دکەڤیتە سەرەڤانا گوندێ بامەرنێ ژلایێ روژئاڤای ڤە .
٧ ـ کانیەکە دکەڤیتە سـەرەڤانا گوندێ بامەرنێ ژلایێ روژهەلاتی ڤە .

# بارانی ڕەنگاوڕەنگ

سلام محمد




دیسان ئەگریت ؟؟ زووکە گیانە بڕوو برژانــگ داوەشێنە
چاوەکانت بسڕەوە ..
ئەوا هاتن ..
من‌و باڵدارەکانی شار هاوار ئەکەین :
ئەم ئاوە شەوانی زستان نایبەستێت‌و ئەبێتە خوێن
ئەم ئاوە برینی سەختی تینوێتیتان سارێژ ناکا
ڕوانینەکانت سەوزەگیای بەهارێکی زەردەوە بوون
تەمای چێتە ماڵ ئاوایی مەکەو بڕۆ
ئاوەدانی لە دڵی تۆدا نەماوە
خوا شەقشەقەی شەوانی تەنیایی غەمە
هەر ژاژەو وڕکەو هەڵدێر
هەر دووکەڵەو تەمەو داخەو واوەیلایە
تۆ بۆ نارۆی ..
بۆ نازانی دڵدارەکەت دوێنێش نەهات ..
دوێنێ ئێوارە ورووژای
دوا گەڵای داری ئارامت هەڵوەراندو
لەسەر دەرگاو دەروازەکەی
شاری چاوشارکێدا نووسیت .
سوارەکان دێن ..
ناوی شارو شەقام‌و بازاڕ ئەگۆڕن
دەست‌و پەنجەی خەڵووزاوی
سیمای ناکا ،
چاوی قووڵی فرمێسکاوی : ئەسڕنەوە
ئەوان دێن‌و بارانی ڕەنگاوەنگ دێنن ..
دڵدارەکەت ، دوێنێش نەهات

وەك جاڵجاڵۆكەی بریندار
لە ژوورێكی تەنیاو هەتیوا پەپوولەی ئاهەكانت
بە لێواری پەرداخی تاڵی ئارەقی چاوەڕوانیــدا
نیشتنەوە
پەرداخەكەت : بووە شاشە
لە سەرەتادا ، تابڕێك
گۆمی مەنگی شڵەقاندو باڵدارە ئێسكسووكەكان
رەوینەوە
راوچیەك هات
هەنگاوەكانی دووكەڵو تۆزو گەردی ..
رێگای دووریان لێئەباری ..
گەردەلوولێك ، گەردەلوولێكی ناوەختو
تووڕەو سەرشێت
ڕێگای لێگرت ..
وردە وردە دیمەنەكان تێكەڵاوبوون
هێشتا نیو پەرداخت مابوو كە بزمــــاری
خەوێكی تاڵ
لە گلێنەی چاوە سوورەكانتا چەقی ..
دڵدارەكەت دوێنێ نەهات ئیتر نایە
بڕۆ بڕۆ ، تا چاوهەڵخەی بیابانە
بە لای چەپا
بە لای راستا
سەر بەرەو خوارو بەرەو ژوور هەمووی مەرگە
هەمووی شەونمی هاوارەو تك تك
نــم نــم
هێدی هێدی
ئەڕژێنە ناو هەناوتەوە
ئەی گیانە بۆ زویر ئەبیت كە بایەقوش ئەڵێ: مەڕۆ
ئەی گوایە بۆ دڵگیر ئەبێت كاتێ قەملەرەشــكەی
كوێستان ئەڵێ بڕۆ
بۆ سالافی خۆشەویستیت
ناخەیتە ژێر گڕو پرشنگی دەستاڕی رۆژگارەوە
بۆ نازانی هەموو جیهانیش بسووتێ خەمت نانە
خەم ناسووتێ
دڵنیابە ، دڵدارەكەت دوێنێ نەهات ، ئیتر نایە
سەوڵ لێدە :
دەریا بەرینەو .. رووباریش وەكو تۆ شــەیدای
ماسیە
دەریا بەرینەو .. جۆگەلەش وەكو تۆ شــەیدای
هەوایە
سەوڵ لێدە پشكۆی ئازار ناكوژێتەوە
بڕۆ بەڵام ، ئاوڕ لە سێبەری خۆش نەدەیتەوە

رەسەنیی خۆر نەدۆڕێنێ
سەوڵ لێدە :
سنوورو خاك بە رەشەبای باوەشێنی سەوڵەكانت
بترازێنە
تەمای چیتە
ئەی سەرخۆشەكەی شەوانی بەفرباریں
لە ماچ زیاتر چیت هێناوە بۆ لێوی خوێن
لە خوێن زیاتر چیت هێناوە بۆ لێوی ماچ
ئیمشەو گیانە ، رووباری گشت وڵاتەكان
ببنە پەرداخە ئارەقێ ، بیخۆمەوە مەستە ناكا
چی ئازاری دونیا هەیە ببێتە گوڵەژاڵەیەك
هەڵیمژم پەستم ناكا ..
ئیمشەو زامی وڵاتەكەم ، بۆتە كۆترێكی سپی
دڵەكەمی كردۆتە هێلانەی نازو ..
ماچم ئەكاو .. ماچی ئەكەم
ئەی سەرخۆشەكەی شەوانی بەفرباریں
لە ماچ زیاتر چیت هێناوە بۆ لێوی ماچ
لە ماچ زیاتر چیتهێناوە بۆ لێوی خوێن
سەوڵ لێدەو
بە رەشەبای باوەشێنی سوڵەكانت شــەپۆڵەكان
هێمنكەوە
بۆ لەم كەنارە راوەستای ؟
ئەوەچیتە دیسان ئەگری ..
گوێم لێتە گیانە گوێم لێتە ئەڵێی هەڵۆی یەرەوەری
چرنووكی تیژی لە پێستی پاپۆڕەكەم گیركردووەو
بیریان ئەكەم
ناڵەناڵیان سیمفۆنیایەكە لە دڵما
چەنری ئاواتی پەمەیی
بەسەر شوولە ژاژەكانی نائومێدیی هەڵداوە
هەر هاژەی دێو بازووی منیش
بە چەشنی مانگی باوەش جۆگەلەیەك
لە گەڵیانا ئەلەرێتەوە ..
یەرەوەری خۆڵەمێشە
ئەگەر نەڕۆی تۆزی شوێن پێ ئەتخنكێنێ
ئەوا هاتن ، رەختو زینی ئەسپەكانیان
گۆشتی ویژدانی هەزاران دەربەدەرە
رامەوەستە : بڕۆ .. بڕۆ
كام ئەستێرە
نزیكترە لەو مەدارەی
پەڵە هەوری سەرگەردانیتی پێوەیە
هەلووربەلووری بۆ بڵێ
كام پاساری جریوەكەی ئەگاتە گوێت

# پەیڤێت




* ادريس محمد علي *

٦-٥-١٩٨٠ بەغدا

هەڤال پەیڤێت تە بین کانیەك
تژی ڤیـــان
دلێت هزار گەنجو لاوا
لێك کومکرن ،..
بینە عەڤرەك
تژی باران
زەڤیێت هزار پالەو رێنجبەرو  جوتیارا
تێر ئاف کرن ،..
بین بریسیەك
پـــر  سەنگو ژان
مالێت هزار کولەدارا
وێــران کرن ،..
بینــە سترانەکا  غەمگین
ئاوازەکێ تــژی کۆڤــان
سەرهاتیا  ملەتێ  ژارا
تێدا  هاتە تومارکرن ،..
بینە گەمیەك !!
دریژو  پــان
دەریایێ خەباتێ شەقاند
دەنگێ « خانی » و
رِنگێنا چەکوچێ کاوەی
ل ڤێ جیهــانێ بەلاڤکرن ،..
پەیڤێت تە :

دەرگەهێ خەمو کۆڤانا یێ ڤەکری
ئاگرەکێ ل ناڤا سینگێ من هەلکری
جەرگێو هناڤ کرنە گورِی ،..
لەوا  هەڤال !!!
دلێ من ژی وەك دلێ تە
ئەڤرو بوویە مەشکا گری
کۆڤانێت کێن !
هەر شلقەکێ سەد ناوازن
سترانێت زێن ،!!
لێ چەوابیت ،!
ماستێ مە دێ هەر  بیتە دەو
نیڤشكو رِوین
دێ ب سەرڤەهێن ،..
سترانێت مە نە ئەڤروکە .. سبە دوسبە
دێ خەلکی  کێشنە گوڤەندا مەمو زینا
زەری دێ هێن ،.
دیلانەکا دریژو  جان ڤەهژینن
کەنە دەوات ،
« خانی » ب چاڤێ خو دێ بینیت :
چەوا  رِۆژا
تاجدینو  ستییێ زوی  هەلات
هەر وەسا بەژنا  زینێ ژی
دێ بو مەمێ کەینــە خەلات
کەینە خەلات ...

# پیری



شیعری: مەسعود پەریشان

هەتا دێ زمانت شیرین ،
ڕۆحیشت سووك ...
سادە وەکو . شەوی بەهار
هاوڕێی کەوو ، داسو ، خڕنووك

★ ★

لە جیاتی گوڵ
هەر بەرهەڵبێنەی کوردانە
دای دەپۆشێ سینەو بەرۆك
خۆ جوان دەکەی
گۆمێ ئاو دەکەیتە نەینۆك

★ ★

لفاوی ئەسپەشێ دەگری
لەگەڵ مەرگی ئاژەڵێکدا
ئەتۆش دەمری

★ ★

خەوی سێبەری ڕەشماڵت چەندە جوانە
دڵت دەرهێنام ئەی ئاسکی
سایە ئێوارەی شاخی ئەم .. کوردستانە


★ ★

پڕ بە دڵت ...
حەزەکەی چاوت هەڵبڕی
بۆ ئەو کەمەی ،
لە بەیانی تا ئێوارە ،
بۆ تاقە ڕۆژ باشێکی تۆ
گیانی دەفڕی

★ ★

کەچی خەوشێکی نوورانی
وەکو ئاگر ...
لە هەموو گیانتا ، دەسووتێ
تۆو چاوی خۆت
تۆو خۆشەویستی ، تۆو جوانی
با بەس بسووتێ ئەو دڵەی
بوو بە قاوەو بە بریانی

★ ★





# کۆڕێك لەبەردەم یانزەمۆم دا...

ئەم مانگە یادی سەرهەڵدانی (بەیان)ــە .. یادی تەمەنی یانزە ساڵەی پڕ لە بەخششی ئەم گۆڤارە ئازیزەیە ، کە ڕۆژ دوای شەو خۆی لەبەر دڵو لــە نێو دیدەی کۆمەڵانی خەڵکی ڕاچەنیوی کوردستانا شیرینتر ئەکاتو تاســو خـەونو ژانو ئاواتەکانیان لەهەمێز ئەگرێ .. ئەوانیش بـەوپـەڕی ئەڤینەوە لـەهـەمێزی پڕ لـە میهرو سۆزیان ئەگرنو ڕێزی لێئەنێنو کتێبخانەکانیانی پێئـەرازێننـەوە ..! بـۆ ئـەم بۆنە پیـرۆزە ، ئـەم کـۆڕە جـوانــە ، لـەبـەردەم یـانـزە مۆمی سەوزو دانیشتنێکی کوردانەدا ، سازدراو ئەم پرسیارانە خرایە سەرمێزی لێدوانەوە :

- پێشنیازتان بۆپەرەپێدانی بەیان .
- گلەییتان لەبەیان .
- بەیانی دوێنێو بەیانی ئەمڕۆ .
- دەوری بەیـان لەچـالاکی ڕۆشــنبیریو ئەدەبیدا .
- پاشـــەڕۆژی گۆڤاری بەیان لـەنێـو گۆڤارەکانـا .. ئەوەبوو ، هـەر برایـەکی نووسەر ، لە گۆشەسەرنجی خۆیەوە ، ڕای خـۆی ، گلەیی خۆی دەربڕیو لە ئەنجامـا ئەم سووکە ڕیپۆرتەی لێکەوتەوە .. سوپاس بۆ هەمولایەك .. !

– بەشی ڕیپۆرتاج –

محمود زامدار ، حمه سعید حمه کریم ، شێرزاد عبدالرحمن

●

لەپێشـــدا

کاکە محمدی ملا کریم ووتی :

بۆئەوەی بتوانــین پێشنیارێکی دیاری بۆ پەرەپێدانی ( بەیان ) بکەین ، ئـەبێ لەپێشا ناتەواوی‌یەکانی بزانین ، تا لەبــەر ڕووناکیی پێزانینی ئەو ناتەواوی‌یانە ، ئەو شتانە دیـاری بکەین کە کردنیان ئەبێ بە مایەی گەشەپێکردنی گۆڤارەکە .

ئـەوەنـدەی من دەرکی پێ بکـەم تێکـرا ناتەواوی‌یەکانی ( بەیان ) لەو جۆرە ناتەواوی‌یانەن کە سـەرجەمی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دەزگـــای کولتووری کوردی بەدەستیانەوە گـرفتارنو ، بەڵکو تا ڕادەیەکی کەم تا کتێبەکانیشی ئەگرنەوە .


هیوای سبەینێمان ، زۆریشیان ـ بێ‌ترس لە پێ ناخۆش‌بوونی هەندێ کەس ئەیڵێم ـ لە کۆمەڵەیەکدا کە قەدری خۆی و قەڵەم بزانێ دەرفەتی بڵاوکردنەوەیان بۆ بەرەڵڵا ناکا . زۆر لەمانە فەرقی ئەدەب‌و قسەی بازاڕی نازانن .. هیی‌وایان تیایە بێ‌پەروا بیری ئەم‌و ئەو ئەدزن‌و مۆری خۆیانی لێ ئەدەن .


زۆریان خۆیان هیچ شك‌نابەن ، لەم پارچەیەك‌و لەو پارچەیەك بەیەکەوە ئەدروون‌و لە جیهانی نووسیندا چێشتێکی مجێور دروست‌ئەکەن‌و جا دێن لە داوێنەوە ناوی ڕیزێ کتێب‌و گۆڤار یەك لەدوای یەك هەڵئەژمێرن، گوایە سەرچاوەی « باسەکە »ن .. کەسانیکیش هەن هەرچی وشەیەك لە فەرهەنگی بیریاندا هەبێ هەمووی ڕیز ئەکەن تا وتارەکەیان زۆر بێ، بۆیە ئەگەر وتار بووشرایە کەمێکی تلپ‌و زوربەی ئاو ئەبوو . هیی‌واش هەیە خۆی لە قەرەی بابەتێك ئەدا شارەزای نی‌یە ، بۆیە ئەبێ بابەتی خەڵك وەرگێرێ ، با دانیشی پیا ئەنێ کە وەری‌گێراوەو وەرگیڕانەکەی کاڵ‌و کرچ ئەبێ‌و تەنانەت ئەوەندەش هەڵەی تیا ئەبێ خوێندەواری کورد تیێ ناگا ..

ئەمە هەموو سەرەڕای دارشتنی زاراوە لەخۆوە ، هەڵەی زەقی ڕێزمان‌و ڕێنووس‌و خاڵبەندی ..

کۆمەڵێکیش بە زۆرەملێ خۆیان کردوە بە شارەزای کەلەپووری ئەدەب‌و وائەزانن هەرکەسێ کەشکۆلێ یا بەیازێکی کۆنی دەس‌کەوت ، ئەزانێ بیخوێنێتەوەو تیێ‌ئەگاو ئەتوانێ بهێنێتە سەر ڕێنووسی نوێ . بەهۆی ئەم بۆچوونەوە لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا کۆمەڵێك پارچە شیعری کۆن بە سەرشانێ هەڵەوە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوەو بەمە زیانێکی گەورە بە کەلەپووری ئەم میللەتە گەیەنراوە .







ئەم ناتەواوی‌یانە، هەرچەند هەندێکیان بەهۆی باری بۆچوونی دەزگاکەو شێوەی دانانی کادرەکانیەوەن‌و ، هەندێکیشیان بەهۆی خەڵکە لایی‌یەکەوەن کە بۆ ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە ئەنووسن ، تێکڕا لەوەدا یەك‌ئەگرنەوە کە بەرهەمی باری ئێستای کۆمەڵەکەمانن‌و ، ئەو بارەیە وای لە هەردوولا کردووە .

بەر لە هەرچی کۆمەڵێ نووسەرو ڕۆشنبیری بەتوانامان هەن دەمێکە تەرێز ئەکەن لە نووسین بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان .. نەنووسینی ئەمانە یا با هەندێ هۆی ڕاستەقینەشی هەبێ ، ئەو هۆیانە هەڵوێستی ئەوکەسانەیان بەتەواوی بۆ پاساو نادرێ ، چونکە کەسێ خاوەن مەسەلە بێ‌و خۆی بە هەڵوێست‌دار بزانێ ـ مەسەلەکە لێرەدا خزمەتی کولتووری کوردو کۆمەڵەی کوردەواری‌و بیری نەتەوەیی‌و مرۆڤایەتیی پێشکەوتنخوازە ـ ئەبێ لە سنووری تواناو دەرفەتدا هەوڵ بۆ خزمەتی مەسەلەکەو هەڵوێستەکەی بدا . ئاشکرایە کەوا هەرچەند ئەمڕۆ دەرفەتی نووسین‌و بڵاوکردنەوە بە ئارەزووی دڵی هەموانیش نەبێ ، تارادەیەکی باش هەیەو ، کەڵك لێ‌وەرنەگرتنی کەمتەرخەمی‌و خەتایە .


نەنووسینی ئەو ڕۆشنبیرو نووسەرە بەتوانایانە دەرفەتی بۆ سەردەرهێنانی وەچەیەکی لاو تەخت‌کردووە کە هەرچەند وەك لە تاقی‌کردنەوەدا دەرئەکەوێ گەلێکیان خاوەنی دەنگ‌و ڕەنگی خۆیانن‌و بەپەلە پێش‌ئەکەون‌و


ئەم جۆرە کەسانە تەنانەت چاویان بەرایی نادا بابەتیۆاش بڵاوبکەنەوە کە ڕۆژنامەو گۆڤارە حوکوومەتییە تەواو مولتەزیمەکانی وەك ( الثورە )و ( آفاق عربیه ) بڵاوی ئەکەنەوە . ئێستا لە ڕۆژنامەوگۆڤارەکانی ئێمەدا گەلێ ناو قەدەغە کراوە تەنانەت بەنیازی زانستییانەی ڕووتیش نابێ بەنووکی قەڵەمدا بێنو کۆپلەیەك لە خاوەنەکانیان وەك بەڵگە وەرگیرێ .

دەردی هەڵەی چاپو نەزانیو هەست بە لێپرسینەوە نەکردنی . ڕاستکەرەوەکانی هەڵەی چاپیش سەرباری هەموو دەردێك ... هەر وتارێ لە هەر ژمارەیەك لە ژمارەکانی چاپەمەنییەکانی دەزگای کولتووری کوردی بگری ، ئەوەندە هەڵەی تیا ئەدۆزیتەوە کە مایەی سەربەرزی نەبێ بۆ کەسو گەلێجار چەند بەشێکی وتارەکە وا لێ بکا خوێندەوار تێینەگا .

مەسەلەی پاداشی نووسینیش مەسەلەیەکی گرنگە . من نامەوێ باس لە کەمو زۆرییەکەی بکەم کە بە هیچ کلۆجێ لەگەڵ هیی وتاری عەرەبی بەراورد ناکرێ . من لەوە ئەدووم کە ئەم پاداشە بۆ گەلێ کەس بوە بە مایەی ( ارتزاق ) . من بەڕاستی ئەڵێم پێشنیارم ئەوەیە پاداش هەڵگیرێ ، بەڵام بەشە ساڵانەکەی لە بوودجەدا تەرخان بکرێ بۆ لەچاپدانی باشترین بەرهەمی ساڵانەی ئەدەبی کوردی کە لیژنەیەکی شایانو لێهاتوو بڕیاریبدا . نەهێشتنی پاداش مەسەلەی نووسین ، تا ڕادەیەکی باش دێنێتەوە سەر ڕێی ڕاستو ئەیکاتەوە بە بەهرەو ژانو بۆسووتان .

بە پێوەند بەم پێشنیارەوە ، دەرکردنی ڕۆژنامەیەك یا گۆڤارێکیش بۆ تازە پێگەیشتوەکان دەورێکی باشی لە خستنە سەر ڕێی ڕاستو لەقاڵبدانی بەهرەی نوێو بار سووککردنی ( بەیان ) و ( ڕۆشنبیری نوێ )دا ئەبێ .







زۆرمان گوت .. دەسا با پوختەی قسەکانمان بە دوو سێ دێڕ دابڕێژینەوە : ( بەیان )و هەروا دەستە خوشکەکانیشی ، ئەگەر بەڕاستی بیانەوێ پێشبکەون ، پێویستیان بە ڕێبازێکی دیموکراسیو بە یەك چاو تەماشاکردنی نووسەرانو ، بە کادرێکی بەڕێوەبەری لێهاتوو هەیە کە هەم ڕۆشنبیرو هەم هاوچەرخو هەم سوودی گەل ــ لەبەرچاویش بێ و پێویستیەکانی ئەمرۆی ژیانی کولتووریمان بزانێ .

●

**کاك مصطفی صالح ــ کریم ــ یش ئەڵێ :**

ڕۆشنبیری کورد کە هەمیشە شەیدای وشەی ڕەسەنو خاوێنە ، لە کاتێکی وادا بە هەڵی دەزانێ بەدیار مۆمە داگیرساوەکانەوە سکاڵای دڵی خۆی هەڵڕێژێو ئەو ئاواتانەی بۆ پێشکەوتنی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی دەخوازێ دەربڕێو چەند ساتێ لەگەڵ تەمەنی بەیانو ، وشەی کوردیدا بەسەر بەرێ . لەم ڕۆژەدا ، لەگەڵ چەپکە گوڵی پیرۆزباییمدا پرسیارێ لەخۆم دەکەمو دەڵێم : بەیانم چۆن دەوێ ؟ حەز دەکەم بگاتە ئاستی گۆڤاری « ئەقلام »ی عەرەبی ئەی هەردوکیان سەر بە وەزارەتێك نین ؟! . دەمەوێ ، شیعری جوان ، چیرۆکی سەرکەوتوو ، لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیانە ، ڕەخنەی مەوزوعی ، ئاوڕدانەوە لە سامانی نەتەوەیی هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی ژمارەی پێشوو ، ئەدەبیاتی بێگانە ،

ئەمانە هەموی لە بەیاندا ببینم ، سـەرەڕای ئەوەش ئەم پێشنیازانەم بە بیرا دێت :

١ - بەشێوەی پەیامی رۆشنبیری ، لە هەر ژمارەیەکدا نامەی رۆشنبیری شـارەکانی کوردستانی تێدابێ دەربارەی کۆڕی ئەدەبی، شانۆگەری ، چاپکراوی نوێ ، ئەو مەسەلە ئەدەبیە گرنگانەی لـە نێودان ، بۆ ئـەم مەبەسـتەش مەرج نیە پەیامنێرەکان ئـەم کارەیان پێ بسپێرێ ، ئەشێ هەر ژمارەیە یەکێ لە رۆشنبیرانی ئەو شـارانە راسپێررێن بۆ بەجێهێنانی ئەم پەیامە .

٢ - هەر ژمارەیەك کە بلاو دەبێتەوە ، شیعرەکان بەجیـاو چیرۆکـەکانیش بەجیـا بەرەو رووی (٢) ئـەدیب بکرێنـەوە بـۆ هەلسـەنگاندنیان ، دیارە ئەم کارە فریای ژمارەی دوەم ناکەوێ بەلام لە ژمارە سێدا بلاودەبێتەوە دەشـبێتە پەیرەوێ بۆ هەمو ژمارەکانی ئایندە .

٣ - زۆر حـەز دەکـەم چیرۆکو باسی ئەدەبی گرنگی وەرگێراو لەم گۆڤارەدا بخوێنمەوە ، بەلام دەبێ بزانین چی وەر دەگێرێنو چۆنو بۆ ؟ ئەم پرسـیارانەش بۆیە رێزدەکـەم چونکە هەندێ جار بابەتی وەرگێراوی وام بـەر چاو دەکـەوێ ناچار دەبم بۆ ئـەوەی تێیبگەم بـە دوای عەرەبیەکـەیدا بگەڕێم سـەرەڕای هەلـەی گەورەی وا کە بە هیچ جۆرێ چاوی لێ ناپۆشرێ .

٤ - گۆشەیەکی نوێ بۆ بلاوکردنـەوەی کورتـە بەرهـەمی لاوانو رێ پێشـاندانیانو مـاوە فراوانکردن لەبەر دەستیانا بۆ گەشانەوە .

٥ - لە هەمو گۆڤارە سەرکەوتوەکاندا مەسەلەی « تکلیف » هەیە ، کە دەستەی نوسـەران بـە تەنیا چاوەڕوانی بەرهـەمی خوێنـەران ناکـەن ، بەلکو بـە نامەی تایبەتی داوا لـە ئەدیبو رۆشـنبیران دەکەن ، هەریەکە بەپێی پسـپۆڕی خۆی لەو بابەتەی دەویسترێ بەرهەمیان بۆ بنێرن .

٦ - (٨٠) لاپەڕە بۆ گۆڤارێکی کوردی ، بـەلای منەوە زۆر کەمە بایەخ بە زیادکردنی قەوارەی بدرێ .

٧ - کاتی دەرچوون بۆ هەمو گۆڤارو رۆژنامەیەك زۆر گرنگە ، هیوادارم کارێکی وا بکرێ لـە سەرەتای هەر مانگێکدا بگاتـە دەسـتی خوێنەواران .

٨ - پێویستە دەستەی نوسەران لە دەفتەرێکی تایبەتیدا رۆژی گەیشـتنی هەمو وتارو چیرۆکو شـیعرەکان بنووسـن ، تا وای لێ نەیەت هەندێ جار کە نوسەرێ بەرهەمێکی خۆی بەچاپکراوی دەبینێ سەری سـوڕ دەمێنێو بیر لەوە دەکـاتەوە ئاخۆ چەند ساڵ لەمەو بەر ئەم بەرهەمەی ناردوە کەوا ئێستا نۆرەی بەرکەوتوە .

٩ - ناو بەناو بـە پێی توانا ژمارەی تایبەتی بۆ - باسو لێکۆلینەوەو رەخنە - « چیرۆك »، شانۆو شـانۆگەری ، رۆژنامەو رۆژنامـە نووسی - تەرخان بکرێ . وە پێش وەختیش ئـەم نیازە بەنوسـەرانو خوێنەران رابگەیەنرێ .

١٠- پێویستە « بەیان » کادرێکی سەربەخۆی بۆ هەلە چاککردنەوە هەبێ ، تا هەلەی چاپی کەمتربێ ، برەوی باشتر دەبێ ، چونکە لـە راستیدا هـەر نوسەر دەزانێ دەکەوێتە چ بـارو دۆخێکەوە کـە بەرهـەمەکەی خـۆی بەسەرو گوێلاك شـکاوی دەبینێ ، دێڕ پەڕێنراوە ، کەوانە نەماوە ، ناونیشان لـە سەری دێڕە ... تـا ... د .

ئەمانە کورتەیەکی ئەو پێشنیازانە بوون لـە جەژنی لەدایك بوونی بەیانا خرانە بەردەسـت لێپرسراوانی ئەم گۆڤارە کە هیوای تەمەن درێژی بۆ ئەکەم . نـامـەوێ ئەم هـەلـە ، لەکیس بدەم ئەمـەوێ لە رۆژێکی وەهادا ، دوو چەپکە گوڵی رازاوە لەسەر گۆڕی دوو رۆشنبیری ناسـراو دابنێم کـە هەردوکیان بۆ ماوەیەك بـاخـەوانی ( بەیان ) بوون بۆ دوو سکرتێری ئەم گۆڤارە کـە لە ناوەختا بەجێیان هێشتین بۆ هاورێیانم محرم محمد امینو عبدالعزیز خانقاه کـە لە جەژنی ئەم ساڵی بەیانا ، میوانی سەیوانو غەزالین ، سەدان سلاوی دلسۆزی بۆ گیانی پاکیان .

●

**کاك رؤوف بێگەردیش هەڵیدایە ووتی :**

کە - ١١ - ساڵ بەسـەر تەمەنی گۆڤارێکی ئـەدەبیـدا تێدەپەڕێتو ، داوای ئـەوەمان لێدەکرێت نـرخ بـۆ ئـەو تـەمـەنـە دابنێین . ڕاسـتەوخۆ چەنـد بروسـکە بیرۆکـەیەك بـە مێشکماندا تێ دەپەڕێت ، کـە گەلالەی کۆمەلێك

هۆو ئەنجام دەکەن ، دەست پێ‌کردن لەمەوە کرۆکی هەموو مەسەلەیەکەو ، بێ دەست نیشان‌کردنی نە دەگەینە هیچ مەبەستێكو نە ڕێگا بۆ تاقی‌کردنەوەیەکی تر خۆش دەکەین .

ـ ١١ ـ ساڵ تەمەن بۆ ئەم سەردەمە جەنجاڵە ، کە ڕووداوەکان کوتو پڕ دەتەقێنەوەو، کارەساتەکان بروسکەیی گوزەردەکەن، کە دەسەڵاتی تەکنەلۆژی مرۆڤی کردۆتە گەورەی سروشتو ، ئامێرسازی سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوە ، تەمەنێکی درێژە ، تەمەنی درێژیش بەنیسبەت هەر چالاکیەکی مرۆڤەوە شوێنەواری هەیەو ، لە ڕەوتی بەرەو پێشەوەچووندا دەستەبەری گەلێك شت دەبێت .

باسی ـ بەیان ـ بەتەنیا ناکرێت ، باس لە هەر دیاردەو چالاکیەکی مرۆڤایەتی بە فیکرو زانستو ئەدەبو هونەرو ... تەنانەت باسکردنی ژیانی تاقە مرۆڤێکیش پەیوەندی بەو ـ کاتو شوێن ـ ەوەیە تیا ڕەخسیوەو گەشەی کردوە ، ئەو ئاوو هەوایەی کاری لێ‌کردوە . ئەوەی بە حەقیقەتی ئەمڕۆ بەرگی تاوان بە بەرگومانی دوێنێدا دەبڕێت . بێ ئەوەی سەردەمەکەی لێ هەڵبوێرێت ، لە بزوتنەوەو گەشەسەندنی سەرجەم مێژوو دەترازێتو ، لە ئێستادا ڕوو لە داهاتی باشتر ناکات . سەردەمە ئاڵۆزەکە ئەو سەمەرەیەی لە گەڵدایە ، کە زوربەی ئەو چالاکیو دیاردانەی پێویستە وەك ـ بوویەك ـ ی زیندوو خاسیەتی تایبەتی خۆیان بپارێزن ، دەکەونە بەر ستەمی کارتێکردنی ترو لە دەرەوەی خۆیانەوە دەست بە دوگمەیاندا دەنرێت .

لە مەودای هونەرو ئەدەبدا ئەم ڕاستیە چاکتر دەردەکەوێتو دەبێتە نموونەیەکی زیندوو. چونکە پارسەنگەکە تەواو گرانبوەو دوور بە دووریش هەستی پێ دەکرێت .

ـ بەیان ـ یش لەبەر کارلێ‌کردنی زوربەی رووداوو کارەساتە ئاوەژوەکانی ئەم سەردەمە ، تووشی هەڵکشانو داکشان هاتووە ، هەنگاوی ناوەو وەستاوە ، گوڕی داوەتە خۆیو سست بووە . ڕەنگە بتوانین هەندێك لە ماوەی تەمەنی بە چەرخی زێڕینو ، هەندێکی‌تری بە کەوتن دابنێین . بە ڕای من گرنگترین هۆی ئەم دیاردەیە پەیوەندی بە خودی گۆڤارەکەوە نیە ، وەك چاپەمەنیەك کە تاقە مەبەستی خزمەتی ئەدەبی کوردی‌بێتو هیچی تر . بەڵکو جۆری دروستبوونیو ، کارتێکردنەکانی دەرەوەی خۆیـ ، ئەو ناڵو گۆڕانەی بەسەر سەرجەم ژیانی دەورو بەریا دێت ، مەبەستو ڕێبازی دەسەپێنێت ، ئەگەر ـ سەربەخۆییەکە ـ لە هەموو دیاردەیەکی مرۆڤایەتیا ڕێگای سروشتی خۆی بگرتایە ، بێگومانم گۆڤارەکە هەرگیز دوا ـ کەوتنی نە دەبینی ، بەڵکوو ئەمانتوانی بە هێڵێکی بەیانی هەموو چالاکیەکان بکێشینو ، ئەنجامیش گەشەکردن بێت .

لای من تاقە پێوانەیەك بۆ هەر چاپەمەنیەك کە بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ خوێندەوارابێت ، ئەندازەی جێگیربوونیەتی لە ناخی جەماوەردا . قوڵی ڕەگ داکوتانیەتی لە زەوی بیرو هۆشیاندا . ئەمەیش بەوە دەکرێت تا چەند ئەو چاپەمەنیە پەیوەندی بەو ئەدەبە ڕەسەنو ڕاستەقینەوەیە کە تەواو تەعبیر لە خولیاو ئاواتی جەماوەر دەکەن ، تا چەند دەرگای ئازادی نووسینی والایەو هەموو کرۆکانی کۆمەڵی لێ کۆوە دەبن ؟ .

راستە بەیان گۆڤارێکی ئەدەبیە ، بەڵام ئەدەبیش سەر بوردی بیرو هوشیاریەو نووسەری بێ فیکر لە جیهاندا نیە ، ئاخۆ گۆڤارێك کە پەیوەستی تەواوی بەو ـ کاتو شوێنەوە ـ بێتو هەموو ئەوانەی لێی دواین کاری لێ بکەن دەتوانێت بە گشت مەبەستەکانی بگات ؟! لەم تەمەنەی بەیاندا زوربەی ئەدیبو هونەرمەندان بەشداری نووسینی بوونو ، بە دلسۆزیەوە هاریکاریان لەگەڵدا کردووە ، تا ئەندازەیەك بەردەوامی بەکاری داهێنان داوەو نەی هێشتوە بپچڕێت ، ڕەنگە زۆری بەچەشەی ئەدەبی راهێنابێتو ڕێگای بۆ کردبنەوە . بەڵام وەنەبێت لەگەڵ ئەم لایەنە ڕووناکانەدا گلەییشی نەهاتبێتە سەر ، من لای خۆمەوە هەندێك ژمارەیم تەنیا لەبەر ئەوە کڕیوە زنجیرەی ژمارەکانیم کەم نەبێت، ئەگینا بەرهەمەکانی ئەمەندە لاوازو سواو بوون کەڵکی خۆ پێوە خەریك کردنیان نەبووە ، خۆزگا لیژنەی هەڵبژاردنی نووسینەکان ـ خزمایەتیو برایەتیو هۆزایەتیو دۆستایەتی ... و کۆمەڵێك ـ تی تی ـ تریشیان ئەنایە لاوەو ، تەنیا لە ڕوانگەی پاكو پوختیو چۆنیەتەوە لەبەرهەمیان دەڕوانی ، با ئەمەندە لە پاڵ چاکەکاندا بەرهەمی ناچیزو بێ‌کەڵك چاویان نەکردایەتەوە . هەندێك جاریش نووسینی ئەمەندە ڕقاویو ناپوختیار هاتۆتە گۆڕێ کە بچوکترین مەرجی پیرۆزیو پاکیان تیا نەبووە . نایش‌زانم بۆ ئەو بەرهەمانەی دەچن هەندێکیان پاش ١ ـ ٢ ساڵ بڵاو دەبنەوەو، بۆ هەندێکی تریش پاش ١ ـ ٢ مانگ . ئەی بۆ

بەهەندێك [ ناوی گەورەو دێی وێراندا ] نووساوەو ئاوڕێك لەولاوە دڵسۆزانە ناداتەوە ، کە بەرهەمی ڕەخساوو پێگەیشتوویان هەیە ؟ بۆ ئەو لاوانە تا ئێستایش ناوی خۆیان بەلاپەڕەیەکەوە نەبینن ؟ تەنیا بۆ هاندان بۆناو بەناو ژمارەیەك بۆ لاوان تەرخان نەکرێت ؟ . خۆزگا بەیان هەڵەی جاپیشی نەدەما ، ئەمانە هەموو لەسنووری دەسەڵاتی گۆڤارەکەدانو ، بە ئاسانی چارەدەکرێن لەگەڵ هیوای هەنگاوی گورجترناندا .

●

**ئاك سەگڤان ــ عبدالحكيم ــ یش دبێژی :**

پێدڤی‌یە پیتەك مەزن بدەنەتورێ کوردی و ڤەژین ساخکرنو پاقژکرنا فولکلورێ مەیێ زێرین دا بکارین‌د پاشەرۆژێدا گوتارێن بەرفرەه سەر تورێ خۆ بنڤیسین .. لێ بەلێ پێدڤی‌یەژی دەڤەرا مە ژێ بێ بەهر نەبیت یانکو من د ڤێت بێژم نڤیسینێت لاوو و گەنجێت شنی سەرێ خۆهلداین ل دهۆکێ دبێ بەهر نەبن ژ بەلاڤکرنێ چنکو هژمارەك مەزن ژ خویندەوارا یێن پەیدابوین لدەڤەرا بەهدیناو هیڤیامەیە ئەم ژی پشکداریەك ببها بکەین درێڤە چوونا تورێ کوردی وسافکرنا فولکلورێ مەیێ رەنگین هەردیسا بلا ئەم دنێزیکی تورێ مللەتێن فەلکێ ببین داهێش چێتر چاڤێت مە ڤەین درێکا وەرگێرانێدا ژ ئەزمانێن بیاف بۆ ئەزمانێ کوردی .. دگوڤارا بەیان دێ مینت لەنگ‌و لاواز بێ کورد فلکلورێ بەهدینا .

چنکو رەوشەنبیرو میژوو خۆین هەکە ئێك‌ین هەلبەت د ڤێن تور وفلکلور ژی د بەلاڤکرنێدا و هەفیەری ئێك بن مل بمل دگەل ئێك داکو وەك تەرازیێ رێڤە بچن چنکو گونەهە دەڤەرا بگەهیتە چینگێ و پێش بکەڤیت‌و دەڤەرەك وی بڤەمینت‌و پاش کەفتی بیت‌و هەر لبیرامە بیت ئەم مللەتە کین‌و ئەوێ ڤێ چەند ژ بیربکەت یان د پش گوهێ خۆ پاڤێت باوەربکەن کورد نوینە .

سەگڤان عبدالحكيم ــ بەغدا
١٩٨٠ــ٩ــ٩

●

**مامۆستا حسين عارفی چیرۆکنووس دەڵێ :**

● زۆر ووتراوەتەوە کە بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی ، زۆر کەم ڕۆژنامەو گۆڤاری تەمەن درێژی بەخۆیەوە دیوە . بۆنموونە ، ڕۆژنامەی ( تایمس ) ی لەندەنی ئەمساڵ تەمەنی گەیشت بە ( ١٩٥ ) ساڵ . بەڵام لە ڕۆژنامە ــ گەریی کوردیدا ( ژین ) ی لێدەرچێ کە تەمەنی بە هەمووی خۆیدا لە (٢٧) ساڵ‌و ( هاوکاری ) شی لێدەرچێ کە لە ساڵی ١٩٧٠ وە بەردەوامە ، ئەوانی‌تر تەمەن کورت بوون . لە گۆڤاریشدا حاڵ هەر وەهابووە ، لەوە بەر « گەلاوێژ »مان هەبووەو لە ئێستاشدا ئەم گۆڤاری ( بەیان ) ە بۆیە ئێستا کە یانزە ساڵ لە تەمەنی پڕ دەکاتەوەو پێ دەنێتە دوانزە هەمینیەوە، هەر خێراش دەڵێین : ئەمەیان بەر لە هەر شتێکی‌تر جێگەی پێ‌خۆشماڵی‌یە . وەکی‌تر بایەخی یادکردنەوەی دەرچونی ( بەیان ) تەنیا لە تەمەن درێژی‌یەکەی و لە بەردەوام بوونەکەیدا نی‌یە، بەڵکوو لەو دەورە کاریگەرەشدایە کە لە کۆڕی ئەدەبیاتی کوردیدا نواندوێتی‌و دەینوێنێ . « بەیان » هەردەم دەرگای لاپەڕەکانی بۆ ئەدیبانی کورد ، لە شاعیرانو چیرۆکنووسانو ڕەخنەگرانو نووسەرانی‌تر والابووەو هەر دەمیش خونچەی تازە پشکووتووی تێدا گەشاوەتەوەو نەوەیەکی نوێی لە ئەدیبانو نووسەران بۆ گەلی کورد لێ هێناونەتە بەرهەم . بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەم ڕێبازە پەسەندەی بەیان ، وای لێ کردووە کە لەلای ئەدیبانو نووسەرانی کورد ، خاوەنی جێگای تایبەتی‌ی خۆی بێت‌و بە چاوی ڕێزەوە سەیری بکرێ . ئێستا هەر کەسێك بێت‌و بە چاوی ئینسافەوە بەلاپەڕەکانی ئەو شەست‌و پێنج ژمارەیەی ساڵانی پێشوویدا بچێتەوە ، ئەو ڕاستی‌یەی بۆ دەسەلمێ‌و هیوای تەمەن درێژی‌و هەردەم بەرەو پێشەوە چوونی بۆدەخوازم .

● **مامۆستا ( زبیر بلال اسماعیل )یش دەربارەی ڕۆڵی ( بەیان ) ووتی :**

× گۆڤاری « بەیان » یەکێکە لەو گۆڤارە کوردی‌یانەی کە بە شێوەیەکی ڕێك‌و پێك دەردەچن‌و ئەمەش بەلای منەوە لایەنێکی گرنگە لە کاروباری چاپەمەنی‌دا ، سەرەڕای ئەوە ، بەیان ، لەرووی هونەریی پێشکەوتنێکی چاکی بەدەست هێناوەو توانیویەتی لەم چەند ساڵەدا خزمەتێکی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی بکات‌و ئەمەش لە ئەنجامی تێڕوانین‌و بەراوورد کردنی بە ساڵانی رابردوو روون ئەبێتەوە ، ڕۆشنبیری کوردی ، لەگەڵ هەموو هەنگاوەکانی ، هێشتا قۆناغێکی دووری لەبەر دەمدایە بۆ ئەوەی بتوانێ بگاتە ئاستی ئەدەبی بێگانە .. لێرەوە ئەگەر بۆ مەسەلەکە بچین، ئەوە یەکالا ئەبێتەوە کە « دەزگای ڕۆشنبیری‌و

بلاوكردنەوەی كوردی » رۆلێكی دیاری هەیە لـە گەشەپێدانی باری بزووتنەوەی رۆشنبیری‌یدا ، چ لەرێی دووگۆڤارەكەو رۆژنامەكەوە، چ لەرووی یارمەتی چاپ دانی بەرهەمە ئەدەبی‌یەكان‌و بەستنی كۆڕو میهرەجانی ئەدەبی .

ئەنجا كە سەرنجی « بەیان » ئەدرێ ، ئاشكرایە كە بەم شێوەیە دابەش بوە : لێكۆڵینەوە ، چیرۆك، شیعر ، رەخنە ، زمان .. بەڵام ئایا « بەیان » توانیویەتی راستەقینەی ئەو هەمولایەنە بـەدەر خات ؟!!. بۆ نموونە كە سەرنجی مەسەلەی زمان ئەدەین ، ئەبێ ئەوەمان لەبەر چاوبێ ، كە زمان ، مەسەلەیەكی گەورەیەو چەندەها لــقو پۆپی لێئەبێتەوە كوانێ باسە زانستەكانی زمان‌و «نحو»؟ كە سەرنجی یەكێ لەدوا ژمارەكانی «بەیان»مدا ، سەیری ئەوەم كرد ، هەندێ باس لەژێـــــر ناوونیشانی « لێكۆڵینەوە » بلاوكراوەتەوە كــە پەیوەندی بە رێبازی ئەوگۆڤارەوە نیەو دەبێ لـە «رۆشنبیری نوێ» بلاوبكرێتەوە كە هەمە رەنگەیە

● باشە مامۆستا بەڕای ئێوە « بەیان » چۆن ئەتوانێ بگاتە خواستی تەواوی خوێنەران ؟

× بەلای منەوە پێویستە « بەیان » وەك تاقـە گۆڤارێكی ئەدەبی گۆشـەیـەكی زمــانەوانی لێبكرێتەوەو بایەخی فراوانتر بـە مەسەلەی كەلەپوور بدات وەك لایەنێكی دیار لە بزووتنەوەی ئەدەبی كوردی . جا ، لەبەر ئەوەی كە گۆڤارەكە ئەدەبی‌یە ، بەلای من ، دەبێ ئاستی راستەقینەی ئەدەبی كوردی نیشان بدات بە هەموو هەنگاوەكانی، بۆ ئەوەیش ، دەبێ قەڵەمی بەتواناتر لـە خۆی كۆكاتەوە .. لە هەمان‌كات ، ناوە ناوە گۆڤارەكە بە قۆناغەكانی پێشووتر بچێتەوە بۆ دیاركـردنی هەنگاوی نوێی خۆی . هەروەها هەوڵی ئـەوە بدرێ راپۆرتی ئەدەبی مانگانەی لێ‌پێـك‌بێ‌و فەهرەستێكی ساڵانەش ئامادە بكـرێ بـۆ پێداچونەوەی بابەتەكانی گۆڤارەكە .

● برادەری چیرۆك نووس **« رەزا سەیدگوڵ بەرزنجی »** یش دەربارەی هەنگاوی ــ بەیـان ــ لە بەرەو پێشـەوە بردنی جوڵانەوەی ئەدەبیاتدا ! دەلێ :

× «بەیان» هەر لەدەرچوونی یەكەم ژمارەی‌دا، جێگەی خۆی لە دڵی خوێندەوارانی كورد كردەوە، چونكە لەسەر رووی لاپەڕەكانی‌دا هەموو بابەتێكی ئەدەبی‌ی دەبینرێ‌و بـەبـەردەوامی تـامـەزرۆیی خوێندەوارانی شكاندووە بەو بەرهەمانەی كـە بلاوی دەكاتەوەو وەكو گۆڤارێكی خۆشەویست لەبەر باخەڵی خوێندەوارانی كورد دەبنیرێ‌و بە پەرۆشی‌ی چاوەڕوانی دەكەن‌و بەیادگار هـەڵی دەگرن‌و سـەرنجی هەر كتێبخانەیەك بدەین خانەی تایبەتی بۆ « بەیان » تەرخان كردووەو هەسـت بە پێشكەوتنێك دەكرێ ، بۆنموونە مەسەلـەی زیادبوونی ژمارەی چاپ‌كردنی .. كـە ئەمەش دەڵێم مەبەستم ئەوە نیە هەڵەو كەم‌وكورتیەكانی بشارمەوە ؟!

× دەبێ ئەو كەم و كورتی‌یانە چی‌بن ؟

● با جارێ لەبەرگەكەوە دەست پێ‌بكەین ، رەنگە‌تۆش لـە گـەڵمدا بی كـە بەرگەكەی دەبێ بەتابلۆی هونەرمەندێكی كورد برازێتەوە ، چونكە لەو رێ‌یەوە بەشدار دەبێ لە ناساندنی هونەرمەندی كوردو بـەرگـەكـەشی لــە قالبێكی نوێ دا خۆی دەدۆزێتەوە ..

هەروەها وا پێویست ئەكرێ كە هەر ساڵەی ، نەك تەنیا ژمارەیـەك ، بەڵكو چەنـد ژمـارەیەكی تایبەتی دەربارەی ســـەراپای بابەتەكانی ئەدەبی كوردی بلاوبكاتەوەو لەهەمان كات ، جـارە جارە « پاشكۆ »ی تایبەتی بلاوبكرێتەوەو واشـــی پێشنیاردەكەم كە بۆ منـدالانی كورد تەرخــان بكرێ‌و هـەوڵی ئەوە بدرێ كـە بـە پەلـە بگاتـە شارەكانی كوردســتان‌و ماوە فراوانتر بكرێ بۆ نووسەرانی كورد لە پێناو خزمەتی رۆشـنبیری كوردی .

●

**« شێرزاد حەسەن »یش دەڵێ :**

❋ « بەیان » بـە درێژایی تەمـەنی وەكـو گۆڤارو رۆژنامەكانی‌تر درێغی لە پاراســـتنی ووشـــــەی كوردی نەكردووە ، زۆر جاریش هەستمان كردووە ، وەكو مەســـەلە ئەدەبی‌یەكە ، پێشەنگی كاروانی ووشەی كوردی بووە .

ئەوی راستی‌بێ ، ئەم گۆڤارە رۆژانێك بـە بـە بلاوكردنەوەی بەرهــەمی كرچو كـاڵ خـەمی خستۆتە سەر پەرەی دڵی زۆر لە ئەدیب‌و ئەدەب دۆســـتان‌و ئەوانیش وەكو ئاگردانێكی ســارد بەجێیان هێشتووە . هەقی خۆیەتی كاربەدەستانی ( بەیان ) كەڵك لەم تاقی‌كردنەوە ناكاملانەی پێش خۆیان وەرگرن‌و هەوڵی زیاتر پێشخستنی بدەن .

❋ ئێستا خۆزگەی چی ئەخوازی ؟!

❋ خۆزگە ، ســـەد خۆزگە ، لەمەو دووا گرینگی بە بەرهەمەكان ئەدرا ، لـە خاترو خوتور

دوور ئەکەوتەوە ، پاشان بە تابلۆی قەشـــەنگ ئەرازایــەوە ، دەرچونیشی لــە کاتی خۆی دەبوو لە نێوان هـــەر ژمارەیەکیش ژمارەی تایبەتی لێ دەردەچو ، بە تایبەتی لە مەیدانی شیعرو چیرۆکو رەخنەو وەرگێڕانو ئەدەبی لاوان .

●

* پێشخســتنی کەرەســـتەو ژیانی رۆشنبیریی ، بەتایبەتی بۆ میللەتێك کە ماوەیەکی زۆر لەمــافــە نەتەوەییەکانی بێ بەش کرابوو ، بێ گومان دەروازەیەکی باشی بۆ دەخاتە ســـەر پشت بۆ خۆ ژیاندنەوەو پاراستنی کەســـایەتی خۆی لەم دونیا جەنجاڵەدا کاتێکیش کە «بەیان» لە دایك بوو ، لەگەڵیا ، چەندین ئاواتو ئومێد لە دایك بوون ، « بەیان »و دەســـتە خوشکەکانی دیکەی پایەیەکی گرنگو بەبایەخی رۆشـــنبیری کوردیمانن ، لە کوردستانی عیراقدا و حاڵی حازر جێگایەکی دیاریان لە ژیانی رۆشـــــنبیریاندا گرتۆتەوە ، هیوادارم ( بەیان ) هەمیشـــــە لە پێشکەوتندا بێو شان لە شانی چاکترین گۆڤارە رۆشنبیرییەکان بداو سەرکەوتووتر بێ ..

* ئەی چی لە « بەیان » دەخوازی ؟

* خۆزگــایــە بەرێــكو پێکیو لــە کــاتی دیارکراویدا هەموو مانگێ دەر دەچوو ، لە رووی ناوەرۆکیشەوە ، هیوادارم تــا بێت ، بایەخی بە پێزترو پوختتر بە بەرهەمەکان بداتو ئەم قسانەم ئــەوە روون ناکاتــەوە کــە گوایــە « بەیـــان » پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەدیوە .. لەگەڵ سڵاوو رێزم بۆ هەموو ئەوانەی « بەیان » دروســـت دەکەن .

●

**کاك « مومتاز حیدری »یش دەڵێ :**

* گۆڤاری « بەیان » یەکێکە لە ئەستێرە گەشەکانی ئاســمانی ئەدەبیاتی کوردی ، بەڵکو مۆمێکی گەشە لە کاروانی رۆژنامە نووسی کوردی لــە یەکەم ژمــارەیەوە ، تا دوازمارەی ، بە پێی تواناو دەســـەڵاتی خۆیو جۆری بیرکردنەوەی دەستەی نووسەرانی دەورێکی گەورەی دیوە لــە پێشخستنی ژیانی ئەدەبیو رۆشنبیری کوردیداو هەر چەنــدە ناوە ناوە تووشی هەندێ گیروگرفت هاتوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ســـەرجەم بــە ناوەرۆکێکی ئەدەبیو نەتەوەیی دەوڵەمەنــد رووی لە خوێنەران کردووە .

« بەیان » ئەرشـــیفێکی چاکە لە رەوتی ئەدەبیو رۆشنبیریدا ، ژمارەی نووسەرو ئەدیبو شـــاعیرانی بەیان بەڵگەیەکی پتەوە لـــە روون کردنەوەی رۆڵی ئەم گۆڤارە .

* نازانم وەکـو رۆژنامەنووسێ ، چی لــە « بەیان » داوا دەکەی ؟

* ئەوەی زیاتر لە گۆڤاری « بەیان » رەچاو دەکرێ ، لە ژمارەکانی دادێ ، بایەخی زیاتر بــە ئیملاو زمانی ئەدەبی یەکگرتوو بداتو لاپەڕەکـانی زیاد بکرێ بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەو باســی فراوان هەڵبگرێ . هەروەهـــا کاری رەخنە مافی خۆی پێ بدرێ ، لاپەڕەکانی دووایش کە بۆ شـــاعیرانی کورد تەرخان کراوە زیاتر پێش بخرێ ، جگە لەو ئاواتەی کە خۆزگە مەسەلەی دەرچوونی بەتەواوی چارەسەر دەکرا .

●

**کاك ( مەغدید سۆران )یش لە وەڵامدا ووتی :**

* باری رۆژنامە نووسیی کوردی ، ئەگــەر بەراووردکرێ بە ساڵانی زوو ، ئەوە ســـــاغ ئەبێتەوە ، کە هەنگاوێکی چاکی ناوەو ئێستا زۆر رۆژنامەنووسی نوێ هاتوونەتە کۆڕی رۆژنـــامــە نووسیی کوردیو توانیویانە لــە ئەنجامی هیلاکی خۆیان قۆناغێکی نوێ بخولقێنن .. « بەیان »یش بەرهەمی کۆمەڵێ رۆژنامە نووسی لێ هاتووەو کە سەرنجی دەدرێتی بە تەواوی خوێنەر دڵ گــەرم دەبێو .. هیوای گەش دەبێتەوە . ئەوەی لــە « بەیان » مان دەوێ ، ئەوەیە کە لە هەر رۆژنامەو گۆڤارێکی کوردی ئەمانــەوێ ... لاپەڕەکـــانی تەرخان بێ بۆ بەرهەمی جوانو ووشەی راست.. بایەخ بە بەرهەمە پێگەیشتووەکان بداتو نەیەڵێ جار جار شتی کاڵ بڵاوبکرێتەوەو دەرگای لاپەڕە زێڕینەکانی خۆی بۆ قەڵەمی راستـــگۆ بخاتــە سەرپشت .

●

**کاك عبداللە – عباس – یش لەم یادەدا ئەڵێ :**

« بەیان »و « رۆشـــــنبیری نوێ »و « هاوکاری » سێ تیشکی ڕووناکی پەخش کردنی وشەی پیرۆزی کوردین لە دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچن ، بەش بەحـالی خۆم ، چی وەك نووســـەرێکی ئاساییو چی وەك رۆژنامە نووسێك لە رووی کارکردنەوە ، یادگاری شـــەونخونیم لەگەڵ هەرســـێکیان هەیە ، خۆ

« هاوکاری » شانازی ئەوەم لەگەڵیایەتی لە داگیرسانی یەکەم مۆمی تەمەنیەوە ، ئیشــك گریکی دڵسۆزی وشەی شیرینی کوردیم لەگەڵیا. ئەوە دەستە خوشکی هاوکاری ، گۆڤاری «بەیان» تەمەنی (١١) ساڵی بەرێ دەکاو بە باوەڕەوە بەسبەێنێی باشتری بزوتنەوەی رۆژنامەگەری کوردی مۆمی تەمەنی (١٢) ساڵی دادەگیرسێنین، یادگاریشم لەگەڵ « بەیان » یادگاری کارگێڕێکی رۆژنامە نووسە ، گەر کارم تیا نەکردبێ لە پێ‌گەیشتن‌و گەورەبوونی دوور نەبووم ، ئەمساڵ کە لە من دەپرسن ( بەیان ) چۆن دەبینی ، دەڵێم .. هەرچەند حەزدەکەم بە تیشك‌تر بێ ، بەڵام شانازی بە تیشکی رووناکیەوە دەکەم ، گۆڤاریکە لە ئاستی هەرە گۆڤارە پێشکەوتووەکانی تەکنیکی چاپ‌و نەخشەو قەوارە لە وڵاتەکەماندا ، خۆ لە رووی بابەتەوە ، ئەوە زیادە رۆیی ناکەین ، ئەگەر بڵێین هەموو نوسەران‌و خوێنەران بەڵگە نامەی سەرکەوتنیان داوەتی‌و لام‌وابێ یەکەم گۆڤاری کوردی‌یە ژمارە چاپی لە (٢٠) هەزار تێ پەڕی کردبێ . ئەوەی لەم بۆنەیەدا دەمەوێ بیڵێم ، هەموو پێشکەوتنێکی « بەیان » دەگەڕێتەوە بۆ تەقەللاو شەونخونی چەندان دڵسۆزی وشەی کوردی پاك کە سەربازی نەناسراون‌و ئەوان ئارەقی ئەوە دەرێژن تا ئێوەی خوێنەران لە هەموو شتی « بەیان » رازی‌بن ... سڵاو لە ئێوەو خۆشەویستی‌و رێز بۆ ئەو سەربازانەو تەمەنی درێژتر بۆ « بەیان »ی ئازیزمان .

●

**سەیدا ابراهیم ـ سلمان ـ یش**

**بەم چەند دێڕەو بەم راووسەرنجانە کۆتایی بە کۆڕەکە هێناو وتی :**

گوڤار .. هەر گوڤارەك هەکە یاسەرکەتی بیت هندەك تەگەرێت خۆییت هەین .. بەلێ نك من تشتێ ژهەمیا گرنگتر کویا سەرکەتیبیت ، لسەر ئەزمانێ خەلکی باخفیت‌و خەمێت وانا هەلشکێفیت‌و .. گوڤار لنک من دڤێت باراپتر سەحکەتە چیرۆك‌و شانویێ‌و رەخنێ وهەمی رایا بەلاڤکەت .. یانکو یا سەربەست بیت دبەلاڤە کرنێت خوداو پتر تاما ناڤەرۆکێت کوردەواری ژێ بهێت‌و هەولدەت هەرساڵی جارەکێ کومبینەکا مەزن بکەت بو ئاخفتنکرنێ لسەر تشتێت بەلاڤەکرین‌و کانێ چەندچویەو چ کریە لناڤ خەلکا دڤێ ساڵا بوریا ... !!

●

**دواسەرنجی شێرکۆ بێکەسی شاعیریش واکەوتەوە :**

پەیوەندی خوێنەر یان نووسەر بە دونیای رۆژنامەو گۆڤارەوە، لە هەموو دەورو زەمانێکدا ، پەیوەندی‌یەکی دینامیکی پڕ جم‌وجۆڵی بەخشین‌و وەرگرتن بووە . ڕاست‌و دروستی‌و حەقیقەتی ئەو پەیوەندیەش ، هەمیشە ـ دووسەری ـ پردێکیان پێك‌هێناوە . بە پێچەوانەشەوە ، لێك دابڕاون‌و کەلەبەرو بۆشایی کەوتۆتە نێوانیانەوە ، دەست‌نیشان کردنی کام نوسەرو کام گۆڤارو لە چ سەردەمێکدا ؟ نیشان‌دانی کام ڕوخسارو کام زادەی بیر لەو ئاوێنانەداو چۆن ؟ ئەو پرسیارانەن لە هۆیەکان‌و لە ڕەگ‌و ڕیشە ئەگەڕێن‌و ئەمانبەنەوە ئەو سەرچاوانەی کە ناکۆکی‌یە گەورەکانی نێو کۆمەلگای ئادەمیزاد وەك هۆو سەرئەنجام یەکالایان ئەکەنەوە ، یان بەواتایەکی تر ، لە وەرام دانەوەی مەوزوعیانە نزیکمان ئەخەنەوە ، پێناسی ئەو قۆناغو سەردەمەشمان ئەخەنە بەر دەست‌و دڵنیامان ئەکەن بێ ورد بوونەوەیەکی هۆشیارانە لەو کێشانەی بەردەوام لە بزووتنەوەدان‌و بەدوای خۆیاندا چەند کێشەی تری فیکری‌و هونەری ئەهێننە کایەوە ، ناتوانین لە ناواخن‌و ڕێبازی ئەو گۆڤارو رۆژنامانەش بگەین ، کە بەشێکن لەو دیاردە گەورەیەی لە بنچینەکان ، لە هۆیەکان ، جیانابنەوە . دیارە گۆڤاری ـ بەیان ـ یش هەر بە هەمان دەستوور لەو کێشانەو لە بازنەی ئەو بارو دۆخە مێژوویی‌یەی تیا لە دایك بووەو نش‌و نمای کردووە ناچێتە دەرەوە ـ ئەوەی لێرەدا مەبەستمە تەنها لێ‌دوانە لەو لایەنەی کە هونەرو ئەدەب بەم مەسەلەیەوە ئەبەستنەوە ـ هەڵبەتە یەکسەر نامەوێ بەو داخوازی‌و پێشنیارە تەقلیدیانە دەست پێ بکەم .

کە گەلێ جار لەم بۆنانەدا دوو بارەو سێ‌بارە کراونەتەوە . ئەگەر چی لە کۆتایی ئەم قسانەدا دێمەوە سەریان‌و باسیان ئەکەم . ئەو وەختەی باس لە پێش‌خستنی‌و گەشەپێدانی هەر گۆڤارێك ئەکرێت ، من لەلای خۆمەوە ڕاستەو خۆ ئەم داوایە بە مەسەلەی سەربەستی ئەدیبو هونەرمەندەوە ئەبەستمەوە . سەربەستی تەعبیری

ڕاست گۆیانە لە خۆیی‌و لە دەوروبەری خۆی . سەربەستی قەڵەم‌و وشەو بە گژاچوونی هەموو بیروکراتیەتێکی چەوسێنەر چ لە بواری ئەدەب‌و هونەرداو چ لە مەیدانی فیکری پێش‌کەوتن خوازانەی سەردەمدا . گەشەکردن‌و پێش‌کەوتنی هەر گۆڤارێك بەندە بە ڕادەی سەربەستی ئەو قەڵەمانەی تیا ئەنووسن ، ئەو قەڵەمانەی لەگەڵ ئازارو ئاواتی کۆمەڵانی خەڵك‌دان‌و لە بەرژەوندی ئەوان بەڕێبازە هونەری‌و ئەدەبی‌یە جیا جیاکاندا شاراو خەرمانی بەرهەمی پوخت‌و جوان هەڵ ئەدەنەوە . با هەزاران گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ بگەشێنەوەو سەدان کانیاوی بەهرە بتەقێنەوە ، چونکە هەر ئەو گەشانەوە جۆر بەجۆرو تەقینەوە ڕەسەنانەن کە خاکی داهێنانی ئەدەبی‌و هونەری سەوزو بەپیت‌و تەڕو پارو دەکەن .


ئەم سەربەستی‌یە لە دەربڕین‌داو پەنجەرەو دەرگا دانەخستنە لە سەر دەنگی بەهرەدارانە بە ئاسۆی ئەو پێشکەوتنە روناکەمان ئەگەیەنێ کە ئێوە پرسیاری لێ ئەکەن ناتوانین باس لە پێش‌خستنی چاپەمەنی‌یەکانمان بکەن ئەگەر مەسەلەی سەربەستی ئەدیب‌و قەلەم بیرە روناکەکانی لێ جیابکەینەوە .

نکوولی لەوە ناکرێت ، کە گۆڤاری بەیان گلاوروژنەیەکی روناکی سەر ژیانی ئەدەبی‌و هونەری‌مان . لە دەمێ ساڵەوە ئاشنایەتی لەگەڵ خوێنەری کوردو نووسەرەکانیدا پەیداکردووە . هەر بەحوکمی ئەم تێکەڵاو بوونەشە ئەم ناسیاوو ئاشناو ڕۆشنایانەی هونەرو ئەدەبی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە . مەگەر بەدەگمەن ئەگینا قەڵەمێ نەبووە سەردانی نەکردبێ‌و لە ڕێگەی ئەویشەوە دەرگای ماڵ بەماڵی خوێنەرەکانی نەقلێشاندبێتەوە . گەلێ بەهرەی گوش کردووەو بۆ یەکەم جار گەلێ بەهرەی تریش لەودا چاویان پشکووتوە ، وەك سەرەتای کاڵ‌و کرمی هەندێ بەرهەمی ناسیوە ، لە پێ‌گەیشتنی‌و کامڵ بوونیشیاندا باوەشی گەورەتری بۆ کردۆتەوە . لە ساڵانی ڕابوردویدا ، وەك لە بەرزیدا دیومانە ، لە هەمان‌کاتیشدا ناو بە ناو لە هەڵدێرو نشیوەکاندا چاومان پێ کەوتۆتەوەو بەوەوە دڵ تەنگ بووین . وەك بە گەشی بونمان کردووە . جار جارەش سیس‌و ژاکاو بەرچاومان کەوتوەو خەم دایگرتووین . کێ بێ نەیەوێ ئاوێنەکەی پاك‌و بێگەرد بێت ؟ بەڵام خۆ ئەم پاك‌و بێ‌گەردی‌و پێش‌کەوتنەش هەر ئەم وەرامانە نابنە بن مانی بنج‌بەست بوون‌و بەردەوام بوونی‌و دیارە گەلێ

هۆو سونگەی تریش هەیە کە لە دەسەڵاتی داخوازیکەر بەدەرن . ئەرکی بەرەو پێشەوە بردن . ئەبێ ئەل سنووی بەڵێی دەمی‌دا نەمێنێتەوە زۆر جار بەڵێن‌دراو هیچی بەدوادا نەهات .

ئەگەر لە ئێستەدا ، لاپەڕەکانی گۆڤاری بەیان بتوانێ بەرهەمی پاك‌و پوخت‌و سەنگینی ئەدەبی ، ئەو بەرهەمانەی بەقەدەر تاقی‌کردنەوەی (١١) ساڵەی خۆی ڕەچاویان بکات‌و لە هەڵبژاردنی نەسڵەمێتەوە . دیارە ئەوسا جێگەی بەرهەمە چاوکزو کوێرە ووشەکانیان تیدا نابیتەوە . هەڵبژاردنی باشترین بابەت . بێ‌گوێ‌دانە ناوو ناوبانگ‌و ئاشناو ڕۆشنایەتی نووسەرەکەی لەگەڵ ئەمدا ، ئەکەوێتە پێش هەموو ئەرکەکانی ئەم گەشە پێ‌کردنە . دوورکەوتنەوە لە نووسینی دەم‌پیس‌و ڕەخنەی « چەقۆکێش »و دێوجان هەڵگرەوە ، پەڕکردنی ئەو بەناو دیراسانەی ماڵی دزراوی خەڵکی تری تێدا ئەفرۆشرێتەوە . هان‌دانی بەهرەی ڕەسەنی تازە پێ‌گەیشتوانی مەیدانی ئەدەبەکەمان ، بایەخ‌دان بە هونەری وەرگێران‌و بابەتی شانۆیی‌و تێ‌بینی‌کردن بۆ جێگیرکردنی سەرچاوەی لێوە وەرگیراوە ، وەك ئەم ژمارانەی دوایی دەرچوون‌و کەوتنە بازاڕی گۆڤارەکە لەوەختی خۆیدا ، سەرپەشتی‌کردنێکی ورد لە مەسەلەی پیاچوونەوەی دوای لە چاپدان بۆ بژارکردنی دوور لە هەڵەی چاپ – کە ئەمەیان گەلێ زۆرە – بایەخ دان بە جێگیرکردنی خەڵاتی ساڵانەی ئەدەب بەتایبەتی بۆ ئەدیبە لاوەکان بەرەپیدانی چاوپێ‌کەوتن‌و گفت‌وگۆی ئەدەبی لەگەڵ ئەو ئەدیبانەدا کە ئەزموونی تایبەتی‌و قوولی خۆیان هەیەو جێگەیان دیارە .

ئەمانە بەشێکن لەو پێشنیازانەی کە وەك لەسەرەتادا وتم گەلێ جار وتومانەتەوەو باسمان لێوە کردوون هەرچۆنێك بێت ، لێرانەدا هەر ئەوەندە ئەوترێ‌و ئەگەر وەرام‌دانەوەیەکی تەقلیدیشت بێتێ تکایە ئەوەت لە بیر نەچێت کە پرسیارەکەش چون بووە ؟!



# نالی

بۆ مەمەلی نالی، هەر منداڵانە، وەی وەی کردوە
گەرچی مووی وەک شیرە، بەو شیرە شکۆفەی کردوە

حەزرەتی ( نالی ) ناوی خدرو کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی میکایەڵی جافە .. لەگوندی ( خاکوخۆڵ )ی شارەزوورو لە دوارۆژانی سەدەی هەژدەم هاتۆتە نێو دنیای شیعرەوە .. هەر لە منالّیەوە بلیەتی لێ‌دەرکەوتوە .. بۆ خوێندن زۆربەی قوتابخانە رەسەنەکانی کوردستانی ئەوسای دیوە .. تەمەنێکی پڕ لە ئەزموون و بەپێزی چەشتوە .. لەژیانیا چەندین ئافرەتی شۆخ هەبوە ، بەلاّم لە هەموبان دیارتر ( حەبیبە )یە .. ئەم کەڵەشاعیرە ، قوتابخانەیەکی گەورەی شیعری کوردیەو دەیان قوتابی لێهاتوو لە نێو ئەو قوتابخانەیە ، فێری دەرسەکانی عیشقی شیعرو جوانیو ژان بوون ... !

خاڵە ( نالی ) یەکێکە لەو شاعیرە مەزنانەی کە لەلایەن زاناو نووسەرانی کوردەوە ، زۆر بایەخی پێدراوەو گەلێ لێکۆڵینەوەی باشی لەسەر کراوە .. بەلاّم لایەنە هونەریەکانی کەی دیوانە شیعری پیرۆزی ( نالی ) هێشتا هەر چاوەنۆڕی بیرو لێکدانەوەو چەشەی دەیان قەڵەمی هاوچەرخو زیندوەو زەریایەکە بۆ خۆیو مەلەوانی سرکو شارەزاو هەناسە درێژی ئەوێ .. !! چونکە دۆزینەوەی وردەمرواریەکانی نێو قەسیدەیێ ، بگرە نێو یەک تاقەدێڕی شیعرەکانی ( نالی ) نەمر ، سەدان دنیای بەداوودڵو رازاوە بۆ شیعری کوردیو چەشەی کوردیو مێژووی ئەدەبی کوردی سەراوەڵەتر ئەکاتەوە .. !!

مەگەر مەیخانەیە دنیا، کەوا کاسی لەبەر کەئسی
بە نەغمەی عودی سوتاوی، بە نەشئەی تاسی تاساوی
ئەمێستەیش، گەرچی عەیش و عوشرەتت هەر تاڵ و تاڵاوە
بە مەرگی تۆ، لە پاشانیش دەخۆی تاڵاوی تاڵاوی

م.ز

رئيس التحرير
اسماعيل رسول احمد

مديرا التحرير
مصلح مصطفى الجلالي

بەیان
مجلة أدبية شهرية
تصدر عن دار الثقافة والنشر الكردية
وزارة الثقافة والاعلام
بغداد

BAYAN

Litrery Monthly Magazine
Ministry of Culture and Information
Issued by: The Kurdish House for Culture and Publishing
Baghdad-Iraq



هەواڵنامەی کتێب
http://www.facebook.com/groups/140691186019655/